رۆمان

# درەختی کەتناوە

کەریم کاکە

## یەك

((زۆر پێش ئایینی نوێش ئێمە هەر لێرە بووین، لەوەتەی دنیا دنیایە بنەماڵەی ئێمە هەر لێرە ژیاون و دەژین، ئێستاش لەو پێچە بسووڕێیتەوە، جێی گۆڕستانێ بەدیدەکەیت، لەو گۆڕستانە وێرانەیە کێلی گۆڕەکەی باپیرە گەورەی من هەر بە پێوەیە ، ناوی گەنجۆ بوو، دەگێڕنەوە هەموو خەڵکی ئاوایی بە کوڕەکەی خۆیشیەوە هاتبوونە سەر ئایینی نوێ، ئەو نەهاتبوو، هەموو ئاوایی کەوتبوونە تکا لە گەنجۆ نەهات و نەهات، ئایینی نوێی وەرنەگرت، دەڵێن گۆتیتی: پیاو ئەو پیاوەیە یان ئایینی نەبێت یان کە لەسەر ئاییینێك بوو نابێت خیانەتی لێبکات و بەجێی بێڵێت.. من بە یازدە پشت دەگەمەوە گەنجۆ، تاقە کوڕێکی هەبووە بە ناوی چەتۆ، لەو چەتۆیەوە ئاییینی نوێ هاتۆتە ماڵی ئێمەوە))

ئەوە قسەی پیری بەفرە، لەمێژ نەبوو ناسیاویم لەگەڵی پەیدا کردبـوو، لـە وەڵاٚمی پرسیارێکی مندا:

(( تۆ لە کەنگێوە لەو گوندەی؟ )) وای گوت.

(( ئێرە سێ رێـی لێدەبێتـەوە، ئـەها تەماشـاکە، لەوەیانـەوە بـڕۆی هـەتا ئەستەنبول ئاوڕ مەدەوە، ئەوەشیان بگریت رێك دەتباتەوە ناو بەغـدایێ، ئـەو رێیەی پشتەوەش لە دوڕ تارانت دەکاتـەوە.. لـە خـۆوە وا نـاڵێم هەرسـێ رێـم تاقیکردۆتەوە و هەرسێ دەوڵەتم دیتووە، ئەوجا دوورایی هەرسێکیشیان لێرەوە وەکو یەکە، بە مانگ و حەفتە و رۆژ وەکو یەکە، ئێرە رێك ناوەندی دنیایە))

ئەوە قسەی پیری بەفر بوو، ئەوە وەڵاٚمی ئەو پرسیارە بوو کە رووبەڕوویان دەکردەوە:

(( ئێرە کوێی دنیایە؟ ))

پیری بەفر پیاوێکی بە تەمەن بـوو زۆر بـە تەمـەن، ئێـستاش بـە تـەواوی تێنەگەیشتم خەڵك بۆچی بە پیری بەفر بانگیان دەکرد، هەندێك دەیانگوت: دە تەماشای سەر و ریشی بکە، بزانە بـەفری هـیچ جێگەیـەکی ئـەو دنیایـە ئـەو سپیاتییەی تێدایە کە لەو پیاوەدا هەیە!

منیش کە تەماشای بەفری شاخانم دەکرد، تەماشای بەفری باخانم دەکرد، تەماشای هی هەموو جێیانم دەکرد، قسەکەیان راست بوو ئەو پیاوە بەفرییە لە هەمووان سپیتر بوو..

هەندێکی دی دەیانگۆت:

نا پیری بەفر لـە سـپێتیی بـەفرەوە نـەهاتووە، چـونکە بـەر لـەوەی بـەفر ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو دەڤەرە پەیدا بکات، پیری بەفر هەر هەبوو، پـیری بـەفر

زۆر کۆنە، بە ناو هەموو بەفرەکاندا رۆیشتووە، ئەگەر هەندێك خاتری بەفر بگرین، ئەوا بەفر و پیری بەفر لە رۆژێکدا هاتوونەتە ئەو گوندەوە، بۆیە بەفری پیری بەفر لە کۆنییەوەیە نەك لە سپێتی..

منیش کە گوێم لە سەرهاتەکانی ئەو پیاوە دەگرت، دەمگوت راستە لەبەر کۆنییەکەیەتی پێیدەڵێن پیری بەفر و ناوەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە سەرو ریشیەوە نیە.. دووریش نیە هەردووکیان چ کۆنی چ سپێتی پێکەوە پیری بەفریان کردبێتە پیری بەفر، دەشبێت پیری بەفر لە هیچ کام لەو دوو بەفرەوە نەهاتبێت، لە بەفرێکەوە هاتبێت بە خەیاڵی کەسدا نەیەت، خۆیشی لەو بارەیەوە هیچی نەدەگۆت..

( ئێرە)ی پیری بەفر کە سوور بوو لەوەی ناوەندی دنیایە و قسە هەڵناگرێت، گوندێکی حەڤدە ماڵە بوو، بە ماڵی پیری بەفریشەوە، ئەگەر دوو ژوورەکەی ئێمەش بچێتە ریزی ماڵانەوە ئەوا ژمارەکە زیاترە، لەو حەڤدە ماڵە نزیکەی دوو سەد کەسێك دەژیان، مانگانەش زیادی دەکرد، لە ریزی ئەو دوو سەد کەسە کچ و ژنی گەلێك جوان هەبوون، جوانترینیان ناوی مەریەم بوو، مەریەم چ مەریەم! کورێکی گوندی گۆتەنی هەر چاوێکی هەموو مەریەمەکانی دنیا دێنێ.. گوندێکە ناوی خۆی هەیە، جگە لە ناوی خۆی چەندان ناوی دیکەشی هەیە، هیچ گوندێك نیە بە قەد ئەو گوندە ناوی هەبێت، هیچ شتێك نیە هێندەی ئەو گوندە ناوی هەبێت، ناوی زۆرە، مەگەر تەنها خوداوەند هێندە ناوەی هەبێت، پیری بەفر دەیگوت: وای لێهاتووە هەر کەسێك رێی بەو گوندە بکەوێت ناوێکی لێ دەنێت ... منیش لەبەر ئەوەی سوێندم خواردووە نە بە باش نە بە خراپ ناوی بەسەر زمانمدا نەیەت، چ ناوە بنجییەکەی خۆی چ هەر

ناوێکی دیکە کە بەسەریدا بڕاوە.. نابێت ناوی بێنم، لە ناچارییەوە بە (ئەویٚ) دەیناسێنم یان دەکریٚ (کەتناوە) بچێتە جێگەی (ئەویٚ) چونکە هەموو (ئەویٚ)یەك مەرج نیە ئەویٚ بێت، جگە لەوەش هەر بە هۆی کەتنێکەوە من سوێندەکەم خوارد و ناوی ئەو گوندە جوانەم لە زمانی خۆم حەرامکرد..

(ئەویٚ) جێگەیەکی گەلێك بەرز بوو، لە چاوی منەوە بەرزترین جێگەی دنیاییٚ بوو، بەس یەك جێگە هەبوو لە ( ئەویٚ) بەرزتر ئەویش ئەو چیایە بوو کە رێك کەوتبووە پشتی (ئەویٚ) وەو (ئەویٚ)ی لە ئامێزی خۆی گرتبوو، لە دوورەوە تەماشات بکردایە، (کەتناوە) دەتگوت منداڵە لە ئامێزی دایکی.. لای چەپی دۆڵێکی قووڵ، قووڵترین دۆڵ لە دنیاییٚ، تەنها دۆڵێك لەو قووڵتر هەبوو، لای راست دۆڵێك بوو لە هی لای چەپ قووڵتر، ئەو دوو دۆڵە رێك لە پێش گەردنی کەتناوە تێکیان دەکردەوە، پشتەوەش چیا، چیایەك هەتا چاو هەڵبڕی هەر چیا و هەر بڵندی، کەم هەور هەبوو لەو چیایە بڵندتر.. ئەگەر وای دابنێین کەتناوە وەك جێگەیەك چوار لای هەیە ئەوا سیٚ لای ئاو و لایەکی وشکانی بوو، کەتناوە لە دوورەوە لە چاوی ئەندازەوە، سێگۆشەیەکی دوو لا یەکسان بوو.. بە پێی قسەی پیری بەفر ئەگەر بتویستایە بۆ بەغدا یان ئەستەنبول بچیت، دەبوو لە رووبار بپەڕیتەوە، ئەو سەفەرەش لە زستان و بەهار نەدەکرا، باشترین وەخت بۆ سەفەری بەغداو ئەستەنبول پایزان بوو، رووبار کەمێك بواری دەدا.. کەتناوە وەك من تەماشای دەکەم سەختترین جێگەیە لە دنیاییٚ، لە هیچ جێگەیك جێی ئەوهام نەدیتووە، نا بڕواناکەم جوگرافیای هیچ شارێك، هیچ گوندێك، هیچ وڵاتێك لە جوگرافیای ئەو گوندە

بکات..هەر چۆنێکی باس بکەم ئەوە نیە کە دەیبینم... ئەو کەتناوەیە ئاووهەوایەکی سەیری هەیە، دەڵێن:

هەرچی لێی بچێنی شین دەبێ و بەردەدا..

هەندێك دەڵێن:

نهێنیی ئەوە لە خەڵکەکەیدایە، دەزانن چۆن چۆنی میوە و بەروبووم بەخێو بکەن و بەرهەمی بێنن..

بە هەرحاڵ نهێنییەکە لە خاك و ئاو و هەواکەی بێت یان لە خەڵکەکەی هەرچیت دەوێ لێرە هەیە، لە دانەوێڵە لە میوە، لە تەڕە، وا بزانم بەس شەکر و چای نیە، بەس ئەو دووە لە دەرەوەی کەتناوەوە بۆ کەتناوەدێت.. دەڵێن:

ئەگەر حەفت ساڵیش کەتناوە گەمارۆ بدرێت و رێنەدرێ چۆلەکە بێ و بڕوا، کەتناوە پەکی لە هیچ ناکەوێت و بە ئاسایی و وەك جۆگەی کەتناوە ژیان دەکا و دەگوزەرێنێ..

ئاقاری کەتناوە زۆر فراوانە، لەو دۆڵەوە بۆ ئەو دۆڵ رێگەیەکی دوور و درێژە، لەو سەری خوارێوە تا دەگەیتە بن چیا هەر زۆر دوور و درێژە، ئەو ئاقارە بێجگە لە سەری هەردوو دۆڵ تا دەگەیتە رووبار، بێجگە لە قەدپاڵی ئەو چیایە بەرزەی پشتەوە کە ئەوانەش هەر سەر بە ئاقاری کەتناوەن، دەشتێکی پان و بەرینە، زۆر پان و بەرین، جێگەی سوپای حەفت دەوڵەتی تێدا دەبێتەوە شەڕی تێدا بکەن، بەڵام هیچ سوپایەك وا بە ئاسانی ناتوانی ئاقاری کەتناوە ببەزێنێ..

(( ئێرە ئێستا سەر بە هیچ دەوڵەتێك نیە، هەر ئەوەی من بە بیرم بێت، وەختەکی سەر بە ئەستەنبول بوو، وەختەکی بەغدا، دواتر تاران، جارەکی دی

بۆوه عایدی بەغدا، ئەو جاره... ئەوجا لە هەمووشی خۆشتر ئێره لە هەرسێ ئەو دەوڵەتانە کۆنتره، من لە باپیرمەوه بیستمە ئەویش لە باپیرییەوه، وەکی ئێره ئاوەدان بووه، لە سەر رووی دنیایێ نە بەغدا نە تاران نە ئەستەنبول بوونیان نەبووه، نازانم ئەوانە لە کوێ پەیدا بوون)) ئەوە وەڵامی پیری بەفر بوو بۆ ئەو کەسانەی پرسیاریان لێیدەکرد:

(( ئێره لە کەیەوه هەیە؟ سەر بە چ دەوڵەتێکە؟ ))

دەیانگۆت:

ئەوێ چوار وەرزەی ساڵ جوان بووه و جوانە.

بەڵام لە چاوی منەوه هاوینەکەی لە وەرزەکانی دی ژجوانتر بوو، بە ژمار حەفت کانیی لێبوو، بەڵام یەکیان کە لەو سەری گوندەوه، واتە بەلای چیادا، نزیك لە دوو ژوورەکەی ئێمە، یەك باوەش ئاوی لێ هەڵدەقولا، ئاو چ ئاو! بەهەشتیش لەو ئاوەی نیە، کانییەکی نموونەیی بوو، ئەگەر حەفت ساڵ تیلمە هەورێك بەری ئاسمانی نەگرتبا و دندووکە بارانێك، پەرەمووچە بەفرێك بە کەتناوه نەکەوتبان و سەرانسەری دنیا وشکەساڵی با، ئەو ئاوی خۆی هەر دەدا و هەقی لەوه نەبوو لە ئاسمانێ چ روودەداو چ روونادات، کانی چ کانی لە هاوینان هێندە سارد بوو، دەبوو هەندێك لەبەر هەتاوی راگریت، دەنا قورگی تێکدەدایت، لە زستانانیش هیچ درۆتان لە سەر من نیە، برۆن خۆتانی لەبەر بشۆن.. لەو کانیەوه جوانترین جۆگە هەڵبەسترابوو، بە ناو گوندیدا دەرۆیشت لەولاوه یان بڵێین لای گەردنی کەتناوەوه رێك دەچۆوه پێش ماڵی پیری بەفر، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە ئەوێ بە بەر دەم ماڵی مەریەمدا دەرۆیشت، ئەوجا لەوێوه لەو دیوی ماڵی پیری بەفرەوه لە دۆڵ و رووباری دەکردەوه, ئەو جۆگەیە

به فەرمانی پیری بەفر نەدەبوو  پیس بکرێت، نەدەبوو کەس شتی پیسی بخاته ناوی، منداڵیش ئەو فەرمانەی جێبەجێدەکرد، ئاژەڵ بە ئاژەلایەتی خۆی دەیزانی نابێت ئەو جۆگەیە پیس بکرێت، هیچ گوندێك لەو دنیایە نیە هێندەی کەتناوە پڕ لە مەڕومالات، لەگەڵ ئەوەش نەمدیت مانگایەك، مەڕێك جارێك لە جاران ریخیێ، قشپلیێ، میزیێ لە ناو ئەو جۆگەیە بکات.. مەڕو مالاتی ئەو گوندە بە قسەی زۆر کەس نزیکەی سێیەکی هی پیری بەفرە و داویەتیە خەڵکی ئاوایی تا بە نیوەیی بە خێوی بکەن.. ئەو جۆگەیە لە کانییەوە تا دەگەیشتە پێش ماڵی پیری بەفر، خاوێنترین جۆگەی دنیاییێ بوو، کەس دەستوچاوی لە سەر نەدەشووشت، دوو جۆگەی بچووکی لیێ دەبۆوە، بۆ کاری پێویست بە کاریان دەهێنا..

کاتێك لە بارەی کانییەوە پرسیارمان لە پیری بەفر دەکرد، دەستی بە ریشە بەفرینییەکەیدا دەهێناو هەستم دەکرد پشتاو پشت بە ناو بەفردا بۆ رابردوو دەگەڕایەوە:

((شەش کانییەکەی دی وەك بیستوومە  تەمەنیان زۆر نیە، هەندێکیانم بەبیر دێن کەی هەڵقولاون، دوانیان هەر دوێنیێ بوون، بەلام ئەم کانیەیان کۆنە، لە من کۆنترە،  حەیف! نازانم  بۆچی لە بارەی ئەو کانییەوە پرسیارێکم لە باوکم، لە باپیرم، لە هیچ کەسێك نەکرد))

لێرە دانیشتووم، لە ناو دووکەڵ دانیشتووم، رەنگە نەختیێ لە دوورەوە کەس نەمبینیێ، کتریەکە لە سەر ئاگرە.. بە دەفتەرێکی قەبارە زۆر گەورەوەدانیشتبووم، ژمارەی پەڕەکانی  زۆرن، نازانم چەندن، چەند جارێك

هەوڵم داوە بیانژمێرم، لە نیوەی یان کەمتر لە نیوەی لێم تێکچووە، تەواوم نەژماردووە، بۆیە بە تەواوی نازانم چەند پەڕە، هێندە دەزانم زۆرە، وا بزانم چەند دەفتەرێکە کراونەتە یەك، دەفتەری وا گەورە مەگەر تەنها لە فەرمانگەکانی تاران هەبێت، پیری بەفر گۆتی دەڵێی دەفتەرەکەی تارانە، جارێك لەمێژە پیری بەفر ئەو دەفتەرەی بە دەستی منەوە دیت، ئەو دەم ئەو چەند دێرەشی لێ نەنووسرابوو، گۆتی ساڵێك بۆ کارێك ڕێم بە فەرمانگەیەکی تاران کەوت، لەوێ دەفتەرێکی وەك ئەوەی بە دەستی تۆوەیە لە سەر مێزێك بوو، گوتیان ناوی هەموو خەڵکی تاران لەو دەفتەرە نووسراوە... وا بەو دەفتەرەوە لە بن ئەو دارگوێزە دانیشتووم.. دەفتەرەکەی من بۆ ریزکردنی ناوان نیە، نیازمە، بە سەرهاتێك پڕی بکەمەوە خۆشم نازانم کۆتاییەکەی کوێیە..

ڕەنگە ئەو دار گوێزە بۆ من خێر بداتەوە، لە زۆر جێگە دانیشتم و قەڵەمم دەست دایێ و دەفتەرم کردەوە، وەك لیمۆ خۆم گوشی، بەڵام یەك وشە چیە، لەو قەڵەمەوە نەڕژایە ئەو دەفتەرەوە، ئەوە جاری یەکەمە بێمە بن ئەو دار گوێزە، ئەگەر لە هەر هاتنێکم بۆ ئێرە چەند رستەیەکم لەو سەرهاتە بۆ بنووسێتەوە بۆ من بردنەوەی گرەوێکە، گرەوێك... ئێرە سەر بە ئاقاری کەتناوەیە، لە سێبەری ئەو دارگوێزە دەمەوێ کەتناوە و پیاوە جوانەکەی بنووسمەوە، پیری بەفر جوانترین پیاوی کەتناوە و دنیایە..

خەڵکی ئێرە دەڵێن:

ئەو دارە گوێزەی دەیبینن بە قەد ژمارەی گەڵاکانی نهێنیی تێدایە، نهێنیی هاوبەش و تایبەتی، نهێنییە هاوبەشەکە یەك نهێنییە، بۆ هەموان

یەکە.. هەر کەسێك بچێتە ژێر سێبەری، ئەوا نهێنییەکی بۆ ئاشکرا دەبێت، نهێنییە هاوبەشەکە ئەوەیە کە هەر کەسێك جارێك یان چەند جارێك بچێتە ژێر ئەو درەختە و بە نیازی خەوتن راکشێت، ئەوا خەوێك دەخەوێت نەبێتەوە، خەوێکی درێژ زۆر درێژ بە قەد حەفت خەوان درێژ، خەوێکی بێ خەون، ئەوانەی خەویان کەمە، یان حەز ناکەن لە کاتی خەوتنێ خەون ببینن، دێنە بن ئەو دارە و لە تێری بۆ خۆیان دەخەون، بە بێ ئەوەی خەون ببینن، خۆ ئەگەر خەوتووانی بن دارگوێز بە ئاگا نەهێنیتەوە رەنگە حەفتەیەك بخەون... بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە، ئەو کەسانەی گوتوویانە خەومان سووکە و بە بای باڵی پەپوولە بە ئاگادێینەوە، هاتوونەتە بن ئەو درەختە و خەوتنێك خەوتوونە، برنۆیان لە بن سەر تەقاندوونە بە ئاگا نەهاتوونەتەوە، ئەو کەسانەی گوتوویانە ئێمە خەومان زۆر کەمە، مەگەر بمرین دەنا لە چارەگە کاتژمێرێك پتر خەو ناچێتە چاومان، هاتوونەتە بن ئەو درەختە و بە دان پرخەپرخی خەویان بووە، بە هاتوهاوار بەئاگایان هێناون....

خەڵکی کەتناوە دەڵێن:

ئەو دارگوێزە لە هەموو درەختێك جیایە، لە هەموو دارگوێزێك جیایە، نهێنیی زۆرە، هەر نهێنییە و بۆ کەسێکیش، واتە هەر کەسە و نهێنییەك لە بن ئەو درەختە دەبینێتەوە و لە نهێنیی هیچ کەسێکی دی ناکات و بێجگە لە خۆی کەسی دی هەست بە نهێنییەکی وا ناکات، هەرچی خەڵکی دنیا هەیە بێنە بن ئەو دارگوێزە بێجگە لە نهێنییە هاوبەشەکە، نهێنییەکی تایبەتیش بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، واتە کەس بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە.. ئیدی نهێنییە تایبەتییەکانی کەس بە کەڵکی کەس نایەت، هەر بۆیەشە کەس هێندە

عەودالّی زانینی نهێنیی ئەوی دی نیە، مەگەر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن لە کن یەکدی باسی بکەن... دەڵێن زۆر نهێنیی ئەوتۆ هەیە هەر هی باسکردن نیە...

بە گوێی خۆم گوێم لێبووە:

لەولا و لەم لا باسیان کردووە، گوایە ژن و پیاوی وا هەبوونە نیوەی شەوێ هاتوونەتە بن ئەو دارگوێزە، نهێنیی ئەو هاتنەش لەوەدا بووە، گوایە پیاوەکە گوتوویەتی هەتا نێمە بن ئەو دارە، ئەسبابەکەم هەڵناستێ... یان کەسی وا هەبووە تووشی میزگیران بووە، دنیای کردووە، چۆڕە میزێکی نەکردووە، هاتۆتە بن دارگوێز یەك کوندە میزی بەرەڵلاّ کردووە...

راستی من باوەڕم بەو قسانەی بە ناوی ئەو دارگوێزەوە دەکران نەدەکرد، چەند جارێك هاتم هیچ نهێنییەکم نەدیتەوە، زۆرم هەوڵدا چاوێك گەرم بکەم بۆ ئەوەی بزانم وایە خەوی بن ئەو دارە گران و قووڵە، ئێستاش خەوم لێ نەکەوت، چ نهێنییەکی تایبەتیشم نەدیتەوە... بەلاّم ئێستا وا هەست دەکەم نزیك دەبمەوە لە دیتنەوەی نهێنییە تایبەتییەکە.. لەو ئاقاری کەتناوەیە بە خۆ دەفتەر و قەڵەمەوە، جێ نەما نەیکەم، بن بەرد و سەر بەرد، بن دار و سەر دار، بەر سێبەر و پێش هەتاو، دەو جۆگە و دەو رووبار، سەر کانی و کونی ژووریێ، هەموو جێیەك هەموو، لە هەموو کاتەکان بۆی دانیشتم، دانیشتنی ئێواران، دانیشتنی سبەینان، شەو درەنگان، نوێژی نیوەڕۆ.. کەلکی نەبوو، نەمتوانی یەك دێر چیە لە سەرهاتی کەتناوە و پیری بەفر بنووسمەوە.. کەچی ئەوەتە لەوەتەی هاتوومەتە بن ئەو دارەوە ئەوە سەرهات خەریکە سەر پێ دەکەوێ و بە رێ دەکەوێت..

## دوو

مێژووی ئەو گوندە هەمووی لە سینگی پیری بەفر بوو، دەیزانی چەند جار سووتاوە، چەند جار چۆلکراوەو ئاوەدان بۆتەوە، دەیزانــی چــەند شــەڕ و شــۆڕی لێکراوە، چەند گوللە تۆپی بەرکەوتووە، هەمووی دەزانی، چەند دەنگبێژی تێدا هەڵکەوتووە و ناویان چی بووە، لە کۆنەوە تا ئــەوڕۆ چــەند مــەلا روویــان لــەو گوندە کردووە ناوی هەموویانی لە بەر بــوو، چــەند ژنهــەڵگر و پیــاوکوژ لێــرە لایانداوە و بۆ ماوەیەك ماونەتەوە، چەند ژنی تێدا رەدوو کەوتووە، یەکە یەکە ناوی هەموویانی دەگۆت.. بست بە بستی ئەو ناوچەیە هەمووی شارەزا بــوو، دەیزانی لەو چیا بۆ ئەو چیا لەو دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، چەند کانی هەیە، هەر یــەك لەو کانیانە تا چ وەخت ئاویان هەیە لــە چ وەختێــك وشــك دەکــەن، یــان کــەم دەکەن، دەیزانی کامیان لەوانی دی پتر تامی خۆشە، یان ساردترە، گەرمترە، دەیزانی چەند بنە دارو کەپکــە شــاخ هەیــە، دەیزانــی بزنەرێیــەکان لــە کوێــوە دەست پێدەکەن، لە کوێوە دێن، سەر بە کوێدا دەکەن، دەیزانی هاوینان بەفر لە بن کام لووتە شاخ دەمێنێتەوە، دەیزانی رێواس لە کێندەرێ زوو سەر دەردێنێ

و کـەنگیٚ پـیر دەبیٚـت، دەیزانـی ئـەو جیٚگایانـەی نیٚرگـز دیٚـنن کیٚنـدەریٚن و هەرجیٚگەیەکیش هەر بەهارەی چەند چلە نیٚرگـزی لـیٚ شـیٚن دەبیٚـت.. خـەڵکی گوند، خەڵکی دەوروبەر، خەڵکی لایدە هی ئەو پەڕی دنیاییٚ بەو پیاوە خـەنی ببوون، بۆ هەر پرسیارەکی میٚژوویی یان جوگرافی دەهاتنە لای ئەو پیاوە و بـە پڕ وەلاٚمەوە دەگەڕانەوە..

- گەیشتنە سەر ئەو چیایە زۆری دەویٚت؟

- من چەند جاریٚك چوومە، بە تاریکی بەڕیٚکەوتوومە، پشوویەکی باشم لە لووتکە هەرە بڵندەکەی داوە کە لیٚرەوە ئەو لووتکەیە دیار نیـە، دنیـا هیٚـشتا رووناك بووە گەیشتوومەتەوە ئیٚرە..

- چەند ریٚگەی سەرکەوتن هەیە؟

- تا دەگەیتە بن لووتکە بەرزەکە هیٚندەی من پیٚ بزانم سیٚ ریٚگـە هەیـە، بەلاٚم لەویٚوە بۆ سەر لووتکەکە من بەس یەك ریٚگەم دیتەوە

- ریٚگاکان ناخۆشن؟

- نا، هەر وەکو ئەوە وایە ئەها بیٚریٚدا *بڕۆیت*، بـەلاٚم گەیـشتن بـە لووتکـە بڵندەکە سەختە، ماندووت دەکات، دەبیٚت بە چنگەڕنیٚ سەربکەویت

- چی وای لە تۆ کرد بچیە سەر ئەو لووتکەیە؟

- هیچ، تەنها حەزی سەر کەوتن.

- منیش ئەو حەزەم تیٚدایە؟

- ئیٚ بۆ ناچیت من لە تەمەنی تۆ بووم دووسیٚ جار سەرم لیٚیدا بوو، مـن تا نەچوومە سەر ئەو لووتکەیە نەمدەزانی دنیا هیٚندە پان و دریٚژە، لەویٚوە تا چاو بڕکا دنیا دیارە، هیچ بەرزییەك نیە لەو بەرزتر، شـەوان روونـاکیی شـاران

دیارە، من لەوێوە حەزی بە دنیا گەڕانم کەوتە سەری، ئەگەر بە سەر ئەو دوندە نەکەوتبام، رەنگبوو دەوڵەتانم نەدیتبا، کە دەچیە سەریٚ حەز دەکەی ئەو دنیایەی دیارەو ئەو دنیایەی لەودیوی حوکمی چاویشەوەیە بیبینی.. زۆر جاریش حەز ناکەیت بێیتە خوارەوە، بە تۆ بێت هەر لەویٚ بیت، رەشماڵێك هەڵبدەیت و لەویٚ بمێنیتەوە..

- ئەگەر بزانیت لەوێوە هەولێر دیارە؟

- ئەرێوەڵڵاٚ گڵۆپەکانی سەر قەڵاٚت دیارن

- کوت زانی ئەو گڵۆپانە هی قەڵاٚتی هەولێرن؟

- دیارە، ئاشکرایە، من زۆر چاك شارەزای هەولێرم دەکەوێتە کیهە لا.. ئەگەر بڕوا ناکەیت بە خۆت بڕۆ سەریٚ ئەگەر دەتوانیت، لەوێوە هەندێك بەلای ئەو لایەی رۆژئاوادا تەماشاکە، دیارە گڵۆپەکانی قەڵاٚتیٚ جوان دیارن، ئەگەر تاریکە شەو بێت هەر زۆر جوان دیارن..

- تۆ بە شەویش لەویٚ مایتەوە؟

-چوار شەو لەویٚ ماومەتەوە، لەگەڵ چەندان رۆژ جارێکیان شەوێك، جارەکەیدیش سیٚ شەو لە سەر یەك.. تۆ نازانیت سەر ئەو چیایە چ تامێکی تێدایە.. شوێنی بەرز خۆشە، من ئەگەر لە جێگەیەك بم ببینم جێگەیەکی دی لە جێی من بەرزترە، ئۆقرەم لێدەبڕیٚ هەتا نەیبینم، دڵم داناکەوێت، ئێستاش ئەگەر بزانم چیایەك هەیە، دوندێك هەیە لە دوندی پاڕانەوە بەرزتر خۆمی دەگەیەنمیٚ...

- دوندی پاڕانەوەی ناوە؟

- لە کنە من ئەو ناوەی هەیە

- بۆ پاڕانەوە؟

- ئەوەش چیرۆکێکی درێژە... لێیگەڕێ

پیری بەفر دەتگۆت لە باتی من قسە دەکات، منیش لە بارەی بەرزییەوە رێك وەك ئەوم بیردەکردەوە، لە هەر جێگەیەك بام هەمیشە هەوڵم دەدا بە بەرزاییەکاندا هەڵبگەڕێم، لە بن هەر بنارێك لە هەر دۆڵێك هەڵماندابا، من سەرێکم لە سەری هەر دەدا..بە منداڵیش هەر وا بووم بە دارتێلی کارەبادا هەڵدەگەڕام بۆ ئەوەی سەر بانە بەرزەکان ببینم و بزانم چیان لە سەرە، هەر بزربام دەیانزانی وا بە منارەی چۆلیدا هەڵدەگەڕێم.. هەر لەو رۆژەی گەیشتمە ئێرە هەندێك هەڵگەڕام، بەڵام ئەو لاق ئێشانە نەیهێشت پتر هەڵگەڕێم، هەر چاك ببمەوە دەبێت خۆ لەو چیایە بدەم..

- چۆن بوو شەو لەوێ مایتەوە؟

- ئەوە کە یەك دوو جار چووم، بیرم کردەوە ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت لەوێ بمێنمەوە.. ئێ، رۆژێکی هاوین، خەرمانان بوو، نان و کەرەستەی چاو، نوێنیشم، هەڵگرت و بڕۆ بڕۆ ئێوارە بوو گەیشتمە سەر سەرێ، ئەوجا رێیە هەرە ناخۆشەکە، لە بن لووتکە هەرە بەرزەکە دەست پێدەکات، لە هەر لایەکەوە تەماشای دەکەیت هەر شاخە و رك رك، دەبێت وەکو پشیلە پێیدا هەڵبگەڕێیت، لە بیرم نەچێت وا بزانم حەفت گوریسیشم لەگەڵ خۆم بردبوو..

- گوریست بۆ چ بوو؟

- جارێ لە گوریس گەڕێ ئەوە لۆ دوایە، تاریك دانەهاتبوو کە سەرکەوتم، سەرێ گۆڕەپانێکی گەورەیە بڕۆ جۆتی لێ بکە، یان تۆپانێ، سەرێ خاکە، هەمووی داروبارە، بەڵام بنەداری ورد هی گەورە نا ئەوجا بەو چلەی هاوینە

بەم دیوەدا نا بە دیوی ئەودیودا، دەکاتە دیوی نسیّ بەفری لیّمابوو، بەلاّم چ بەفر، وشك دەتگوت خوێیە ساردایەتی بەفری هێندە تیّدا نەمابوو.. ئیّ لە سەر کەپکە شاخێك کە دەتگوت خودا زانیویەتی من رێم بێرە دەکەوێت، بۆمی راخستووە، جێم راخست، ئاگرم کردەوە چایەو ماستێکی بە لەزەتم خوارد، قەت خواردنی وا بە تامم نەخواردووە، چەندیّ جێگەت بەرز بێت تامی خواردن خۆشتر دەبێت، ئەها، ئاوەکەم لە بیر کرد، ئەگەر دنیایە رێت بەویّ کەوت و تینووت بوو، سەخلەت مەبە.. پێش ئەوەی بگەیتە بن دوندەکە مەیلەو دەشتاییەك هەیە، کە لێرەوە دەچیت بە لای چەپدا هەندێك برِۆ لە بن بەردێك کانیەك هەیە دەڵێی چاوی قرِژاڵە لەویّ مەتارەکەت پرِئاو بکە.. من وام کرد دوو دێمکەی پرِم لەگەڵ خۆم بردە سەریّ.. سەر لە ئێوارە تاریکە شەو بوو، هەرچی رووناکایی دنیا هەیە من لەوێوە دیتم بە رووناکایی هەولێریشەوە.. کزە بایەکی زۆر فێنکی دەهات بەلای ساردیدا دەیشکاندەوە.. ئیدی من لەو سەر بەردەوە بە چوار دەوری خۆمدا دەخولامەوە تەماشای رووناکییە دوورەکانم دەکرد.. لە بەرزترین جێی دنیاوە خۆشترین هەوای دنیاییّم هەڵدەمژی، لە سەر بەردە رایەخییەکە دەهاتمە خواریّ لەو سەری لۆ ئەو سەری دەگەرِام.. دوایی بیرم کردەوە نەوەك لە ناو ئەو درِك و داڵە مارێك، دووپشکێك هەبێت، راستە ئەویّ سارد بوو، هی ئەوە نیە دووپشك و شتی وای لێبێت، بەلاّم دڵی من وای نەگۆت، هاتمە سەر بەردەکەی خۆم.. شەو ساردی دەکرد هی ئەوە نەبوو بە دانیشتن یان راوەستان بەرگەی بگریت، هاتم ئاگرم کردەوە، چ زۆر بوو لەویّ داروبار زۆر بوو، ئیدی چایەی بخۆوە و جگەرەی بکێشە و تەماشای جوانیی شەو بکە.. جار جارەش دەچوومە داڵغانەوە... لە پرِ دیتم

چیایەکی بڵند لەولا زۆر دوور نەبوو، وەکو بڵێی ئاگر بگرێت، زەرد هەڵگـەڕا، سۆر هەڵگەڕا، نازانم چۆن بوو، ترسام زۆریش ترسام ئاسمانیش لەگـەڵی ئـاگری گرت، هێندەم زانی شتێکی گەورە، نازانم لەو کاتە رەنگی کوو بوو، لە پـشت چیاکە هاتە دەرێ و لە ئاسمانێ راوەستا، بەس ئەو کاتەی هاتە دەرێ زۆر سەیر بوو، دەتگوت لەو دیوەوە دوو دەستی گەلێك بە هێز هەڵیان دا.. ئەو شـتە چ بێت باشە؟

- من بیرم بۆ مانگ دەچێت

- وایە، تۆش مانگت دیوە لە سەر چیای بەرانبەرت هەڵبێت .. مانگ چ مانگ، زۆر نزیك بوو زۆر، هەر لە بەر دەمم بوو، قەت مـانگم بـەو نزیکییـە نەدیتووە، هەمووی دەتگـوت شـاخ و داخ و دارو بـارو کەنـد و لەنـدە.. زۆری پێنەچوو، هەرچی ئەستێرە هەیە هاتنە بەری ئاسمانێ قەت نـەمزانیبوو هێنـدە ئەستێرە هەنە.. شەو بووە نوێژی نیوەڕۆ، رووناك رووناك، قەت شـەوی ئـەوها رووناکم نەدیوە.. هەتا سبەینێ خـەو نەچـووە چـاوم، بـە تـەواوی تێکـەڵی مـانگەشەو بووم...

# سێ

ماڵی پیری بەفر بە تاقێ تەنێ بوو، دوور لە ماڵـەکانی دێ، لـەو جێگەیـە بوو کە سێ ئاوی گەورەی لێوە دیار بوو، ئاوی چەپ، ئاوی راست، ئەو ئاوەش کە لـە تێککردنـەوەی هـەردوو ئاوەکـەوە دەبـووە رووبارێـك، پـایزانیش هـیچ مەلەوانێك نەیدەوێرا خۆی لێدا، پیری بـەفر دەتگـوت ئێـشکگرە، ئێـشکگری کەتناوە، ئێشکگری رووبار.. کەس نەیدەزانی ئەو پیاوە تەمەنی چەندە، ئەگەر لە بای رۆیشتنێ لە رێوبانێ ئەو پیاوەت دیتبا، یان هەتا جگەرەکێـشانێکیش لەگەڵی دانیشتبای، وات مەزەندە دەکرد هەر حەفتا ساڵێکە، بەڵاّم کە کەمێك ئاشنای دەبوویت، تێدەگەیشتی چەند هەڵەیت.. پیـاو و ژنـە بـە تەمەنـەکان دەیانگوت: لەوەتەی بە بیرمان دێت هەر ئاوایە، بە خودای جحێڵ بۆتـەوە پـیر نەبووە.. لە ناو ئەو پیاوە بە تەمەنانە یەکیان کە بە مەزەندەی خۆم خۆی دەدا لە هەشتا، دەیگوت: ئەو پیاوە زۆر لە باوکم بە تەمەنتر بوو..

دەبووایە بزانی، لە دەم و چاوییەوە بزانی، حەزی لە قسەیە یان نا، وەڵاّمی پرسیاران دەداتەوە یان نا، جاری وا هـەبوو چـەندان پرسـیارت لێیـدەکرد، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەویشت نـەبێت، بـەڵاّم کەسـیش لـە وەڵاّم نەدانەوەکـەی تـوورە نەدەبوو، جاری واش هەبوو کە دەهاتە قسە دەتگوت کانییە روون روون قسەی لە بەر دەڕۆیشت..

- تۆ سەربازیت کردووە؟

- ئەوە چ دەڵێیت تۆ، پیاو پیاو بێت چۆن سەربازی دەکات!

- ببوورە، مەبەستم ئەوە بوو لەگەڵ سەربازان بە شەڕ هاتووی؟

- ئا

- سەربازی چ دەوڵەتێك، لە چ کاتێك؟

- هی هەموو دەوڵەتان، رووس، عوسمانلی، عەرەب و عەجەم و هەموو هەموو، لە هەموو وەختەکی..

- کەواتە تۆ لە سەردەمی سمکۆ..

- سمکۆی شکاك دەڵێی! کوڕە ئەوە دوێنێ بوو، من ئەو کات ژنی چوارەمیشم هێنا بوو، ئەمن زوو دەڵێم زوو، سمکۆ منداڵی دوونێیە..

- باشە چەند ژنت هێناوە؟

- ئەگەر خەلەت نەبم، نۆزدە..خوایە تۆبە! وەڵڵاهی وا بزانم هەژدەیە، ئا..

- لە هەر ژنەی چەند منداڵت بوو؟

- چش.. خوا نەیدا، کە خوا نەیدا با هەزار ژن بێنیت بەلاشە

نەمزانی منداڵی نەبووە، دەنا ئەو پرسیارەم لێی نەدەکرد، دیتم چاوەکانی پڕ ئاو بوون،

- حەزم دەکرد حەفت گوندە منداڵ و نەوەم هەبا...

دەمویست بابەتەکە بگۆڕم ئەو هەر لە سەری دەڕۆیی..

- باشە ئەوە زانیم حەڤدە هەژدەکت بە حەلاڵی هێناوە، ئەدی لەو لا و لەو لا؟

- زۆر لە بیرم نیە چەند، بەلاّم سەیرکردنی لەشولاری رووت زۆر.

- ئەوە چۆن، لە کویّ؟

- لە جیّگەیەك، لە سەر درەختیّکەوە، ئیّستاش ئەو درەختە ماوە، نـا درەختــە کۆنەکـە نـەماوە، بـەلاّم درەخـتی دیکـەی لـە شـویّن شـین بووە..لەو درەختە سەر قژنـەوە چـەندان ژنم بـە رووتـی دیـوە، هـەموو جیّگەیەکیانم دیوە، چ ژن چ کچ، هەموو تەمـەنیّك، گـویّم لـە هـەموو قسەو باسیان دەبوو، ئەوجا بزانە قسە و باسی کاتەکانی خۆشووشـتنی ژنان چیە...

- ئەو درەختە لە کویّیە؟!

- حەز دەکەیت بچیتە سەر ئەو درەختە؟ نا نەماوە.. نا نا نەماوە من هەر بۆ ئەوەی مەسەلەی نەبوونی منداڵ و نەوەی لە بیر ببەمەوە، پتر پیّم لە سەر درەختەکە داگرت، دەنـا دەمزانـی ئـەو درەختــە رەنگـە چیرۆکیّك بیّت بە رەگ و گەلاّوە رابردوویەکی دوور بیّت بە هـیچ جۆریّـك نەگاتەوە ئیّستا.

- وەڵڵا حەز دەکەم ئەو درەختەم نیشانبدەیت.

- ئەو درەختە هەموو کەس نایبینیّت، ئەگەر ببیندریّش کەس لـە ناو درەختەکانی دی نایناسیّتەوە، بەس من دەیناسمەوە، لـەو دنیایـەدا بەس من ئەو درەختە دەناسمەوە، بەس من لەو درەختەوە ژنانم بە رووتی دیوە..

- هەر دەتدیتن یان دەستیشت لیّدە...

- نا نا دەستلێدانی چی! ئەوان ناتبینن، بەس تۆ ئەوان دەبینی، چما بتبینن ورد وردت ناکەن! بەس دیتن چ دیتن، لە پشتەوە، لە تەنیشتەوە، لە پێشەوە... ئەوجا گوێی خۆت شل بکە چ دەڵێن، ژنەکان باسی سەرجێیی و ئەو شتانە، باسی گەورەیی و گچکەیی کەرەستەی پیاو..

- ئەدی کچەکان باس لە چی دەکەن؟

- هەندێکیان بە هێواشی بۆ ئەوەی تەنیشتی خۆی شتی سەیر دەڵێت.. قسەکانم باش لە بیر نەماوە، ئەوە نەبێت:

من کە مێردم کرد ئەوهای لۆ رادەکشێم ئەدی ئەتو؟

کوڕە کچەکان گەمانیشان لەگەڵ یەکتر دەکرد، گەمانی زۆر عەنتیکە..

- تۆ زۆر دەچوویە لای ئەو درەختە؟

- پەنجا جاریش زیاتر، زۆر زۆر نازانم چەند..

- پێش ژنهێنان یان دوای ژنهێنان؟

- جاری یەکەم زۆر گچکە بووم هێشتا ژنم نەهێنا بوو، هەر ئەو ژنانەم دیت، یەکسەر گۆتمە بابم: هەتا حەفت رۆژیکە ژنم بۆ نەهێنیت، ژنەك هەڵدەگرم.. بابم منی باش دەناسی دەیزانی لەو کەللە رەقترم، بە سەری تۆ حەفتە وەرسووڕا و وەرنەسووڕاوە من بوومە زاوا، بەلاّم دوای ژنهێنانیش بەردەوام بووم لە چوونە ناو درەختی ژنان..

- دەچوویە کن درەختەکە یان ناوی؟

- نـاوی نـاوی، کـنی کـوو دەبێـت، دەبێـت وا خـۆت بـزر بکـەیت شەیتانیش نەتوانێت بتبینێتەوە، دەبێت بە شێوەیەك هەست و خوست لە خۆت ببڕی، ئەگەر عیزرائیل بە تەنیشتتدا تێبپـەڕێت، بڵێـت: ئـۆی ئەوە کێ گیانی ئەو پیاوە گوناحەی کێشاوە.. بەس باسی ئەو درەختـە لای کەس مـەکە، بە خودای لە کن کەس باسم نەکردووە، بەس تازە لە دەمم دەرچوو، ئەتو زانیت قەیدیناکە دەی، بەس با کەسی دی نەزانێت کوڕە زۆر عەیبە ها!!

- نا نا خەمت نەبێت.

پیری بەفر بە شێوەیەك باسی ئەو درەختەی دەکرد، چەند شەوێك لـە سـەر یەك  خەونم بە ڕێی درەختەکەوە دەدیت، لە خەونیٚ، دەکەوتمە ریٚ، دەگەیشتمە سەر چەند ریانێك، دەمزانی یەك لەو ڕێیانـە دەگاتـە کـن درەختەکـەی ژنـان، بەلاٚم نەمدەزانی کامیان ڕێگەی ئەوێیە.... ئەو پیـاوە هێنـدە بـە دڵنیـایی و تامەزرۆییـەوە باسـی درەختەکـەی دەکـرد، کەوتمـە گومانـەوە، لـە دڵـی خـۆم دەمگوت، رەنگە درەختێکی ئەوها هەبێت.. منداڵانە چاوم بـە درەختـەکانی کەتناوەدا دەگێڕا، کە بە قەد ژمارەی ئەستێرەی ئاسمان درەختی لێبوو، گونـد بە درەخت داپۆشرابوو، چیا بە درەخت داپۆشرابوو، دۆڵ ئەو بەر و ئەو بەر بـە درەخت تەنرا بوو، ڕووباری هەردوو تەنیشت بـە بـن درەختـدا هاژەیـان دەکـرد هەتا نەچووبایە سەر ڕووبار لەبەر درەختان ئاوت نەدەدیت..

## چوار

نەمــدەزانی خــۆم لــە نــاو قــسە و باســی گــەڵای درەختەکــە بشارمەوە، یان هەیپەی لێبکەم و بە دوندی پاڕانەوەدا هەڵزەنێم، پتر حەزم لە درەختەکە بوو، دەمویست زیـاتر قـسە بـچێتەوە سـێبەری درەختەکــە، ئــەوجا لــەوێوە بگاتــەوە رێگــە ســەختەکەی دونــدی پاڕانەوە.. بۆ ئەوەی لەوێوە تەماشای دنیا بکەم، لەوێوە رووناکایی شاران ببیــنم، لــە مێــژ یــوو هــەولێرم بــزر کــرد بــوو، چــەند خۆشــە گڵۆپەکانی قەڵاتێ ببینم، بزانم چۆن دەبریسکێنەوە.. بەڵام بەو لاقە پڕ لە ئازارەوە چۆن بگەمێ.. کەنگێ هاوین دێت!

خــۆم گەیانــدە پــیری بــەفر، باســی گرانیــی گــەورەی بــۆم کــرد، دیمەنێکی ئەو گرانییە هەمیــشە لــە چــاوی پــیری بــەفر بــوو، خــۆی گوتەنی: چەندی دەمەوێت لە بیری بکەم لە بیرم ناچێت، ئەوە ژنێکی گەنج دەبــینێ، لــە گونــدێکی زۆر دوور لێــرە، بــە خــۆو چــەقۆیەکی

گەورەوە لە ئاوایی دوور دەکەوێتەوە پیری بەفریش چاودێری دەکات، دەبینێت، دەچێتە لای کەرێکی تۆپیو، ئیدی قەیاسەك گۆشت لێدەکاتەوەو دەگەڕێتەوە ماڵ، پیری بەفر دەیگۆت ئەو ژنە سێ چوار منداڵی سەرکە و بنکەی هەبوو.. پیری بەفر کە ئەو دیمەنەی نیشانی من دەدا خەریك بوو ئاو لە چاوی بێتە خوارەوە..

- تۆ بۆچی ناوت لەو دوندە ناوە دوندی پاڕانەوە؟

- لەوە گەڕێ جارێ..

- ئەدی باسی حەفت گوریست کرد، ئەو گوریسانەت بۆ چی بوو؟ چت لێکردن؟

- سەرێکم لەوێ بە جێهێشت ئێستاش رەنگە هەر لەوێ بێت، لەوێ لە بەردێکم گرێدا، گرێدانێك شەیتانیش ئەو گرێیانەی بۆ نابێتەوە، لە بەردێکی وام گرێدا ئەگەر هەموو گوند خۆیان بەگوریسەوە شۆڕ بکەنەوە، ئەگەر گوریس لە حەفت جێگەش بپسێ، بەرد لە جێگەی خۆی نابزوێ.. سەرەکەی دیشم شۆڕکردەوە، با دەیشەکاندەوە ئێستاش ئەگەر نەپسابێت هەر وا دەشەکێتەوە، .. ئەگەر چوویت بە هاوین بچۆ لە هەر وەرزێکی دی سەرکەویت تامی لێناکەیت، زۆر ساردە.. خۆ ئەگەر تەڕو تووشی بێت پێتناکرێت سەرکەویت، شەیتانیش یە تەڕوتووشی سەر ناکەوێت، پێت بڕوا عیزرائیلیش بە سەرت راناگات... ئەو کاتەی دەچیت نابێت وەرز وەرزی هەوران بێت، من جارێك بەهار بوو چووم، دنیا تەڕ نەبوو، تەواو کزر بوو، گەیشتمە سەرێ هەور هات، هەور دەوری دام، بە

تەزین تەزیم، هەناسەم وەستا، نازانم چۆن نەمردم، بە پڕتاو هاتمە خوارێ، تۆبەم کرد هاوین نەبێت لە هیچ وەرزێکی دی روو لەو دوندە نەکەم...

- گوریسەکەت بۆ چ بوو؟

- بۆ سەرکەوتن و هاتنە خوارەوە.. بەلاّم بۆ خۆم نا، بۆ مێرێ.. گوریسەکە گەیشتە ئەو جێگەیەی کە سەختیی تەواو لەوێوە دەستپێدەکات، تا دەستت دەگەیەشتە گوریسەکە زۆر زەحمەت نەبوو ، بەلاّم لەوێوە بۆ سەرێ کەم کەس دەتوانێت خۆی لێبدات..

- مێرێ هاتە سەر دوندەکە

- ئا، مێرێ یەکەم ژنە لە دنیایێ گەیشتبێتە دوندی پاڕانەوە، ئەو ناوەش یەکەم جار بە سەر زاری مێرێدا هات ئەو ناوی لەو دوندە نا دوندی پاڕانەوە..

- ئێ..

- من جاری یەکەم کە شەو لە سەر دوندی پاڕانەوە مامەوە، پێمخۆش بوو مێرێشم لەگەلّ با، ئەوکات گەنج بووم.. لە مێژیش نەبوو مێرێم هێنابوو، لە پێش ئەو دوو ژنیدیم مردبوون.. ئێ گۆتمە مێرێ لەو دیو ئەو چیایە دوندێك هەیە بەرزترین دوندی دنیایە، لەوێوە هەموو دنیا دیارە، گۆتم ئەگەر حەز دەکەیت، دەچین، زۆری پێحۆش بوو، خەریك بوو لە خۆشیا بالّ بگرێت، ئەویش وەك من حەزی لە جێگەی بەرز بوو... هاوین بوو من و مێرێ مەنجەلّێك ماست و چەند نوردوو نانێك و کەرەستەی چا و ئەو شتانەمان

هەڵگرت، لەگەڵ نوێن و كوندەی ئاویش، بەرەبەیانێك هێشتا هەتاو نەكەوتبوو، بە ڕێ كەوتین

- ها كێوە دەچن؟  خێرە؟

- ئـا ئـا خێـرە دەچـینە سـەر چیا و ڕەنگـە چـەند ڕۆژێكمـان پێبچێت.

خـەڵكی گونـدی دەتگـۆت ئێمـەیان پـێ شـێتە، بـە چـاوێكی عەنتیكە تەماشایان دەكردین، گوێم لێبوو یەكیان جێگەی بەهەشت بێت، گۆتی:

بە خودای ئەوانەش شێت بوون، بە چیا كەوتن!

بڕۆ بڕۆ، هێشتا دنیا ڕووناك بوو، دەستمان گەیـشتە گـوریس.. مێرێم بە پێش خۆم دا دەستێكی بە گوریسەوە بـوو، مـن بـە دووی مێرێدا هەڵدەگەڕام... بە خودای ئەوها لە مێـرێم ڕانـەدەدیت.. لـە سەركەوتنی چیا زۆر سووك بوو، ئازا بـوو، نەدەترسـا،  دەسـتی بـە گوریسەوە بوو هەر زۆر بە ئاسانی هەڵدەگەڕا، دەتگۆت سمۆرەیە بـە داردا هەڵدەگەڕێ.. سەركەوتینە سەرێ.. مێرێم لەوێ بەجێهێـشت، وەك باشووكە هاتمەوە خوارێ چووم لە كانییەكەی خوارێ  كوندەم پڕ كرد ، ئاو چ ئاو! بەفراو بوو، هەتا كن سەری گوریس لە بن هەنگڵی خۆم نا، ئیدی لە گوریسم خست... بە سەر كەوتمەوە كونـدەی ئـاوم ڕاكێشایە سەرێ گۆتمە مێرێ وەرە ئاو بخۆ

- قەت ئاوی ئەوها بە تامم نەخواردۆتەوە.

- مێرێ لێرە هەموو شتێك بە  تامە، ئاوی بە تامە، چایە و نانی بە تامە، دانیشتن و گەڕانی بە تامە رەنگە نووستن و...

مێرێ پێکەنی، جوان پێکەنی، مێرێ زۆر پێدەکەنی هەموو گیانی پێکەنین بوو، بەڵام لە ناو هەموو پێکەنینەکانی ئەو، ئەو پێکەنینەی ئەوجارەی هەر لە گوێم دایەو وا دەزانم هەر ئەو کاتەیە و وا پێدەکەنێت، پێکەنینەکەی پێکەنینێکی نەپساوەیە ئێستاش هەر وا پێدەکەنێ.. چووینە سەر بەردەکە، دنیا تاریك داهاتبوو، جێمان راخست ئاگرمان کردەوە، چامان لێنا، مێرێ دوو چای تێکرد، ئێستاش لە پێش چاومە ئەو چایەی چۆن تێکرد و دایە دەستم، نان و ماستمان خۆش خۆش دەخوارد:

- قسەی تۆیە، خواردن لێرە زۆر خۆشە

- هێشتا چت دیتووە!

وەك شەوی گۆرین نەبوو، هەر سەر لە ئێوارێ مانگەشەو بوو، وابزانم لە بەر مێرێ بوو نەوەك بترسێت، خوا نەیهێشت دنیا تاریك و نوتەك بێت، زوو مانگی بۆمان هەڵکرد.. لەگەڵ مێرێ تەماشای مانگ و ئەستێرانمان دەکرد...

هێندەم زانی پیری بەفر قورگی پڕ گریان بوو،  چاوە تیژەکانی پڕ بوون لە فرمێسك...دەبوو لای چۆلبکەم، ئەو کاتانەی گریانی دەهات، حەزی دەکرد تەنیا بێت بۆ ئەوەی کەس نەبێتە رێگر لە پێش رژانی فرمێسکەکانی...

کاتیٚ بەرەو بارەگای رەبـەنان دەگەڕامـەوە، لـە نـاو گونـد مەریـەمم دیت، بـەرەو رووی یـەکتر دەهـاتین، لـە بـن چـاوانەوە تەماشـام دەکـرد، دەمگۆت بـزانم ئـەویش تەماشـایەکم ناکـات، چ ئاگـای لـە مـن نـەبوو، دەتگۆت جوانیی هەرچی کچی دنیا هەیە لـەو کـچەدا کۆبۆتـەوە، چـەند جوان بوو، خودایە! زۆری نەما شان لـە شـانی یـەکتر بـدەین، ئـەو مـنی نەدیت، بە هیچی دانەنام، پیٚم تیٚکئالاٚ وەختبوو بەربیمەوە، بۆنی هەرچی کچی دنیا هەیە لەو کچەوە هات، مەستی کردم، بەلادا دەهـاتم، ویـستم سلاٚویٚکی لیٚبکەم زارم بەسترا، کـاتیٚ لیٚکـدی رەتبـووین ویـستم ئـاوڕیٚ بدەمەوە، نەمویٚرا .. ئای ئەو رۆژە چیٚژم وەرگرت، ئای ئەو رۆژە خەفەتم خوارد......

## پێنج

من زۆر وەختان دەچوومە لای پیری بەفر و پرسیارم لێیدەکردو گوێم لە سەرهاتەکانی رادەگرت، ئەو پیاوە لە رۆیشتنیً قیت قیت دەڕۆیشت، لە دانیشتنیً قیتتر دادەنیشت، خۆی گۆتەنی:

قەت شانی لە سەر بالیف دانەداوە.

لە تەمەنی خۆشی وەك خۆی دەیگۆت:

سیً جار تووشی رشانەوە و سکچوون هاتووە.

دەنا نەیزانیوە و نازانیً نەخۆشی چیە، دەیگۆت:

بەلاًم ئەگەر برینداری بە نەخۆشی بژمێردرێت، ئەوا کەس هێندەی من نەخۆش نەبووە و لە هەموو لایەکەوە نەخۆشیم دیوە، کەس کەس هێندەی من خوێنی لەبەر نەڕۆیشتووە...

دەیگۆت:

من تەواو پیر بوومە، تەماشا مەکە ددانەکانی پێشەوەم بـێ عـەیبن، دواوەم هیچ نەماوە، کەلاوەیە.

دەیگۆت:

وا بزانم جگەرە ددان تێکدەدات، باش بوو وازم لێی هێنا

- لەکەیەوە وازت لە جگەرە هێناوە؟

- بە خودای رەنگە پەنجا ساڵێك ببێت، پتر کەمتر..

- ئەدی چەند ساڵ جگەرەت کێشا؟

- لەمێژە، نازانم لە کەیەوە، ئەوەی دەزانم کە بۆ یەکەم جار چوومە سەر درەختەکە جگەرەکێش بووم، ئەویش بەوە دەزانم دوای ئەوەی ئەویٚ لە ژن چۆل بوو، جگەرەیەکم داگیرساند.

- نەدەکرا پێش چۆلبوون دایگیرسێنیت؟

- ئەتو دەلێی تێناگەیت! ئاشکرا دەبووم ئاشکرا !

- باشە، ئێستا حەز ناکەیت سەر لەو درەختە بدەیتەوە؟

- زۆریش حەز دەکەم، بەس ناتوانم بگەمێ.

- دیارە لێرەوە زۆر دوورە؟

- نا لێرەوە بەو رادەیە دوور نیە، بەلاّم لە بن درەختەکەوە بۆ سـەر درەختەکە دوورە، رێکخستنی درەختەکەش ئاسان نیە..

دەمویست بلّـێم یارمـەتیت دەدەم، نـەمگۆت، ترسـام تـوورە بێـت و قسەیەکی ناخۆشم پێبلێت، وام دانا هەر هیچ نـەلێت، دەلێـت: پێویـست ناکات گەوادیم بۆ بکەیت..

- گەیشتنە سەر ئەو درەختە ئەوها زەحمەتە؟

- بۆ پیرێکی وەك من چ لە رووی جەستەوە چ لە رووی عەقڵەوە زەحمەتە..

- ئەدی بۆ کەسێکی وەك من؟

- ئاسانە، ئەگەر غیرەتت هەبێت، چونکە غیرەت مەرجی یەکەمە.

- من جگە لە تۆ کەس لە خۆم بە غیرەتتر نازانم.

- ئەگەر وابێت من هاوینێ، درەختەکەت پێدەناسێنم.

- تا هوو، هێشتا نەگەیشتووینەتە زستانێ کەنگێ دەگەینە هاوینێ!

- زوو دەگەینێ، ئێستا رۆژەکان زوو دەڕۆن، وەرزەکان زوو دەڕۆن، ساڵەکان زوو دەڕۆن، منیش سەردەمێك وام دەزانی رۆژ درەنگ ئاوا دەبێت، رۆژ درەنگ هەڵدێت، بەلاّم دواتر تێگەیشتم وا نیە، هیچ شتێك هێندەی وەخت زوو ناڕوات، من هەر وا دەزانم دوێنێ بوو لە سەر درەختەکە هاتمە خوارێ و یەخەی باوکمم گرت کە ژنم بۆ بێنێ.. ئا ئا هاوین زوو دێت، تۆ چەند جارێ بخەوە و هەستەوە هاوین گەیشتووە.. ئەو درەختەش بەس هاوینان ژن دەگرێت. ها..هاهاا

- دەترسێم تا هاوینێ لێرە نەمێنم، تۆ ئێستا پێمبڵێ بۆ هاوینێ..

- ئەوە نابێ، خەمیشت نەبێت تا هاوینێ هیچ شتێکی وا روونادات ببێتە هۆی ئەوەی تۆ لێرە نەمێنیت..

- بە چ دەزانیت؟

- هێندە لە دنیای ئەو دەوڵەتانە تێگەیشتووین.. دەزانی ئەو بڕنۆیە و برادەرەکانی ئەو بڕنۆیە چەند کەسیان کوشتووە!

تەماشای بڕنۆکـەیم کـرد کـە بـە تەنیـشتییەوە سـەری بـە دیوارەکـە کردبوو، زانیم بۆ لە بیربردنەوەی درەختەکە بوو، بەڵام پرسیارێکیش بـوو نەدەکرا بە تامەزرۆییەوە گوێ بۆ وەڵامەکەشی رانەگرم

- چەند؟

- بێ لە بریندار سێ جار هەتا سەد بژمێرە.

- ئەوجا بڕنۆ قڕانی خستۆتە خەڵکەوە.. هەر بە دەستی خۆت؟

- ئەدی خۆ بە دەستی ژنەکانیشم نا.. با پێتبڵێم ئەو بڕنۆیە تورکی کوشتووە، فارسـی کوشـتووە، عـەرەبی کوشـتووە، رووسـی کوشـتووە، ئینگلیزی کوشتووە، کوردی خوێڕیی کوشتووە، جا چی نەکوشتووە!

- براکوژیشت کردووە ئاگامان لێنیە!

- نەخێر ئەوەی من براکوژی نەبووە، وەکو هی ئێوە نەبوو، جیایە، ئەوەی ئەوڕۆ پێیدەڵێن جاش من ئەوانەم کوشتووە.

بیـستبووم پـیری بـەفر پیـاوکوژیش بـووە، بـەڵام نەمـدەزانی وا دەسترەشە، سێ سەد کەسی کوشتووە، داخوا چەند سەدیشی سەقەت و پەقەت کـردووە.. لـە کەسـم نەبیـستبوو ئـەو پیـاوە درۆ بکـات، خـەڵکی کـەتناوە دەیـانگۆت لـە سـەری بـدەن درۆیـەك ناکـات، دەیانگۆت:

هێندە گوێی لە نوێژو رۆژوو نیە، بەڵام نە درۆ دەکات، نە دزی، پیاوێکە چاکەی بە سەر هەمووانەوە هەیە، تەنها چـاکەی بـە سـەر خوداوە نیە..

هەتا ئێستا کەس گلەیی لەو پیاوە نەبووە، هەمووان بە گەورە و بچووکەوە، بە ژن و پیاوەوە خۆشیان دەوێت، کەچی نەمدەزانی بۆچی باسی ئەو درەختە بۆ من دەکات، تۆ بڵێی راست بێت! ئەدی کوشتنی سێ سەد پیاویشی وا هاتە سەرێ، دەمگۆت راستە بۆ نا، پیاوێك ئەو تەمەنە دوورو درێژەی هەبێت، ئەگەر نەچووبێتە شەڕیش هەر ساڵی سێ چوار گوللەی لە دەست دەرچووبێت و بەبەر کەسێك کەوتبێ ئەوا بەشی ئەو چەند سەد کەسە دەکات...

هەر کاتم هەبا دەچوومە لای پیری بەفر بۆ قسە و باس، من حەزم دەکرد زیاتر لە بارەی درەختەکەوە بدوێت، لە باسی ئەو درەختە تێر نەدەبووم، چیرۆکێکی تەڕو پڕ بوو، ئەویش زۆر جار دڵمی نەدەشکاند وردتر بڵێم خۆی حەزی دەکرد و قسەی دەبردەوە لای درەختەکە.. هەر کاتێکیش کەسێك بە سەردا هاتبا زوو درەختەکەی بە شتێکی دی دەگۆڕی، ئەوجا ئەو شتە بەرد با، ئاو با، سەرباز و بزن و فڕۆکە با، هەر شتێك با، لە قسە گۆڕینیش وەستایەك بوو نەبێتەوە، کەسی بەسەر قساندا هاتوو بە هیچ شێوەیەك هەستی بەو گۆڕینە نەدەکرد و تووشی جۆرێك لە شەرمەزاری یان دڵەڕاوکێ نەدەبوو، خەڵك زۆر دەهاتنە لای ئەو پیاوە نووحیە، کەم کات بە تەنیاییت دەبینی، لای چۆل چۆل با یەك دوو منداڵی لە کن بوو، تاکە پیرەمێرد بوو کە هەموو خەڵك حەزیان دەکرد بەردەوام گوێ لە قسەکانی رابگرن، هەمیشە تەماشای بێدەنگییە جوانەکەی بکەن، ئەو پیاوە زۆربەی وەخت بێدەنگی

هەڵدەبژارد، بەلاَم بێدەنگییەکی جوان، کە بە دیارییەوە دادەنیشتی چێژت لە بێدەنگییەکەی وەردەگرت، هەستت بە بێـزاری نـەدەکرد، بێدەنگییەکەی وەڕسبوونی پێوە دیار نەبوو، هی وا هـەبوو دەچووە لای بەس بۆ ئەوەی لە بێدەنگییەکەیەوە جوانی بچنێتەوە، ئەو پیاوە بێدەنگییەکەی لە قسەکانی و قسەکانی لە بێدەنگییەکـەی شـیرنترو جوانتر بوون، یەك لە یەك جوانترو شیرینتر، لە هیچ کامێکیانی بێزار نەدەبووی، تاکە پیاو بوو بەو تەمەنەوە کە رەنگە سێ تەمـەن دەبوو، بایی سەرە دەرزییەکیش عەقڵی لە دەسـت نـەدابێت، دەیزانـی چـی دەڵێت، خەڵکی گوند بـۆ هـەر کێـشەیەك کـە تووشـی بـان روویـان تێـدەکرد و رێگەچـارەی بۆیـان دەدۆزییـەوە.. هـەر جارێـك باسـی درەختەکەم لەگەڵی دەکردەوە لە نوێوە سوندی دەدامەوە کە لە کـن کەس باسی ئەو درەختە نەکەم دەنا چاوت بـەو درەختـە ناکـەوێت، دەنـا درەختەکـە لـە نهێنییەکـەی بەتاڵدەبێتـەوە، لـە ژن رووت رووتدەبێتەوە و بڕای بڕ ژن ناگرێ، دەیگوت: ئەگـەر ئـەو درەختـە بکەوێتە سەر زاران، لە زڕ توو زڕتر دەبێت و پیرێژنێکی ددان لە دەم نەماویش ناگرێت... بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو درەختەی کە لێیەوە لـە ئاوێنە روونتر جوانترین ژنی دنیایێ بـە رووتـی خـۆت نیـشاندەدەن، باسی ئەو درەختە لە کن کەس مەکە، من بـۆ تۆمـە، حـەز دەکـەم وەك چـۆن خـۆم زۆرم سـەیر کـردن و لـەزەتی دنیـاو قیامـەتم لێیـان وەرگرت، ئـەتوش ئـەو لەزەتـە ببـینی، مـن ئـەو درەختـە بـە هـیچ پیاوێکی گوندی نیشان نادەم چونکە نابێت، مەشپرسە بۆ نابێت، بە

کەسی دیکەشی نیشان نادەم، بەڵام بە تۆی دەڵێم ئەویش لە بەر ئەوەی لە دەوم دەرچوو، قسە کە لە دەو دەرچوو، خەسڵەتی گوللەی هەیە، وەکو تیر وایە ناگەڕێتەوە، من لە تەمەنی خۆم ئەوەی لە بیرم مابێت دوو قسەم لە دەو دەرچووە، ئەوەش ئەوە سێ، لە دووەکەی دیش مەپرسە چ بوون..

## شەش

حەسرەتم بۆ هاوینی بەسەرچوو دەخوارد، ئەو هاوینەی من لێرە نەبووم و درەختەکەش بە پڕ لە ژنەوە دوور لە چاوی پیاوان بە بای هاوینێ دەشنایەوە.. خۆزگەم دەخواست بەر لەوەی ئەو پایزە رەنگ زەردە جێ بە هاوینی درەخت ژنانی چۆلبکات، من لێرە بام، ئەگەر لێرە دەبووم، زۆر رێی تێدەچوو ئەو بەهەشتەم دیتبا.. جا من کەی بەختم هەبووە، هەر دوو مانگێك زووتر لێرە بە عەردی بکەوتبام و پیری بەفرم ناسیبا، ئێستا لە مێژ بوو بە درەختی هاوینی شاد دەبووم.. من زۆر درەنگ گەیشتمە ئێرە، وەرزی ژن بەسەر چووبوو، درەختەکە بای پایزی

پێکەوتبوو، تاکە ژنێکی پێوە نەمابوو، چ بزانم درەنگە! دەبوو یان زووتر هاتبـام، یـان درەنگـتر، بمزانیایـە پێڕانەدەگەیـشتم، خـۆم دوا دەخـست، دواخـستنیٚ تـا گەیـشتنەوە بـە هـاوینێکی دی، بمزانیایـە وایـە، خـۆم خستبایەتە بن بەردیش نەمدەهێشت بەر ئەو تێهەڵدانە بکەوتمایـە، ئـەو درەختە هاوینی لە من زۆر دوور خستەوە، کـیٚ دەگاتـەوە هاوینێکیـدی!

ئەگەر ئەو درەختە لە چاوەڕوانیمدا نەڕوایە، هـاوین زوو دەهـات، زووش نەهاتبایە هەر هێنـدەی هاوینـەکانی دی پێدەچـوو، بـەلاّم ئـەو درەختـە هاوینییە ژنانییە وا دەکات ئەو هاوینە زۆر درەنگی پێبچیٚ، رەنگە هەر نەگات..

هێشتا هەر لە پایز داین، ئەو پایزەی زوو گەیشت و درەنگ دەڕوات، ئەو پایزەی ئەگەر هێندە پەلەی هاتنی نەبا، دوور نەبوو من دەگەیشتمە درەختی هاوینی، ئەو درەختەی ئەگەر هـەموو بەهەشتیـشی نـەگرتبێت، جوانترین بەشـی بەهەشـتی پێوەیـە و مـن بـۆ هەتایـە لـە سـێبەری ئـەو درەختە دەمامەوە..

زۆر پایزان جوانیی زۆر جوانم لە پایز دەدیتەوە کە لە وەرزەکانی دی نەدەبینرانەوە، پایزی وا هەبووە، ئەو چێژەی پایز پێی بەخشیوم هـەرگیز لە وەرزەکانی دی تامم نەکردوون، بەلاّم پایزی کەتناوە لە قـسان قـسەی هەموو ئەو کەسانەی پایزی ئەوێیان دیوە، بە نازترین پایزە لە ناو پایزی جێیان، لە کنە من وەرزێکی خوێن تاڵ بوو، ئێسك قورس بوو، خۆشـیم لە هاتنی نەدەهات، پەلەم بوو لە رۆیشتنی ئـەویش ئـەوەی لـە خـەیاڵی نەبێت رۆیشتنە...

- دە باسی درەختەکەم بۆ بکە

- لەوێ جۆرەها مەمك دەبینی، کوو میوەی جۆراو جۆر هەیە ئەوهاش مەمکی گەورە دەبینی، مەمکی گچکە، هی زۆر گچکەشی تێدایە، مەمکی شل و شۆڕبۆوە دەبینی کە جوانییەکی وایان تێدایە باس ناکرێت، مەمکی توند توندیش دەبینی دەڵێی هەنارن بە دارەوە، مەمکی تێدایە خڕ خڕ وەکو ئەنگوتکی نان، مەمکیش هەیە هێلکەیی، مەمکی تێدایە سپی سپی لە هەموو بەفران سپیتر، تێیدا هەیە کەمەك رەشتاڵە ئەوانەیان پێدەچێت لە هەنگوین شیرنتر بن، ئا زۆر لە هەنگوین شیرنترن... هەموو رەنگێکی تێدایە، باڵا بەرز، کورتە باڵا، لاواز گۆشتن..هەر لەشولارێکی دڵی تۆ دەیەوێت لەوێ هەیە، بەڵام چاوێك بکەیتە سەد چاویش ژنێکی ناشیرن نابینییەوە.. تۆ هەتا زیارەتی ئەو درەختە نەکەیت، نازانی جوانیی ژنان لە کێندەرێ و لە چ کاتێکدایە، لە ژنی خۆت ئەگەر جوانترین ژنی دنیاییش بێت ئەو جوانییە نابینییەوە کە لە ژنانی درەختەکە دەیانبینی، ئەگەر وا رێکبکەوێت، ژنی خۆشت لە ناو ژنانی درەختەکە بێت ئەو دەم دەزانی چەند جوانە، ژن ئەو کاتانە جوانن کە بە یەکەوە بن و رووت و قووت بن، ئەو کاتانە جوانن کە پشتی یەکتر دەشۆن و گەمان لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەموو ئەوانە لە درەختەکەوە دەبینی، جوانیی و تامی ژن لەو کاتانەیە کە بە رووتی پێکەوەن با دەویشت نەیانگاتێ چاو بەسە.. ساتێك چاو بە ناو هەموو مەمکەدا دەگێڕی، با دەستیشت نەیانگاتێ، دەزانی چ موچڕکەیەك دەچێتە لە شتەوە، بە شێوەیەك هەتاهەتایێ لە ناو گیانت دەمێنێتەوە، ژن کە رووتدەبێتەوە ئەگەر بە تەنێ بێت ئەو جوانییەی تێدا نیە کە لە ناو کۆمەڵێك ژنی رووتبۆوەدا بێت... پەلە

مەکە هەموو ئەوانــە لــە درەختــە هاوینییەکــە دەبــینی، ئــەو دەم ژیانــت پــتر خۆشدەوێت، ژیان جوانتر دەبێت، پتر تەمەنیش دەکـەیت.. مـن ئـەو درەختـەم نەبا لە مێژ بوو هێسك و پرووسکیشم نەمابوو، حەیف ناگەمەوە ئەو درەختە! ئێستاش بەو بایە دەژیم کـە لـەو درەختـەوە هەڵدەکات، بایـەك بـۆنی پـرچ و لەشولاری ژنەکانی ئەوێی لە دەستەو بۆ منیان دێنیٚ، ئەو ژنانەی ئێستا وا بۆ خۆیان لە بەهەشتن، ئەگەر بەهەشت هـەبێت ئـەوان لـەوێن، بێگومـانم کـە لـە بەهەشتن، چونکە دڵی منیان پڕ بە دنیایـەك خۆشـکرد، ئـەوەی دڵـی خـەڵکی خۆشبکات جێگەی بەهەشتە، منیش هاوینیٚ دڵی تـۆ خۆشـدەکەم بـۆ ئـەوەی ئەگەر لە بەهەشت جیٚ مابیٚ بیدەنە من.. من هەر بەو بایـەوە دەژیـم کـە بـە سەر لەشولاری کەفاویی ژنانی درەختەکەوە دێت، تۆ نەتدیوە، با ببینی ئەودەم دەزانی ئەو کەفە چ کەفە و چ جوانییەکی تێدایە، کاتێك کەف لـە پرچـیانەوە دێتە خواریٚ بە سەر شان و ملیان و دەگاتەوە سەر سمتیان، یان لە پێشەوە نەرم نەرم شۆڕدەبێتەوە سەر مەمکان لەوێوە بۆ لای ناوك و لە ناوکیشەوە دەچێتەوە ناو ران و...

- ئیٚ..

- ئەوجا کە شـێخی نـەهری شکـستی خـوارد و خەلیفـەی ئەسـتەنبولیٚ سەرکەوت، من دنیام لە بەر چاو رەش بوو، گۆتم، تەواو هەمـوو رەنجمان بە بـا چوو، راست ئەوێم بە جێهێشت..

وابوو، ئەو پیاوە لـە شۆڕشـی شـێخی نەهریـشدا بەشـداری کردبـوو، هەموو خەڵك ئەوەیان دەزانی، بەلاّم باسکردنی شێخ و خەلیفە لەوساتەدا لەوە نەهات کە قسە قسە رادەکێشێت بەلکو لە قسە گۆڕینەوە هاتە ناو

قسان، لەو دەمەدا یەك دوو پیاوی گوندی گەیشتن.. خوا بیانگرێت، ئاخر ئەوە وەخت بوو ئەوان هاتن، پیری بەفر ئەوە جاری یەکەم بوو وا بە تامەزرۆیی و بێ پەردە و بێ پسانەوە باسی ژنانی درەختەکەم بۆ بکات، وەها چوو بووە ناو درەخت و ژنەکانەوە، پێدەچوو هەمووی بە گۆڕێ وەرکات، هەمووی هەڵڕێژێ دەتگوت کانیی بەهارانەیە و تەقیوەتەوە.. من سەرێ و خوارێم ئاوی کردبوو، ئەو مێوانە ناوەختانە چیان لە من و پیری بەفر کرد، بڕوا ناکەم جارێکی دی ئەو پیاوە بکەوێتە حاڵگرتنێکی ئەوهاوە، پیری بەفر حاڵی گرتبوو، من بە حاڵگرتنی تێگەیشتم، بەس نازانم کو بەو دەستوبردە لە حاڵی درەخت بەتاڵ بۆوە و گەیشتەوە شێخی نەهری..

پیری بەفر کاتێك قسەیان دەپساند، یان خۆی دەپساندەوە زۆر زەحمەت بوو بێتەوە سەری و تەواوی بکات، بەلاّم بە وەرزیش بە سەریدا تێپەڕیبا دەیزانی لە کوێ ڕاوەستابوو، ئەگەر مەبەستی با ڕێك لەوێ دەستی پێدەکردەوە ئەگەر نەشیویستبا لە سەری بڕوا دنیا تکای لێکردبا، تکای کەسی نەدەگرت.. پیری بەفر کە لە ناو مەمکانەوە یەکسەر خۆی هاویشتە ناو ریشی شێخی نەهرییەوە کەس لە مێوانە ناوەختەکان هەستیان بەو بازدانە نەکرد، وایان زانی دەمێکە چیرۆکی شێخ دەستیپێکردووە و گەیشتووینەتە کۆتایی...

نازانم بنی قسە گەیشتەوە کوێ، من هەر لە ناو مەمکان مامەوەو لە دڵی خۆم دەمگوت، چەند خۆشە لەو درەختەوە مەریەمیش بە رووتی ببینم..

## حەفت

لە دڵەوە هیوام دەخواست هەتا هاوین دادێت، دنیا گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەردا نەیەت، گۆڕانێك جێپەنجەی خۆی بە سەر ئێرەوە جێبهێڵێ و من لەوێ هەڵبقەنێ، جوان لەوێم داکوتا بوو، دەتگوت منداڵی ئەوێم، منداڵێك بە پەنجە رۆژەکان دەژمێرێت، دەیانژمێرێت و جەژن ناگات، ئەو جەژنەی وا لە گەرمای هاوینێدایە.. ناوی هەموو گوندم لەبەر بوو بە گەورە و گچکەوە، بە نێر و مێوە، ژمارەی مێیینەکان زۆر زیاتر بوون لە نێرینەکان، پیاوەکان دەیانگوت: لە هەموو دنیایێ هەر ئەوهایە، ژن زۆرترە لە پیاو، بۆیە پێویستە لە ژنێك پتر بهێنین.

بەڵام پیری بەفر دەیگوت:

من ئەو قسەیە وەرناگرم، لە هەموو دنیاییٚ وا نیە، ئەگەر هەر پیاوەی یەك ژنیش بهیٚنیٚ، هیچ ژنیٚك لەو دنیایە بیٚ میٚرد نامیٚنیٚتەوە..

پیاوانی ئەویٚ تەنها سیٚ چواریٚك نەبیٚت دەنا هەموو دوو ژنە و سیٚ ژنە و چوار ژنە بوون.. کچ و ژنەکانی ئەویٚ ناوی گەلیٚك ناسك و مۆسیقیان هەبوو، لەبەر کەتن نەبا یەك یەك ناوەکانم ریٚز دەکرد، ئەگەر چەند جاریٚك هەر جارەی ناوی حەفتیان بە نەرمی و لە سەر یەك بلیٚییتەوە، ئەو دەم تیٚدەگەیت تیٚکەلٚی چ ئاوازیٚك بووی، تیٚکەلٚبوونیٚك بە خۆڕاپسکانیش لیٚی جیا نابیتەوە..

پایز تەواو ئیٚسکی خۆی گران کرد، منی بە خەفەت کوشت، قەت پایزی وا روو قایم و سوورتکم نەدیبوو.. خودا خیٚری زستان بنووسیٚت، هیٚند کتوپڕ و بەسام خۆی بە کەتناوەدا کرد، پایز بە کۆکردنەوەی گەلاٚی درەختەکانیش را نەگەیشت، کەس نەیزانی چۆن هەلاٚت و لە چاوان بزر بوو..

زستان بە تەڕو تووشییەکی زۆر تووشەوە هات، ئاسمان دانیٚ هەوری بەفرو دانیٚ هەوری بارانی لە سەر سەری کەتناوە رادەگرت و هەلیٚدەڕژاند، شەوەکەیشی بەفر و باران پیٚکەوە.. زۆری نەبرد، بەفر بەفر، تەنها بەفر، کەتناوە سپی سپی، دارو درەخت سپی هەموو شت سپی.. ئەو سپیٚتییەی کەتناوە لە دیدی منەوە لە بیابان دەچوو، ئەوە زستانی یەکەمم بوو، وەك یەکیەك لە نیٚوان بەفر و بیابان ببینمەوە، رەنگە ئەوەش لە بیٚزاریمەوە بووبیٚت بیٚزاری لە زستان و بەفر، ئاخر من عەشقە هاوینم، جوانی تەنها لە هاوین و درەختەکەیدا دەبینمەوە..

زستانی ئەو سالٚە دریٚژتر دەبۆوە، نەدەڕۆیی و نەدەڕۆیی، بەژنە بەفریٚکی تیٚکردبوو، هیٚشتا دلٚی دانەکەوتبوو، رۆژ دوای رۆژ ساردتری دەکرد، زستانتری

دەکرد، ساڵ پێنەدەچوو بە تەمای خۆ گۆڕین بێت، دەتگوت بە تەمایە هەر لە بەرگی زستان بمێنێتەوە، من لە تەمەنی خۆم زستانی وا دوور و درێژم نەدیوە.. حەفتەی جارێك دوو جار دەچوومە لای پیری بەفر، ئەگەرلە بێدەنگیی نـەدابا، باسی ئەو سەرو ئەو سـەری دنیـای بـۆ دەکـردم، باسـی سـێ دەوڵەتەکـەی بـۆ دەکردم، باسی ئەو شەڕ و نیوە شەڕانەی لە ژیانیـدا تووشـیان بـووە، ژمـارەی شەڕەکان گەلێك زۆر بوون هەر سـاڵێکی تەمـەنی هـەڵگری چـەند شـەڕێکن.. جارێك بە دیار سۆبەی دارینی ئاگرینەوە، بە دەم چایە خواردنەوەوە، ماڵی ئەو هەمیشە لە دەرگاوە بۆنی چایەی لێدەهات، لێیم پرسی:

- چۆنە هەوڵت نەداوە باش فێرە خوێندەواری بیت؟

- فێـر بـووم، بـە گـچکەیی فێـر بـووم، چـەند سـاڵێك خوێنـدەوار بـووم، دەمنووسـی و دەمخوێنـدەوە، ئێـستاش دەزانم حـەرفان لێـك بـدەم، بـەڵام بـە زەحمەت، بەردەوام نەبووم لە سـەری زۆریـم لـە بـیر کـرد، لـە دووی نەچـووم.. وەختی خۆی شیعرم زۆر دەخوێندەوە.

- شیعری کێ ؟

- هیی حـافز و سـەعدی و مـەلای جـەزیری و نـالی و زۆر زۆر.. هـی ئـەو کـوڕەش، دەی ئـەتو بیڵـێ، ناوەکـەیم لـە بـیر کـرد، جارێـك لـە گەڵێـشی دانیشتوومە، ئەوەی شیعرێکی هەیە بە ناوی شیرن تەشێ دەڕێسێ

- وەفایی

- دەمخۆش، هەوە بەس ناوێکی دی هەبوو وا بزانم رەحیم بوو رەحمان بوو

- ئەتو وەفاییت بینیوە؟

- ئا جارێك چوومە لای شێخی نەهری ئەویش لەوێ بوو.

- چیدی لە بارەیەوە دەزانی
- هیچ، بەس ئەو شیعرەی خۆش بوو من ئێستاش هەموویم لەبەرە
- چەند زمان دەزانی؟
- ئۆندە فارسیە/ مستی گرتبۆوە/ ئۆندە تورکیەش، لەگەڵ ئۆندە عەرەبیەش، ئۆنچکۆکە رووسیەش..
- باشە بەو زمانانەی گۆتت، بە درەختی پڕ لە ژن چی دەڵێن؟
- ئەوەی تۆ مەبەستتە لەو زمانانە نیە، بەس لە کنە من هەیە ئەویش هاوینان!

پیری بەفر، زۆر لە سوورەتەکانی قورئانی لەبەر بوو، لە چەند کەسێکی گوندیم بیستبوو، کاتێك مەلای گوندی قورئان دەخوێنێت لە چەند شوێنێ پیری بەفر بۆی راست دەکاتەوە هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دوو مەلا ئەو گوندە بە جێبهێڵن و مەلایەکیان گۆتبووی دوو مەلا لە گوندەك جێگەیان نابێتەوە، مەلایەکەی دیش گۆتبووی ئەو پیاوە چ لە قورئان نازانێت و خۆیشی تێهەڵدەقوتێنێ بۆیە من خواحافیز.. ئیدی خەڵکی گوندی روو لە پیری بەفر دەکەن و پێیدەڵێن: ئێمە دەزانین تۆ لە هەموو مەلایان مەلاتری، بەلاّم یان ئەوەتە وەرە مەلایەتیمان بۆ بکە، یانیش ئەو مەلایەی دێتە ئێرە هەر کوو قورئانی خوێندەوە ، لێیگەڕێ بۆی راست مەکەوە، با بێ مەلا نەبین... پیری بەفریش دەڵێت: قسەکەتان جوانە بە خۆتان دەزانن من مەلایەتی ناکەم، بڕۆن هەر مەلایەکی دێنن بێنن، من لەمەودوا حەقم بە سەرییەوە نیە، چۆنی دەخوێنێتەوە با بیخوێنێتەوە.. دەڵێن ئەو مەلایەی ئێستا ئەگەر لە قورئاندا

تووشی زەحمەتییەك بێت، یەکسەر دەچێتە لای پیری بەفر و لـە بـەینی خۆیـان چارەی دەکەن...

ئیدی بە دەستی خۆم نەبوو، هێشتا بەهار نەهاتبوو، مـن لـە دووی درەختێـك دەگەڕام کە خەڵکی هاوین بوو، لە هاوین گـەڵای دەردەکـرد، لـە هـاوین ژن و کچی دەگرت، ژن و کـچی رووت رووت، ژن و کـچی هەمـە تەمـەن.. لـە نـاو بەفریٚ من لە دووی درەختێك دەگەڕام رەگەکانی رۆچووبوونە سێبەری هاوین و گەڵاکانی خۆیان دابووە گەرمای هاوینیٚ..

- ها ئەوە لە دووی چ دەگەڕێیت!
- لە دووی درەختێك لە هاوین
- بە خودای ئەوەش تێکچوو..

چەندان جار ئەو پرسیارەم لێدەکرا، منیش عارم نەدەنا هـەر بـەو شـێوەیە وەڵامم دەدانەوە، ئەوانیش قسەی خۆیان نـەگۆڕی ( شـێت).. ژنـەکانی ئـەویٚ گەلەك جوان بوون، لە چاوی منەوە جوانترین ژنی دنیاییٚ بوون، هەموو سۆر و سپی، بالا بەرز، کەمەر باریك، چاو ژێر پیاڵـەیی، رەنگـی چاویان لـە چاوی منەوە لەگەڵ گۆڕانی رۆژەکـان دەگـۆڕان، لـە شـینیەوە بـۆ رەشـی لـەوەوە بـۆ کەسکی، لە کەسـکییەوە بـۆ رەشـی.. چـەندی بـە جـوانیی ژنـانی کـەتناوەدا هەڵبڵێم هەر کەمە.. لە جوانیی مەریەمیش هەر مەپرسە..

## هەشت

شەوێك لە سەر جێ دەمویست بنووم، گومانێك بە ژووریم کەوت، نازانم لە ئاسمانەوە هات، یان لە عەردەوە، خەوی لێ تاراندم، گومان لەو نهێنییەی وا لە نێوان من و پیری بەفر دایە، ئەو نهێنییە هەزار سەرەی بەس یەك سەریان لای منە ئەوانی دی هەموویان لای ئەون، گۆتم تۆ بڵێی من بە گوناھ دابنێ و بەو قسانە دڵم خۆشبکات، ئەو درەختەی لە هیچ و خۆڕا لە هەوایێ رواندیتی و منی پێوە مژوول کردووە، چ بڕوا ناکەم درەختی وا لە هیچ جێیەك شینببێت.. بەس نا، ئەو پیاوە، وەك من

بیناسم وەك ئەو خەڵكە دەیناسن زۆر لەوە گەورەترە بە درۆ دڵی خەڵكی رابگرێت، نا ئەو پیاوە زۆر سەرراستە و جگە لـە راسـتی چیدی بەسـەر زمانیـدا نایـەت... بـەڵام ئەگـەر راسـت بێـت درەختێكـی وا هـەبێت، دەمگۆت، بڕوا ناكەم من تاكە كەس بم بیەوێ بەو درەختەم ئاشنا بكات، بە دڵنیاییەوە، لە كن خەڵكی دیكەش باسی كردووە، چ رێی تێناچێ لـە ماوەی ئەو هەموو ساڵە لە كن كەس قسەیەكی لێوە نەكردبێت... هـیچ نەبێت لە كن یەكێ لەو برادەرانەی من باسی كـردووە، ئـەو برادەرانـەی ئەوەتا لە دوو ژووری بە سەر یەكەوە دەخەوین و هەڵدەستینەوە، دەخۆین و دەخۆینەوە، ئێشكگری لە یەكتر دەگرین.. ئەگەر لە كـن هەمووشـیان باسی نەكردبێت، لای ئەو چاو كەسكەی وا لە تەنیشتم پرخە پرخییەتی، شتێكی لێی دركاندووە، ئاخر ئەو كوڕە لە مـنیش زیـاتر دەچـێتە لای و زۆر دەمێنێتەوە... ئەو شەوە شـەوی گومـان بـوو، هـەتا سـبەینێ خـەو نەچووە چاوم، درێژترین شەوی تەمەن بوو، دەمگوت بـەس رۆژ ببێتـەوە دەبێت پێبكەوم و بزانم باسی ئەو درەختەی بۆ ئەو كوڕەش كردووە، یـان نا، بەڵام با رۆژیش ببێتەوە چ رێگەیەك ببینمەوە بۆ پێكەوتن! ئەو كارە ئاسان نییە.. رۆژ بۆوەو شەو هاتەوە هیچم بە هیچ نەكرد..

رۆژێك لە دوورەوە دەبینم وا ئەو و برادەرە چاو كەسكەكەم لـە پـێش ماڵی پیری بەفر دوو بـە دوو لـە سـەر بـەرد، ئـەو شـەش حـەوت بـەردە گەورەی دەسـتی رۆژگـار لـەوێ لـە بـاتی كورسـی داینـابوون بـۆ ئـەوەی مێوانەكانی پیری بەفر لە سەری دانیشن، لە وەرزی هاوینیـشدا لـە سـەر ئەو بەردانەوە پێیان بخەنـە نـاو جۆگەكـەوە بـۆ ئـەوەی زوو مانـدوویتیان

بحەسێتەوە، بەرانبەری یـەکتر دانیـشتوونە، یەکـسەر دڵـم گـۆتی هـەبێت نەبێت باس باسی درەختەکەیە.. چ بکەم چ نەکەم! ئۆقرەم لێهەڵگیرا، خۆ نەگەیەمیێ بەزگدەدەم.. بە خۆم نەوەسـتام چـووم، بـەو دیـودا، بـە پـشت خانووەکەدا، کە پڕ بوو لە غـەرە بـەردی گـەورە گـەورە، وەك پـشتێنەی پاراستن بوون بە دەوری ماڵی پیری بەفرەوە، ئـەویێ رێـی هاتوچـۆ نـەبوو، ناڵێم ئەگەر یەکێك مەبەستی دزینی هەبێت دەنا رێی بـەویێ ناکـەوێت، منیش مەبەستم دزین بوو بۆیە رێم کەوتـە ئـەویێ... بـڕۆ بـڕۆ دوور لـە چاوان، بە خۆ نەویکردن، هەر چۆنیێ بوو خـۆم گەیانـدە بـن دیـواریێ، کـە گەیشتمیێ تێگەیشتم جێگەی مەبەستە، گوێم لە قسەیان دەبوو.. هەموو لەشـم دەلـەرزی، دڵـم کـوت کـوت، دەتگـوت دەهـۆڵی پارشـێوانە نەیدەبڕییەوە، ترسام لەوەی گوێیان لە دەنگی دڵم بێت، ئەوە یەکەم جارم بوو شتی وا بکەم، لە تەمەنی خۆم دزیم نەکردبوو، بەڵام دەبوو وا بکەم، دەبوو قسە بدزم، قسەیەك بە ئایندەی منەوە بەندە..

- ئەوە لەویێ، لەو لایەوە خەلۆ هەڕو گیفی دەکرد، بە دە زەلامـان رانەدەوەستا..

- دەیویست ژنەکەی بکوژێت؟

- نا نا، دەیگۆت بە هەر رێگەیەك بێـت، لـە پەڕەکـەی ئاسمـانێش بێت، ژنی خۆم هەڵدەگرمەوە، نایەلم لۆ کەس بێت... ئاخر ئەتو نازانی لەو مەملەکەتە ئەو پیاوە پیاو بـوو ئەگـەر لـە کاتێـك ژنەکـەی رەدوو بکەوێت، بتوانێت رەدووی خۆی بحاتەوە، ئەگەر توانی ئـەوە بکـات لـە ناو خەڵکی سەر بڵند دەبێت، هەتا هەتاییێ باسی دەکەن و دەڵێن ئەها

فلاَن کەس ژنەکەی رەدوو کەوت، کەچی حەفتەیەکی بە سەر نەچوو، چوو هێنایەوە، ئەوەش عەیبەکی گەلەك گەورەیە لۆ پیاوەکەی دی، کورە هەر مردنە هەتا هەتاییێ چاوی شۆڕ دەبێت لە ناو خێل و عەشیرەت..

- ئیێ دوایی؟

- نزیکەی سێ حەفتەی پێچوو، سبەینەیەك تەماشا دەکەین خەجێ خان، ژنە رەدووکەوتووەکەی خەلۆ ناوی خەجێ بوو، وا لەپێش مالَی خۆیان قیت قیت تەشیان دەڕێسێ، خەلۆش لە سەر بانی مژ لە جگاران دەدا و بزەی سمێلاَنی دێتێ..

من هەر دەلەرزیم، نازانم لە ترسان بوو لە شەرمان بوو، دەمگۆت ئەگەر کەسێك منی دیت لە بن ئەو دیوارە، خۆ حەیام دەچێت، دەبێت ئەو گوندە چۆلبکەم و درەختەکەشم لە قیس دەچێت، ئاخر ئەو شوێنەی من لێی وەستاوم بەس دز رێی بەوێ دەکەوێت. دەمویست زوو ئەوێ بەجێبێلَم، کەچی سەرهاتەکە هەند خۆش بوو، پێیەکانم رێی رۆیشتنێیان نەدەگرت، نەشدەکرا لەوێ بمێنمەوە دەترسام ئاشکرا بم.. ئیدی لەبەر دەمی من سێ رێگا هەبوو یەك لە یەك زەحمەتتر:

رێگەی یەکەم/ ئەوێ چۆلکردن، ئەوەشم بکردایە بێ بەش دەبووم لەو سەرهاتە خۆشە، چونکە کێ دەلَێ گوێم لێی دەبێتەوە، ئاخر ئەو پیاوە ئەگەر خۆی حەزی سەرهات گێڕانەوە نەیەتە سەریەوە، دنیا تکای لێبکات ورتەی لێوە دەرنایەت، کوڕە چاو کەسکەکەی برادەریشم،

سەرهاتی هەموو دنیای لە کن بێت، هیـچی لێهـەڵناکرێنی، چـونکەهیچ ناگێڕێتەوە..

ڕێگەی دووەم/ مانەوە لەویَ، زەحمەتیی ئەو ڕێگەیەش دوو سەرە بوو، یەك دوور نەبوو ئاشکرا بم ئەو دەم رووی ئاوەدانیم نـەدەما، دوو هەسـتم دەکرد کاری دزی و جاسووسی دەکەم بەوەش ویژدانم ژانی دەکرد.

ڕێگەی سێیەمیش/ خۆ ئاشکرا کردن، ئەوەش وەك ئەوە وابوو، دزێك بچێت بۆ دزی، لە ناو دزینەکەدا بڵێت: من دزم، بەڵام قـەینا ئـەو جـارە دزیتان لێناکەم..

قەت ئەوها تێنەکەوتوومـە وەکـو ئـەو جارە تێکـەوتم، تووشـم بـە داوێکەوە بووە داوی داوانە..

- ئەوجا با ئەوەت پێبڵێم، پیاوانی گوند دەسـتە دەچـوونە ماڵی خەلۆ بۆ پیرۆزبایی، پیرۆزباییان لێی دەکرد، بۆ ئەو سـەرکەوتنە، بۆ ئەو ئازاییەتییە و سەر بڵندییـە، خـەڵك لـە گونـدە دوورەکانیـشەوە دەهاتن بۆ پیرۆزبایی، جوامێریی خەلۆ ئێستاش هەر باس دەکرێت..

- ئەتوش چووی ؟

- منیش چووم، بەڵام وەڵڵا من پیرۆزباییم لە خەجێ کرد نـەك لـە خەلۆ

- خەجێ بۆ؟

- دەزانی بۆ..

لەو دەمە قیژەی ژنێك لە ناو ماڵانەوە بەرز بۆوە.. خەریك بوو یـەك بە دەنگی خۆم بڵێم: ئەوە چ بوو؟ غاردەن.. باش بوو بە بیرم هاتەوە مـن

وا له دزیم نابێت دەنگم لێوە بێت، ئەوان ڕۆیشتن بەرەو قیژەکـە، منـیش بـە کوێـدا چـووم بـۆ ((درەختەکـە)) هـەر بەوێـدا گەڕامـەوە بـۆ لای قیژەکە..یەکێ لـە کـچە هـەرە جوانـەکانی گونـد (مەریـەم) لـە ژوورەوە مارێکی گەورە خۆی نیشاندا بوو، گوێم لە پیری بەفر بوو لەبەر خۆیـەوە دەیگۆت:

ماریش عەشقی کچی جوان دەبێت..

وابوو ماریش عەشقی کچی کـەتناوە دەبـوون، مەریـەم ژنـی گونـدی گۆتەنی برای خۆی عەشقی دەبێت، ئەدی کو مار عەشقی نابێت!

نۆ

- تۆ چەند ژنت تەڵاقداوە؟

- یەك ژنم تەڵاق نەداوە، ژنـەکانم هـەتا دەچـوونە ئـەها ئـەو گۆڕستانە هەر ژنی من بوون، هەتا دەچوونە گۆڕستانەکانی دیش هـەر ژنی من بوون.. ئەها لێرێهێ نۆ گۆڕ بە تەنیشت یەکـەوەن هـەر نۆیـان خوا عەفوویان بکات ژنی من بوون، ژنی نازدار گەردنیان خۆش و ئازاد بێت.. بـەردەوامیش گۆڕەکانیـان خزمـەت دەکـەم، نایـەڵم بـن پێیـان بکـەون، درەختیـشم لـە سـەریان چاندووە، سـێبەرم بۆیـان کـردووە..

هەموویان بە جحێڵی مردن یەکیان نەبێت کەمێك تەمەنی کرد.. بەڵام حەیف گۆڕی ژنەکانیدیکەم هەر یەکەیان لە مەملەکەتێکن، بەڵام بزر نین ئێستاش بچم یەکە یەکەیان دەبینمەوە، هەتا چەند ساڵێکیش لەمەو پێش، هەر چەند ساڵ جارێك چەند مانگێکم تەرخان دەکرد بۆ بەسەرکردنەوەیان، من هەتا مردن وەڵڵا دوای مردنیش قەرداری هەموو ژنەکانمم، زۆر خزمەتی منیان کردووە، زۆر لەززەتیان بە من بەخشیوە، چاومیان پڕ لە جوانی کردووە، قەت و قەت لە بیریان ناکەم، من بەوە ئاسوودەم قەت لە هیچ ژنێکی خۆم نەداوە، نا بە بیرم نایە دەستم لێیان بڵند کردبێت، جوێنیشم پێیان نەداوە..

دیتم ورد ورد فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ، ئەو چاوە گەشانەی لەو تەمەنەش جوان دنیایان دەدیت، جوان جوانیان دەدیت و کز نەببوون، دەمدیت لەو چاوانەوە فرمێسك بۆ هەژدە نۆزدە ژن دەڕژێ... چەندی ویستم قسە بگۆڕم و لە ژنەکانی ناو گۆڕی دوور بخەمەوە، هیچم بە هیچ نەکرد، لەو بارەیەوە نەك وەستا شاگردی وەستاش نەبووم، یان ئەو بە شێوەیەك سۆز گرتبووی دەتگوت کانییە و ... ئیدی بە باشم زانی بە جێیبێڵم و با تێر بگریت، ئەو خەمانە بەس گریان دەرمانیانە.

وا بوو، چۆنی گوت ئەوها بوو، لە دوای ئەو قسەیە رۆژێك چوومە ناو گۆڕستانەکە، گۆڕستانێکی گەورە بوو،ترسام، لە مردن ترسام، ترسام لەوەی کە لە گوندێکی وا گچکەوە ئەو هەموو خەڵکە مردبن، داخوا چەند گۆڕیش لەگەڵ عەردی تەخت بوونە کێڵیان نەماوە، داخوا چەند کەسی ئەو گوندەش گۆڕەکانیان لە دەرەوەی ئەو گۆڕستانەن کە لەوبەری رووبارەکانن لەو دیوی

چیایەکانن.. گۆڕستانەکە رووبەرێکی زۆر گەورەی گرتبۆوە، لە لایەکی گۆڕستانەکەوە کە نزیك بوو لە هەڵدێر، هەڵدێری لای دۆڵی دەستە راست، نۆ گۆڕ لە ناو غەرە بەردێك بوون، هێشتا جێی نۆ گۆڕ زیاتریشی لیَ دەبۆوە، هەر نۆیان بە تەنیشت یەکەوە بوون، هەر نۆیان هێندە کۆن دیار نەبوون..لە ناو غەرە بەردەکە حەوت دار بەڕوو لقەکانیان گەیشتبۆوە یەك، سیَ دار مێو، کەپرێکی جوانیان بۆ گۆڕەکان درووستکردبوو.. کێلی هەر نۆ گۆڕەکە یەك جۆرە بەرد بوون، هەر هەژدە بەرد یەك ئەندازە بوون..

لە گۆڕەکان رامابووم، درێژییان وەکو یەك وا بوو، گۆڕی قەد باریك، لە سەر کێلێك چاوم وەك بڵێی رێشکەو پێشکە بکات، شتێکم دیت وەك نووسین، لێی چوومە پێش، زۆر ورد بەرد هەڵکەنرابوو، ئا نووسین بوو، خوێندنەوەیان زەحمەت بوو، ئەوە وایکرد سەیری رووی کێلەکانی دیش بکەم، یەك یەك سەیرم کردن لە هەموویان نووسین هەبوو.. بەحاڵ لە سەر کێلێکیان (گوڵناز )م خوێندەوە، (فەتانە) م خوێندەوە، (ئەستی)م خوێندەوە، (مێریَ )م خوێندەوە قل قل هەموویانم خوێندەوە

- ئەوە چی دەکەیت ناوی ژنەکانم دەخوێنیتەوە؟
- ئەوە کیَ ئەو ناوانەی نووسیوە؟
- دەسخەتی خۆمن..چ شتێکی غەریبت لە سەر کێلەکان نەدیت ؟
- نا..
- کێلی مێریَ!
- ئیَ!
- وێنەی خاچێکت نەدی

- لای تۆ نەبووە موسڵمان؟

- نا هەر بە عیسایی مرد، دەمتوانی بیکەمە موسڵمان، بەلاّم هەولّم لەگەڵی نەدا، هەموو خەڵك هەر وایان دەزانی بۆتە موسڵمان، ئێستاش هەر وا تێگەیشتوون.. مێریێ بە عیساییەوە ئاسوودە بوو، ئاسوودەیی مێرێش هەموو شت بوو بۆ من، جگە لەوەش بە لای منەوە گرنگ نەبوو، مێریێ لە سەر چ ئایینێکە، من مێرێم دەویست هەقم چ بوو لە سەر ئایینی مێریێ... مێریێ بەر لەوەی بشمریێ پێی گۆتم:

لە گۆڕستانی خۆتانم بنێژە بەس هەر لە سەر ئایینی خۆمم.. ژنێکی گەلێك نازدار بوو.

- چۆن بوو، بووە ژنت؟

- وازی لێبێنە.

- بە نەخۆشی..

- وازی لێبێنە

یەك یەك دەستی بە سەر کێلەکاندا دەهێنان بۆنی دەکردن، من بەرگەم نەگرت،گۆڕستانم بۆ پیری بەفر چۆلکرد، گوتم با ئازادیی خۆی وەرگرێت لەگەڵ ژنەکانی..

## دە

- تۆ چەند ژنت بە یەکەوە هەبووە؟

- لە یەك ژن پتر نا، خۆش نیە پیاو لە ژنێك پتری هەبێت.

- چەند ساڵ دەبێت بێ ژنی؟

- لەمێژە بیست ساڵێك دەبێت.

- بۆچی ژن ناهێنیتەوە؟ حەزت لێ نیە؟

- کەس ژنم ناداتێ، دەنا وەڵڵا حەزم لێیە، چ لەوە خۆشتر هەیە دەست لە ناو سینگ و مەمکان وەربدەیت.... ئەو خەڵکە زۆر بە خەلەت تێگەیشتنە، وادەزانن ئەگەر پیاو چووە تەمەنەوە، حەزی چوونە

ژنیشی دەچێتە تەمەنەوە، بەس وا نیە.. پیاو چەندێ پتر بچێتە تەمەنەوە، حەزی لە ژن نزیکبوونەوەی پتر دەبێت..

- ئەرێ درەختەکە چ درەخت بوو؟

- باش لە بیرم نیە، وا بزانم ئەو دەم توو بوو، تووی سووریش بەس ئێستا نازانم چیە.. ئەتو لەوەی گەڕێ چ درەختێکە گرنگ نیە چیە، گرنگ ئەوەیە لەو درەختەوە ژن بە رووتی ببینی..

- دەترسم پێویست بە چاوێکی تایبەت بکات..

- نا نا، بەلاّم ئاسانیش نیە، ئەوە رەبیە گرتن نیە ئاسان بێت، زۆر زەحمەتە.. پیاوی خۆی دەوێت، پیاوێکی زالّ بە سەر گیان و لەشی خۆیدا، پیاوێك هەموو جوولەیەکی لە شی خۆی لە دەست خۆی بێت، بە کۆخین و پژمینیشەوە، پیاوێك بێت ئەگەر پێویستی کرد کولانکەی هەناسەش لە سەر خۆی دابخات، ئەتو دەتوانی وا بکەیت؟!

- ئەتو ئیشەکە بە زەحمەت دەبێخی

- ئیشەکە خۆی وایە، من ئەگەر وا نەبام ئەو هەموو ژن و کچەم بە رووتی دەدیت، گوێم لەو هەموو قسە خۆشانە دەبوو! کورە بۆ خوات پێدەڵێم کە چوویتە ناو درەختەکە، نەکەی ئاشکرا بیت و بتبینن، ئەگەر ئاشکراش بووی وابکە نەناسرێیتەوە..

- چ تێناگەم..

- پەلە مەکە تێدەگەیت.

بە شەلەشەل بەو پێیە پڕ لە ئازارەوە کەوتمە گەڕان بە ئاواییدا، نزیکەی بیست و یەك دار تووم ژمارد، جوان لە هەموویان رادەمام، لەگەڵیان دەکەوتمە

قسە، نازانم کەس گوێی لە قسەکانم بووە یان نا، یەك یەك بە دار تووەکانم دەگوت: تۆی ئەو درەختەی کە هاوین داهات ژنەکان بۆت رووتدەبنەوە، کوا لە کوێ رووتدەبنەوە؟ جلەکانیان لە کوێ دادەنێن؟ نا ئێوە ئەو درەختە نین کە من لە دووتان دەگەڕێم.. دەبوو وا بکەم دەبوو پرسیار لە هەموو دار تووەکان بکەم بە سوور و رەش و سپییەوە، ئەگەر وا نەکەم، ناتوانم، دەبێت وا بکەم.. هەردوو دۆڵەکەش دەگەڕام، ئەو دۆڵانەی لە قووڵایی خۆیاندا رووباری تیژڕۆیان لە خۆ گرتبوو، تیژڕۆتر لەو رۆژانەی پیری بەفر پێیدا تێپەڕی بوو، ئەو رۆژانەی تەمەنی ئەویان دەخوێندەوە، ئەو رۆژانەی پیری بەفر دەیگوت لە با خێراتر بوون.. گەڕام لە هەردوو دۆڵ گەڕام هەر درەختێکت دەویست هەبوو، ئەوەی بەر چاوی من نەکەوت درەختی توو بوو، گەڕام دۆڵی چەپ و دۆڵی راست گەڕام، چاوم بە هەردوو بەری هەردوو رووباردا دەگێڕا، ئەو درەختەی من حەزم لێبوو بیبینمەوە نەمدیتەوە... دوا جار رێك لەو شوێنەی دوو رووبار وەك ژن و مێرد تێکدەکەنەوە، لەو شوێنەی دوو ئاو دەڕژێنە یەکەوە، دیتمەوە دارتووێکی گەورە زۆر گەورە، لەلای ئاوەوە رەگی بە دیار کەوتبوو، هەندێ لە لقەکانی دەتگوت تینوویانە بۆ ئاو چەما بوونەوە، ئەو دارتووە لە سەر لقە بە تەمەن چووەکانی خۆی جێگەی حەفتا ژنیشی دەکردەوە..پشتم بە دار توو دا و لەگەڵی کەوتمە قسە: ئەوە تۆی هاوینان لە باتی تووی سوور ژنی هەمەڕەنگ دەگریت؟ ئەوە تۆی لە هاوینان پڕ دەبیت لە ژنی رووت و قووت؟ ئەگەر تۆ ئەو درەختەی کە من لە دوات دەگەڕێم تکات لێدەکەم هەتا هاوینێ لە شوێنی خۆت بمینێوە و بە هیچ لایەکدا نەچیت. نا هێشتا زۆر بە هێزی لەو دوو رووبارە لە هەردووکیان بەهێزتری، رەگەکانت وا رۆنەچوونە ئەو ئاوە زەفەرت

پێببات.. ڕەنگە بە قسە لەوەش دوورتر ڕۆیشتبم، بەڵام هەر ئەوانەم لەبیرە.. بە هەرلایەکدا لێکم دەدایەوە ئەو درەختە ئەوە نیە کە پیری بەفر دەیەوێت بە منی بناسێنێت، بەڵام دەبوو چاوەڕێی هاوین بکەم لە هاوینێش ئەو درەختەم لە بیر بێت کە ئێستا پشتم پێی داوە لە لقەکانی دەڕوانم... بە دیتنەوەی ئەو دار تووە لەگەڕان بە دوای درەختان نەکەوتم، ئیدی ئیشی من بووە گەڕان بە دوای درەختان، هەر درەختێکم دەدیت، توو با، یان هەر درەختێکی دی تێر تێر لێی رادەمام، بە شێوەیەك دەمخستنە نێو نیگامەوە، زۆر جار هەستم دەکرد لە نێوان لق و گەڵاکانەوە پرچی ژن دەبینم، روومەت و لێوی ژن دەبینم، گۆی مەمك و ناوکی ژن دەبینم، لە درەختەکانەوە زۆر جێگەی ژنم دەدیت..

- هەست دەکەم لە هەموو درەختەکانەوە ژن دەبینم

- خۆت شێت مەکە، هێشتا هاوین نەهاتووە، دوایی لە هەموو درەختێکەوە ئەوەی من دەیڵێم نایبینی.. ئەوەی تۆ دەیبینی سێبەری ژنە، چونکە بیستوومە سێبەری ژن لە سەر هەموو شتێك هەیە، لە سەر دار و بەرد و ئاو و تفەنگ و...

- تێناگەم

- تێدەگەیت، با هاوین دابێت

بە هار گەیشت، دوای شەڕێکی دوور و درێژ بردییەوە و عارەقەی بە بەفری زستان کرد ئەو شەڕەی نێوان بە هار و زستان مەگەر بەس من بزانم چەند ساڵی خایاند، مەگەر بەس من بزانم زستان چ بەرگرییەکی سەرسەختانەی کرد، بەرگرییەك هیچ قەڵایەکی سەخت بەرانبەر داگیرکەر نەیکردووە، بەهار بە

ماندووبوونێکی زۆرەوە گەیشتە کەتناوە.. هەر ئەوەش وایکرد دەستی لە کەتناوە بەرنەبێت و بە ئامان و زەمان بەجێی نەهێڵێت..

بەهاری کەتناوە کەسکپۆشترین بەهارە لە دنیایێ، بەهاری زۆر ساڵ و زۆر جێیانم دیتووە، وەك بەهاری کەتناوەم نەدیتووە، لەوێ لەو بەهارەی من دیتم هەموو شتێك کەسك بوو، مرۆڤ و ئاژەڵەکانش لە بەهاردا کەسك دەچنەوە.. بەڵام بە من چی..

## یازدە

- قەت شت لە بیرناکەم، پێتنەگوتم پاڕانەوەی دوند و دوندی پاڕانەوە لە کوێوە هات؟

- ئێ، مێرێ ناوی نا دوندی پاڕانەوە..

- چۆن؟

- هاوین بوو کە من و مێرێ سەرکەوتینە سەر چیا..

- تا ئەو شوێنە ئاگادارم  کە لەسەر کەپکە شاخە دوو نەفەرییەکە لەگەڵ مێریێ دانیشتبوون، چایەو ماستیشتان خوارد..

- مانگەشەو بوو، یان تاریکە شەو؟

- مانگەشەوێك بوو تاڵە قژت لە سەر عەردی دەدیتەوە

- وایە مانگەشەو بوو، هەر سەر لە ئێوارێوە مانگەشەو بوو، مانگ و ئەستێرە زۆر نزیك بوون، مێریێ دەیگۆت بەژنمان هەندێکی دی درێژتر با دەستمان دەگەیشتە مانگ و ئەستێرە..  بە مێریێم گۆت: وەرە سەر شانم بڵندت دەکەم بۆ خۆت ئەستێران لێبکەوە.. پێدەکەنی وەك فریشتان پێدەکەنی دەیگۆت: نا ماندوو دەبیت.. مێریێ! ئاخ مێریێ!

پیری بەفر ئاخی وەهای بۆ مێریێ هەڵدەکێشا عیسا ئاخی وەهای لۆ مرۆڤ هەڵنەکێشایە، مەریەم ئاخی ئەوهای بۆ عیسا هەڵنەکێشایە، هیچ پەیامبەرێك بۆ ئۆمەتی خۆی ئەوها ئاخی هەڵنەکێشایە..

ترسام ئەوجارەش چیرۆکی مێریێ و پاڕانەوە تەواو نەکات..

-  لەوێ لە کێ پاڕانەوە؟ بۆ چی پاڕانەوە؟

- ئەو شەوە لە کەس نەپاڕاینەوە، تەنها لە ئاسمانمان دەنۆڕی لە رووناکایی دنیامان دەنۆڕی، لە گلۆپی عەرد و ئاسمانمان دەنۆڕی، تا شەکەت بووین لە سەر ئەو دوندە گەڕاین لەو سەر بۆ ئەو سەر.. مێریێ لە ولاتی خۆی دەگەڕا، لێی دەپرسیم کەوتۆتە کیهە لا؟ منیش پەنجەم لە سەر دادەنا، دەمگۆت ئەوەتا کەوتۆتە ئەو ئاستە، لە راستی ئەو گلۆپانە ئەوجا دوور، پێمگۆت با رۆژ ببێتەوە چیایەکت نیشان دەدەم پشتی ئەو چیایە ولاتی ئێوەیە.. کە وام گۆت خەنی بوو..ئەوجا هاتین لە سەر جێ دانیشتین، ئاگریشمان کردەوە، چایەکی

دیمان لێنایەوە، شەو هێشتا هەر مانگەشەو بوو، پاڵکەوتین، توند لـە ئـامێزی خۆم گرت، ماچم کرد، دەتگوت یەکەم جارە مێرێ لە ئـامێز دەگـرم و ماچـی دەکەم، دەتگوت یەکەم جارە ژن لە ئامێزی خۆم دەبینم... شیرن بـوو خودایـە باوەشی ژن شیرن بوو، مێرێ شیرن بوو، دەستم لێی بەر نەدەبوو هەستم دەکـرد ئەویش وەك منە.. هەموو شتێك لە سەر دوندی پاڕانەوە چەند قات خۆشـتر و جوانتر بوو لە هی جێیان، من مێرێم زۆر خۆشدەویست، بەلاّم هەستمدەکرد ئەو شەوە لە جاران پتر خۆشمدەوێت، مێرێ لە چاوی من جوانترین ژنی دنیایێ بوو، بەس ئەو شەوە لە خۆی جوانتر بـوو، مێـرێ لەکنـە مـن گـەلێك شـیرین بـوو، شیرنایەتییەکەی ئەو شەوە نەبووە و نابێتـەوە... مـن چـەند سـاڵ بـوو لەگـەڵ مێرێ جووتدەبووم، بەلاّم ئەوەی ئەو شەوەی سەر ئەو چیایە لە هـەمووان جیـا بوو.. پیاو نابێت باسی ژنی خۆی بەو شێوەیە بکات، بەلاّم ئەو ئیدی مردووە، لە سەرمە باسی هەموو ئەو چاکانە بکەم کە لەگەڵ منی کردووە...

شەو درەنگ داهات، مانگ بەو دیودا ئاوا بوو، ئاوابوونی مانگ سەیر بوو یەکەم جارم بوو بەو شێوەیەی دیتم، ئاوابوونی مانگ ببینم.. وەکو ئەوە وابوو لە پڕدا لە ژوورێك لۆکسێك بکوژێنیتەوەو تاریك دابێـت، دنیـا ئـەوها تاریـك بوو، مێرێ گۆتی: ئەوە چ بوو! گۆتم: خودا لۆکسی خۆی کوژاندەوە.. گلۆپەکان جوانتر بە دیار کەوتن، تێر تێر سەیری رووناکە دوورەکانمان کرد..

دیار بوو مێرێ خەوی دەهات، وەڵلاّ منیش هەندێك چاوم گران ببوو، دنیا تەواو ساردە، چووینە باوەشی یەکەوە، خۆمـان داپۆشـی.. کـە بـە ئاگـا هـاتم هەتاو لە مێژ بوو کەوتبوو، مێرێ دەتگوت فریشتەی ئاسمانە و خودا ئەمشەو بۆ منی ناردووە، لە فریشتەش جوانتر خەوتبوو، قۆڵم لە بن سەری بوو، سوندم

خوارد ئەگەر حەفت شەویدیش بە ئاگا نەیەت قۆلّم نەجوولێنم.. زۆری پێـچوو تا بە ئاگا هات، دیار بوو خەونی دیتووە، بەلاّم هیچی نەگۆت چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، کەچی هێشتا لای سەرمان هەتاو نەیگەیشتبووێ، بنەدارێك لەوێ سێبەری لێکردبووین..

- دەبوو ئەو شەو وەختێکمان بۆ پاڕانەوە تەرخان بکردایە
- پاڕانەوە بۆ چی؟
- بۆ چی! بۆ منداڵ
- خودا ئەوە دەزانی ئێمە منداڵمان نیە و حەزیشمان لێیە، ئەگەر نەیدا بە پاڕانەوەش نایدا
- پاڕانەوە لە خودا باشە، وا مەڵێ..
- باشە ئەوشەویش دەمێنینەوە و دەپاڕێینەوە

کەوام گـوت دڵـی زۆر خۆشـبوو.. وەخـتی نیوەڕۆیەکـەی ئـەو ئـاوەی لـە کوندەکەوە مابوو خۆمان پێ بسمیل کرد.. هاتمەوە خوارەوە و بە کوندەی پڕەوە گەیشتمەوە لای سەری گوریسەکە..

- باشە ئەو سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەیە زۆری خایاند؟
- نا زۆر نەبوو..چەند دەمژمێرێك

پـیری بـەفر زۆر عاشـقانە، زۆر مەسـتانە دونـدی پاڕانـەوەی دەگێڕایـەوە، منیش بە تامەزرۆییەوە گوێم بۆی هەڵخستبوو..

ئەو دوندە شتێکی هەیە لە هیچ دوندێکی دی ئەوە بەدیناکـەیت، ئـەویش هەر پێت نایە سـەر ئـەو دونـدە بـۆنی شـەراب دەگاتـە لووتـت، هەسـت بـە مەسـتبوون دەکـەیت، مـن جـاری یەکـەم کـە چـوومە سـەرێ وام زانـی لـە

مەیخانەم..شەو بێت یان ڕۆژ هەوایەکی هەیە، بەڵام بەردەوام نا ناوە ناوە دەڵێی لە ناو کوپەی شەرابەوە هەڵدەکات، لە شەوی مانگەشەودا کەس نیە لەوێ بێت و بەدمەست نەبێت، ئەوجا ئەگەر ئەو کەسە لەوێ لەو جێگە شەرابیە شەرابیش بخواتەوە ئەوە مەستی مەستانە هەر بە فڕین دەفڕێ یەکسەر بۆ ناو بەهەشت..

بەدرێژایی ڕۆژ و دوایی بە درێژایی شەو و ئینجا ڕۆژ و .. من و مێرێ ناوە ناوە سەمامان دەکرد، کەس نیە لەو دنیایە وەك مێرێ سەما بکات، لە دەوڵەتان زۆر ژنم دیتبوو لە کاتی سەماکردن، ژن هەبوو لەو ئەستەنبولە گەلێك جوان سەمای دەکرد لە تاران و بەغدا زۆر جوان سەمایان دەکرد، بەڵام هیچیان نەدەگەیشتنە مێرێ.. سەمای مێرێ وەك سەمای هیچ ژنێك نەبوو.. مێرێ منیشی فێرە سەماکردبوو، پێشتر سەمام نەدەزانی، شایی ئاساییم دەزانی و بەس، مێرێ فێری کردم هەر لە شەوی بووکێنی هەندێکی فێرکردم، گوتی:

((چۆن دەبێت پیاو سەما نەزانێت !))

سەرەتا ئەو قسەیە ئەو بایەخەی نەبوو لای من، بەڵام کە تەواو فێری سەما بووم و لەگەڵ مێرێ سەمام دەکرد، ئەوکات تێگەیشتم چەند گرنگە پیاو سەما بزانێت.. من و مێرێ هەموو ئەو شەوانەی پێکەوە بووین، ساڵ لە هەر وەرزێکدا با ئێمە بۆ چەند ساتێ سەمامان دەکرد، پێش نووستن سەمامان دەکرد، هەرگیز لە سەمای مێرێ تێرنەبوومە بە من بایە بەردەوام سەمای بکردایە، دەزانی مێرێ چ سەمایەکی دەکرد! کەس نازانێ چ سەمایەکی دەکرد، چونکە کەس بە سەماوە نەیدیتووە، هەر من بە تەنێ، مێرێ بەس بە دیار منەوە بەس لەگەڵ من سەمای کردووە.. بەڵام ئەو سەمایەی لە سەر

دوندی پاڕانەوە لـە نـاو مانگەشـەودا، بـە دیـار مـانگ و ئەسـتێرەوە کـردی، سەماکە لە بیر ناچێتەوە جیا بوو لە هەموو ئەو سەمایانەی پێشتر و دواتر بـۆ منی کردن بۆ خۆی کردی.. هـیچ شـتێك لـە دونـدی پاڕانـەوە وەك خـۆی نیـە سـەمای مێـرێش ئـەوها..لـەوێ بـە دەم سـەماوە دەپاڕاینـەوە لـە خـودا دەپاڕاینەوە.. من پاڕانەوەم نەدەزانی ئەویش مێرێ فێری کردم:

- دەبێت لە خودا بپاڕێینەوە منداڵێکمان بداتێ..

- واز بێنە خودا پێویستی بە پاڕانەوە نیە، ئەو حەزی لە پاڕانـەوە نیە، ئەگەر نەیدا نایدا

- وا مەڵێ پاڕانەوە لە خودا باشە

مێرێ لێم پاڕایەوە تا لێی بپاڕێینـەوە، دڵـیم نەشـکاند پاڕامـەوە، وەك مێرێ دەپاڕامەوە..بە دەم شەراب خواردنەوەوە دەپاڕاینەوە، شەرابی خودا و هی مێرێ، لە بیرم نەبوو ئـەوەی بڵـێم ئـەو کاتـەی لـە گونـدی بەرێکـەوتین شەرابێکی زۆریشم لەگەڵ خۆم هێنا.. مێرێ بە منی دەگۆت:

- مـن لـە رێـی پەیامبـەری خۆمـەوە تـۆش لـە رێـی پەیامبـەری خۆتەوە، با داوا لەخودا بکەین، بەڵکو منداڵێکمان بداتێ

- لە سەر ئەو دوندەوە کەس پێویستی بـە پەیامبـەر نیـە، لێـرەوە خودا زۆر نزیکە هەر کەمێ دەنگ هەڵبڕە گوێی لێیە

- وا مەڵێ کاتی گاڵتەکردن نیە

- بە راستیمە و گاڵتە ناکەم، لە شوێنی ئەوها بەرز هەر مرۆڤێـك دەتوانێت راسـتەوخۆ قـسە لەگـەڵ خـودا بکـات، ئەگـەر ئـەو قـسەش

نەکات، بەڵام باش گوێی لە تۆیە ، تۆ بەس کەمێك دەنگ هەڵبڕە دەگات.

مێـرێ چـیدی لــە سـەری نەڕۆیـشت، گـوێم لێبـوو بـەدەنگی بـەرزتر دەپاڕایەوە..

لە کاتی ماڵئاواییدا مێرێ گۆتی:

- ئەو چیایەمان پڕکرد لە پاڕانەوە هەقە بەو دوندە بگوترێ دوندی پاڕانەوە

- ئیدی لەمەودوا ناوی دەنێم پاڕانەوە.

ناویم نا دوندی پاڕانەوە،، پاڕانەوەکەش.. بەڵام لەبەر دڵی مێـرێ نـەبا، ناوێکیدیم لێدەنا

- ناوت دەنا چی؟

- شەیتانی... دەزانی بۆ؟ با بۆت باس بکەم کە لە سەر ئەو دوندە دەخەویت، هەر چاوت گەرم بوو ژنی دنیایێ بە رووتی رووت تێدەکەن و رووتت دەکەنەوە، گەمانت لەگەڵ دەکەن، نە دەمێك و نە دوو، هەتا لە خەو بمێنی ئەو ژنانە لەگەڵتن و بـە ریـز لـە سـەرت رادەکـشێن و بـۆت رادەکشێن، ئەوانی دیش لە هەموو لایەکەوە گـەمانت لەگـەڵ دەکـەن، بەس ژن چ ژن مەگەر بەس مێرێ لەوان جوانتر بێت..ئـەوجا لـە کـاتی نووستنێ سەد جاریش بە ئاگا بێیتەوە هەر چاوت چووەوە خەو ژنەکان لەوێن و بەجێت ناهێڵن.. با ئەوەت پێ بڵـێم ئـەتوش ئەگـەر لـە سـەر دوندی پاڕانەوە بخەویت ئەو ژنانەی هاتنە لای من دێنە لای تۆش، من

بە درێژایی ئەو کاتانەی لـەوێ خـەوتم ژنـەکان لەگـەڵم بـوون.. ئەگـەر ژنێکیش لەوێ بخەوێت پیاوی دنیایێ رووی تێدەکەن، ئـەوە مێـرێ وای گۆت، دوای ئەوەی لە دوندەکە دابەزین خۆمان بۆ یەکتر ئاشکرا کرد.. دوای ئەوە لە دوو سێ پیاوی دیکەشم بیستووە کە لە سـەر پێـشنیاری من لە سەر دوندی پاڕانەوە خەوتنە، هەمان خەونیان دیتووە.. رەنگـە گاڵتەت بە خەونی وا بێت؟ ها!

- نا، بەڵام دەڵێم مەرج نیە هەموو کەسێك ئەو خەونە ببینێت

- با مەرجە هەرکێ لەوێ خـەوتبێت ئـەو ژنانـەی دیـوە.. ئـەوەش پەیوەندی بەوەوە نیە ئەو پیاوە گەنجە یان پیرە، تێر گانە یان لە ژیـانی خۆی نەیدیتووە، من مێرێم لەگەڵ نەبوو! خۆ هەردووکمان تێر بـووین، کەچی هـەر چاومان دەچـووە خـەو.... ئـەو دونـدی پاڕانەوەیـە شـتی عەنتیکـەی تێـدا روودەدات، جـاری وایـە وا لـە باوەشـی ژنـی خـۆت خـەوتوویت کەچـی خـەونی پێـوە دەبینیـت خـەونی جووتبـوون نـەك خەونێکی دی.. حەز دەکەم بە چاوی خۆت بیبینی و پشیە خەوێکیشی لێبکەیت، گرنگیش نووستنەکەیە، جا نووستنی شەوێیە، هی رۆژێیە.. گرنگ ئەوەیە بخەویت...

دوازده

ئەو ساڵەی من لەوێ کەوتمەوە، سەرەتای پایز بوو، پایزێـك دەرگـای کـزە بایەکی بەسەر ئەو شاخ و دۆڵانەدا کردبۆوە، سارد سـارد، سـەرمای پایزانـەی ئەوێ لە سەرمای چلەی زستانی جێیان دەچوو، لەویش سەرماتر و تووشتر، لەو پایزە ساردەدا من لە کەتناوە کەوتمـەوە، دەسـتێك مـنی هەڵـدابوو، هەنـدێك

دەیانگوت ئـەوە دەسـتی نادیـارە ، هەنـدێکیش دەیـانگوت نـا ئـەوە دەسـتی ئەنفالە و ئێمە بەو دەستە ئاشناین... دەیانگۆت هەر کەسـێك بـەر تـووڕەیی خوداوەند بکەوێت ئەو دەستەی دەگاتیّ، بە منیان دەگوت: تۆ بەختەوەری کـە لێرە بە عەردی کەوتووی، دەبێت نانێك بخۆی دوان بکەیتە خێر..

ئێمە دەستەیەکی دە دوازدە کەسی بووین، هەتا ئەو دەمیش خۆمـان بـە جـەنگاوەر دەزانـی... بـەلاّم مـن زوو لـە نـاوەوەم هـیچ پەیوەندییـەکم بـە جەنگاوەرییەوە نەمابوو، کەس نەبوو بەرگ و چەکی جەنگاوەریم لیّ وەربگرێت دەنا بیّ دوودڵی دەمبەخـشین.. رۆژ دوای رۆژ نائومێـدتر دەبـووم لـە ئاینـدە، شتێکم تێدا نەدەدیتەوە کە دڵخۆشیم بداتیّ و بانگمبکات.. زۆر جار وابووە بە دیـار رووبـارەوە بـیرم لـە نووسـتنی هـەتا هـەتایی نـاو رووبـار کردۆتـەوە... هەستمدەکرد وا لە هەڵدێرێکی هەزار بەهـەزاری هەڵـدەدێرێم و کەسـیش نیـە دەستم بگرێت.. تا پیری بـەفر گەیـشتیّ و دەسـتمی گـرت و گـوتی درەختێـك لەوێیە، ئەگەر بە خۆ فریـودانیش بێـت، قـسەکەیم وەرگـرت و لـە ئایندەمـدا درەختێك دیارە، درەختێکی هاوینی، ژن و کچە جوانەکانی دنیـا لـەوێن، بـەو درەختەوەن، دەمگوت هیچ نەبێت با ئەو درەختەش ببینم، بزانم چـیە، رەنگـە راست بکات، ئا بۆ درۆم لەگەڵ دەکات، شتێك هەر هەیـە بـا چـاوەڕیّ بکـەم، هاوین هەر دێت، خۆ بە تەما نیە ساڵ لە بەهارەوە پازبداتە ناو پایز..

- حەز دەکەم بە راستیم پێبڵێی، ئەو درەختەی باست کرد..

- حەز ناکەم هێندە لە سەری بڕۆی، بـە راسـتیمە و هـاوینیّ، بـەو چاوانەی خۆت دەیبینی..

- باشە تۆ دوا جار کە چوویتە سەر درەختەکە کەی بوو؟

- مووی رەش لە سەرو ریشم نەمابوو، دەمێکە، پیرترین ژنی ئێرە خۆ دەزانی کێیە! تازە مەمکی هاتبوو، هەر هێندەی هێلکەی بارۆکەیەك دەبوو، ئەو ژنە بە جحێڵی گەلێك جوان بوو پیاوی لە دین دەکرد..

- ژنەکانی دی ئەوانەی لە بن درەختەکە بوون هیچیان نەماون؟

- نا، خوا لێیان خۆش بێت، بەس ئەو ژنەیان ماوە.

- ئەها، ئەو ژنەش لە بن درەختەکەبوو!

- لەوێ بوو

- کەوابوو درەختەکە بێ ژن ماوەتەوە!

- نەوەیەك دێت نەوەیەك دەڕوات، ئەدی درەختی بەردار هەموو سالێك بەر نادات؟ ئەو درەختەش ئەوهایە، بەردەوام ژن دەگرێت، وەك میوە، بەلاّم ئەوە هەیە سالاّنە پێش ئەوەی مێوە پێبگات ژن پێدەگات..

- ئەها! باشە ئەو ژنە لەکەیەوە هاتۆتە ئێرە؟

- منداڵی ئێرەیە، دایك و باوکیشی منداڵی ئێرە بوون.

- کەواتە ژنەکانی درەختەکە هەر ئەو ژنانەبوون کە دەتناسین و دەیانناسیت؟

- نا، مەرج نیە هەموویان بناسی و هەموویان بتناسن.

- قەت وا رێك کەوتووە ژنی خۆت لەو درەختەوە دیبێت؟

- ئا، لە جارێکیش زیاتر

دلّم هەندێك خۆش بوو، لە بەر خۆمەوە دەمگۆت، ئەگەر ئەو درەختە درۆ نەبێت، هەر لە دەوروبەری ئەو گوندەیـە، ئێـستاش کـچی ئـەو ژنـە کچی کوڕ و کچەکانی ئەو ژنـە، بـەو درەختـەوەن.. هەسـتم دەکـرد ئـەو درەختە ژنگرە لـە دەوروبـەری خۆمـە و لـە نـاو درەختـەکانی دیکەیـە و نایبینمەوە.. لە ناو گوند دەسووڕامەوە کە ژنێك بە دیار دەکەوت لە دڵی خۆم دەمگوت، تۆ بڵێی ئەو ژنە بە رووت و قووتی ببینم! ناهـەقم نـەبوو ژنم بە رووتی نەدیتبوو، لە فیلمیش نەمـدیتبوو، هـیچ شـارەزاییەکم لـە لەشی ژن نەبوو، لە سەر جلکیشەوە دەستم بە مەمکی ژنان نەکـەوتبوو، ئاوزەی من لە مێژبوو ژنیان هێنابوو، ئاوزەی من سەدان جار لەگـەڵ ژن خەوتبوون و جێ جێی لەشی ژن شارەزا بوون، ئاوزەی من خەریکە کچیان بە مێرد دەدەن، خەریکە دەبنە باپیر، منیش.. دەترسم نەگەمە ئەو دنیا جوانەی ژنەوە، ئەو دنیایەی رەنگە لە بەهەشتی خوداش جوانتر بێت، بڕوا ناکەم لە بەهەشتیش ئەو میوەیە دەستبکەوێت کە لـە بـن کراسـی ژنـان دەستدەکەوێت، ئەوە برادەرێکم وای دەگۆت، مـن بـڕوام بـە قـسەی ئـەو برادەرەم هەیە، ئەو تامی کردبوو..

ئێ خۆ خوداش کە باسی جوانیی و خۆشیی بەهەشت دەکات، جوانی و خۆشییەکی ژنانەیە، لە وەسفەکەی خوادا لەو جێگەیە بەهەشت دەگاتە پلەی بە هەشت کە پڕ دەبێت لـە ژن، بـەر لـەوەی پـڕ بێـت لـە ژن چ بـە بەهەشت ناچێت، بەهەشتەکەی پێش پڕبوون لە ژن بە بێ مانـدووبوونیش بمدەنێ، بەبێ نوێژ و رۆژووش بمدەنێ، نامەوێ، چونکە ناحەوێمـەوە، بـێ

ژن کێ دەحەوێتەوە.. ئەوەش قسەی برادەرێکی دیکەم بوو، بۆچوونی پیری بەفریش هەر وایە.. هەر هێندەم لە دەست دێت بڵێم:

خودا نەمکوژی تا درەختی ژنگر دەبینم..

ئەوە جارێکی دیش هاتمەوە ژێر سێبەری دار گوێزەکە، خووم بەو دارەوە گرتووە، لێرە نەبێت ئەو چیرۆکە نانووسرێتەوە، ئەگەر خوا نەکردە ئەو دارە شتێکی بەسەر بێت چ لە رێی ئاگرەوە چ لە رێی تەورەوە چ لە رێی تۆپێکی دوورهاوێژەوە، ئەوا دڵنیام چیرۆکی کەتناوەش بە دەردی ئەو دەچێت و بە کۆتا دێت، بۆیە بە دڵ داوای تەمەن درێژی بۆ ئەو دارگوێزە دەکەم، ئەو دارگوێزە تاقە دار گوێزی کەتناوە نیە، بەڵام تاقە دارە کە لە سێبەرەکەیدا توانای نووسینەوەی کەتناوەم پێببخشێت، زۆر درەختی دیم تاقیکردەوە، زۆر دەو جۆگە و دەو رووبار و پەنا دیوار و پەنا بەرد و سەر بان و بن بانم تاقیکردەوە، هیچیان نەیانتوانی یەك رستەی ئەو چیرۆکەم پێبنووسنەوە، رەنگە لەو دار گوێزەدا نهێنییەکی نووسین هەبێت، لەوانەشە هەر بۆ من وا بێت، ئا ئەو نهێنییە تایبەتییەیە کە خەڵك باسی دەکەن، ئیدی ئەوە بابەتی من نیە هی ئەوە نیە خۆمی پێوە مژوول بکەم، گرنگ ئەوەیە لە سێبەرەکەیەوە هێزی نووسین وەربگرم و رستە رستە بڕۆم تا دەگەمە ئەو شوێنەی خۆی دەڵێ بەسە، سەرهاتەکە دەڵێ بەسە.. ئەمڕۆش لەوێوە دەست پێدەکەمەوە، لە بەهاری کەتناوەوە...

## سێزده

کەتناوە یەك پارچە گوڵ و گـوڵزار بـوو، چ گـوڵ نـەبوو لـە بـاخی دنیـاییٚ پشکوتبێت و بۆنەکەی لەوێدا نەبێت، دنیا کەسك کەسك تا چاو بڕبکات هـەر کەسك، بەڵام من پیاوێکی هاوینیم هـەموو جوانییـەکانی دنیـا لـە هاوینـەوە

دەبینم، لە درەختێکی هاوینییەوە، لەو ژن و کچانەی کە لەو درەختەوە بە دیاردەکەون... دوعام دەخوێند: خودایە! لە کەسکایی، لە گیاوگۆڵی دنیا بێزارم، دنیا بە وشکی و پووش و پەڵاشەوە جوانە.. خودایە، لەشی من بە فێنکی تووشی خورشت دەبێت، گەرماییەك بێنە چۆڕ چۆڕ ئارەقەم لێبچۆڕێ..

ئێستا ساڵ لە بەهاردا جەنەی گرتووە و ناجوولێ. دەبینم لە باتی ئەوەی گیاوگۆل بەرەو زەردی و وشکبوون بچن رۆژ بە رۆژ رەنگو روویان خۆشتر دەبێت، بەهار رۆژ بە رۆژ کەسکتر دەچێتەوە.. بە دەستی من با، ئاوم لە گژوگیای دنیایێ دەبڕی و زەرد و وشکم دەکردنەوە و ئاگرێکم تێبەردەدان، ئاگرێك هەوری لە ئاسمانان بتۆراندبا، ئاگرێك بەردی شاخانی سۆربکردایەتەوە و هاوینی بۆ گوندی هێنابا...

بە ناو دارو درەختان، بە ناو گژو گیایان، بە ناو گوڵ و گوڵزاری کەتناوەدا دەگەڕام، بەڵام لە هیچ لەوانەوە بۆنی بەهارم نەدەکرد، ئەو بۆنەی خەڵك بە پەنجە رۆژەکانی، وەرزەکانی بۆ دەژمێرن تا دەیگەنێ، منیش پێشتر وا بووم کە بەهار دەهات ، بە هەموو گیانم بۆنیم دەکرد، سەیریم دەکرد، جوانیی بەهارم لە نیگاما دەپاراست، تێکەڵی دەبووم تێیدا بزر دەبووم، کەچی ئێستا ئەو بەهارە هیچ جوانییەکی تێدا نیە، کە بە ناویدا دەگەڕێم بۆ لەزەت وەرگرتن نیە، بۆ ئەوەیە بزانم تەمەنی زۆر ماوە، من لە مەرگی بەهاردا جوانی دەبینمەوە، من ئەو کاتە جوانی دەبینمەوە کە ببینم ئەوەتا بەهار لەسەرەمەرگدایە و گیان دەسپێرێت، بەهار مردووە و لاشەکەی لەو هەڵدێرانەوە فڕێدەدرێ و دۆڵاو دۆڵ ئاوە و ئاو دەچێت.. وەك شێتان بە ناو بەهاردا دەسووڕێمەوە یەك نەزانێت دەڵێت ئەوە زۆر عەشقە بەهارە، لە دیدەنی

بەهار تێرنابێت، نازانێت رقی دنیام لە بەهارە، کەسی وا هەیە کە رقی لە کەسێك یان لە شتێك دەبێتەوە حەز دەکات ناوە ناوە بچێتە بەر چاوی دوژمنەکەی بۆ ئەوەی شەق ببات، من بەرانبەر دوژمنەکەم ئەوها بووم، من لەو بەهارەدا یەك دوژمنم هەبوو ئەویش بەهارە، بە هەموو جوانییەکانییەوە...بڕوا ناکەم هیچ گوندێکی دنیا بە قەد کەتناوە پڕ دار و درەخت بێت زۆر جێگەی ئەو گوندە کە سنوورێکی گەورەی هەیە و جێگەی شارێکی لێدەبێتەوە، نێوان درەختێك بۆ درەختێك هەر هێندەی جێ نووستنێکە، ژێر ئەو درەختانە قەت هەتاوی هاوینیان بەر نەکەوتووە... جێگە هەبوو لەو کەتناوەیە ئەگەر خۆت تێدا بشاردایەتەوە، عەسکەری دنیا لە دووت بگەڕابان نەیاندەدیتییەوە، جێگە هەبوو لەو کەتناوەیە خودا بە تایبەتی لۆ ماچ و راموسانێی درووست کردبوو، لاچەپترین و شاراوەترین جێی دنیایێ بوو کەس رێی بەوێ نەدەکەوت.. بەلاّم بە من چی! ژنەك نەبوو، کچەك نەبوو... من لە خەفەتی دنیایێ لە رقی بەهارێ رێم بەو جێیانەش دەکەوت ، نازانم بۆچی دەچووم، رەنگە بۆ ئەوە بوو بێت بزانم نیشانەی هاوین بە دیار نەکەوتووە، من لە عەرد و لە ئاسمان چاوم دەگێڕا بەڵکو ئێ ئەوە خوایە نیشانەیەکی هاتنی هاوین ببینم، نەمدەدیت و نەمدەدیت..

رۆژێك لە رۆژەکانی بەهارێ رێم کەوتە جێگەیەگ لەو جێگە لاچەپانەی کەتناوە، کە بڕواناکەم کەس زانیبێتی ئەو جێگەیە کەوتۆتە ناو جوگرافیای کەتناوەوە، لە سەر بەردێك کە کەوتبووە بن گیای بەهاری دانیشتبووم، چاوم لە ناو درەختان دەگێڕا، ئێ... مژی قوولم لە جگەرە دەدا، دووکەڵم بە پەلکی داران وەردەکرد بۆ ئەوەی زەرد هەڵگەڕێن و تەمەنی بەهار کورتتر بێتەوە.. لە

پشت خۆمەوە هەستم بە خشپە خشپ کرد، دڵم گۆتی ئەوە ژنە.. خۆم هاویشتە پەنای بەردێکی گەورە کە لە نێوان دوو بنە داری گەورە قیت ڕاوەستابوو.. نزیک زۆر نزیک پشتی پیاوێکم دیت، هەوە هەو نیە، دەڵێی هەوە، ڕووی کەوتە لای من هەو بوو، برادەرە چاو کەسکەکەم، لە سینگییەوە بۆ سەرێ دیار بوو.. ئەوە چ دەکات لێرە، لە دووی من هاتووە؟ چاودێری من دەکات؟ بۆ؟ هیچ بووە؟ خێرا خێرا پرسیارم لە خۆم دەکرد بێ ئەوەی وەڵامیش بدەمەوە.. ئەوە چیە دەڵێی لەگەڵ کەسێك قسە دەكات، ملە قوتێم دەکرد لە بەر ئەو دارو بەردانەی کەوتبوونە نێوان من ئەو کەسم نەدەدیت.. دیتم لە شوێنی خۆی نەوی بوو، دەمویست کەسەکەی دی ببینم، چاو کەسکیشم بزرکرد...لەو بن دار بۆ ئەو بن دار لەو بەردەوە بۆ ئەو بەرد، لێی سووڕامەوە، گەیشتمە بن بەردێك دڵنیا بووم، سەر هەڵبکێشم دەیبینم، نزیك بوو ئەوەی لام سەیر بوو، دەنگ نەبوو، ئەگەر هەشبوبێت زۆر بەهێواشی بووە نەدەگەیشتە گوێی من.. نەمدەوێرا سەر هەڵبکێشم نەوەك بمبینێت..لە سەر ئاوو ئاگر بووم بۆ بینینی چاوکەسك، چ دەکات لێرە؟ دەبێت کەسی لەگەڵ بێت؟ کێیە ئەو کەسە؟ دەبێت لە دووی درەختەکە نەگەڕێت؟ ئێستا چ دەکات بۆ دانیشت تۆ بڵێی دانیشتنەکە بۆ دەست بە ئاو گەیاندن بێت؟ نا... لە سەر ئەو بەردەی من لە پەنای دانیشتبووم و خەریکی جاسووسی بووم، بەردێکی هەندێك گەورە هەبوو دەتگوت کلاوە و لە سەر بەردە پاڵکەوتووەکە داندراوە، لەوێوە درزێکی گەورەم دیت، گوتم، ڕەنگە ئەو درزە ئەو جێگەیە بێت کە لێیەوە چاو بۆ جێگەی مەبەست بگێڕم، بە ترس و لەرزەوە چاوم لە درزەکە نزیك خستەوە، دیار بوو کونێکی گەورە بوو جێگەی هەردوو چاوی دەکردەوە، چاوم چووە سەر

کونەکە.. لەو کونەوە چ ببینم! ئەوەی من دیتم خودایە، هەموو خەڵك ببینن..برادەرە چاو کەسکەکەم رێك رووی لە من بوو، دانیشتبوو، ئەویش لە باوەشی، پشت لە من، هێندەی پێنەچوو لەسەر عەردی درێژ کرد، روویم دیت، ئای خۆ هەوە، لەسەری پاڵکەوت، بەڵام هەر بە جلەوە، ئەو کچەی ماریش عەشقی بوو بوو، ئێستا وا لە ژێر برادەرە چاو کەسکەکەم راکشاوە، دەمویست هاوار بکەم: نەکەی ئەو کچە ماچ نەکەیت، ئەوە مەریەمە پیرۆزە، بە ماچ پیس دەبێت وازی لێبێنە، هاوارم نەکرد... ترسام، زۆریش ترسام لەوەی خۆ رووتبکەنەوە، ترسام شت رووبدات..دەمزانی توانای بەرگەگرتنم نامێنێ، بەو پەڕی بێزارییەوە، چاوم لە درزی بەردەکە کردەوە و بەردەکەم بە جێهێشت، نازانم لە دوای من ئەو بەردە چی لە خۆیدا تۆمار کرد..

لە گەڕانەوەمدا، کە لۆژە لۆژ دەهاتمەوە، مەریەمم لە نزیك دەرگای خۆیان دیت دەچووە ژووریێ، لە دڵی خۆم گۆتم: یەك جاریش ئەوە لەگەڵ من بکە لە تەمەنم بیر لەو درەختە هاوینییە ناکەمەوە.. کە گەیشتمەوە بارەگا برادەرە چاو کەسکەکەم چایەی بە دەستەوە بوو، سەیرکردنێك سەیرم کرد سەرڕێژ لە ئیرەیی، ئیرەییەك هەوێش بە هەوێی نەبردووە..

چوارده

برادەرە چاو کەسکەکەم رۆژ دوای رۆژ لای من پیرۆز و پیرۆزتر دەبوو، ئیدی بە چاوێك سەیرم دەکرد جیا لەوەی پێشتر.. ئاخر ئەو کچە مار عاشقبووە لە دیدی منەوە لە سەرەوەی مرۆڤ بوو, چەندی سەیری ئەو کچەم دەکرد ئەویش زۆر لە نزیکەوە نا، زۆر کەمیش، جوانییەکەی ئەو جوانییە نەبوو کە لە

مرۆڤدا هەیە، کە گوێم لە دەنگی دەبوو، ئەو دەنگە لە دەنگی مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو... وام دەبینی هەر کەسێك ئەو کچە لە باوەش بگرێت و چەند ساتێ لێوەکانی بمژێت نەمر دەبێت، نەمدەتوانی بیهێنمە ناو زەینی خۆم، بیهێنمە بەر چاوی خۆم رۆژێ لە رۆژان پیاوێك هەبێت زاخی ئەوە بکات ئەو کچە لە ئامێز بگرێت، ئەو کچە رازی بێت پیاوێك ماچی بکات.. کەچی ئەوەتا بە چاوی خۆم لە درزی بەردێکەوە دیتم، وا لە ژێر برادەرە چاو کەسکەکەم راکشاوە و ماچی دەکات، نازانم چیدیکەیان کرد یان نا، بەس هێندە بەسە بۆ ئەوەی برادەرەکە پیرۆز بێت لە دیدی منەوە، هەر کەسێك ئەو مەریەمە ماچ بکات پیرۆزە، من دەڵێم نامرێت... دەمویست لە کن برادەرەکەم باسی ئەو کچە بکەم بۆ ئەوەی بۆم باس بکات، دەترسام، نەدەوێرام، دەهاتە سەر زمانم بیڵێم قووتم دەداوە... ئیدی زۆر سەیری ئەو برادەرەمم دەکرد، سەیری لێوەکانیم دەکرد ئەو لێوانەی ئەو رۆژە بە چاوی خۆم دیتم بە سەر لێوی جوانترین کچی دنیاییەوە بوو، لە لێوی ئەوەوە لێوی کچەم دەدیت، دەمدیت لێوی کچەم بە سەر لێوی برادەرە چاو کەسکەکەمەوە دەدیت، لێوی زۆر بە لێوی ئەو دەچوو، نا هەر لێوی ئەو بوو.. هەستم دەکرد لە چاویشییەوە چاوی مەریەم تیشکدەداتەوە، چاویان زۆر لە یەکی دەکرد، لە چاوی ورد دەبوومەوە رێك چاوی کچە بوو.. جارێك گوتی:

- ئەوە بۆ وا سەیرم دەکەیت؟

- من؟ کوا.. سەیری تۆ... ناکەم!

درۆم نەکرد سەیری ئەوم نەدەکرد، لەوەوە من کچەم دەدیت، دەموچاوی زۆر لە کچە دەچوو، لەو نەدەچوو هەر هەو هەبوو، ئا هەو بوو

بەس پرچی بڕیبوو، لەو کوڕەوە کچەم دەدیت، نازانم کەس وەك منی بەسەر هاتووە یان نا، ئەگەر کەس ئەوهای بەسەر نەهاتووە، دوعا دەکەم بەسەری نەیەت، چیدی نەدەچوومە سەر ڕێی کچە، چیدی بە پێش ماڵیاندا نەدەڕۆیشتم، چیدی لە درەختە هاوینییەکەوە ئەو درەختەی ڕۆژ نەبوو، شەو نەبوو چەند جاری لە چاومدا شین نەبێت و ژن نەگرێت، چیدی لەو درەختەوە چاوم لەو کچە نەدەگێڕا، ئەو کچە لەو ڕۆژەوەی لە درزی بەردەکەوە دیتم وا لە ژێر برادەرە چاو کەسکەکەم راکشاوە لەو ڕۆژەوە لە برادەرەکەم تواوەتەوە، برادەرەکەم ڕەنگی ئەوی گرتووە، ئیدی دەبێت چاوم بۆ برادەرەکەم تەرخان بکەم، لەوەوە جوانی دەبینم ، لەوەوە چێژ وەردەگرم.. وام لێهات شەرمی لێ بکەم، وەك چۆن شەرمم لە مەریەم دەکرد، شەرمم دەکرد زۆر سەیری بکەم، بە دزییەوە دوور لە چاوان چاوم لێی دەبڕی، چەند جوان بوو خودایە! جوانترین کوڕی دنیایێ بوو، جوانترین کچی دنیایێ بوو، کوڕێك بوو مار عەشقی دەبوو.. کوڕێك بوو حەزم دەکرد لێوەکانی ماچ بکەم، توند لە ئامێزی بگرم، پێی بڵێم من تۆم خۆشدەوێت.. کوڕێك بوو هەموو ئەو قسانەی حەزم دەکرد بە کچەکەی بڵێم، ئێستا حەز دەکەم بەوی بڵێم.. چەند جوان بوو ئەو کوڕەی بە کچ خۆی نیشانی من دەدا.. هەستمکرد برادەرە چاو کەسکەکەم زۆر لێم نزیك نابێتەوە، دەتگوت هەستی بەوە کردووە کە من لەوەوە جوانترین کچی دنیایێ دەبینم، لەوەوە چێژی مێیینەیی وەردەگرم.. وای لێهات ئیرەییم بەو کەسانە دەبرد کە زۆر برادەری برادەرە چاو کەسکەکەم بوون کە زۆر لەگەڵ برادەرە چاو کەسکەکەم نزیك بوون و پێکەوە دەگەڕان

و قۆڵیان له قۆڵی هەڵدەکێشاو بەبەر چاوی منەوە پیاسەیان دەکرد، خۆزگەم بەوان دەخواست کە چەند لێی نزیکن، نازانم وابوو یان نا، بەلاّم من وای بۆ چوو بووم کە ئەوانیش وەك من لە برادەرە چاو کەسکەکەمەوە کچەکە دەبیننەوە، وەك مـن جـوانیی مێیینـەیی، چـێژی مێیینـەیی لـە برادەرەکـەم دەچـننەوە.. وای لێهـات رقـم لـەو کەسـانە دەبـۆوە کـە زۆر برادەری برادەرە چاو کەسکەکەم بوون، دەمدیت لە منیـان داگیرکـردووە، من برادەرەکەمم بە هی خۆم دەزانی حەزم نەدەکرد بۆ کەس بێت، حـەزم نەدەکرد کـەس زۆر لێـی نزیـك بێتـەوە، حـەزم نـەدەکرد پەنجـەی کەسـی پێبکەوێت، برادەرەکە گەیشتبووە پلـەی پـیرۆزی، نـەدەبوو بـە دەسـتی کەس پیس بێت، نەدەبوو کەس زۆر لێی نزیك بێتەوە، نەدەبوو کەس زۆر سەیری بکات، کوفر بوو کەس جێی خەوی نزیـك ئـەو رابخـات، نـەدەبوو کەس دەسـتەکانی بگوشـێت، نـەدەبوو کـەس ماچـی بکـات، کـوفر بـوو دەورەی ئەو کوڕە هەمووی کوفر بوو، حەزم دەکرد هەمیشە تەنیا بێت و بەس منی لێوە دیار بم، حەزم دەکرد بەس بۆ مـن بێـت، ئـەویش دووراو دوور.. لەو شەوانەی ئێشکگرییەکەی ئەو دەکەوتە دوای منەوە، زۆر بـە شەرمەوە، زۆر بە ترسەوە بانگم دەکرد، ئەگەر بانگی کچەکەشم بکردایە هەر هێندە ترسم دەبوو، هـەر هێنـدە شـەرم دەیگـرتم.. برادەرەکـانی دی هەموو تێگەیشتن نێوان من و برادەرە چاو کەسکەکەم ئاسـایی نیـە، لـە نێوانماندا هەتا سلاّوکردنیش نەما، دەهاتنە لام لەو بارەیەوە پرسیارڕێژیان دەکردم، هیچم نەبوو پێیانبلێم، دەمکردە منگـەمنگ، نـازانم دەچـوونە لای برادەرە چاو کەسکەکەشم یان نا...

ڕۆژ بە ڕۆژ دەمدیت جوانیی مێیینەیی، جوانیی فریشتەیی تیشك تیشك لە كچەكەوە دەپەڕێتەوە بۆ برادەرەكەم، دەمدیت كچە لە جوانیی كالدەبێتەوە و كوڕە وەك مانگ كە بەرەو پڕی دەچێت لە جوانیی تێر دەبوو، ئێستا ئەگەر ئەو دوانە ببینم لە باوەشی یەكترن ڕەنگە پڕ بە دەمم هاوار بكەم، نەكەی كچە تیو نەكەی ئەو كوڕە پیس مەكە، ئەو كوڕە پیرۆزە، لێی دوور بكەوە.. ئیدی نەمدەوێرا ڕوو لەو جێیە بكەمەوە كە بووە هۆی پەڕینەوەی جوانی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی، لە كچێكەوە بۆ كوڕێك، پەڕینەوەی پیرۆزی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی، پەڕینەوەی كەسێك لە كچەوە بۆ كوڕ بە هەموو سیماكانییەوە، بە هەموو جوانییەكانییەوە.. دەمگوت ناچم جارێكی دی پێم بەوێ ناكەوێتەوە، جارێكی دی ئەو دووەم لە باوەشی یەكتر نەدیتەوە، نەدەبوو لە باوەشی یەكتر بیانبینمەوە، پێویستیش نەبوو بیانبینمەوە..

- جوان نیە، پێكبێنەوە، چۆن دەبێت ئێوە لێكدی تووڕە بن!
- من لێی تووڕە نەبووم تا پێكبێمەوە
- ئەویش وا دەڵێت، دەڵێت من هیچم لەگەڵی نیە.
- دە مادام وایە وازی لێبێنە جارێ

ویستیان پێكمان بێننەوە، من ڕازی نەبووم، ناخۆشییەكەی ئێمە لەوەدا نەبوو بەكەس خۆش بێتەوە، ناخۆشییەك بوو قووڵ، ڕەگی ئەو ناخۆشییە هەستمدەكرد لەو لایەوە تا ئەو سەری ئاییندەو لەو لاتریشەوە تا ئەو بەری ڕابردوو ڕۆچووە....

## پازده

ڕۆژێك هەر لە ڕۆژەکانی بەهار ئەو بەهارەی وەهـای لـێ داکوتـابوو، هێندەی لێ خۆش هاتبوو، چ پێنەدەچوو لە خزمـەتان مەرەخـەس بێـت، هەرچەند لێی وردەبوومەوە، نیازی ڕۆیشتنیم لە سـیمایدا نەدەدیتـەوە، نیازی جێگە چۆلکردنی نەبوو بۆ هاوین، چوار مەشقی لە ماڵی ساڵ لێی

دانیشتبوو، سەراپا کەسکپۆش، هەموو گیانی خەندە بوو، کەسکایی ئەو بەهارە لە چاوان دەبریسکایەوە.. ئا لە رۆژێکی ئەو بەهارە کە خۆشیم لێی نەدەهات، دڵم گۆتی سەرێك لەوێ بدە، قسەیم نەشکاند، بڕۆ بڕۆ گەیشتمێ، گەیشتمە بەردە بالا بەرزەکەی نێوان دوو بنە دارەکە، ئەو جێگەیەی لەوێ برادەرە چاو کەسکەکەم دیت، کە وادیار بوو لەگەڵ کەسێك قسە بکات، لەوێوە خۆم گەیاندە بن ئەو بەردەی کلاوە بەردێکی لەسەر خۆی دانابوو، لەو کلاوەشەوە درزێك هەبوو، لەو درزەشەوە ئەوەی نەمدیتبوو دیتم، ئەوەی نەدەبوو رووبدات رووی دا.. لە درزەکەوە تێر تێر تەماشای هەواری خاڵیم کرد.. لەوێوە کەوتمە سەرکۆنەکردنی خۆم، هەرچی جوونی پیس هەیە بە خۆمم دەدا، بە دەنگی بەرز جونم دەدا، بە تف تفم لە خۆم دەکرد، لە خۆمی ترسنۆك، لە خۆمی شەرمنی کوڕی شەرمن، لە خۆمی سەر حیزی بۆ هەمیشە سەر حیز... چۆن لە دەستی خۆمدا، ئێ باشە هەی کەری لە کەر، نەدەبوو هەندێکی دی ئارام بگریت؟ نەڕۆیت، بۆ رۆیشتی، ئەتو دەزانی چیت لە دەست خۆت دا! کەس هەیە شتی وا لە دەست خۆی بدا، هەی هیچوپووچی هەتا مردن هیچوپووچ! نەدەبوو چاوم لە درزەکە بکەمەوە، بەس تازە! رۆیشت و ناگەڕێتەوە.. لەسەر بەردەکەوە ئاودیو بووم رێك چوومە ئەو جێگەیەی کە مەریەم لێی راکشابوو و برادەرە چاو کەسکەکەشم بە سەر ئەوەوە.. جێگاکە بۆنی لێدەهات، بۆنی پیرۆزی، ئەو پیرۆزییەی لەگەڵ پیرۆزییەکی دی ئاوێزانی یەکتر دەبن، یەکتر ماچ دەکەن، لەگەڵ یەکتر جووتدەبن، یان ئەو پیرۆزییەی لە کەسێکەوە دەچێتە کەسێکی دی لە کچێکەوە لە رێی

ماچـكردنەوە دەچـێتە كوڕێكـەوە.. ئـەو جێگايـەی وا لێـی پاڵكـەوتووم پیرۆزە، ئێرە جێگەی پیرۆزانە، ئێرە بن ئەو دوو بـەردەی سـەريان بەيـەك كـردووە لـە نێـوان شـانی هەردووكيانـەوە درەختێكـی سـەر قـژن پـەنای لێكردووە، پـيرۆزە، خوداوەنـد ئـەو جێگەيـەی تايبـەت درووسـتكردووە، تايبەت بۆ مەريەم و برادەرە چاو كەسكەكەم، تا عەشق بكەن و پيرۆزتـر بن.. من لەوە كەمترم شايەنی ئێرە بم، ئێرە بە من پيس دەبێت، گومانم نيە كە پيس دەبێت.. رەنگە كەس گوێی لە قسەكانم نـەبووبێت، دڵنيـام ئەگەر منداڵان، منداڵانی كەتناوە گوێيان لە قسەكانم ببا، بە شێتە شێت هەتا ناو گوند دەكەوتنە دووم..

دەمگۆت، درەختـە هاوينييەكـەی پـیری بـەفريش، هـەر درەختێكـی ئەوهايە، جياوازيـان لەوەيـە ئـەو هاوينييـە ئـەوەيان بـەهاری، درەختـە هاوينييەكە كۆمەڵێك ژنە بێ پياو، درەختە بەهارييەكە تەنها دوو كەسن ئەويش مەريەم و برادەرە چاو كەسكەكەم، ئەو برادەرەی چاوەكانی دەڵێی چاوی مەريەمن، دەڵێی چاويان لە سەر يەكدی كۆپی كردووە.. لە دەستم چوو، درەختە بەهارييەكەم لە دەست چوو، دەبوو تەماشام كردبان، دەبوو هەردووكيانم بە رووتی ديتبا.. نا باش بوو ئەو دووەم بە رووتـی نـەديتن، رەنگبوو كەتنێكی گەورە روويدابا، چی روويدەدا با روويـدابا، مـن كـەر بووم خۆم لە ديتنی لەشولاری مەريەم كرد، خۆم لـە ديـتنی لـە شـولاری بـرادەرە چـاو كەسـكەكەم كـرد.. ئيـدی چـوو جـارێكی دی هـەڵی وا هەڵناكەوێتەوە.. ئێرە بۆنی كچ و كـوڕی لێـدێت، ئێـرە پـڕە لـە تيـشك، تيشكی نائاسايی، تيشكی وام لە هيچ وەرزێكی ساڵ نەديوە.. هەر لەوێ

لەو جێگەیەی مەریەمی لێ راکشابوو، ئەو مەریەمەی لەوە پیرۆزتر بوو بۆ هیچ پیاوێك رابکشێت... هەر لەوێم لەو جێگەیەی برادەرە چاو کەسکەکەم لە سەر کچێك راکشابوو، لێوەکانی دەمژی و مەمکەکانی دەگوشی و دواییش نازانم گەیاندیانە کوێ، ئەو برادەرەی لەوە پیرۆزتر بوو لە سەر هیچ کچێك رابکشێ و ماچی بکات..

بەس بگەمە درەختە هاوینییەکە، خودا بکەم مەریەمیش بە رووتی لەوێ بێت، نابێت وەك ئەو جارە کەر بم، دەبێت ورد بەو چاوانە هەموو جێگەیەکی لەشی بپشکنم، لە تەوقی سەرییەوە تا بنی پێی لە پێشەوە و لە دواوە لە هەردوو تەنیشتەوە، دەبێت لە لەشولاری مەریەمەوە، لەشولاری برادەرە چاو کەسکەکەم ببینمەوە..

گوێم لە دەنگی پێ بوو، گوتم هەبێت نەبێت مەریەم و برادەرەکەمن، ترسام دوعام کرد، هەو نەبن.. هەستامەوە، لە شوێنە پیرۆزەکە هاتمە ئەولاترەوە، دیتم لە پشت منەوە لە سەر بەردێك دانیشتووە، پیری بەفر بوو..

- ئەوە چ دەکەیت لێرە؟
- بە دوای پیرۆزی دەگەڕێم
- دیتتەوە؟
- ئا
- خۆت شێت مەکە..

بە راست ئەوەی من دەیکەم شێتییە! رێی شێتبوونم گرتووە، رەنگە وا بێت، دەبێت بیرێك لە خۆم بکەمەوە من لە کوێم!

- ئەدی تۆ چی دەکەیت لێرە؟

- بە دوای جوانیدا دەگەڕێم، هەندێك جوانی هەن تەنها لە بەهاردا دەبینرێنەوە، بەهاریش بەهاری ئێرە، بڕواناکەم لە بەهاری هیچ جێگایەکی دی جوانیی وا بڕوێت.. بەهاری زۆر جێگام دیوە، هەموو ئەو بەهارانەم دیوە کە دەکەونە نێوان تاران و ئەستەنبول و بەغداوە، هیچیان خۆ لە قەرەی بەهاری ئێرە نادەن.. رەنگە جوانیی بەهاری ئێرە لە جوانیی ژنەکانییەوە بێت، ژنی ئێرە جوانترین ژنی دنیایین، رەنگە بە خۆشت هەستت بەوە کردبێت، من لە خۆوە وا نالێم، لە هەر سێ دەولەت ژنی هەموو دنیام دیوە، دەلێن ژنانی ئەستەنبول جوانترین ژنی دنیان، خوا هەلناگرێت جوانن زۆریش جوانن، بەلام ناگەنە ئەو جوانییەی وا لە ژنانی ئێرەدایە، تارانیش ژنی گەلێك جوانی تێدایە، بەغداش جوانی زۆر تێدایە، بەس چەند جوان بن ژنی ئێرە جوانترن.. کە تەماشای گوڵ و گوڵزاران دەکەم ژنە جوانەکانی ئێرەیان تێدا دەبینم ژنانی مردوو، ژنانی زیندوو، لە پێش هەمووشیان ژنەکانی خۆم ئەو ژنانەش کە هێشتا لە ناو زگی دایکیانن..

پیری بەفر جوان تێکەلی جوانی ببوو، جوانیی ژنانی کەتناوە، من جوان گوێم دابووە قسەکانی، بە شێوەیەك جوانیی بەهاری دەنەخشاند،بە راکێشان رایدەکێشایت، لەگەڵ ئەوەش جوانیی هاوینم لە یاد نەدەکرد، ئەو هاوینەی نەمدیتووە، بەلام هەمیشە وەك تارمایی دێتە ناو نیگام و دەڕەوێتەوە..

- دەزانی تەنها یەك ژن هەبوو لە ژنانی ئێرە جوانتر، با بلێین دوو سێ ژن.

- کێ بوو ئەو ژنە؟

- کچێکی ئەرمەنی بوو

- ناوی..

- ناوی مێریۆ بوو، دوایی بووه ژنی من حەفت بەهاری ڕێك پێکـەوه بووین، نەگەیشتە هەشتەمین بەهار، بارگەی تێکنـا بـۆ گۆڕسـتان.. لـەو ڕۆژەوەی ئەو ژنە هاتە ئێرە ژنانی ئێرەش لە جاران جوانتر بوون، مـن لـە بەهاردا، لـە گوڵەکانـەوە پـێش ئـەوەی ژنـانی دی ببیـنم ژنـەکانی خـۆم دەبینم، لە جوانترین گوڵی بەهارێش مێریۆ دەبینم..

خەریکبوو چاوی پڕ بێت لە گریان، سۆزی مێـریۆ و ژنـەکانی هـەڵیان گرتبوو، بەڵام من دەمویست پتر لە بارەی (مێریۆ) وە بزانم، بۆیە بابەتی قسەم نەگۆڕی:

- باشە تۆ ئەو کچە ئەرمەنییەت کو دیتەوە لەکوێ؟

- شارێك هەیە دیاربەکری ناوە بە ڕێکەوت لەوێ دیتم و..

- ئەو کاتەی کە قڕانی ئەرمەنی هەبوو؟

- نا نا، قڕانەکە دوێنێ بوو، من زوو دەڵێم زوو

- ماڵی بابی چۆن رازی بوون،تۆ موحەمەدی و ئەو عیسایی؟

- پێنەدەچوو من موحەمەدی تەواو بم!!

پێکـەنینێکی جـوان پێکـەنی هـەموو تاڵـەکانی سمێـڵ و ریـشی دەلەرینەوە

حەزم دەکرد ئەو پێکەنینە بەردەوام بایە..

- خـوا قەڵـەمی پێـدا هێنـا، کـە خـواش قەڵـەمی پێـدا هێنـا، پێغەمبەرەکان نابنە ڕێگر.. واز لەو بابەتەی بێنە نێوەڕۆیە با بەرەو ماڵ شۆڕبینەوە..

لە شۆڕ بوونەوەدا بووین:

- زۆری ماوە درەختە هاوینییەکە بەر بگرێت؟

- چی ماوە! هەر دیتت پێگەیشت، بە هار زوو دەڕوات، نازانم بۆچی تەمەنی هێندە کورتە! من پەنجا ساڵیش دەبێت تێر سەیری بەهارم نەکردووە، هەر چاو دەکەمەوە بۆ سەیرکردنی گوڵ و گوڵزار دەبینم هاوین گەیشتۆتێ

- بەلاَم رەنگە ئەو ساڵ هاوین درەنگ بێت.

- بەهاری ئەوساڵ لە بەهاری هەموو ساڵێك تەمەن کورتترە

ئەی لەو بەهارە تەمەن کورتە! ساڵێکە ساڵ بەهارییەو هەر بەهارە و رۆژ دوای رۆژ بەهار لە نوێبوونەوەدایە، هەرچی سەوزایی دنیا هەیە وا لە کەتناوە هەڵیداوە، هەڵدانێك هیچ نیشانەیەکی بارکردنی لێوە دیار نیە، پیری بەفریش دەڵێت بەهار تەمەنی کورتە! من دوعا گەرمەکانی دایکمم بیر دەکەوتەوە، ئەو کاتانەی من کەتنێکم دەکرد و رقی لێم هەڵدەستا رووی لە ئاسمان دەکرد: ئۆی! نەگەیە ئێوارە.. لە بەر زگم هەڵگیرێی خودایە، هەر ئێستا ئاوت بۆ گەرم بکەم، بە دەستی خۆم بتشۆم! لە بەر دڵی پیری بەفر نەبا منیش رووم لە ئاسمان دەکرد و ئەو دوعایانەی دایکم لە منی دەکرد منیش گەرمتر لەو، لە بەهارم دەکرد.

## شازده

تایبەتمەندییەك لەو پیاوەدا هەبوو لە کەسی دی ئەو تایبەتمەندییەم نەدیوە، ئەو پیاوە لە تایبەتمەندییەك پتری هەبوو، ئەو پیاوە زۆر بە ئاسانی لە پیاوانی دی جیادەکرێتەوە.. بەلاّم تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پیاوە ئەوە دێنێ بە ساڵ قسەی لە بارەیەوە بکەیت، درەنگ تێگەیشتم هەر ئەو

تایبەتمەندییەیە وا دەکات هەمیشە دەوری ئاوەدان بێت، کەسێك خواحافیزی دەکات دووکەس سڵاو دەکەن.. ئەویش چۆنیەتی گێڕانەوەی سەرهات و چیرۆکە، وا دەکات بە مانگ و ساڵ هاتوچۆی بکەیت و نەتگەیەنێتە کۆتایی ئەو چیرۆکەی لەمێژە سەرەتاکەی داوەتە دەستت، یان راستتر بڵێین دەستتی پێ شەتەك داوە و راتدەکێشێت، پیری بەفر کاتێك هەندێك لە سەرهاتێکت بۆ دەگێڕێتەوە بە دەست خۆت نیە بە دووی دەکەویت، دەبێت بگەیتە کۆتایی، ناتوانیت دەسبەرداری بیت، بە تۆ بێت لە دیاری هەڵنەستیت هەتا کۆتایی.. هەر کەسێك گوێی لە گێڕانەوەی سەرهاتەکانی ئەو پیاوە بووبێت، دەزانێت چەند سەرنج راکێشن.. پیری بەفریش قەت پەلە لە گێڕانەوەیان ناکات، جاری وایە گێڕانەوەی سەرهاتێکی سێ لاپەڕەیی سێ وەرزی خایاندووە، لە هەر دانیشتنێك دوو دێری بۆت خوێندۆتەوە.. جا قوڕ بە سەر ئەو کەسانەی درەنگ درەنگ رێیان دەکەوێتە خزمەتی پیری بەفر.. کەم کەسیش هەبووە رێی بەوێ کەوتبێت ئەگەر جاری یەکەمیش سەری سەرهاتێکی بۆ نەکردبێتەوە ئەوا جاری دووەم بە بەشێك لە سەرهاتێك پەلکێشی کردووە بۆ خۆی... من درەنگ تێگەیشتم دەست و پێمی بە درەختێکی هاوینی بەستۆتەوە و چاومی بە دوندی پاڕانەوەوە هەڵواسیوە، داخوا ئەوانی دیکەی بە چی بەستۆتەوە.. پیاوێکی کەتناوەیی بۆی گێڕامەوە: جارێك بە سەردا چووم، پیرێك هی گوندێکی ئەو دیو بوو، بە تکا تکای لە پیری بەفر دەکرد کە ئەو سەرهاتەی لەمێژە دەستی بە گێڕانەوەی کردووە بۆی تەواو بکات، من نازانم سەرهاتەکە چ بوو، پیرە دەیگۆت:

دە ئاکامەکەیم پێ بڵێ دڵم تەقی...

پیری بەفر دەیگۆت:

جارێ وەختی نیە، پەلە مەکە زستانێ زستانێ...

پیرە دەیگۆت:

کورە پیاوی چاك بە من ناگەمە زستانێ مردن نزیکە، ئەو چیرۆکەم لە دەست مەدە، بەس بزانم کوڕە چی بەسەر هات چیدیم ناوێت..

پیری بەفر قسەی نەکرد و نەکرد، پیرە بە دڵشکاوی ئەوێی چۆلکرد...

لە گێڕانەوەی ئەو سەرهاتەی ئەو پیاوەوە تێگەیشتم، ئەو خەڵکە بۆچی روو لە پیری بەفر دەکەن، لەو پیاوەوە تێگەیشتم خۆم تووشی چ داوێك کردووە.. لەو پیاوەوە پتر بۆم روونبۆوە پیری بەفر هەر شتێك کە دەیڵێ و دەیگێڕێتەوە رووداوی راستینەیە و چیرۆکی هەڵبەستراو نیە.. ئەو پیاوە یەکێك بوو لەو پیاوانەی خەوی سەر دوندی پاڕانەوەی دیتبوو:

(( ئەو دەمەی من قسەی لێوە دەکەم لەمێژە گەلێك لەمێژە، تازە مووم لێدەهات، زۆر هاتوچۆی ئەو پیری بەفرەم دەکرد، ئەو دەمیش هەر وەك ئێستا وابوو، کەمێك گەنجتر بوو، تەماشای منیش بکە وا رزامەوە، ئەو قسەیەم لە ئیرەییەوە نیە، خودا لە سەر سەرانە پیری بەفرم لە خۆم خۆشتر دەوێت، من بە کەلکی هیچ نایەم، بەڵام ئەو کەلکی هەموو کەسێکی هەیە خودایە چەند ژیاوە هێندەیدیش بژیت..ئێ، بە کوڕی خۆم بڵێم رۆژێك پێمگۆت:

- شەوان خەونی زۆر ناخۆش دەبینم هەمووی شەڕ و کوشتن و سەربڕینە، چ بکەم باشە؟

- دەتەوێت خەونی خۆش ببینیت! باشە ئەگەر بتوانی بچیتە سەر ئەو دوندە بەرزەی کە لە سەر ئەو چیایە بەرزەوە دیارە، لەوێ بخەویت ئەوا رەنگە خەونی خۆش خۆش ببینیت..

- ئاسانە، دەچم

چووم، برۆ برۆ رۆژە رێیەك رۆیشتم یالآ گەیشتمێ، رێیەکە گەلێك سەخت و ناخۆش بوو، بەلآم بەوەی باش بوو لە جێیە هەرە سەختەکە گوریس شۆڕ ببۆوە، نازانم ئەو گوریسە بۆ لەوێ بوو، سەرکەوتم.. یەکەم جارم بوو جێی ئەوها بەرز ببینم، هەموو دنیای لێوە دیار بوو، تێر تەماشای دنیام کرد، کوڕە تێری چی! لە تەماشاکردنی دنیا تێر نەدەبووم.. هەر تەماشام دەکرد.. زۆری نەمابوو لە بیرم بچێتەوە بۆچی هاتووم.. بە خۆمم گوت کوڕە من بۆ خەوتن هاتوومە نەك بۆ سەیرکردن، با بخەوم.. پالّم داوە، چلەی هاوین بوو، رۆژیش بوو، خەوم لێنەدەکەوت.. چ بکەم چ نەکەم! هەر گینگلم دەدا.... چاوی خۆم داخستبوو ئێ ئەوە خوایە خەوم لێکەوێت... نازانم چەندی پێچوو، کاتێکم زانی سێ چوار ژنی بالآ بەرزی پرچ کراوەی خاوی چاو و برۆ رەشی جوان، جوانی ئەوها لەو گوندەش نین، بەرەو من دەهاتن، من لە پێش دەرگەی مالّێك دانیشتبووم نەمدەزانی مالّی کێیە، جۆگەیەکیش بە بەردەممدا دەڕۆیی جۆگەیەکی روون روون، ژنەکان لە دەو جۆگەکە خۆیان رووت کردەوە و جلەکانیان تووڕهەلّدا، هەموویان خۆیان پێمدا دا، هەر بە دڕان جلوبەرگیان لەبەرم کردەوە، لەوان رووتتر بوومەوە.. ئیدی ئەوەی لە ژیانی خۆم نەمدیتبوو دیتم، یەك لەسەرم هەلّدەستا یەکی دی دەهات، ژنێك لە بنم بوو، ژنێك لە سەرم، ژنێك لەو دیوەم یەك لە دیوەکەی دی، یەکێ بەس دەستی دەمگەیشتێ

ژنی دیش دەهاتن لە کەلێنی ژنانەوە دەمدیت ژن ڕێچکەیان بەستووەو دوو دوو سێ سێ بۆ من دێن، کاتێك بە ئاگا هاتمەوە هەموو لەشم تەڕ بـوو.. هـەر بـە غاردان هاتمەوە دەمویست بگەمە پیری بەفر و سوپاسی بکەم بۆ ئەو چـاکەیە، دەزانی چ چاکەیەکی لەگەڵ مـن کـرد! ئیـدی لەمـەودوا نـاوە نـاوە ئـەو ڕێیـە سەختەم دەبڕی بۆ پشیە خـەوێك، خـەو چ خـەو! خـەوی ئـەوێ هەمیـشە لـە باوەشی دنیایەك ژنی جوانە، بەڵام جاری واش هـەبووە، شـەو و ڕۆژێـك لـەوێ ماومەتـەوە لـە خۆشـیدا خـەوم لێنەکـەوتووە، بـە دڵـشکاوی لـۆژە لـۆژ هاتوومەتەوە...

- ئێستا حەز دەکەیت بچیت!

- بە چی دەگەمە ئەوێ! گەنجێك زۆر بەهێز و ئازا نەبێت ناگاتە ئەوێ، من بەو پیرییەوە دەگەمێ!

- دەبێت من بتوانم بگەمێ؟

- بەو شەلە شەلە!!

- چیدی؟

گرفتی گەورە لەوێ ئەوەیە خەوت نێت، خەو نەهاتن بەڵایەکی لا بەلایە کە تووشت بوو لێت نابێتەوە، وات لێدەکات بێزار بیت، تووڕە بیت، ئەگـەر زۆر بخایەنێت و خەوت لێنەکەوێت ڕەنگە کارەساتی گەورە ڕووبدات، پیاوێك خوا لێی خۆش بێت، نەماوە، بۆی گێڕامەوە: سێ شەوو سێ ڕۆژ بـە نیـازی پشیە خەوێك لەوێ ماوەتەوە، چاوی گەرم نەبوو نەبوو، دەیگۆت: هێنـدەی نەمابوو لەوێوە خۆم هەڵدەمە خوارێ..

- کارەساتی گەورە وەك چی؟

- وەك خۆ فرێدان لەویٚ، بیستوومە پیاوێك لەوێوە خۆی فڕێداوە..
دەڵێن دوو پیاو دەچنە ئەویٚ یەکیان خەوی لێدەکەوێت کە هەڵدەستیٚ خەونەکە بۆ ئەوی دی دەگێڕێتەوە، بەڵاٚم ئەم چەندی دەکات خەو ناچێتە چاوییەوە چەند رۆژ لەویٚ دەمێنێتەوە هەر خەوی لێناکەوێت، لە داخان لەوێوە بەو دیودا خۆ فڕێدەدا کەس نەیدیتەوە، ئەو دیو هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارە، هەر رۆیشتی دەرۆی کەس ناتبینێتەوە...
پیاوێکی دی لە داخی نەخەوتن کە دەگاتەوە ماڵ یەکسەر بەردێك لەپشتی ژنەکەی خۆی دەدات، بڕبڕەی پشتی دەشکێنێت هەتا مردیش پشتی راست نەکردەوە، هەبوو توانای سەرکەوتنی ئەوێی نەبوو کەچی لە خۆشیی ژنان بەو دوندەدا هەڵدەگەڕا، ئیدی هەڵدەدێرا، چەند کەس مردن، چەند کەس گێڕو سەقەت بوون، شتی ناخۆش زۆر ناخۆش روویداوە، هەبووە چەندان جار چووە خەوی لێنەکەوتووە، ناچار پەنای بۆ دەرمانی خەو بردووە، بەویش خەوی لێنەکەوتووە، بۆیە زۆری خواردووە ئەوەش وایکردووە بیکوژێت.... کارەساتی گەورە روویدا وای لێهات ئەو کەسانەی خەونی ئەوێیان دیتبوو بۆ کەسیان نەدەگێڕایەوە، نەوەك تووشی کارەسات بن، من ئێستا خەلەتم بۆ تۆی دەگێڕمەوە، هەر چەند دەزانم تۆ بەو شەلە شەلەوە ناگەیتە ئەویٚ، بەڵاٚم دەترسم بۆ کەسێکی دی بگێڕییەوە..
- نا نا، بۆ کەسی ناگێڕمەوە.

حەفدە

لەو کەتناوەیە بەهار هەر درێژ دەبێتەوە، نوێ دەبێتەوە، رۆژ دوای رۆژ بەهارتر دەبێتەوە، بیستبووم لە هەندێك مەملەکەت وەرزێك نیە بە ناوی هاوین، زۆر جار وام بیر دەکردەوە کە کەتناوەش یەکێك بێت لەو مەملەکەتانەی کە هاوین ناناسن.. ناهەقم نەبوو وا بیر بکەمەوە، هەرکەسێك لە جێی من با لەوەش هاوینیتر بیری دەکردەوە..

لە دوورەوە دەبینم پیری بەفر خەریکی ئاو و ئاودێرییە، جۆگە لە جۆگان دەکاتەوە، ئەو پیاوە ئەگەر لێی بگەرێن شەو و رۆژ کار دەکات، خاکەناسێکی بە دەستەوەیە و خەریکە، جاری وایە چەندی لێی ورد دەبیتەوە نازانیت چ کارێك دەکات، کەچی بە بەر چاویشتەوە خاکەناسان دەوەشێنێ، ئەو پیاوە دەجوولێ بە نازەوە بەردەوام بە خاکەناسەوە دەجوولێ، هەر ئەو جوولەیەش بە ساغیی هێشتۆتەوە... چووم، چووم، هەتا گەیشتمە لای هەر دوعام دەکرد کە نەیداتە بێدەنگی و قسە بکات، دوای سلاو هەندێ لێی رامام هەستمکرد رەنگە وەلاَمی پرسیاران بداتەوە، نەمزانی چ پرسیارێکی لێبکەم، پرسیارم بۆ نەدەهات یان بۆم رێك نەدەخرا..

- ها دەڵێی قسەیەکت هەیە، پرسیارێکت هەیە؟

راستی دنیایەك پرسیارم هەن، بەلاَم ئامادەم نەکردوون..

- دەڵێم ئەگەر منداڵێك لە سەر دوندی پارانەوە بخەوێت، ئەو خەون بە چیەوە دەبینێت؟

- منداڵ نازانم خەون بە چیەوە دەبینێت، بەس بڕوا ناکەم خەونی پیاوان یان ژنان ببینێ، نا، ئەو خەونەی من باسی دەکەم بۆ کەسێکە کە خۆی ناسیبێت، جا چ کوڕ بێت، چ کچ..

من لەو پرسیارەی خۆم تەریق بوومەوە، هەستمکرد ئارەقەم کـرد، دیـار بوو پرسیارێکی لە جێ نەبوو....

- بە دیوی ئەو دیوی دوندی پاڕانەوە، هیچ رێگە هەیە؟

- نا نا بەو دیودا، بەودیوی ئەو چیایەی دوندی پاڕانەوەی لە سـەر شانی خۆی هەڵگرتووە واتە بە دیوی تاراندا هـیچ رێگەیـەکی وا نیـە، هەیە و نیە باریکە رێیەکی زۆر باریـك هەیە لـە بـنی دوندەکـەوە بـۆ خـوارێ گـەلێك دوورە کـە شـەو و رۆژێکـی رێکـی دەوێـت تـا سـەر دەکەویت.. ئەو رێیە زۆر سەختە..

- سەرباز دەتوانێت پێیدا سەربکەوێت؟

- ئەگەر لە سەر چیاوە دوو کەس بەرگری بکـەن، هـەموو سـوپای تاران هێرش بێنن ناتوانن سـەر بکـەون و لـەوێوە بگەنـە ئـەم گونـدە، بەرگریەکـەش بـە تەقـە نـا، تـەنها بـە بـەرد، یـەکیان بـەرد بێنێـت و ئەویدیان غلۆری بکاتەوە، هەر بەردێك من دەڵێم سەد تۆ بڵێ دوو سەد سەرباز دەکوژێت، بۆیە تاران هەر جارێك هاتبێت بۆ داگیرکردنی ئێـرە ئەو کەرایەتییـەی نـەکردووە لـەوێوە هێـرش بکـات، هەمیـشە لـەرێی رووبـــــــارەوە هێرشـــــــــی هێنـــــــــاوە..

- واتە ئەو گوندە پشتی قایمە؟

- ئەگەر هەموو لایەکی وەك پشتی قایم بایە، هیچ دەوڵەتێك پێی بێرە نەدەکەوت..

- وەك بزانیت ئەو گوندە چەند جار وێران بووە؟

- لە ژمار نایە، بڕوا ناکەم جێیەك هەبێت لەو دنیایە گەورەیە بە قەد ئێرە گوللەی وێ کەوتبێت، درەخت نیە، بەرد نیە، سەد گوللەیان پێنەکەوتبێت، بڕۆ تەماشایان بکە ئێستاش جێی گوللە دیارە.. ئەو گوندە هێندە سووتاوە هێندە سووتاوە، ئاگر لە ئاگر کەوتۆتەوە بڕوا ناکەم دۆزەخیش وەك ئێرە سووتابێت، من بەو چاوانەی خۆم چەندان جار سووتانی ئێرەم دیوە، چەندان جار بەو دەستانەی خۆم ئەو مالآنەم کوژاندۆتەوە، بە چاوی خۆم دیتوومە درەخت ئاگری گرتووە و بە دەستی خۆم کوژاندیتمەوە.. بە چاوی خۆم دیتمە درەخت لە بەر دەمم بە لادا هاتووە، هێندەم سوو لێبۆتەوە وام زانیوە ژنە دەماودەم کەوتووە، ئەو درەختەی بەو شێوەیەم دیت ئەها لە جێی ئەو درەختە بوو، ئەوەش هەر نەوەی ئەوە، درەختەکە لە ئێستا جوانتر بوو، ئا شۆڕە بییەکە زۆر لەو شۆڕەبییەی ئێستا جوانتر بوو، ئەو درەختە مێرێ زۆر حەزی لێدەکرد من ناوم نابوو درەختەکەی مێرێ.. کە با لێیدەدا وەك مێرێ لەنجەی دەکرد، هەموو جارێ بە مێرێم دەگۆت:

- ئەو درەختەشت فێرە سەما کرد.

- ژیان سەمایە، پێویستە درەختیش سەما بکات، هەموو شت سەما بکات.

مێرێ یادی بەخێر، مێرێ گۆڕەکەی پڕ لە نوور و سەما بێت، ئەها لێرە لە بن ئەو بەردە دانیشتبوو، منیش لە لای دەرگاوە بۆ کنە وی دەهاتم، هاشەیەك هات دەتگوت چیایە فڕی، دیتم درەختەکەی مێرێ دەماودەم کەوتە زەوی.. باش بوو مێرێ بەری نەکەوت منیش بە سەلامەتی دەرچووم،

تۆپی سندان کوشتی لە ناو ئەو هەموو درەختە گەڕا گەڕا، درەختی مێرێی دیتەوە، لەگەڵ زەوی تەختی کرد... دواتر تێر بۆی گریام، بۆ درەختەکەی مێرێ گریام

- مەگری، درەخت گریانی ناوێت، چونکە جوانتر شیندەبێتەوە
- ئەو درەختەم زۆر خۆشدەویست...

درەختەکە بڕایەوە و شینبۆوە، جارێکی دیش بڕایەوە دیسانەوە شینبۆوە، دیسانەوە.. خۆزگە مێرێش وەك درەختەکە دەبوو.. نا مێرێ رۆیشت و تەواو چیدی نەمدیتەوە، ژنەکانی دوای مێرێشم هەموویان خۆشدەویست زۆر زۆریش خۆشمدەویستن، بەڵام هیچیان نەبوونە مێرێ، هیچ کام لە وانەی دواییش نەبوونە ئەوانەی پێش خۆیان، لەو دنیایە کەس جێی کەس ناگرێتەوە، مرۆڤ درەخت نیە، درەخت جێی درەخت دەگرێتەوە مێرێ گۆتەنی جوانتریش جێی دەگرێتەوە، بەڵام مرۆڤ جێگەی مرۆڤ ناگرێتەوە...ئای مێرێ! جوانترین ژنی دنیایێ..

ئەو پیاوە هەر کاتێك باسی مێرێی بکردایە گریان قوڕگی دەگرت، مێرێش زوو زوو دەهاتە ناو قسانەوە، مێرێ قسەیەك بوو هەموو قسەیەك رایدەکێشا، مێرێی زۆر خۆشدەویست بڕوام نیە هیچ پیاوێك هێندەی ئەو پیاوە ژنی خۆی خۆشویستبێت، دوای ئەو هەموو ساڵە لە مردنی مێرێ دوای ئەو هەموو ژنەی هاتن لە جێی مێرێ نووستن، ئەو هەموو ژنەی بە ساڵ لە باوەشی ئەو پیاوە نووستن و بە ئاگا هاتنەوە، کەچی هێشتا مێرێ هەر ئەو مێرێیەیە کە لە سەر دوندی پاڕانەوە سەمای دەکرد و دەپاڕایەوە.. ویستم نەهێڵم گریان داگیری بکات:

- له كاتی هێرشهێنان خەڵكی ئێره بەرگریان دەكرد، یان هەر خۆ شاردنەوە بوو؟

- كەم جار وا بووە بێ بەرگری ئێـرە داگـیر بكرێـت، لـە چـاو ئـەو هەموو هێرشەی بۆ ئێرەش كراوە، ئێرە كەم جار دۆڕاوە و داگیركراوە.. ئەو بەرگرییەی به درێژایی ئەو هەموو ساڵ و رۆژگـاره خـەڵكی ئێـره كردوویەتی، كەس كەس نەیكردووە، ئێوە سەد ساڵی دیش پێـشمەرگە بن ئەو بەرگرییەتان پێناكرێت..

- دەوری ژن لەو بەرگریانەدا چۆن بووە؟

ژنی ئێره چۆن له ژنی هەموو جێیەكی دنیا جـوانترن و لـە جـوانی هـیچ ژنێكی دنیا شان له شانیان نادا، له ئازایەتیش هەر وان، ئەو ئازاتییەی لـە ژنی ئێرەدا هەیە، نەك له ژنی جێیان بڕواناكەم له پیاوی جێیانیش هەبێت، تۆ له بارەی ئازایەتی ژنی ئێرەوە هیچت نەبیستووە؟!

- زۆرم بیستووە، بەڵام حەزدەكەم له نزیكەوە ببیستم

درۆم نـەكرد زۆرم بیـستبوو، بـە شـێوەیەك باسـی ئازایـەتی ژنـانی ئـەو ناوچەیان دەكرد، هێندەی بەلای ئەفسانەدا هەڵدەگەڕا، بە لای راستیدا شۆڕ نەدەبۆوە.

- رەنگە له دوورەوە بیستن و لـە نزیكـەوە بیـستن جیاوازییـەكی ئـەوتۆیان نەبێت، هەتا بە چاوی خۆت نەیبینیت، بڕواكردن بەو ئازایەتییە زەحمەتە، من بە چاوی خۆم شـەڕی ئـەو ژنانـەی ئێـرەم نـەدیتبا كـە زۆربـەیان ئێـستا وا لـە گۆڕستانن، ئەگەر هەموو دنیاش باسی ئازایەتی ئەوانەیان بكردایە، من باوەڕم نەدەكرد، تۆش هەقی خۆتە، كەسێكی دیش هـەقی خۆیـەتی بـاوەڕ نـەكات..

ژنانی ئەو گوندە ئازاترین ژنی دنیا بوون، سێ ژن لەو گوندە ئازاترین ژنی گوند بوون، بەلاّم ژنێك هەبوو لەو سێ ژنەش ئازاتر، ئەویش...

گریانی پیری بەفری گەمارۆ دا، ئیدی دەبوو کنی چۆلبکەم، چەند جار لە خۆیم بیستووە دەیگوت: ئەو ساتانەی گریانم دێت حەز ناکەم کەس بە دیارمەوە بێت...

هەژدە

له گەڕانـەوەم بـۆ بارەگـای ڕەبـەنان، لـه ڕێ کـچێکم دیـت لـه گـەرماو دەهاتەوە، هەندێکی دی جوانتر با دەگەیشته مەریـەم، ڕێگاکـه وابـوو یـان دەبوو به بەر دەمیدا تێپەڕم یان ئەو به بەر دەمی مندا تێپەڕێ، یەکەم جارم بوو بەرانبەر کچان ئازایەتی بنوێنم، هەندێك هێواشم کردەوە بۆ ئەوەی ئـەو تێپەڕێ، دەتگوت هەستی بەو داو دانانەوەی من کردووە، ئـەویش هێواشـی کرد، کـه دیـتم هێواشـی کـردەوە، نـەمکردە نامـەردی هێواشـترم کـردەوە، هێواشییەکی ئەوتۆ له کەمێك دوورەوە هەرکەسێك تەماشـای کردبـام وای دەدیت که له جێگەی خۆم وەستاوم و ناجوولێم.. زانی شـتێك لـه گۆڕێیـە، هێندەم دیت پێی هەڵێنا، منیش خێرام کردەوە لێوی هەڵقرچاند، شتێکیشی گوت، له ڕەتبووندا هێندەی نەما بوو شانی به سـینگم بکـەوێت، ڕۆیـشت، ئاوڕی نەدایەوە.. بەڵام دەزانی چی بەجێهێشت!دەزانی منی لـه چـی گـرت! هەر من دەزانم، بۆن، بۆن، بۆنی کچی گەرماوی، ئەوە جـاری یەکـەمم بـوو بەو شێوەیه بۆنی کچ بکەم، ئەوە بۆنی کچ نەبوو، لەوە دەچوو بۆنی بەهەشت بێت، ئەو کچه گەرماوییه بۆنی بەهەشتی له خۆی دابوو، ئێستاش هەسـت دەکەم بۆنی بەهەشتم لێدێت، هەر کەسێك بۆنناس بێت بۆنی ئەو بەهەشتەم لێدەکات که کچه گەرماوییەکه له بای غارێ پێیدا پژاندم...

بۆنی بەهەشت له سەری دام، چەند ڕۆژ و شەو له سەر سەر دەگەڕام، له سەر ئاو و ئاگر بووم، ڕۆژانه چەندان جار دەچـوومەوە ئـەو جێگایـەی کـچه شتێکی گوت و تێینەگەیشتم، ئەو جێگەیەی بۆنی بەهەشتی لێڕژا و بەشی تەمەنێکم لەو بۆنه هەڵگرتەوە..ڕێك دەچوومەوە ئەو جێگەیه و له وێشەوە چـاوێکم دەدایـه ئـەو ڕێگەیـەی کـه کـچە گەرماوییەکـه لێیـەوە ون بـوو،

چاوەکەی دیم کە چاوی چەپمە لە سەر ئەو ڕێگە باریکەیە کە لێیەوە هات، ڕێگەی گەرماو، ئەو گەرماوەی دەمێك بوو ناویم بیستبوو، بەلاّم لە دوورەوەش نەمدیتبوو..

کۆمەڵە داروبارێکی گەلێك چڕ، کەلە ناو گوندەوە دەتڕوانییە ڕۆژ لە ساتی نیوەڕۆدا، دەکەوتە لای چەپی گوندەوە، نزیك بوو چەند هەنگاوێ لە خانووەکان دوورە، دەیانگوت لە ناو ئەو داروبارە ژوورێکی گەورە هەیە لەمێژە کراوەتە گەرماوی ژنان، من زۆر جار بە درێژایی پایز و زستان و بەهارەکەیشی لەو دوو جۆگەیە ورد بوومەتەوە کە یەکیان دەچێتەوە گەرماوەکە و ئەوی دی لە گەرماوەوە دێتەوە.. جۆگەلەیەکی باریکەلەی ناسك لە جۆگەی گەورەوە دەبۆوە و دوای ئەوەی گەرماوی ژنانی دەدیت، بەو دیودا دەیدایە خواری خوارەوە و لە وێوە جارێکی دی دوای ئەوەی ژنانی رووتی دەدیت لەولای ماڵی پیری بەفرەوە لە جۆگەی گەورەی دەکردەوە.. من چەندان جار نامەم بەو جۆگەیە بۆ مەریەم ناردووە، نامەی ناسك ناسك، پڕ لە خۆشەویستی و ماچ، دەمدایە جۆگەکەو پێمدەگوت بیدە دەست مەریەم، بەلاّم هیچ جارێك ئەدرێسی خۆمم بۆی نەنووسیوە، هەموو ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژی گەرماوکردنی ژنان بوو من نامەیەکم ناردووە، هەموو ئەو ڕۆژانەش دوای ناردنی نامە، خۆم دەگەیاندەوە ئەو دیوی ماڵی پیری بەفر بۆ ئەوەی وەلاّمی نامەکەم وەربگرمەوە.. بە دیار جۆگەوە دادەنیشتم، چاوم لە ئاو دەبڕی ئێ، پارچە کاغەزێك لەگەڵ خۆی بێنێت...

لەو جێگەیەی بۆنی بەهەشتی لێڕژا، رادەوستم و ڕێگەی گەرماو پەڵکێشم دەکات، دڵنیا بووم لەوەی ئەو درەختە هاوینییەی پیری بەفر لە

چاوی مندا رواندی لەو گەرماوەیە، دەمگوت ئەو درەختە هەر هاوینی نا زستانیشە، بەهاریشە.. دەبێت بیگەمێ، دەبێت ئەو کچە و مەریەم ببینم بە رووتی بیانبینم، کچ و ژنەکانی دیش ببینم.. دەبێت بچم درەختەکەی من لە ناو ئەو درەختانەیە، بە دیار ئەو گەرماوەوەیە، ئەگەر هەبێت لێرەیە.. بەڵام چۆن بگەمێ! کورم دەوێت بە رۆژ، بە تایبەتیش ئەو رۆژەی رۆژی گەرماوی ژنانە.. شەو ئاسانە، بەڵام بە شەو چ بکەم لەوێ! چیم دەستدەکەوێت!

دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر لەگەڵ خۆم، دوای تێکەولێکەیەکی ئاڵۆزی ناو سەرم، بڕیارم دا کە جارێك بە شەو ئەو گەرماوە ببینم، بزانم چۆنە، بۆ ئەوەی لە شەوەوە رێگەیەکی رۆژیش ببینمەوە، هەتا ئەو ساتەش لە هەموو تەمەنی خۆم هەر لە رۆژەوە بۆ رێگەی شەو گەڕاوم ئەو جارە دەمەوێ لە شەوەوە رێگەی رۆژ ببینمەوە.. چوون بەرە و گەرماوی ژنان لە دەست هەموو کەس نایەت، چونکە لەو چوونەدا تۆ دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ لە دەستچوون، لە دەستچوونی تەواوی ئابڕوو، منداڵێك لەو جێگەیە بتبینێت بەسە بۆ لە دەستدانی تەواوی ئابڕووت، ئابڕووش لە ئاو ئاوترە کە رژا هەڵناگیرێتەوە، داب و نەریت لە کەتناوە وایە هیچ پیاوێك بۆی نیە نزیك بێتەوە لە گەرماوی ژنان، لە خەڵکی ئەوێم بیستووە ئەگەر گەرماوی ژنان بە هەموو ژنانی گوندەوە ئاگریش بگرێ بۆ هیچ پیاوێك نیە تۆخنی بکەوێت، گەرماوی ژنان تاکە شوێنە لەو کەتناوەیە کە تایبەت بێت بە ژن لە پیاو حەرام کرابێت، وەك بیستمە هیچ پیاوێك لەو گوندە ئەو گەرماوەی نەدیتووە، بەڵام من گومانم لە پیری بەفر هەیە، دەبێت ئەو دیتبێتی، ئەدی

له درەختەکەی ئەوێوە هەموو ژنانی گوندی بە رووتی نەدیتووە، درەختەکـە هەر دەبێت لەویٚ بێت ئەوەی پیری بەفر باسی دەکات ئەگـەر لـەو گـەرماوە نەبێت لە هیچ جێگەیەکی دی نیە، هەر لەوێیە و تەواو..مـن دەبێـت دووەم کەس بم ئەو درەختە ببینم، دەبێت بگەمە ئەو گەرماوە، دەبێت بە شێوەیەك بچم کەس نەمبینێت، کەس هێندەی من بە تـەنگ ئـابڕووی خۆیـەوە نیـە، کەچی ناچارم بەو رێیەدا بڕۆم کە رەنگە لە ئـابڕوو رووت ببمـەوە.. مـن لـە لای پیری بەفر گوتم بەس تۆ لە من ئازاتری، دەبێت ئـەو ئازایەتییـەی خـۆم بسەلمێنم.. بڕیارێکە داومە، سـەرێکە هێناومـە نایگێڕمـەوە، دەبێـت ئـەو بەهەشتە ببینم.. لە رێگەی ئەو کچە بەهەشتییەوە بـۆنی بەهەشـتم کـرد، ئەو کـچەی خـودا کـەمێکی دی جـوانیی پێـدابا دەگەیـشتە مەریـەم، ئـەو مەریەمەی سەرتۆپی کەتناوەیـە، کـەتناوەش سـەرتۆپی دنیایـە، بەهەشـتم بـۆنکرد، بـەڵام نەمـدیت، بەهەشـت لـە گەرماوەکـەی کەتناوەیـە، دەبێـت بیبینم.. هەر دەبێت لەوێوە یەکە یەکەی ژنانی کەتناوە بـە رووتـی ببینـم، مەریەم و ئەو کچەی بۆنی بەهەشتی دامیٚ ببینـم.. خـۆ مـن بـرادەرە چـاو کەسکەکەم نیم مەریەم بۆم بێتە ژوانیٚ و بۆم رابکشیٚ، مەریەم چـۆن دێـت! ئەو کچەش خۆی لێم لاداو قسەیەکی ناخۆشیشی پێگۆتم، دیار بوو قسەکەی ناخۆش بوو، لەو گوندە هیچ ژنێك، هـیچ کـچێك رووێکـی خۆشـم نـادەنیٚ، خودا غەدرێکی زۆری لە من کردووە، وێنـەم بـە شـێوەیەك دەخاتـە نیگـای کچانەوە یەکسەر روویان وەرگێڕن و سەیرم نەکەن، دەنگی من بە شـێوەیەك دەگەیەنێتە گوێی کچانەوە، تا پێیان بکریٚ دوورتر بکەونەوە.. ئیدی ناتوانم سەرنجی هیچ ژنێك بۆ خۆم رابکێشم، دڵنیـام پیریـش دەبم رۆژێـك لـە رۆژان

تامی ژن ناکەم، دەمرم و ژنێك لە باوەشی خۆم نابینمـەوە.. تـا لـە دەسـتم نەچووە با خۆم بگەیەنمە درەختەکە، ئەگەر دەستیشم نەیانگاتیێ، با تێر تێـر تەماشای لەشولاریان بکەم...

ئەورۆ گەرماوی کەتناوە دووکەڵی لـێ بـەرز دەبێتـەوە، وا لـە بارەگـای رەبەنانەوە تەماشای ئاسمانی گەرماوی ژنان دەکەم، رەنگە پیری بەفریش لەو لاوە لە خوارووی کەتناوەوە تەماشای ئەو جێگەیە بکات کە من تەماشـای دەکەم، ئەو پیاوەش وەك من رەبەنە، بەڵام ئەو بەقەت مـن و بـابم و بـاپیرم تەمەنی کردووە، بە درێژایی ئەو تەمەنە لە باوەشـی ژن نووسـتووە، هـەژدە ژنی هێناوە، بێجگە لەولا و لەولاش، ئەو پیـاوە چـەندان جـار لـە درەختـە هاوینییەکەوە جوانترین ژنی دنیای دیوە، چەندان جاریش لـە خـەوی دونـدی پاڕانەوە، لە گەڵ ژنانی دنیا شەیتانی بووە، ئەو پیاوە مێرێ ژنی بـووە ئـەو جوانییەی ئەو باسیدەکات، دەبێت زۆر لە مەریەمیش جوانتر بووبێت، ژنێك لەو مەریەمەی کەتناوە جوانتر بێـت، دەبێـت چ جوانێـك بووبێـت خودایـە! کەتناوە کەوتۆتە نێوان دوو رەبەناوە، رەبەنێك بە تەنێ ئەو سەری گرتـووە، لەم لایەوەش کۆمەڵە رەبەنێك، یەك لەو رەبەنانە گوناهترین رەبەنی دنیایە، هەتا ئێستا لچکێکی دنیاشی نەدیوە.. بە نیازە ئەو شەو رێگەی گەیشتن بە دنیا، گەیشتن بە بەهەشت ببینێتەوە.. با شەو دابێت، ئەگەر بە بن زەویشدا بێت خۆم دەگەیەنمە گەرماوی ژنان و درەختە ژنانیەکە دەبینمەوە.. دووکـەڵ ئاسمانی گەرماوی کەتناوەی گرتـووە، ئێـستا لـەوێ جـوانترین ژنـی دنیـایێ خـەریکی خـۆ شووشـتنن، حەفتـەی دوو جـار بـەلای کـەمی دوو جـار ئـەو دووکەڵە دەبینم، ژنی هیچ گوندێکی دنیا هێنـدەی ژنـانی کـەتناوە عەشـقە

گەرماو نین بە چلەی زستانیش حەفتەی جارێك بە کۆمەڵ گەرماو دەکەن، ئەوە بێجگە لە ئاو بە خۆدا کردنی ئاسایی و خۆ بسمیلکردن.. من نەمبیستووە لە هیچ گوندێکی دی گەرماوی وا هەبێت.. بۆیە ئەگەر تك تك ئابڕووی خۆشم لە سەر دانابێت دەبێت ببینم...

لە سەر ئەو جۆگەلەیە راوەستاوم کە بۆ گەرماوی ژنان هەڵبەستراوە، هەر لەوێ نامەیەکم بۆ مەریەم نووسی

(( مەریەم.. خەمت نەبێت زۆری نەماوە بە رووتی بتبینم، بۆیە هیچ پێویستم بەوە نیە لە پێش دەرگا، یان لە رێوبانان بتبینم))

نووسیم و خستمە ناو ئاوەکەوە، ئاو بردی... نامەکە هێشتا نەگەیشتبووە مەریەم، من گەیشتمە سەر جۆگەلەکەی دی جۆگەلەی چاوەڕوانی، ئەو جۆگەلەیەی لە گەرماوەوە دێت، ئەگەر جوان بۆنی بکەیت بۆنی ژنی لێدێت.. مەریەم ئەو جارەش وەك هەموو جارەکانی دی وا دیارە وەڵاَم ناداتەوە.. مەریەم خوێندەواریی هەبوو، کچانی کەتناوە هەندێکیان خوێندەوارییان هەبوو، ئەو کەتناوەیە هەرگیز بێ قوتابخانە نەبووە، هەر خوێندەوارێك هاتبێتە ئێرە و چەند حەفتەیەك مابێتەوە، چەند پیتێکی فێری چەند منداڵێك کردووە، منیش خەریکم پۆلێك بۆ منداڵاَن بکەمەوە، پیری بەفریش دەیگۆت وەختی خۆی چەند کەسێکی ئێرەم فێرە خوێندەواری کردووە.. بەڵاَم خوێندەواری بە من چی! خوێندەواریی مەریەم بە من چی! ئەوە دنیایەك نامەی بۆ بنووسم، هیچی نەخوێندەوە..

ئەوە دەڵێی پیری بەفرە بەخاکەناسەوە بەرەو لای من دێت..هەوە کەس هەیە لەو زیاتر بەو ناوەختە بە خاکەناسەوە بە نازەوە بێت و بچێت، ئەو

جاره منی قه‌رداركرده‌وه، خۆی هات، ره‌نگه شتێك روویدابێت، له‌وانه‌شه هیچ له گۆڕێ نه‌بێت...

نۆزده

- چی ده‌كه‌یت له ده‌و ئه‌و جۆگه‌له كه‌فاوییه؟

- کەفاوی! کوا من چ کەف نابینم.

- تۆ دەزانی ئەو جۆگەلەیە بە کوێدا دێت؟

- وەك بیستمە بە لای گەرماوی ژناندا دێت

- بە لایدا نایەت بە ناویدا دێت، هەر جۆگەیەکیش بە ناو گەرماوی ژناندا تێپەڕێ، کەفاوی دەبێت، هەمیشە کەفاوییە... من کاتی خۆی ئەو گەرماوەم دروستکرد، ئەو جۆگەیەم بۆی راکێشا.. ئەو گەرماوەی لەو گوندە هەیە لە هیچ گوندێکدا نیە..

- چۆن بوو بیرت لە دروستکردنی گەرماوێکی وا کردەوە؟

- من بیرم لێی نەکردەوە، قەتیش نەمدەتوانی بیری لێبکەمەوە.. لە سەر خواستی مێرێ دروستم کرد، ئەو گۆتی: حەزدەکەم گەرماوێکی لەو چەشنە لە گوند دروستبکەیت، ئەوە گەرماوی مێرێیە، حەفتەیەك بوو هاتبووە ئێرە، پێشنیاری دروستکردنی ئەو گەرماوەی کرد، منیش قسەکەی ئەوم بە دڵ بوو، دەستبەجێ دەستم پێکرد لە سەرەتا خەڵکی گوند گاڵتەیان پێهات، دەیانگوت ژن گەرماوی وای بۆ چیە، بەڵام دوایی زۆریان پێ باش بوو، ژنان هەر خەنی بوون، دەمویست گەرماوێکی لەو شێوەیەش بۆ پیاوان درووست بکەم، بەڵام نازانم بۆ نەمکرد، کەسیش نەیکرد، نا نا کردیان خوا هەڵناگرێ گەرماوێکی چاکیان لەو لایەی گوندی دروستکرد، بەڵام لەگەڵ وێرانبوونی گوند ئیدی چاکیان نەکردەوە، گەرماوی پیاوان زۆر گرنگ نەبوو، بە لای خەڵکەوە گرنگ نەبوو، هەرماڵەی گەرماوی خۆی هەیە، بۆیە گەرماوی ئەوها بە پێویست نەزانرا... بەڵام هی ژنان پێویست بوو، هەر هێندە پێی راهاتن ئیدی بێ گەرماوی ئەوها هەڵیان نەکرد،

ئێستاش بڕۆ بیرووخێنه لۆ سبەی بە دەستی خۆیان چاکی دەکەنەوە.. ئەو گەرماوە هەتا درەنگیش هەر بە گەرماوی مێرێ ناسرابوو، ئێستاش ئەو ناوەی ماوە، جار جارە گوێم لە ژنان دەبێت دەڵێن: با بچینە گەرماوی مێرێ.. گەرماوی مێرێ دیوارەکەی هەر ئەو دیوارەیە کە بە دەستی من دروستکراوە، دەزانی چ جۆرە بەردێك و چەند بەردی تێدایە! دیوار شەقاوێك ئەستوورە، سەد تۆپی پێکەوێت گوێی لێ نیە.. بەڵام بانەکەی وا بزانم چەند جارێك نوێ کراوەتەوە..

- نەدەبوو ئەو گەرماوە بە نۆرە با، رۆژێك بۆ ژن رۆژێك بۆ پیاو؟

- نا، ئەوە باش نیە، بڕوا ناکەم کەس بەوە رازیبێت ، ئاخر جاری وا هەیە ژن رۆژانە کاریان بەو گەرماوە دەبێت، نا نابێت.. ئەوجا با بەزمی ئەو گەرماوەت بۆ باس بکەم، تۆ دەبێت ئەوەت زانیبێت کە نابێت هیچ پیاوێك لەو گەرماوە نزیك ببێتەوە، هەر خۆی لێی نزیك نابێتەوە، بەڵام رەنگە ئەوە نەزانیت بۆچی هیچ پیاوێك هەر ئاوڕیشی لێناداتەوە، کەس ئەوەی بۆ گێڕاویتەوە؟

- نا هیچ لەو بارەیەوە نازانم

- جارێك کوڕێك جێی بەهەشت بێت، نەماوە، دیارە زەوقی ژنی هەڵدەستێت، بە دزی دەچێت، دەچێت، لە پەنایەك بزانە لە کونێك تەماشای ژنان دەکات، بۆ نایبینن، لەوەش ترسناکتر بۆ نایگرن، ئەوە مێرێ بۆ منی گێڕایەوە، ژن دەکەونە سەری، بە کوتین دەیکوتن، مێرێ دەیگۆت لەبەر من نەبا کوشتبوویان، ئا مێرێ نەیهێشتبوو بیکوژن، من ئەو رۆژە لێرە نەبووم، بەڵام دەیانگۆت لە هاوار هاواری ئەو کوڕە داماوە هەموو پیاوی گوند

رژابوونه دەورو بەری گـەرماو، ئیـدی ئـەو کـوڕە یـەك دوو رۆژ لـەو گونـدە مایەوە، هەر کە برینی لەشی هەندێك قەتماخەیان بەست و توانی لەسەر پێی خۆی راوەستێتەوە ئێرەی بەجێهێشت، ئێستاش ئێرەی نەدیتەوە، بەلاّم مـن زانیم چووەتە کـوێ.. ئیـدی لـەو رۆژەوە هـیچ پیـاوێ لـەو گـەرماوە نزیـك نـەبۆوە.. پـێش ئـەو رووداوە دەوروبــەری ئـەو کۆمـەڵـە داروبـارەی دەوری گەرماویان داوە، وا رووتەن نەبوو، هەمووی داروبـار بـوو، بـەلاّم دوای ئـەو رووداوە، مێرێ بڕیاری دا و ژنانی گوندیش هـەموویان بـە قـسەی مێرێیـان کرد هەستان هەر چوار دەوری خۆیان لە داروبار رووتکردەوە بۆ ئەوەی ئەگەر پیاوێـك لـە هـەر لایەکـەوە بیـەوێت خـۆی بگەیەنێتـە گـەرماو ئـەوان لـە گەرماوەوە ببیبینن و پێش ئەوەی ئەو ئەوان بە رووتی ببینێت، ئەوان ئەو بە دەردی کابرای گۆرین ببەن...

- باشە نەتزانی مێرێ بۆچی حەزی لە گەرماوێکی ئەوهایە، بۆچـی لـە ماڵی خۆتان گەرماوێکی جوانت بۆی درووست نەکرد؟

- لە ماڵەوە گەرماومان هەبوو، جوانیش بوو، رێکیش بـوو، تەماشـای مەکە ئێستا بە هەموو شتێك دەچێت بە گەرماو نەبێت، نا جاران گـەرماو بوو نەك گەمە.. تۆ بزانە ئەو گوندە تاکە گوندە لە هەموو ئەو مەملەکەتە کە هەر ماڵەی گەرماوی رێکوپێکی هـەبێت، ئـەتو بـڕۆ گـەرماوی گونـدان ببینە لە پیسیدا گڕوو ببیت بێزت نایەت لەو گەرماوانە خۆت بشۆیت.. خۆ گەرماوی وەك گەرماوەکەی مێرێش نەك لەگونـد لـە شـارانیش بـڕوا ناکـەم گەرماوی ئەوها هەبێت.. ئای مێرێ! ئای..

- من گوتم مێرێ بۆ داوای گەرماوێکی ئەوهای کرد؟

- ئیێ، ئیێ، تێدەگەم چ دەڵێیت، مێرێ دەیگوت: لە وڵاتی خۆمان گەرماوی ژنانمان هەبوو، ژن پێکەوە خۆیان دەشووشت، پشتی یەکتریان دەشووشت، مێرێ دەیگوت خۆشووشتنی ئەوها زۆر خۆشە، لەوێ ژنان دەیکەنە قسە و هەرا، مێرێ حەزی لەو شتانە دەکرد، حەزی لێبوو لە کاتی خۆشووشتن و جل شووشتن دەورو بەری پڕ ژن بێت، مێرێ دەیگوت: هەر من ئەوها نیم ژنانیدیش ئەوهان..

- پێتمگوت مێرێ خەڵکی کوێ بوو؟

- هی لای دیار بەکر نەبوو؟

- با هی ئەولا بوو، ئەوجا ئەو کاتەی لە سەر دوندی پاڕانەوە، دوور زۆر دوور چیایەکی بڵند زۆر بڵندم نیشان دا و گوتم: مێرێ جوان تەماشاکە، تەماشاکە پەنجەم لە کیهە لایە، ئەو چیایە بڵندەت دیتیە کە لە هەمووان بڵندترە، پشتی ئەو چیایە مەملەکەتی تۆیە.. کە وام گوت، هێندەی نەما بوو باڵ بگرێ و لە سەر دوندی پاڕانەوە لە شەقەی باڵ بدا هەتا سەر ئەو چیایەی نیشانم دا رانەوەستێ.. باش بوو نەفڕی، وا بزانم دڵی نەهات من تەنیا بکات دەنا دەفڕی.. لەو دەمە وەخت بوو شێت بم بۆ مێرێ، زۆر زگم پێی سووتا، پێمگوت: مێرێ پەلە مەکە، شەرت بێت نایەڵم ساڵ وەر سووڕێ من و تۆ پێکەوە پیاسەیەکی وڵاتی تۆ دەکەین، بەڵام مێرێ گوتی: نا ناچم، دەزانم دەمبەیت، بەڵام بە خۆم حەز ناکەم بچم..

- بۆچی حەزی نەدەکرد بچێت؟

- مێرێ حەکایەتێکی دوور و درێژە، نە سەری هەیە نە بن، ئاڵۆزە، زۆر ئاڵۆز، لێی گەڕێی باشترە.. یەك ئامۆژگاریی من وەرگرە، بۆ تۆمە قازانج دەکەیت، ئەگەر ژنت هێنا قەت وا مەکە زۆرت خۆشبوێت، لەگەڵی باش بە رقت لێی نەبێتەوە، بەڵام زۆریشت خۆشنەوێت، وەك من لە خۆت مەکە، ئەگەر توانیت ئەوە بکەیت ئەوە زۆر گرنگە، من نەمتوانی ئەوە بکەم، یان نەمدەزانی وا بکەم، تا دوا ژنم بە خاك نەسپارد ئەوەم نەدەزانی، لە دەستم چوو.. بەدبەختی من لەوەدایە هەموو ژنەکانم یەك لە یەك پتر خۆشدەویستن، بەس مێرێی لێ دەرکە، مێرێ لەگەڵ کەس نیە..

- تۆ پێویستە ژنێکی دی بێنی

- ئەگەر ژنیان دامێ بەڵێن دەدەم، زۆرم خۆشنەوێت.. درەنگە خەریکە تاریك دابێت، بۆ ئێوارە لای من نامێنییەوە، شلەساواری نیوەڕۆم ماوە..

- دەبێت بچمەوە، رەنگە ئێشکگرییەکەم سەر لە ئێوارە بێت، هی ئێمەش وا بزانم هەر ساوارە، بەڵام نوێیە..

زۆر پرسیارم هەبوو لە بارەی گەرماوەوە، بەڵام کات زوو چوو، ئەویش باسەکەی بەولا و بەملادا دەبرد... تا ئەو ساتەش کە وا بۆ بارەگای رەبەنان دەگەڕێمەوە لە سەر گفتی خۆم ماوم، دەبێت ئەو شەو کە پێدەچێت مانگە شەویش بێت خۆم بگەیەنمە گەرماوی مێرێ، لە سەگی ئێرەش ناترسێم، سەگی ئێرە لە هەموو شتێك دەچن لە سەگ ناچن، دەڵێی دەویان بەستراوە، بە حەفتە گوێم لە وەڕینی سەگ نیە، ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیتبان هەزار

سوێندیان خواردبا باوەڕم نەدەکرد، تاکە سەگێك لـە کـەتناوە هـەبێت.. بـە پێش ماڵی مەریەمیشدا دەچمەوە، ئەوە خوایە لەو کاتەی من دەگەمە سەر دەرگا ئەو بێتە دەرەوە، چ لەوە خۆشتر نیە ئێواران (با) بۆنی مەریەمت بـۆ بێنیّ..

ئـەوەتا بـە دەم نانخواردنـەوە جاروبـار تیـچاوێك دەدەمـە بـرادەرە چـاو کەسکەکەم، مەریـەمم نـەدیت، بـەلاّم لـە برادەرەکەمـەوە سـەیری مەریـەم دەکەم، ئەوەتە مەریەم وا شلەساوار دەخوات و منیش بـە دزییـەوە سـەیری دەکەم..

- دەمەوێت لـە شـتێك ئاگادارتـان بکەمـەوە، لـەولا و لـەملا بـەر گـوێم کەوتووە، خەڵکی گوند هەندێك گلەییان هەیە، گلەیی لە ئێمە، گوایە نازانم تا چەند راستە، بـرادەری ئێمـەیان دیـوە رێیـان لـە ژن گرتـووە، توانجیـان تێیـان گرتووە، شتی لەو بابەتە.. ئەوجا من داواتان لێدەکەم ئەگـەر لـە لایـەن هـەر برادەرێکی ئێمەوە شتی وا کراوە، با دووبارە نەبێتـەوە، بـۆ ئێمـە جـوان نیـە، خـەڵکی ئـەو گونـدە لـە رادە بـەدەر بـۆ ئێمـە بـاش بوونـە، چـاکەیان بـە سەرمانەوەیە، نابێت کارێك بکەین دڵیان لێمان برەنجیّ..

- باشە تۆ دڵنیای ئەو کەسەی ئەو قسەیەی بە تۆ گەیاندووە، راست دەکات؟

- ئا ئا.. من دڵنیام لـەوە، شـتێك بـووە، جـا گەورەیـە یـان گچکە ئەوە نازانم.

ئیدی لە نێوان بەرپرسی بارەگا و برادەرانی دی قـسە گـەرم بـوو، مـن بـە دزییەوە تف لە سەر تفم لە بەختی خۆم دەکـرد، باشـە ئـەم قـسەیەی بـۆ ئـەم

ئێوارەیە کرد، نەدەبوو هەڵیگریٚ بۆ سبەی بۆ رۆژێکی دی... دەڵێی زانیویەتی من بە تەمای کەتنێکی وام... دەبێت برادەرە چاو کەسکەکەمیان بە سەر مەریەمەوە دیتبێت! یان برادەرێکی دی کەتنێکی دی کردووە! خۆ منیش نیم!

- بۆیە داوایەکی برایانەم لێتان هەیە بۆ ماوەیەك هاتوچۆی گوند کەم بکەنەوە، کە دەشچن خۆ لە ژنان نزیك مەکەنەوە..

بڕیارێکە و داومە دەبێت ئەو شەو خۆم لە گەرماوی ژنان ببینمەوە، چ دەبێت با ببێت، چ دەبێت! خۆ کەس نامبینێت، بەو شەوە کێ چاودێریی رێی گەرماو دەکات، تا ئێستا هیچ کەتنێکم نەکردووە، کەس گومان لە من ناکات، بە سەر ژنیشەوە ببینن، کەس بڕوا ناکات من بم، دەچم و تەواو.. چ وەخت بچم باشە!

بڕیارمدا لە کاتی ئێشکگریی خۆم بچم، تەماشاش دەکەم ئێشکگرییەکەم سەر لە ئێوارەیە، ویستم جێگۆڕکیٚ بکەم، لەگەڵ برادەرێك بیگۆڕمەوە کە کاتەکەی ئەو نیوە شەو بوو، وام نەگۆت ترسام ببمە جێی شك... چ بکەم باشە!

دەڵێن خودا هەموو دەرگاکان پێکەوە پێوە نادات، ئەم ئێوارەیە ئەو گوتەیە راست دەرچوو، من لە بیرم نیە بەختی وا باشم هەبووبێت

- تۆزێك نەساخم، ناتوانم نیوە شەو هەستم، ئەگەر جێمان بگۆڕینەوە، مەمنوونتم.

- سەرچاو گۆڕیمانەوە.

ئۆخەی ئەو کێشەیەشم لە یەخە بۆوە، ئێستا ڕێ تەختە، ڕێـی گـەرماو تەختە، بۆ گەیشتنە ئەوێ کۆسپێك لە ڕێ نیە، کۆسپەکانی ڕێی هاتنەوەش ئەگەر هەبن بە هەر شێوەیەك بێت لە ڕێ لادەدرێن..

بیست

قـسەی خـۆم دەگەیەنمـە سـەر، وا گەیاندمـە سـەر، بـە خـۆ و لایتێکـی کوژاوە، لە دوا ساتەکانی مانگەشەودا، لە ژێر ئەو تریفە کزانەی ئێستا نـا تاوێکی دی دەکوژێنەوە، بە دەو جۆگەلە، پێ بە پێی ئـاو شـۆڕدەبمەوە، لـە دواوەم چ دەقـەومیّ بـا بقـەومیّ پێـشەوە گرنگـە، گەیـشتن بـەویّ گرنگـە، گەیشتمە ناو دار و بارەکە، زۆر چڕە، دیوار بە دیار کەوت، جۆگەکە دەچێتە ناو دیوارەوە، خانوێکی گەورە زۆر گەورە دیوەخـانی هـیچ ئاغایـەك هێنـدە گەورە نیە، خانوێك لاکێشەیی هەڵکەوتووە، درێژییەکەی رەنگە سیّ جـاری پانییەکەی بێت زیاتریش، لەو دیوەوە لە لای دەرگاوە لە کونێکی بچووکەوە ئاو دێتە دەرەوە، جۆگەلەیەکە بە قەد ئەو جۆگەلەیەی لە سەرەکەی دیکەی خانووەکەوە لە کونێکی وەك ئەو کونەوە دەچێتە ناو خانووەکەوە، خانووەکە تەواو بەرزە.. لە باری درێژیی خانوو، چوار ئاگردان لەم دیو و چوار ئاگردان لە دیوەکەی دی لە ناو دیوار.. مانگ ئاوا بووە، بەلاّم بە هۆی ئەو لایتـەوە جوان دیارن.. دەستم خستە ئاگردانێکیانەوە هێشتا گەرمایی تێدا مابوو.. دەرگا داخراوە، بە پەتێك لە سنگێك کە لە دیوارەکە داکـوتراوە گرێـدراوە، دەرگا گەورەیە... دەرگام کردەوە، بە درێژایی ژوورەکە لەو دیوارەی ئاو لێی دێتە ژوورەوە تا ئەو دیوارەی ئاوی لێدەچێتەوە دەرەوە، گۆمـاوێکی درێـژی باریك، یان جۆگەیەکی پان زۆر پانتر لە جۆگـەی دەرەوە، هـەر لـە کـۆلێکی گەورەی رێك و جوان دەچێت.. پێم خستە ناویەوە، شەرواڵەکەم هەڵکرد ئاو گەیشتە چۆکم و نەگەیشتیّ، زۆر ساردە، تەزی.. لەو بەر و لەو بەر لە سەر درێژیی ژوورەکە ژوور هەبوو، چوار ژووری بچووك لەم دەست چوار ژووریـش لەو دەسـت، لـە نـاو هـەر یـەکێکیان بـەرمیلێکی گـەورە لـە نـاو دیـوارە،

تەماشای یەکیانم کرد نیوەی ئاو بوو، شیرتێن بوو، حەزم چووە خۆ شووشتن.. هەر هەشت ژوورەکە دەرگایان هەبوو، هەر هەشت بەرمیلەکە سەرقەپاخیان لە سەر بوو.. لە هەموویاندا شوێنی سابوون هەبوو، لیفکە هەڵواسرابوو، تەشت و جام بە خاوێنی هەڵگیرابوون، دیوار زۆر خاوێن بوو، لای ئاگردان بە تەنەکە و دیوارەکانی دی نایلۆن ڕێژکرابوون، نایلۆنێکی جوانی خاوێن دەتگوت تازە لێیدراوە، عەرد خاوێن سەرتاپای تاتە بەردی زۆر گەورە بە شێوەیەك دانرابوون، ڕێکخرابوون، دەتگوت چەمەنتۆرێژن، لە نێوان بەردەکان زۆر ورد نەبییەوە کەلێن نابینیەوە..لە ژێر ڕووناکایی لایت هەموو کون و قوژبنێکی گەرماوی مێریێ گەڕام.. ئاوەڕۆی هەر هەشت گەرماوی ناو گەرماو کەوتبوونە ژێر عەردەوە، لەوێ لە نزیك کونی دەرچوون لە جۆگەیان دەکردەوە، گەرماو بۆنێکی زۆر خۆشی لێدەهات سەرەتا کە بە ژوور کەوتم هەستم بە بۆن نەکرد، دوای کەمێك بۆن هات، بۆنی خۆش ئێستاش نازانم چ بۆنێك بوو، بەڵام دەزانم خۆش بوو کەمێك لەو بۆنە دەچوو کە لەوێ لەو جێگەیەی من ڕاوەستام و ئەو تێپەڕی، لە کچەم وەرگرت، ئەگەر بمزانیایە ئەورۆ مەریەم لە کام ژووریان خۆی شووشتووە منیش لەوێ ئاوێکم بە خۆمدا دەکرد، چوار پێنج کونی بچووکم لە بن بنمیچ دیتەوە بەڵام هی ئەوە نەبوو لێیانەوە لەدەرەوە ژوورەوە ببینی، لەبەر ئەستووری دیوار، دەزانی دیواری گەرماوی مێریێ چەند ئەستوور بوو! لە سەر دەرگاوە دیوار باڵێك بەرینی بوو، ئەو دیوارە زۆر مەحکەم دیار بوو، چیا بڕووخێ ئەو دیوارە ناڕووخێ.. یەك دوو جار هاتمە دەرێ و دەچوومەوە ژوورێ، چوار دەوری گەرماو بە دوورایی دوو شەقاوێك ڕووت و ڕووت بوو، ئیدی لەو

دووربیەوە درەختی گەورە گەورە سەریان گەیشتبووە ئاسمان لە هەر چوار لاوە درەخت گەیشتبوونە سەربانی گەرماو، لە سەربانی گەرماوەوە دەستیان لە ملی یەکتر کردبوو.. من دڵنیا بووم، درەختە هاوینییەکە، درەختە ژنگرەکە لە ناو ئەو درەختانەیە، کوا لە کوێیە! لە ژوورەوە زۆر لە بنمیچ ورد بوومەوە، هیچ کونێك یان جێیەك نیشانەی کونی لێوە دیار بێت بەدیم نەکرد.. بان تەواوێك بەرز بوو، نەمتوانی سەر بکەوم، سێ چوار بەردم لە سەر یەکتر دانا، بەو پێیە پڕ لە وردە ساچمەوە سەرکەوتمە سەرێ، هەرچی لکە دار هەنە لەو سەر بانە تێکئالابوون، بە کووڕە کووڕ بست بە بست پێ بە پێی سەربان گەڕام کونێك جێگەیەکم نەدیتەوە رێی تیبچێ لێیەوە ژووری ببینی، زۆر گەڕام ماندوو بووم، هیچم نەدیتەوە.. هێندەم چاو گێڕا لایتەکەشم کز بوو، رووناکی نەما، بە دەست کوتان دەستم دەکوتی ئێ ئەوە خوایە، دەستم بچێتە کونێکەوە.. لە سەر بانەوە سەری خۆم شۆڕکردەوە تا ئەو شوێنەی دەستم گەیشتێ دەستم لە دیوار کوتی، هیچ نەبوو.. ئەو درەختەی لە دووی دەگەڕام لقی لە چ جێگەیەك نەبوو..

تەماشای کاتژمێر دەکەم دەبینم بۆ ئەوەی دوای خۆشم ئێشکگریم گرتووە، بە دڵشکاوی و بە تووڕەیی گەرماوی مێرێم بەجێهێشت، دەمویست بەو نیوە شەوە بچمە سەر پیری بەفر و پێی بڵێم، ئەی پیری ئاخر شەڕ ئەو درۆیەت بۆ لەگەڵم کرد، کوا ئەو درەختەی باست کرد، قەیناکە هێشتا هاوین نەهاتووە، بەلام خۆ درەختەکە لە هەموو وەرزەکان هەر لە شوێنی خۆیەتی.. تا گەیشتمەوە بارەگا هەر جونم بە پیری بەفر دا، هەزار جونی پیسم پێی دا..

بارەگا کش و مات، تاقە دەنگێك کە دەهاتە گوێ پرخەپرخی خەو بوو، وەها خەوتبوون هەمووانت سەربڕیبا بە ئاگا نەدەهاتن، لە دڵی خۆم گۆتم بە تەمای کێ نووستوون، بە دەست خۆم نەبوو گاڵتەم بە عەقڵیان هات.. چووم بانگی برادەرێکم کرد دەبوو ئەو برادەرە لە لایەن برادەرێکی دیکەوە نەك من پێش ماوەیەك بۆ ئێشکگری بە ئاگا بهاتایەتەوە..

رێك لە سەر چاو کەوتم، ئەو شەو نەنووستوومە، تازەش زەحمەتە خەو بێت.. بیر لە گێلایەتی خۆم دەکەمەوە، من لە کنە خۆی، خۆم زۆر پێ عاقڵ بوو، فشەم بەو کەسانە دەهات کە لە کەم عەقڵی خۆیان تێدەکەوتن.. بەڵام کەس وەك من تێنەکەوت، پیرەمێردێ کەس نازانێ تەمەنی چەندە، منی لە سەر پەنجان سووڕاند، ئەوە چەند مانگە ئەو درەختم پێدەکات، بەو شەلە شەلە بن درەخت نەما نەیکەم، ئەوە گەرماویشم پشکنی سەر بان و بن بانی گەرماوم پشکنی، چیم دەستکەوت! چش، دەستم لە گونی ئەو بوو.. چەند خۆشباوەڕم، وەڵڵا خۆشباوەڕ نا کەرم زۆریش کەرم، دەستی خۆش بێت با وام لێبکات، مادام من ئەوها کەر بم با لەوەش خراپترم بەسەربێنێت، بۆ ئەوە باشم ببمە گاڵتەجاڕ.. قەیناکە با بە سەر دوندی پاڕانەوەشم بخات، با لەوێ هەڵدێریم کەس تەرمەکەشم نەبینێتەوە، ئەویشی درۆیە بە خودای ئەو پیاوە لە تەمەنی خۆی راستی نەگۆتیە، هەموو گیانی درۆیە، ئەو زۆر تەمەنکردنەشی هی درۆیەکانییەتی، پیاو راستگۆ بێت و درۆنەکات هێندە ناژی...

ئەو شەوە لە سەر جێ لە بەر خۆمەوە هەر ورتەورتم بوو، باشم نایەتەوە بیر چم دەگۆت هێندە دەزانم زۆرم بیر لە کەرایەتی خۆم دەکردەوە... هێندەم

له بیره دواتر گەیشتمه ئەو بڕوایەی ئەو پیاوه پێناچێت درۆی لەگەڵ من کردبێت، بەڵکو چیرۆکی خۆشی بۆ من گێڕاوەتەوه، بەلاّم من هێنده کەر بووم به راستی تێگەیشتووم و دەمویست ببمه پاڵەوانی چیرۆکەکان...

هەر ئەو شەوه دوای بگرەوبەردەیەکی زۆر لەگەڵ خۆم، باوەڕم هێنا پیری بەفر نه درۆی لەگەڵم کردووه نه چیرۆکیشی بۆم گێڕاوەتەوه، بەڵکو ئەوەی لەوم بیستووه، له سەر دوندی پاڕانەوه بگره هەتا دەگاتەوه ناو پەلکی درەخته هاوینییەکه راستین، بەلاّم دەبێت زیرەك بم، بگەڕێم و بیانبینمەوه، دەبێت هەوڵدەم پتر قسه له پیری بەفر دەربێنم بۆ ئەوەی شوێنی درەخته ژنانییەکه ببینمەوه..

بەر لەوەی دوا ئێشکگر بانگمان بکات بۆ نانی سبەینێ من بۆ دوا جار پەیمانم لەگەڵ خۆم نوێکردەوه که درەخته هاوینییەکه ببینمەوه و ئەگەر به یەك قاچیشەوه بێت له سەر دوندی پاڕانەوەش پشیه خەوێك بکەم..

له کاتی هەستانم بۆ نانخواردن هەستم به سەرکەوتنێکی گەوره کرد، بڕوام وا بوو داستانێکی مەزنم له ناخی خۆمدا تۆمار کردووه، ئاخر گەیشتن به گەرماوی ژنان کارێکی وا ئاسان نیه، کێ زاخی ئەوه دەکات، بێ ئەوەی ترسی تکانی ئابڕوو، دەست و پێی ببەستێ، هەیپەی لێبکات و هەتا دوڕ گەرماو گیر نەبێت، کێ وەك من بەو نیوه شەوه دەوێرێ کون به کونی گەرماوی ژنان بپشکنێ... بیرم کردەوه هەر دیتنی ئەو گەرماوه له خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەی گیانییه، ئاخر لەمێژ بوو خەونم بەو گەرماوەوه دەدیت، پڕ به دڵ حەزم دەکرد بیبینم بزانم چۆن دروستکراوه، چی تێدایه، بزانم نەخشەی مێرێ چۆن بووه، دەستکردی پیری بەفر چۆنه، ئەو جۆگەلەیەی

بۆی دەچێت و لێیەوە دێت لەوێ ئیشی چیە، زۆر پرسیار هەبوو، بەس بە دیتنی گەرماو وەلاّمیان دەدرایەوە، هاتمەوە بە کۆڵێ وەلاّمەوە ئەو شەو لە گەرماوەوە هاتمەوە، پاشۆلێك پرسیاریشم لەگەڵ خۆم هێنایەوە.. هەر وەلاّمێکیش رەنگە لە پرسیارێك پتری لە خۆی هەڵگرتبێت، بەلاّم ئیدی بەو بەیانیە، هەست بە جۆرێك لە چێژ دەکەم، هەستدەکەم لە بەیانییەکانی دی جیایە، رەنگە چاوم بێ خەویی پێوە دیار بێت، بەلاّم لەو بێخەوییەوە، ئارامییەك هەست پێدەکەم..

بیست ویەك

- تۆش خۆت گەیاندێ؟

- خۆ گەیاندنی چی!

- نازانی چی دەڵێم؟!

- تێتناگەم بە روونی قسە بکە

- شەویٚ کێوە چووی، نەچوویە کن..

- بە سەری خۆم و خۆت نەچوومەتە کن کەس و کەسم نەدیوە

- ئەدی ئەو شەو لە کویٚ دەهاتییەوە، لە کن مەریەم نەبووی؟

- مەریەم! من پیاوی کن مەریەمم هەی لە گێلان گێلتر..

- خۆ تۆ لەوانە کەمتر نیت، کیٚ ما دەستی نەگەیشتبێتە مەریەم، جگە لە من، خۆزگەم بە خۆت، من هێندەی تەماشای دەکەم هەر بە هیچم دانانیٚ ئەو قەحپەیەش بۆ هەموو خەڵکی پاندەبێتەوە.. کورِە دەستخۆش وەڵلاٚ هەموو شتی لەگەڵ بکە لە باتی منیشی لەگەڵ بکە..

دەبێت ئەو کورِە، ئەو برادەرە پەنجە خوارەم تێکنەچووبێت، بە راست مەریەم ئەوهایە، ماچ دەداتە هەموو کەسان، بۆ هەموو کەسێك رادەکشیٚ، بەس لەگەڵ من و ئەو کورِە لە من بەدبەختترە ئەوهایە، نا برِوا ناکەم مەریەم وا بێت، ئەو مەریەمە من بیناسم جگە لە برادەرە چاو کەسکەکەم کەس ماچی نەکردووە، نا مەریەم لەوانە نیە بۆ هەموو کەسێك راوەستیٚ، بۆ هەموو کەسێك پاڵکەوێت.. ئەگەر وا بێت بۆ منیش وا دەکات، بە دەردی ئەو برادەرە پەنجە خوارە بەدبەختە گۆتەنی ئەوان چیان لە من زیاترە.

چووم ئەو جارە من ئەوم تی کردەوە:

- تۆ بە راستم پێبڵیٚ، مەریەم شتی وا دەکات؟

- فشەم پێدەکەیت، ئەمشەو لەگەڵی نەبوویت!

- درۆت لەگەڵ ناکەم، هەتا ئێستا قسە چیە لەگەڵ ئەو کچەم نەکردووە، دەستم بە دەستی نەکەوتووە، نەشمزانیوە ئەوها بێت کە تۆ باسی دەکەیت..

- ئەدی شەو چت دەکرد لە گوندی؟

- کوڕە چووم ئێ ئەوە خودایە، شتێکم دەستبکەوێت، ئەویش تۆ چەندت دیت منیش هەر هێندە

- باوەڕناکەم

- باوەڕ بکەیت و نەکەیت هەر ئەوەیە، لەوە گەڕێ، چۆن دەزانی مەریەم ئەوهایە؟

- هەموو وا دەڵێن کوڕە کەس مایە شتی لەگەڵ مەریەم نەکردبێت! جگە لە من

- منیش

- من زۆر لە دەوری سووڕام هیچم بە هیچ نەکرد...

ئەگەر وابێت زۆر خەڵکی پیرۆز هەن، مەریەم هەر برادەرە چاو کەسکەکەم نا زۆر کەسی دی پیرۆز کردووە، گلەیی خەڵکی گوندیش لەوەوەیە، لەوانەیە کە لە مەریەمەوە پیرۆزی وەردەگرن.. ئەگەر وایە ئەدی بۆ لەگەڵ من و ئەو کوڕە لە من داماوترە ئەوهایە.. کوا چۆنە! بە راست من هەتا ئێستا قسەیەکی وام بە بن گوێی مەریەمدا هەڵداوە! کوا ئەگەر بە زمانیش نەبێت، بە چاو، بە دەست شتێکم بە مەریەم گوتووە تا بزانم وەڵامی چیە.. نا من لێی نەچوومەتە پێش، خۆ ئەویش بۆ خۆی ناڵێ وەرە، هەر تۆ ماوی، وەرە... ئەو برادەرە پەنجە خوارەش هەر وەك من وایە ئەویش لە من ترسنۆکترە، نەیوێراوە هیچ بکات..

ئەو بەیانییە داوم بە داوی سێ مەریەمەوە ببوو، مەریەمێك لە سێ مەریەمدا خۆی نیشانم دەدا، لە سێ مەریەمدا خۆی دەناساند و لە دوانیان نەمدەناسی.. مەریەمێك برادەرە پەنجە خوارەکە ناساندی، مەریەمێکیان کەلێنی بەردەکە ناساندی، مەریەمەکەی سێیەمیش ئەو مەریەمەیە بەس من دەیناسم، ئەو مەریەمەیە لە پێش ئەوەی لە کەلێنی بەردەکەوە لە بن برادەرە چاو کەسکەکەمەوە خۆی نیشانم بدا و لە زاری برادەرە پەنجە خوارەکەمەوە خۆی بۆ زۆر کەس بەدەستەوە دەدات.. مەریەمەکەی من جوانترین مەریەمی دنیایێ بوو لە مەریەمی چاو کەسك و پەنجە خوار جیا بوو، زۆریش جیا..

ئەو بەیانییەی لە پەنجە خوارەوە باسی مەریەمم بیست، بەیانییەك بوو لەو بەیانییانەی هەرگیز ناتوانم وەك خۆی نیشانی بدەمەوە، تا نەگەمەوە ئەو بەیانییە، نازانم لەو بەیانیەوە دنیا لە دیدی من چۆن بوو، بۆیە لەو بارەیەوە هەرچی بیلێم ئەوە نیە کە بوو، منی ئەو بەیانییە، هەرگیز منی دوای ئەو بەیانییە و پێش ئەو بەیانییە نیم... من هەرگیز نەمدەتوانی بەرانبەر هەواڵێکی وا کارەساتئامێز و نا ئاسایی بە پێوە راوەستم، ئەو بەیانییە لە بارێکدا بووم، ئامادە بووم هەرچی هەواڵێکی جەرگبڕ و نائاسایی هەیە بە ئاسایی وەربگرم.. بەلاّم ئەو هەواڵە نا، مەریەم ئەو مەریەمەی لە دیدی منەوە هەر کەسێك پەنجەی بە پەنجەی بکەوێت پیرۆز دەبوو، ئەو مەریەمەی کاتێ لە بن برادەرە چاو کەسکەکەمم دیت باوەڕم نەکرد، مەریەم بێت، بە زەحمەت باوەڕم هێنا، ئەویش بەوە باوەڕم بە خۆم هێنا، قەیدی چیە با پیرۆزییەك چەندێ پیرۆز بێت با کەمێك لە پیرۆزیی خۆی کەم بکاتەوە ئەویش بۆ ئەوەی کەسیکی دی پیرۆز بکات، بە تایبەتیش ئەو کەسە شایەنی ئەو پیرۆزیە بێت

وەك برادەرە چاو کەسکەکەم.. بۆیە هەر چۆنێك بـوو تـوانیم بەرگـەی رووداوی کەلێنی بەردەکە بگرم...

باوەڕهێنان بە برادەرە پەنجە خوارەکە وا ئاسان نەبوو هەر کێ لـە جێگـەی من با باوەڕی نەدەکرد، باوەڕنەهێنانیش کەرایەتییەکی جوان بوو هەر کەسێك لە جێگەی من با خۆی لەو کەرایەتییە نەدەدا.. من ئێستا نـاتوانم وێنەیـەکی روونی ئەو کاتەی خۆم بم، ئەو ملەیەی لە نێوان باوەڕهێنان و نەهێنان هـەبوو ناتوانم وەك خۆی بیخەمە روو، هێندە دەزانم لە ئاکام گەیشتمە ئەوەی یان زۆر لێی نزیك بوومەوە کە برادەرە پەنجە خوارەکەم درۆ ناکات، بۆی روونکردمـەوە کە مەریەم بۆ زۆر کەس لە سەر پشت راکشاوە، من ئەگەر راکشانی مەریەمم نەدیتبا، لـە بـن پیاوێـك قـەت و قـەت بـاوەڕم بـە قـسەی ئـەو پەنجـە خـوارە نەدەکرد.. بەس کە وێنەی مەریەمی بن برادەرە چاو کەسکەکەم دەهاتەوە بەر نیگا، قسەیەکی ئەوتۆم نەدەما بۆ بە درۆخستنەوەی پەنجە خوار...

جوان دێتە بـیرم ئـەو بەیانییـە، ئـەو بەیانیـەی بەهارییـەی بـرادەرە پەنجـە خوارەکەم، دڵنیا بوو کە شەوی چووی من چوومەتە باوەشی مەریەم و هەرچی ویستوومە لەگەڵیم کردووە، منیش تا ئەو ساتەی ئـەو دڵنیاییـەی خـۆی بـۆم گێڕایەوە و درەنگتریـش، دڵنیـا بـووم لـەوەی مەریـەم جگـە لـە بـرادەرە چـاو کەسکەکە دەستی کەسی پێنەکەوتووە..ئەو بەیانییە لە هزری منەوە دنیایـەك ئاوا بوو، دنیایەکی دی هەڵات..

لەو دنیا نوێیەدا لە کنە خۆم بڕیـارم دا بـچم رێ لـە مەریـەم بگـرم و بـێ شەرم، راستورەوان پێیبڵێم: دەبێت لەگەڵ منیش بکـەیت، بـۆ لەگـەڵ هـەموو

خەڵك دەیكەیت لەگەڵ من نایكەیت، من چیم لە خەڵك كەمترە! هەر لە بەر ئەوەی پێیەكم پڕ لە وردە ساچمەیە؟ ئەگەر پارەت دەوێ، منیش دەتدەمێ، چیت دەوێ دەتدەمێ.. هەندێك پەشیمان دەبوومەوە لە ناوهێنانی پارە، دەمگوت: ئەگەر داوای پارەی كرد لە كوێ بێنم، خۆ هیچ شك نابەم، وا پارەی جگەرەم نیە، پارەی مەریەم لە كوێ بێنم... لە بیرمە پاش كەمێكی دی سووردەبوومەوە لە سەر قسەی خۆم و دەمگوت:

بەس ئەو رازی بێت، پارە چیە، پەیدای دەكەم، ئاسانە دەدزم، هەر چۆنێك بێت پەیدای دەكەم.. با مەریەم رازی بێت، خوا بكەم ئەو رازی بێت، پارە ئاسانە...

دواجار دوا قسەی خۆم كرد قسەیەك بە دەنگێكی زۆر بەرز كردم هەر خۆم گوێم لێبوو، بەڵام بەو نیازە كردم كە هەموو ئەو كەسانە گوێیان لێبێت كە دەستیان بە دەستی مەریەم كەوتووە، لە پێش هەمووشیانەوە برادەرە چاو كەسكەكەم، قسەكەشم ئەگەر لە بیر مابێت ئەوها بوو، نا ئەو قسەیە لە بیر ناكەم چۆنی دەیلێم بێ لێكردنەوە و تێخستنەوە ئەوها بوو:

(( هەر ئەورۆ نابێت بگاتە سبەی مەریەم دەبینم و پێی دەڵێم جێیەك دیاری بكە كارم پێتە، ئەگەر رازی نەبوو، هەڕەشەی لێدەكەم هەڕەشەی ئاشكراكردن، دەڵێم لەگەڵ منیش دەكەیت بكە دەنا...))

لەو بەیانییە نائاساییە ئەوە دوا قسەی ئاسایی من بوو..

بيست و دوو

ئەو چێشتەنگاوەی له بارەگاوە بەرەو ناو گوند گورج گورج هەنگاوم دەنا، ساڵ هێشتا هەر بەهاری بوو، هێشتا بڕکە گیایەکی کەتناوە نەك وشك زەردیش نەببوو.. خەڵکی کەتناوە وەك هەموو رۆژەکانی دیی بەهار هەر یەکەو بە شتێکەوە خەریك بوون، لەو گوندە کەس ئیشی دیار نەبوو، کەسیشت نەدەدیت بێ ئیش بسووڕێتەوە، پیاو، ژن، منداڵ، کەس نەبوو دەستبەتاڵ، ئەوە لە دووی ئاژەلە، ئەویهێ بژار دەکات، ئەوی دی جۆگە خاوێن دەکاتەوە... بێ ئیشترین کەس لە کەتناوە رەنگە من بم..

ئەو چێشتەنگاوە بەهاریەی کەتناوە کە من بۆ بەجێگەیاندنی قسەی خۆم بە دەو جۆگەی هەمیشە ئاوی بەرەو ناو جەرگەی کەتناوە شۆڕدەبمەوە، چێشتەنگاوێکە جیا لە هەموو چێشتەنگاوەکانی دی.. ئەوەتە دەچم قسەی خۆم دەگەیەنمەجێ، کارێك دەکەم، لە خەونیشدا نەمدەتوانی بیکەم، کەچی ئێستا وا لە رێم و دەیکەم و دەشگەڕێمەوە، کە گەڕامەوە پێش ئەوەی برادەرە پەنجە خوارەکە قسە بکات، من هەموو شتی پێڕادەگەیەنم، دەڵێم: هەر ئێستا مەریەمم بردە پەنایەك و توند توندلە باوەشم کرد، بە قەد ژمارەی هەموو رۆژەکانی تەمەنم ماچمکرد...

ئەو رۆژەش وەك زۆر جاری دی لاملیم لەگەڵ بەرپرسی بارەگا کرد، ئەوجارەش رێك پێچەوانەی ئەو رەفتارم کرد، خۆشم نازانم بۆ وا دەکەوێتەوە، زۆر جار لە مەبەستەوە نەبووە کە من پێچەوانەی قسەکانی ئەو قسە بکەم و بە کردەوەش ئەو پێچەوانەییە بسەلمێنم، ئەمجارەش جارێك بوو لەو جارانە، ئەگەر ئەو پەنجە خوارە ئەو مەریەمەی بە من نەناساندبا، پێنەدەچوو، ئەورۆ روو لە ناو کەتناوە بکەم.. بەلاّم ئەو برادەرە کارێکی وای کرد، نەك هەر

یەکپێ بڕۆم بۆ ناو کەتناوە بەڵکو جوانترین کچی ئەوێش، مەریەم ئەو مەریەمەی جوانترین کچی دنیایە جوانترین مەریەمی دنیایە، من دەڵێم لە مێرێ ئەرمەنییەکەش جوانترە، لە باوەش بگرم، با من ئەوە بکەم ئەوجا چ دەبێت با ببێت، با هەموو خەڵکی گوند روو لە بارەگا بکەن و گلەیی هەڵڕێژن، بلێن...

وا لەگەڵ جۆگە و پێ بە پێی ئاو بەرەو ماڵی مەریەم دەڕۆم، نابێت شەرم زارم بگرێت، بڕیارم داوە ئەورۆ ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت شەرمن نەبم، نیوە تەمەنێکم لە شەرم و ترسنۆکی بەسەربرد، ئیدی نۆرەی بێ شەرمییە، نۆرەی ئازایەتییە، تەمەنی من بەرانبەر ژن یەك سەرکێشی تێدا نیە، راستتر بڵێم تەمەنی من بەتاڵە لە ژن لە پەیوەندی لەگەڵ ژن.. دەبێت ئەورۆ لە دەو ئەو جۆگەیە رووداوێکی گەورە لە تەمەنی خۆم تۆمار بکەم، رووداوێك هەتا هەتایە بۆ خۆم و خەڵکی بگێڕمەوە شانازی پێوە بکەم، لە گێڕانەوەیدا خەڵك ئیرەییم پێببەن، نابێت ئەورۆ رۆژێکی ئاسایی بێت لە ژیانی من، با بگەمێ دەزانم چی دەکەم..

جۆگە گەیاندمیە نزیك ماڵی مەریەم، بەس بێتە دەرێ، مەرج بێت راستورەوان پێیبڵێم.. کەس دیار نیە ئەو ناوە چۆڵە، خودایە هەر ئەوها چۆل بێت، خودایە، لە مەریەم زیاتر کەس بە دیار نەکەوێت.. بەو دیوی جۆگەدا رێك لە بەرانبەری دەرگای ماڵی مەریەمدا وەستاوم کەچە دەرگایەکە، دارە، بە پێلەقەیەك پارچە پارچە دەبێت، دەرگاکە پێوەدراوە، من زۆر گوند گەڕاوم، ماڵەکان هەموویان بێ حەوشەن، بەلاّم کەتناوە لەوەش جیایە لە گوندان...

لە درزی دەرگاوە تەماشای حەوشە دەکەم، کەس دیار نیە، پێناچێت کەس لە ماڵ بێت، دەبێت لە ماڵ نەبن! بۆ کوێ چوونە؟ ئەورۆ دەبێت مەریەم ببینم لە هەر کوێیەك بێت دەیبینمەوە، من کارم بـە مەریەمـە، وەك چـۆن بـرادەرە چاوکەسکەم و خەڵکانی دی کاریـان پێبـووە منـبش کـارم پێیـە.. دەمویـست دەرگا بکەمەوە و بە ژوور کەوم، لەو دیوەوە گوێم لە دەنگی پێ بوو، لە دڵـی خۆم گۆتم ئەوە هات! لە بیرمە ترسێکی زۆرم لێنیشت، بەڵاّم سووربووم لەسەر قسەی خۆم.. دیتم لە بەر دەمم وەستا بوو، هێندەم لە چاو ماوە، کە کـەمێك شلەژا، نازانم من لەو کاتەدا چۆن بووم، چیم بەسەرهات، مەگەر بەس مەریەم بتوانێ منی ئەو کات بناسێنێ و پیشانم بدا، لە بیریشم نیە ئـەو وشـانەی کـە ئامادەم کردبوون و دەبوو بیانڵێم چۆنم گـوتن.. دەزانم چـەند وشـەیەکم گـوت، دەزانم لەو بابەتە بوون کە بۆی هاتبووم.. بەڵاّم ئەوەی باش لە بیرمە:

- لاکەوە هە هیچوپوچ
- ئەدی بۆچی، بۆ خەڵك...
- دەڵێم دوورکەوە دەنا ئاواییت بە سەر وەر دەکەم
- ببوورە...

هێندەم لە بیرە هەر بە هەڵاّتن هەڵاّتم، بەڵاّم ناتوانم لەوێوە تـا ئـەوێ خـۆم بگێڕمەوە، هەرچی بڵێم ئەوە نیە کە بوو، هێندە دەزانم لە تووڕەیی بوو یان لە شەرمەزاری بە لەرزین دەلەرزیم.. ئەوەم باش لە بیرە لە سەر ئەو لووتکە شاخە دانیـشتبووم، کـە بەسـەر دۆڵـی لای چـەپی کـەتناوەدا دەیڕوانـی پـشتم لـە گۆڕستانەکە و رووم لە دۆڵ..

لە سەر ئەو لووتکە شاخە، رەنگە تنۆك تنـۆك ئارەقـەی شـەرمەزاریم لـێ چۆڕابێتەوە و شەرمەزاری چۆڕاوگەی کردبێت، رەنگە هەر تووڕەییش بووبێت و تەواو، لەوانەشە بێـزاری و بـەس.. ئـەوەی لـە بیرمـە، بـە چـەند ئاراسـتەیەك بیرمدەکردەوە، جارێك بە ئاراستەی لێبووردن، دەمگوت دەبێـت هـەر چـۆنێك بێت مەریەم ببینم و داوای لێبووردنی لێبکەم و پێیبڵێم هەڵە بووم ئـەو جـارە ببووره، دەمگـوت ئەگـەر داوای لێبـووردنی لێوەرنـەگرتم دەچـم پـیری بـەفری بەگژەوە دەنێم ئەو شتێك دەکات، چونکە کەس لە قسەی پیری بەفر دەرناچێت، تۆ بڵێیت... جارێك بە ئاراستەی تووڕەییدا دەڕۆیشتم تا ئەو شوێنەی بە زۆری زۆردارەکی و بە هەر شێوەیەك بێت مەریەم ببەمـە پەنایـەك و ئیشی خـۆمی لەگەڵ بکەم، ئەوجا چ دەبێت با ببێت، لەوەش پـتر تـووڕەییم دەگەیـشتە ئـەو جێگەیەی کە دوای ئەوەی تێر لەگەڵ مەریەمم رابوارد، بـە کوشـتن بیکـوژم و کەسیش پێنەزانێت، ئاخر دەزانن مەریەم ئەورۆ چی بە من کرد.. بە ئاراستەی بێزاریشدا شۆڕدەبوومەوە. لەو ئاراستەیە نە داوای لێبووردن هەبوو نە تووڕەیی و تۆڵە، ئاراستەیەك بوو رێك دەگەیشتەوە بنی دۆڵ.. ئەو لووتکە شاخەی من لە سەری دانیشتبووم، لەوێوە بۆ رووبـار هەڵـدێرێك بـوو، مەگـەر تـەنها لـەو دونـدی پاڕانەوەیـەدا هەڵـدێری وەهـا هـەبێت کـە پـیری بـەفر باسـی دەکـرد، هەڵدێرێك بوو رك رك، ئەگەر لەو شوێنەی منی لێدانیـشتبووم بـەردێك غلـۆر بکەیتەوە هەتا دەگاتە ناو رووباری بنی دۆڵ لە رێ بە هیچ شتێك ناکەوێت..

لە بیرمە ئەوەشم بـە بـیردا هـات بـچم چـی خراپـە بـە بـرادەرە پەنجـە خوارەکە بکەم کە ئـەو کەتنـەی بـە مـن کـرد، ئـەو بوختانـەی بـە مەریـەم

داوێنپاك كرد، ئەگەر ئەو ئەو درۆیەی نەكردبا من چۆن دەچووم یەخەی مەریەمم دەگرت و داوای ژوان بەستنم لێی دەكرد.. ئەوەشم لە بیرە لەوەش پەشیمان دەبوومەوە و دەمگوت نا برادەرە پەنجە خوارەكە بوختانی نەكرد، درۆی نەكرد، خۆ من بە چاوی خۆم مەریەمم دیت لە بن برادەرە چاو كەسكەكە، برادەرە پەنجە خوارەكەش دیارە لە بن كەسێكی دیوە، بۆیە قسەی وا دەكات، دەبێت دیتبێتی دەنا لە خۆڕا لۆ وا دەڵێت، لۆ ناوی كچێكی دی نەگۆت!

لە سەر ئەو دوندە شاخە بە زۆر لادا بیرمكردەوە، ئەوی لە بیرم ماوە لە كۆتاییدا پتر چاوم لە سەر هەڵدێرەكە بوو، جونەكانی مەریەم دەتگوت دەرزین لە گیانم رادەچوون، من بۆ دروێنەی چی چووم ، چیم چنیەوە.. ئەوە یەكەم جارم بوو ژن جونم پێبدا، یەكەم جارم بوو داوا لە ژن بكەم لەگەڵم رابوێرێت... گەیشتمە ئەو جێیە لە بیركردنەوە كە روو لە گوند نەكەمەوە، رەنگە ئێستا گوند زانیبێتیان! با نەشزانن، ئەدی چۆن چاوم بەرانبەر مەریم هەڵدێت! پتر بە هەڵدێردا شۆڕدەبوومەوە.. لە بیرمە لە خۆ ئامادەكردندا بووم..

لە بیرمە بیرم بۆ قەڵەم و كاغەز چوو، دەستم بۆ بەركم برد، كاغەزم دیتەوە، قەڵەم نەبوو، قەت من نەبوومە قەڵەمم پێنەبێت، ئەوە جاری یەكەمە قەڵەمم هەڵنەگرتبێت، بێ قەڵەمی تووڕەی كردم زۆریش تووڕە بووم، تووڕەبوونێك كەمێك لە هەڵدێری دوور خستمەوە.. لە بیرمە لەگەڵ خۆم كەوتمە گفتوگۆ، نازانم گفتوگۆ بوو یان شەڕەقسە، بە خۆم دەگۆت ئەوها نابێت، ناكرێت هێندە تەمومژاوی بێت، پێویستە كەمێك روونكردنەوە بدەم،

باشترە ئەگەر بە سووکە ئاماژەش بێت هەندێك شت بڵێم.. بە خۆم دەگۆت، قسەی قۆڕ! هیچی ناوێت، با سەراپا تەمومژ بێت با تا ئەوپەڕی ئالۆزی ئالۆز بێت ئەوە چ گرفتی منە! باشە ئەوە ویستم روونی بکەمەوە چۆنی روونبکەمەوە، بڵێم چی! دوایی بە راست روونکردنەوە بۆ کێ؟ بۆچی؟ نا ئەگەر قەڵەمێك دەبوو شتێکم هەر دەنووسی، ئەگەر ئەو هەواڵە بگاتە ماڵەوە، بەو نادیارییە خۆش نیە، لە سەر دڵیان دەبێتە گرێ، ئەگەر بۆیان روونبکەمەوە، باشترە.. نا باشییەکەی لە چیە! هەرچیەك بنووسم هەر ئەوە نیە کە ئەوان لە دوای دەگەڕێن، روونکردنەوەی پتریان دەوێت..

لە بیرمە رێك ئەوهام گوت: درەنگە کاتی ئەو قسە حیزانە نیە، بێزار بووم لەو بەرزاییە، بنی بنەوە خۆت بگرە دێم...

لەو قسەیەی خۆمەوە تا قسەی ئەو چیدیم لە یاد نیە، رەنگە لەو نێوەندە چ قسەی دیکەم نەکردبێت، جا لەبەر نەبوونی کات بووبێت، هەر هۆیەکی دی نازانم بۆ..

- ئەوە چ دەکەیت لێرە؟ لە دووی درەختەکە دەگەڕێیت؟

- ......

لە بیرمە منگەیەکم لێوە هات، نازانم چۆن وەڵامم دایەوە، لە بیرمە ئەو دەنگە رێك تەنەکە ئاوێکی سارد بوو، راچڵەکینێ راچڵەکیم وا بزانم پیری بەفریشم لەگەڵ خۆم راچڵەکاند..

## بيست وسىَ

له بيرمه پيرى بەفر دەستمى گرتبوو، ئەوە جارى يەكەم بوو دەستم لە ناو دەستى ئەو پياوە گير بێت، نەمديتبوو دەستى كەسيش بگرێت، زۆر بە كەمى تەوقەشى دەكرد، ئەگەر تۆ دەستت نەبردبا ئەو قەت دەستى تەوقەى نەدەهێنا، كەچى ئەوەتا دەستى منى توند گرتووە، لە بيرمە توندى گرتبوو، هەستم بەهێزى دەستى دەكرد، توندى گرتبوو، ديار بوو ترسى ئەوەى هەبوو، لە دەستى رابكەم، من لە بيرم نييە نيازى هەلاٌتن لە سەرم هەبوو يان نا.. دێتە بيرم پيرى بەفر منى تەواوێك لە هەڵدێرەكە دوورخستەوە.. دەستيشم هەر لە ناو دەستى بوو، لە گۆڕستانەكەش دوور كەوتينەوە.. هاتين هاتين، تا نزيك ماڵى پيرى بەفر بووينەوە، لەوىَ دانيشتين، لە بيرم نيە لەوێوە تا ئەوىَ هيچ قسەيەكى تێدا كرا بێت، رۆيشتنێكى زۆر بێدەنگ بوو، بێدەنگترين رۆيشتن بوو، رۆيشتنێكى بە سام، لە بيرمە هێندەى لەو رۆيشتنە ترسام، هەڵدێرەكە هێندەى نەترساندم...

- ئەو جێگەيەى تۆ لێى دانيشتبوويت، جێگەى دانيشتن نيە..

- من، لەوىَ..

له بيرمه هيچ قسەم بۆ نەهات، زمانم تێكئالاٌ..

- لە كۆندا، زۆر لەمێژە من چەند كەسێكم لەو جێگەيە ديوە، بەلاٌم هەر ئەو جارە رێيان بەوىَ كەوتووە و تەواو ئيدى بەولادا نەچوونەتەوە، داوات لىَ دەكەم تۆش ئەوە دوا جار بێت..

- بۆچى دانيشتنى ئەوىَ خراپە؟

- لەوە خراپتر نیە، خراپترین جێگەیە لەو گوندە

دبار بوو لەو سەری ئەوسەر هاتبۆوە، لەوە دەرچووبوو، نیازی چوونە ئەوێمی لێ بشارمەوە.. رەنگە واش نەبووبێ من وای تێگەیشتبم.. پیری بەفر زۆر بە هێمنی قسەی لەگەڵم دەکرد، جار جارەش دەستێکی دەخستە سەر پشتم و لە گەرمایی دەستەکانییەوە هەستمدەکرد ئارامییەك دێتە گیانمەوە.. پیری بەفری ئەو رۆژە جیا بوو لە پیری بەفری رۆژەکانی دی.. زۆر نەرم بوو زۆر، من منداڵێکی بچووك بووم، دەستی بە سەرمدا دادەهێنا، ئاوێنەیەك نیە ئەو ساتانەی ئەو دەمەی من نیشانبداتەوە، تا بزانم رەنگورووم چۆن بووە، دڵنیام دەبێت زۆر پەشۆکاو بووبم، بۆیە پیری بەفر وا باوکانە سۆزی بە سەرمدا دەڕژاند.. لەوێ لە ناو سۆزی ئەو پیاوە بەتەمەنە نوقمببووم، بە ئاستەم دێتەوە بیرم، سۆزی ئەو پیاوە وای کرد هەڵدێرم لە بیر بچێتەوە..

- وەرە بچینە ژوورەوە، نان بخۆین، ئەو نیوەڕۆیە میوانی منی

- نا سوپاس

بە راکێشان منی بردە ژوورەوە... تا ئەوکات نەمدەزانی چ کاتی رۆژە، بەڵام دیارە نێوەڕۆیەکی درەنگ بوو.. شلەساوار بە گۆشتی هەبوو، پیری بەفر خۆی بە دەستی خۆی شیوی لێدەنا، وەك باسیان دەکرد هیچ ژنێکی کەتناوە دەستاویان وەك دەستاوی پیری بەفر خۆش نیە، ئەگەر ئەوەش بزانین دەستاوی ژنانی کەتناوە لە هەموو ئەو مەملەکەتە بە تامترین دەستاو بوو..

- بخۆ بزانە خۆشە؟

به ناچاری، له شەرمەوە، شتێکم خوارد، بەڵام هیچ تامێکم لێی نەکرد، نەك لەبەر بێ تامی شیوەکە، من لە بارێکی وا نەبووم، تام لە هیچ بکەم با ئەو خواردنە لە بەهەشتیشەوە هاتبێت..

- دە بخۆ، کاکە بخۆ.. بە خودای هیچ ژنێك لەو دنیایە بێجگە لە مێرێ شیوی ئەوها خۆشی لێنەنایە.

- زۆر خۆش بوو، بەڵام لەوە پترم پێناخورێ

پێمنەدەخورا راست بوو، بەڵام زۆر خۆش بوو! درۆیەکی گەورەبوو، چونکە وەك لە بیرم بوو ئەو کاتە تامم نەك لە شیو لە ژنیش نەدەکرد..

- باشە تۆ بە من بڵێ، بەس بە راستی و بێ خوارکردنەوە، چیت دەکرد لەو سەر هەڵدێرە!

- حەزمدەکرد سزای خۆم بدەم

- سزای چی، بۆ هیچ گوناهێکت کردبوو؟

- گوناهی زۆر گەورەش.

- گوناهەکەت نازانم چیە، بەڵام گوناهێکی چەند گەورەشت کردبێت ناگاتە ئەوەی بەو شێوەیە سزای خۆت بدەیت..

لە بیرمە لەبەر خۆمەوە گوتم قسەی تۆ راستە، بەڵام ئەو سزایە قورسە، هەموو گوناهەکانی من بخەیتە سەریەك بە هەر تەرازوویەك بیانکێشی ناگاتە کێشی سەد یەکی ئەو سزایە.. بەڵام خۆسزادانی من لەو گوناهانەوەیە کە دەرهەقم کراون، گوناهی گەورە زۆر گەورە... لە بیرمە لەو ساتانەی من و پیری بەفر لە ماڵەکەی ئەو دانیشتبووین و ساواربەگۆشتمان لەپێش بوو، ئەو پرسیاری دەکرد و من دەمویست خۆم لە وەڵامی

پرسـیارەکانی بدۆزمـەوە، لـەو سـاتانەدا زۆر زگـم بـە خـۆم دەسـووتا، هەستمدەکرد هەر مەریەم نا هەموو دنیـا غـەدریان لـە مـن کـردووە، هـەر مەریەم نا هەموو دنیا قـسەی ناشـیرینیان بـە مـن گوتـووە و سـووکایەتیی گەورەیان بە من کردووە..

لە بیرمە لەو نیوەڕۆیە درەنگە کە پیری بەفر منی لە هەڵدێر هێنایـەوە ماڵی خۆیان، بیرم لـە قـسەی مامۆسـتایەکی ژن دەکـردەوە کـە بـۆ مـاوەی ساڵێك وانەی بیرکاری پێگوتین، ئەو دەمەی من باسی دەکەم پۆلی سێیەمی ناوەندی بـووم، جارێـك لـە نـاو پۆلـدا و لـە دەرەوەی بابـەتی وانەکـە قسە بەلایەکی دی رۆیـشت، ئـەوەی بـاش لـە بیرمـە و رەنگـە قـەتیش لـە بـیرم نەچێتەوە، گوتی:

(( هەندێك سەرو سیما هەیە هیچ ژنێك حەزی پێناکات))

ئەوەی وای کردووە ئەو قسەیە بە نەمری لای من بمێنێتەوە، ئەوە بوو کە ئەو قسەیەی کرد رێك تەماشای ناو چاوی منی دەکـرد.. مـن تـا ئێـستاش ئەو مامۆستایە بە مامۆستایەکی سەرناس و سـیماناس دادەنـێم، زۆر جـار لەبەر خۆمەوە گوتوومە کەس وەك ئەو مامـستایە مـنی نەناسیوە.. لـەو رۆژەی ئـەو قـسەیەم لـەو مامۆسـتایە گـوێ لێبـووە، زۆر جـار خـۆم تاقیکردۆتەوە، لە دوورەوە تەماشای کـچانم کـردووە، لـە نزیکـەوە تیـچاوم داونەتێ، زۆر جولانەوەی لەو بابەتە، جگـە لـە راسـت و درووسـتیی قـسەی مامۆستاکە چیدیم دەستنەکەوتووە، چەندان جار تێبینیم کردووە ئەگـەر لـە رێی هەڵـەوە چاوی کـچێك کەوتبێتـە سـەرم زوو زۆر زوو چاوی لـە سـەرم هەڵگرتووە، رووی خۆی وەرگێڕاوە، بۆیە من خۆم باش ناسیبوو، مامۆستای

بیرکاری منی باش به خۆم ناساندبوو، دەمزانی لەو سەرو سیمایانەم کە مامۆستاکەم باسی کرد.. بیرم لەو هەڵە کوشندەیەی خۆم دەکردەوە کە بەرانبەر مەریەمم کرد، بەرانبەر جوانترین کچی کەتناوەو دنیا کردم، ئەوەی من کردم نەدەبوو بیکەم، نەدەبوو خۆم لە بیر بکەم، نەدەبوو قسەی مامۆستاکەم لە بیربکەم، نەدەبوو بە قسەی برادەرە پەنجە خوارەکە وا کەر بم و خۆم لێ بگۆڕێت.. مامۆستاکە گوتی: هیچ ژنێك... کەچی من چووم یەخەی مەریەمم گرت!

- تۆ نابێت ئەوها بێدەنگ بیت
- راستە، بەس، نازانم...
- بۆ بە راستیم پێناڵێی چی بووە؟
- رەنگە نەتوانم..
- هەمووی نا هەندێکی بڵێ
- دەمویست لەو هەڵدێرەوە خۆم هەڵدێرم
- ئەوە دەزانم بەڵام بۆ؟

دەزانی! لە بیرمە لام سەیر بوو کە پیری بەفر گوتی دەزانم بە نیاز بووی خۆت هەڵدێری.. ئیدی لەو قسەیەوە وەك دەڵێن هەندێك بە خۆ کەوتمەوە، هەوڵمدا لە قسەکردن بە سەر خۆمدا زاڵ بم و بزانم چ دەڵێم.. بە تەواوی تێگەیشتم ئەو پیری بەفرییە منی لە هەڵدێری مردن گێڕاوەتەوە، ئەگەر ئەو نەبایە ئێستا بۆ خۆم ئاوە و ئاو دەڕۆیشتم.. هەتا هەتایە کەس نەیدەزانی چیم بەسەر هاتووە، رەنگە هەر لە ناو رووبار پاشماوەشم نەمابا و بخورابام، یان رووبار لە بێزارییەوە هەڵیدابامە رۆخێك لە رۆخەکانی خۆی و لەوێ

ئـاژەڵی وشـکانی دەهـاتن و تیـر تیـر لێیـان دەخـواردم، ڕەنگبـوو سـووکە شەڕێکیشیان لە سەر مـن بکردایـە.. ئەوپەڕەکـەی لـە دوای خـۆم لێـرە لـە بارەگا و لە کەتناوە پرسیارم جـێ بهێـشتایە و تـەواو، لـە ماڵـەوەش هـەتا هەتایە هەر چاوەڕوانم دەبوون، دایکـم تـا درەنگـانی شـەو چـاوی هـەر بـە دەرگاوە دەبوو، ناوە ناوەش بە باوکمی دەگوت:

تۆ سۆراخێکی باشت نەکرد، نەتدیتەوە..

بابیشم دەیگۆت: هیچ جێیەکی دنیا نەما نەگەڕێم، کەس نەیدیوە کەس هیچی لە بارەیەوە نازانێ، برادەرەکانی لەگەڵی بوون، بە خۆت گوێت لێیان نـەبوو، هـەزار سـوندیان خـوارد سـبەینێ پێکـەوە نانمـان خـوارد، ئیـدی نەماندیتەوە، کەس نەیدیت...

ڕەنگە مەریەمیش نەزانێت من چیم لێهات، چوزانێت! خۆ لـە کـن ئـەو نەمگۆت وا لە داخی تۆ خۆم هەڵدەدێرم، بریـا هـەر وام بگۆتبـا، بۆئـەوەی بیزانیایە لە داخی ئەوە وام کرد.. من دەزانم لە دوای بزربوونی من مەریـەم ئەو کەتنەم لای کەس ناگێڕێتەوە، بەردێکی لە سەر دادەنێت...

- نەتگوت، ها!

- با گۆتم

- چیت گۆت!

- لە داخی کچێك ویستم وا بکەم، بەس چیدی پرسیارم لێ مەکە

- زۆر باشە، پرسیارت لێ ناکەم ئەو کچە کـێ بـوو، چـی کـرد! بـەڵام دەڵێم، تەمەنی مرۆڤ بۆ خۆی کورتە، زۆریش کورتە، چـۆن دەبێـت بـە دەستی خۆمان کورتتری بکەینەوە! جگە لەوەش من بۆچوونم وایـە کـە

نابێت هیچ مرۆڤێك لە سەر مرۆڤێکی دی جا لـە خۆشەویستی ئـەو بێت، یان لە داخی ئەو بە دەستی خۆی ژیانی خۆی بسڕێتەوە..

- ئیدی وا..

- تۆ گەنجی لە چاو من منداڵی ناو لانکی، تـامی ژیانـت نـەکردووە، دەبێت تامی بکەیت، کە تامـت کـرد، ئـەو دەم دەزانـی ئـەو بڕیـارەی ئەورۆ دات، چەند بڕیارێکی لنگاو قووچە، تۆ رەنگە وا بـیر بکەیتـەوە کە ئیدی ژیان تامی نەماوە، یان ئـەوەی تـۆ دەتـەوێ تـامی بکـەیت، دەوت نایگاتێ، بەڵام وا نیە، رەنگە ئەو میوەیەی کە تۆ ئێستا حەزت لێیە، دەستیشت نایگاتێ، سبەی میوەی لەو میوەیە زۆر بـەتامتر بـە ئاسانی بێنە ناو دەستت...

دەمویست بڵێم مـن لـەو کەسانەم کـە مامۆسـتاکەم باسـی کـرد و لـە توانایان نیە تامی ئەو میوەیە بکەن کە من حەزیان لێدەکەم..

- با پێت بڵێم زۆری نەماوە بەهار بڕوا و هاوین بگـات، مـن لـە سـەر گفتی خۆمم، درەختەکەت نیـشان دەدەم، جـا کـە درەختەکـەت دیـت، ئەگەر توانیت، دوندی پاڕانەوەش ببینـە، کاتێـك ئـەو دوو جێگەیـەت دیت، ئەو دەم دەزانی چەند هەڵە بوویت، لەو بڕیارەی ئێستات..

دوندی پاڕانەوە و درەختە هاوینییەکە، پتر منیـان بـە ئاگـا هێنایـەوە، وردتر بڵێم بە ژیانیان ئاشت کردمەوە، لە بیرمە لە بەر خۆمەوە دەمگـوت، باش نەبوو ئەو کەرایەتیەم نەکرد، باش بوو پیری بەفر گەیشتێ دەنا لە تڕێ سەی دەچووم، وەخت بوو، بـاوەش بـە پـیری بـەفردا بکـەم تێـر تێـر ماچـی بکەم.. کەوتمە خۆشییەکی خۆشـەوە، پـیری بـەفر بـە ئاشـکرا هەسـتی بـەو

خۆشییەی من کرد، خۆشییەکەیم ئەویشی گرتەوە.. لە بیرمە کە هەستام هەتا ناو گوند نزیك ماڵی مەریەم لەگەڵم هات و گوتی: زوو زوو سەرم لێدە.

نەچوومەوە پێش ماڵی مەریەم، رێم گۆڕی، کە گەیشتمەوە ناو بارەگا، عەسرە چایان دەخواردەوە، کەسیش نەیگوت نیوەڕۆ لە کوێ بوویت..

## بیست و چوار

- من بزانم لە لای مەریەم دێیتەوە، بەو پێیە پڕ لە ساچمەوەش لە مـن ئازاتری..

- .....

- بە خودای کەتنی خۆت کرد، وا نیە؟

-....

ئێستا پێم زۆر ئازار دەکات، ئێستا، ئەو ئێستایە نیە کە برادەرە پەنجە خوارەکە لە تەنیشتم دانیشتبوو، هەر دەیگوت و نەیدەبرپییەوە، پرسیارڕێژی دەکردم، منیش دابوومە بێدەنگییەکی قووڵەوە، روونـتر بڵـێم غـەزریبووم و نەدەهاتمە قسە.. ئەو ئێستایە ئێستای ئەودەم نـەبوو، ئێـستایەکە کـە ئـەو وشانەی تێدا دەنووسـم، مـن ئێـستا لـە بـن دار گوێزێـك دانیـشتووم، ئـەو دارگوێزە لە ئاقاری کەتناوەیە، کەسم لە دەوروبەر نیە، بە هەر لایەکدا چاو دەگێڕم کەس دیار نیە، من پێویستم بەو چۆلەوانیە هەیە، ئەگەر جێگەیەکی وام نەبێت ناتوانم چیرۆکی درەختە هاوینی و دوندەکەی پاڕانەوە بنووسـمەوە، رۆژانە چەند دەمژمێرێك ئێرە جێی منە، دەفتەرێکی گەورە و چـەند قەڵـەم جافێك، لە نووسینەوەی درەخت و دوندەکە زۆر گرفتم دێنە سەر رێ، یـەك لەوانە دەبینی وا لەگەرمەی نووسینم لە پڕ قەڵەمەکە لە نووسین دەکەوێت، یەکسەر بە قەڵەمێکی دی دەیگۆڕم رەنگە ئەو قەڵەم گۆڕینە ئاسان بێتە بەر چاو، بەلاّم من بێزار دەکات، بریا هەر بێزاری با، هەستدەکەم، زۆر دیمەن لە

بار دەبات، لە نێوان قەڵەمێك و قەڵـەمێك زۆر رستـەی جـوان تیادەچـن و نابینرێنەوە..من گرفتی زۆرم دێنە رێی نووسینەوەی خـۆمی پـێش ئێـستا، لەوانە جگەرە پێکردن و چایە گەرمکردنەوە و تێکردن، بێ چـایە و جگـەرە دەستم قەڵەم ناگرێت، جاری وایە ئاگر وندەکەم زۆر لە دووی دەگەڕێم، دوایی لە بن چۆکم یان لە نـاو دەسـتی چـەپم دەیدۆزمـەوە، لـەو گەڕانـە بـە دوای چەرخدا زۆر جار وا دەبێت کە رایەڵی نێوان درەخت و دوند بپسێ، دیتنەوەی سەری رایەڵەکە وەك ئەوە وایە بـە دوای دووکـەڵی جگـەرە بکـەویت، زۆری دەوێت تا لێکیان گرێدەدەمەوە، چایەکەش هەر گرفتە ئەو دەمانـەی قەڵـەم دادەنێم خەریکی گەرمکردنەوە، یان هەتا تێکردنی چایەك دەبم، زۆر رستەی شیرینی زاری کـەتناوەم لـە بیردەچێت و ناکەونـە نـاو سـەرهاتەوە، دڵنیـام سەرهات بـەو رسـتانەوە شـیرینتر دەبـوو، مـن لـە نووسـینەوەی کـەتناوە، کەتناوەی پیری بەفر زۆر گرفتم دێنـە پێـشێ و سـات لـە دوای سـات خـاوم دەکەنەوە، وشکم دەکەنەوە، رووتم دەکەنەوە، بـەتاڵم دەکەنـەوە، وا دەکـەن، قەڵەمەکەم، لە ناو دەفتەرەکە دابنێم و ئەوێ ئەو جێگەیەی قەڵەمەکەی لێ بەجێماوە ببێتە کۆتایی ئەو سەرهاتەی کە لـەو پـایزەی گەیـشتمە کـەتناوە دەست پێدەکات و تـا دەگاتـە ئـەو سـاتەی وا ئـەو وشـەیە دەنووسـم درێـژ دەبێتەوە، درێژبوونەوەیەکی زۆر درێـژ، لێـرەش کۆتـایی نایـە، بـەڵام نـازانم دەگاتە کوێ، رەنگە گرفتە گەورەکەم لێرە رایگرێت، ئێـرە بکاتـە کۆتـایی، کۆتاییەك کە وەك سەرەتا وایە، گرفتم زۆرە گرفتی هەرە گەورەم ئـەو پێیـە پڕ لە وردە ساچمەیە، ئەو پێیەی هەمیشە بە ئازار، من راهاتووم لەگەڵ ئەو ئازارە هەمیشەییە، بەڵام ناوە ناوە فێرە ئازارێك بـووە، ئـەو ئـازارە بـچێتە

بەرازیشەوە بەرگەی ناگرێت، تا ئێرە بەرگەیم گرتووە، داو و دەرمانی هێورکەرەوەی دکتۆرم لە بن هێنا، ئەو دکتۆرە بەستەزمانە بە هەزار دەردەسەری، چنگە داوودەرمانێك پەیدا دەکات، ئەویش نیوەی لە من خەرجدەکات.. دەبێت ئەوە بڵێم لە نووسینەوەی کەتناوە لە هەر دێرێك گرژی هەبوو، گرێوگۆڵ هەبوو، ئەوە لەو ساتانە نووسراوەتەوە ، حەبی هێورکەرەوەم لێبڕاوە، من لە ترسی ئەوەی لەو نووسینەوەیە سارد ببمەوە و تەواوی نەکەم، هەندێ جار لە ساتەکانی ئازاری زۆریشدا دەنووسمەوە، گوتم تەواوی نەکەم، راستیەکەی تەواو نابێت، تا من مابم تەواونابێت، دوای منیش تەواو نابێت، ئەوەی هەیە تا رستەیەك پتری لێ بنووسمەوە، دڵخۆشترم دەکات.. ئیدی وا لە ژێر ئەو دارگوێزە سەرهاتێك دەگێڕمەوە کە تەواو نەبووە، سەرهاتێکە لە رابردوو، لە ئایندە، بەڵام ئێستای تێدا نیە، ئێستا بۆ نووسینەوەیە و چیدی نا، دەمێکە سەردانی ئەو دارگوێزە دەکەم، خەڵکی کەتناوە دەڵێن خەوی ژێر دارگوێز خەوێکی گرانە هەر کەسێك لە ژێر دارگوێزدا بخەوێت خەوتنێك دەخەوێت درێژ درێژ بە قەد سێ خەو، بەڵام دارگوێز بۆ من سەرهاتم درێژ دەکاتەوە نەك خەو، من دەڵێم ئەگەر لە جێگەیەکی دی لە هەر جێگەیەك بەس ئەو بن دارە نەبا، دەستم بە گێڕانەوەی ئەو سەرهاتە کردبا، دەمێك بوو تا ئەو جێگەیەم گێڕابۆوە کە پێویست بوو بیگێڕمەوە، لە بن ئەو دارگوێزە هەموو شتێك خاوە، تەنها ئازاری پێم نەبێ، کە ناوە ناوە وەها دەبرووسکێنێت نەبێتەوە، بەڵام دەڵێی چی، من بەو بن دارگوێزەم گرتووە، زۆر جێگەم تاقیکردەوە، تەنها لێرە قەڵەم ئیش دەکات..

تا ئێستا هەر لە ئێستای بن دارگوێزەکەم، برادەرە پەنجە خوارەکەم لەوێ بەجێ هێشتووە و هێشتا نەچوومەتەوە سەر وەڵامدانەوەی ئەو و لەوێوە تێهەڵنەچوومەتەوە لە گێڕانەوەی سەرهاتەکە.. من دەبێت کەمێك لە ئێستادا بخولێمەوە، بە دەوری ئەو بنە دارگوێزە بخولێمەوە، نازانم ئەوە جاری چەندەمە دێمە ئێرە، بەڵام ئەوە دەزانم هەر جارێك هاتبمە ئێرە بەو جارەشەوە کە ئێستایە، چەند رستەیەك چەند لاپەڕەیەك، شتێکم لە سەرهات لەو دەفتەرە گەورەیە نووسیوەتەوە، من تاکە شتێك لە دوای خۆم جێ بێڵم ئەو دەفتەرەیە، ئەویش ئەگەر بەجێی بێڵم، هێندەی بیر لە پڕکردنەوەی ئەو دەفتەرە دەکەمەوە دوو هێندە بیر لە سووتانیشی دەکەمەوە.. من هەر لە ئایندە دەژیام، لە بیرمە نە ئێستام هەبوو نە رابردوو، ئەوەی هەبوو ئایندە بوو، ژیانی من بە ئاسۆیی و ستوونییەوە لە ئایندە بوو، لە ئایندە دەبوومە سوار چاك، لە ئایندە دەبوومە رۆماننووس، لە ئایندە کچم ماچ دەکرد و لەگەڵی دەنووستم و لە ئایندە، هەموو شتێکم لە ئایندە بوو، هەتا چوونە سەیران و جلی جوانیشم لە ئایندە بوو، من ئەوەی نەمبوو، ئێستاو رابردوو بوو، لە بیرمە لەو رۆژەوەی بوومە خاوەن رابردوو کە ئازاری پێم زیادی کرد، ئیدی لەو ئازارەی پێمەوە حەزم لێبوو بگەمەوە رابردوو، دەنا پێشتر بێ تامترین و بێ بەهاترین کاتم بوو رابردوو، کاتی ئەوەم نیە بێ بەهایی رابردووم بنووسمەوە، لە راستیش ئەو بێ بەهاییە نانووسرێتەوە، تازە نانووسرێتەوە چونکە ئەو ئازارە تا دێت رابردووم لە بێ بەهایی رووتدەکاتەوە، بەهارێژی دەکات، جوانی دەکات.... دنیا خەریکە تاریك دادێت، قاچیشم تا دێت ئازارەکەی زیاد دەکات، دەبێت بگەمە

دکتۆر.. ئیدی دەبێت دەفتەرەکەم دابخەم، بەو هیوایەی دوا داخستن نـەبێت، هەر جارێك کە دەفتەرەکەم دادەخەم زۆر لەوە دەترسێم کە ئەوە دوا داخستن بێت و جارێکی دی نەیەمەوە سەری و ئەوەی نووسیم دوا وشەی سەرهاتەکە بێت کە هێشتا زۆری ماوە، تاریکە، ڕۆیشتم، ڕەنگە بێمەوە سەری...

ئەوە ئەو جارەش بە خۆو بـە دەفتـەر و قەڵـەم و کتریـەك چـاو دنیایـەك جگەرەوە هاتمەوە بن دارگوێزەکەی خۆم، نا هاتمەوە سێبەری درەخـتی وشـە، ماوەیەکە دار گوێز لە دیتنی منەوە چیدی ئەو درەختە نیە کە ساڵانە چەند گوێزێك دەدا، چیدی ئەو درەختە نیە کە خەڵك باسی دەکەن و نهێنیی سەیر سەیری لێ دەگێڕنەوە و منیش گاڵتەم پێدەهات، ئیدی ئەو درەختە درەختی وشەیە، لەمەودوا هەتا من ماوم وا دەکەم لە دوای منیش بە درەختی وشـە ناودێری بکەن، بۆ هەر کەسە شتێکە بۆ من ئیـدی درەخـتی وشـەیە.. لـەو کەتناوەیە سێ درەختی پـیرۆز هـەن، هەریەکـەیان لـە جێگەیـەك، هیـچیان لەویدی دیار نیە، ناسراوترینیان درەختی وشەیە، دووەکەی دی ناسـراو نـین، لەوێ درەختی هاوینی یان درەختی ژن، ئەویدیان لە سـەری سـەرەوە، نزیـك ئاسمانـە و ڕەنگـە نـاوی درەخـتی خـەون بێـت، درەخـتی خـەون درەختێکـی گچکەڵەی کورتە بنەیە، درەنگ پیرۆزیی ئەو درەختـەم بـۆ دەرکـەوت، ئـەو درەختەیان زۆر زۆر پیرۆزە، ئەو کاتەی لە سەر دوندی پاڕانەوە و لەسەر ئەو بەردەی پیری بەفر گۆتەنی دەڵێی خودا بە دەسـتی خـۆی بـۆ مـن و مێرێـی ڕاخستووە تا لە سەری بخەوین، ئا لەو کاتەی لە سەر ئـەو بـەردە ڕایەخییـە دەخەویت و لە خەونێدا جوانترین ژنـی دنیـایێ بـە ڕووتـی دەورت دەدەن و گەمانت لەگەڵ دەکەن، وای دانێ ئەو کاتەی لە تەڕایی خەونێـدای، ئـا لـەو

کاتە هەتاو دەکەوێت، هەتاوی هاوینی، ئەو درەختە کورتە باڵایە سێبەرت لێدەکاو ناهێڵێت هەناو بتگەزێت و لەو خەونە خۆشەت بکات... ئەگەر خەڵکی کەتناوە دەزانن من لە بن ئەو درەختی وشەیە چی دەنووسمەوە، رەنگە درەختەکە بە ناوی من بکەن، دووریش نیە هەر لە بنەوە بیبڕنەوە، منیش تڕۆکەن ، دڵنیا نیم کامیان دەکەن، بە لامەوە گرنگ نیە کامیان دەکەن، ئەوەی گرنگە دەفتەرەکە پتر پڕ وشە بێت و پەڕی سپی تێدا نەمێنێتەوە، ئەو دەفتەرە زۆر گەورەیە چەندان داستان لە خۆ دەگرێت، بەڵام جێگەی منی تێدا نابێتەوە... تا ئازاری پێم دەستی پێنەکردووە، با بگەمەوە برادەرە پەنجە خوارەکەم..

هەر قسەی هاویشت و هەر خۆم لادا، ئەو دەیهاویشت و من خۆم لادەدا، ئیدی لەوەدا نەما بەرگە بگرم، هەتا پشتە دەست هەبوو بە جونێکەوە خەواندمە چەنەگەی، جونەکەم لە بیر نەماوە، هێندەم زانی کەوتمە بن دەست و پێی، هیچ جێگەم نەما شەقی برادەرە پەنجە خوارەکەمی پێنەکەوێت بە پێیە پڕ لە وردە ساچمەکەشمەوە، تا ئەو ساتە نەمدەزانی ئەو پەنجە خوارە هێندە تووش و بە هێز و دەو پیسە، من جوێنێکم پێیدا ئەو هەزار، من پشتە دەستێکم لێیدا ئەو سەد پشتە دەست و بەرە دەست و .... بە حاڵ منیان لە بن دەست و پێی پەنجە خوار دەرهێنا...

ئەو پەنجە خوارە وەهای کوتیم توانای هەستانەوەم نەبوو، نەمدەزانی وا بەهێزە، وا بێ بەزەیی و غەدارە هەر بەکوشتن کوشتمی، لە سەر ئەو حاڵەش هێشتا رانەدەوەستا، گرتبوویان بە هەموویان گرتبوویان، هەرچی جونی پیسی دنیا هەیە ریزی کردبوون، منیش جار جارە جونەکانی ئەوم دووبارە

دەکردنەوە، جونی دیم نەدەزانی، یان هەر هێندە جونە هەبوون، یەك دوو جارێکیش گوتم: ئەگەر پێم ئەوها نەدەبوو، ئەتو ئەو پیاوە بوویت بەرانبەر من راوەستی هەی خۆری لە خۆری! من لە دڵەوە ئەو قسەیەم دەکرد، رەنگە راستم گوتبێت، دڵنیابووم، ئەگەر ساخ بام، بە ئاسانی پێی دەوێرام، بە هی لەو بەهێزتریش دەوێرام، ئیدی ئەگەر و مەگەر نەیدەخوارد، مارکوژی کرد م هێشتان وازشی نەدەهێنا، رەنگە ناهەقیشی نەبووبێت، ئاخر من لە هیچ و خۆڕا پشتە دەستێکی خراپم لە چەنەگەی دا، جونێکی زۆر پیسیشم پێیدا...

ئەورۆ رۆژێك بوو لە رۆژە شوومەکانی ژیانی من، لە هیچ لایەکەوە بۆم نەهات، دەستم بۆ هەرچی برد وەك مار پێوەی دام، مەریەم، ئای مەریەم! چیت لە من کرد! پەنجە خواری سەگباب چۆن منت سووك و چرووك کرد! لە سەر ئەو حاڵەش تێروپڕت تێهەڵدام، هەمووی لە بن سەری تۆ بوو، ئەگەر تۆ گووی ئەوهات نەخواردبا، من هار ببووم دەچووم یەخەی مەریەمم دەگرت، ئەگەر تۆ نەبای من ئەو هەموو جونەی مەریەم و ئەو هەموو شەق و جوونەی تۆم دەخوارد، با بۆت بمێنێت، پەنجە خواری درۆزنی داخ لە دڵی هیچوپووچ، با بۆت بمێنێت، شەرتبێت بەس ئەو پێیە حیزەم چاك بێتەوە، دەبێت وەهات لێبکەم، بە هەردوو دەستان گوو بخۆیت، گوو... زۆرم گوت و کەس نەیبیست بۆ خۆم قسەم دەکرد، نەخشەی تۆڵەکردنەوەم دەکێشا..

ئەگەر لەو کاتانە تفەنگەکەم لە بەر دەست با رەنگبوو تەقەی لێبکەم، وا بزانم چاویشم بۆی گێڕا، دەتگوت هەستیان بەو چاو گێڕانەی من کرد، بۆیە تفەنگەکەم لە جێی خۆی نەمابوو... لە دڵی خۆم گوتم، پیاو نەبم ئەگەر ئەو شەو لە شیرنەی خەویٚ هەنجن هەنجنت نەکەم ئەی پەنجە خوار..

له بیرمه برادەره پەنجه خوارەکەم دیار نەما، هەتا درەنگی شەویش چاوەڕێی بووم بێتەوە، نەهاتەوەو نەهاتەوە، دوایی زانیم بۆ جێگەیەکی دووریان ناردبوو لەو ترسەی نەوەك شتێك بقەومێ، کارێکی باشیان کرد، ئەو کوڕە پەنجه خواره ئەگەر لە بەر چاوم با دوور نەبوو شتێکی گەوره بقەومێ..

## بيست و پێنج

لە دواى ئـەو رۆژەوە، ئـەو رۆژەى قەومانـدم، ئـەو رۆژەى نيـازى دڵـى خۆمم راستورەوان بە مەريەم گوت، ئەو رۆژەى مەريەم تێـر جـونى كـردم و رەوانەى هەڵدێرى كردم، ئەو رۆژەى پيرى بەفر نەيهێشت هەڵدێرێم، دەستمى گرت و بەڵێنـە هاوينييەكـەى خـۆى بـۆ نوێكردمـەوە و بـەو بەڵێنـە تـەواو گەشامەوە، ئەو رۆژەى لە ماڵى پـيرى بـەفرەوە بـەو ديـوەى مـاڵى مەريـەم هاتمەوە بارەگا و بە دەم چاخواردنەوەوە، برادەرە پەنجـە خوارەكـەم گێـچەڵى پێكردم و منيش جونێكم بە پشتە دەستێكەوە خەوانـدێ، لـەو رۆژەوەى بـە شەش حەوتێك هەوڵيان دەدا من لە بن دەست و پێى پەنجە خوار دەربهێنن، لـەو رۆژەوەى پەنجـە خـوار بـزر بـوو، نەمديتـەوە، لـەو رۆژەوە مـن وەك پشيلەيەكى سەرما بردەلە خۆم لە دورِ بارەگا گرمۆڵە كردو نەدەهاتمە دەرێ، نانيشم هێندە نەدەخوارد، دڵم هيچى نەدەبرد، لە تاو ئازارى پـێم سـەراپاى ژيانم بە تاريكى دەديت، حەبى دكتۆريشم لە بـن هێنـا، ئـەو رۆژانـەم نيـوە مانگرتنێك بوو لە ژيان، كەسم نەدەدواند، دەياندواندم، وەلاٌمم نەدەدانەوە، لە بيرمە زۆر خزمەتيان دەكردم، نازيان دەگرتم.. پيرى بەفر يەك دوو جار لە دوومى نارد نەچووم، رۆژێك بە پێى خۆى هات بە هاتنى ئەو هەموو گونـد روويان لە بارەگا كرد، هاتنى گوند غەريب نەبوو، نائاسايى نەبوو، غەريب و نائاساييەكە هاتنى پيرى بەفر بوو، ئەو پياوە وەك خـەڵكى ئـاوايى باسـيان دەكرد، منيش لە مێژ بوو راستيى قسەى ئاواييم بـۆ دەركـەوتبوو، ئـاوايى

دەیانگوت لە تەمەنی خۆی سەری بە هیچ ماڵێكدا نەكردووە، تەنها بۆ تازیەنە نەبێت، هەرگیز سەری لە نەخۆشیش نەداوە، ئەگەر هەموو گوند لە سەرەمەرگ بێت سەردانی ماڵیان ناكات، ئەگەر شتێك بقەومێت نزیك دەبێتەوە، ئەگەر بزانێت پێویست بەو دەكات نزیكتر دەبێتەوە، ئەگەر نا، لە دوورەوە دەگەڕێتەوە، ئەوەی پیری بەفر دەباتە ماڵان و دایدەنیشێنێت، تەنها مردنە، ئەگەر كەسێك حەز بكات پیری بەفر بێتە ماڵیان ئەوا دەبێت حەز بكات كەسێك لە ماڵەكەی بمرێت..

پیری بەفر لەگەڵ ئەوەی نەدەچووە ماڵی كەس، بەڵام هەموو كەسێك دەچووە ماڵی پیری بەفر، كەس نەیدەگوت، یان بیری نەدەكردەوە كە بۆچی من دەچمە ماڵی ئەو و ئەویش لە كاتی نەخۆشیش سەرێكم لێنادات، دەڵێن كۆن زۆر كۆن وەك بیستوومانە پیری بەفر ئەوها نەبووە، زۆر بەگەرمی هاتوچۆی ماڵانی كردووە، بەڵام لەو رۆژەوەی ژنێك لە ژنەكانی كە ناوی مێرێ بووە كۆچی دوایی دەكات ئیدی لەوەوە بە دوا بۆ تازیەنە نەبێت پێی نەچۆتە هیچ ماڵێكی ئەو گوندە..

لەوەوە ئاساییە كە دوای ئەوەی خەڵكی گوند زانیبوویان پیری بەفر وا لە بارەگای رەبەنان مێوانە، هەموو بە گەورە و بچووكەوە، بە ژن و پیاوەوە، رەنگە مەریەمیشیان لەگەڵ بووبێت روو لە بارەگا دەكەن، خەڵكی گوند بارەگاشیان لە ریزی ماڵێك لە ماڵەكان دانابوو، هەر رووداوێك روویدابا، بێ دوا كەوتن دەگەیشتن، بۆیە یەكسەر گەیشتن ، تەماشام دەكردن، بە غاردان دەهاتن، دوو سێ پیاو لە پێش هەمووان گەیشتن، كاتێ تێگەیشتن هیچ لە گۆڕێ نیە و پیری بەفریش بە زاری خۆی گۆتی:

چ نیە، بڕۆنەوە، من هەر حەزمکرد بێمە ئێرە..

ئەوجا خەڵکەکە پەرتەیان لێکرد، ڕەنگە هێشتا باوەڕیان نەکردبێت..

ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی گەورە بـوو، زۆریـش گـەورە، پـیری بـەفر مێـوانی بارەگا بوو، مێوانی من بوو لە ناو بارەگا، من بە هاتنی ئەو گـوڕم هاتـەوە بەر، ئازاری پێم چەند قات لە کەمی دا... لـە بیرمـە هـیچ قـسەیەکی وای نەکرد، بەڵام گفتی لێوەرگرتم کە سبەی سەردانی بکەم، ئیدی ڕۆیـشت، لـە دوای ڕۆیشتنی پیری بەفر، بڕیارم دا مانگرتن بشکێنم

وا بزانم ڕۆژی دوایی بوو، بە تەنیـشتی ئـاوایی بـە دیـوی گـەرماو نـا بـە دیوەکەی دی، بە شەلەشەل شۆڕبوومەوە، ئەودەمـەی مـن باسـی دەکـەم هـەر بەهارە، بەڵام لە گیاوگۆڵدا تەڕایی و کەسکایی جارانم نەدەدی، نزیکبوومـەوە لە ماڵی پیری بەفر، لە دوورەوە منی دیت، خاکەناسـەکەی هـەر بـە دەسـتەوە بـوو، لـەوێ لـە دەو جۆگەکـە چـەقاندی و بـەرەو پـێش دەرگـا، لای بـەردە کورسییەکان هات، بە یەکەوە گەیشتینە لای بەردەکان، ئەو بەردانەی دەمێك بوو لە چاوەڕوانی من بوون، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، لـەو ڕۆژەدا زۆر دانیـشتین هـەرگیز هێنـدە بـە یەکـەوە دانەنیـشتووینە، بـەڵام ئـەو دانیـشتنە دوورودرێژە کەمترین قسەی تێدا کرا، لەو ڕۆژەدا زۆرترین پرسیارم کرد، بەڵام پرسیاری ژێر لێوان، ڕەنگە پیری بەفر گوێی لە هیچ کام لەو پرسـیارانەی مـن نەبووبێت، بەشێك لـە دانیـشتنی ئـەو ڕۆژەمـان لـە ژوورەوە بـوو، هەرچـەندە ڕۆژەکەی زۆر خۆش بوو هی ئەوە نەبوو کەس لە ژوورەوە دانیشێت، بەڵام ئێمە دانیشتین، لەو دانیشتنە بێ قـسەییەش بێـزار نـەبووم، لـەو دانیـشتنە پـڕ لـە پرسیارە بێدەنگییە بێـزار نـەدەبووم، لـەو سـاتەوەی چـوومە ژوورەکـەی پـیری

بەفرەوە تا ئەو ساتەی هاتمە دەرەوە، چاوم بە دیواری ژوورەکەوە بە هەر چوار دیوار و بن بانیشەوە هەڵواسرا، هەندێك جار وا هەستدەکەم ئێستاش چاوم بەوێوە هەڵواسراوە، هەر کەسێك لە جێی من با هەر وەك من دەبوو ..

ژوورەکەی پیری بەفر ئەو رۆژەی من باسی دەکەم ژوورێك بوو جیا لە هەموو ئەو ژوورانەی دیومە، جیا لەو ژوورەی زۆر جاری دی لێی دانیشتووم، هەر لەو جێگەیە دانیشتبووم کە زۆر جاریدیش لێی دانیشتوومە، بەڵام ئەوەی لەو دانیشتنە دیتم لە هیچ دانیشتنێکی پێشوو نەمدیوە، وا بزانم یەکەم پرسیار کە هاتە سەر لێوم و نەمزانی بۆ نەمکرد.

(( ئەو ژوورە چۆن ئەو گۆڕانە سەیرەی بەسەردا هات، ئەو هەموو شتە لە کوێوە هاتن، هەتا ئێستا لە کوێ بوون؟! ))

ژوورەکەی پیری بەفر کە هەرگیز پێشتر ئەوها نەبووە، دیواری ژوورەکەی پێش ئەوجارە وەك بەری دەست رووت و قووت بوو، هیچت لە دیوار نەدەدیت، بەڵام ئەوجارە جۆرەها بازن، خەناوکە، خرخاڵ، پێڵاوی ژنان، چەفیە، خەزێم، تەشی، لە نەریتی گوند لامەدە هەر شتێکی ژنانەت دەوێ بڕۆ لە ژوورەکەی پیری بەفر تەماشای بکە.. لە بیرمە تووشی واقوڕماوی هاتبووم، وابزانم پەنجەم بۆ یەك یەکی شتەکان درێژ دەکرد و دەمپرسی: ئەوە چیە؟ ئەدی ئەوەیان؟! بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکی پیری بەفرم نەبیست، یان نایەتەوە یادم وەڵامی پرسیارەکانی منی دابێتەوە، رەنگە پرسیارەکانم لە ژێر لێوەوە کردبن بۆیە هیچ وەڵام نەبوو، ئەوەی لە بیرمە گوتی:

(( ئەوانە پاشماوەی ژنەکانمن، هەموویانم وەکو چاوی خۆم پاراستووە))

ئەو رۆژە من هەر چاوم لە شتی ژنە مردووەکانی پیری بەفر گیرا، لە پەنای رەفتەیەکی رەشی گوڵگوڵییەوە خاچێکی بچووك زۆر بچووکم دیت.. ژوورەکەی پیری بەفر ئەورۆ مۆزەخانەیەکی خنجیلە بوو، کەتناوە بەوەش خۆی لە گوندەکانی دی جیاکردەوە، لە هیچ گوندێك مۆزەخانەم نەدیتبوو، نەشمزانیبوو کە لەو گوندانە مۆزەخانە هەبێت.. نازانم کەسی دی پێش من ئەو مۆزەخانەیەی پیری بەفریان دیتبوو، یان نا.. گوێم لێی بوو گوتی:

((ئێستا لە ژوورەکەی دی دادەنیشم ئێرە کەم دەکەمەوە..))

تەماشای دەرگاکەشم کرد تۆپ و کلیلی پێوە بوو کە پێشتر ئەوەی نەبوو.. قسەیەکی ئەو رۆژەی پیری بەفر تا ئێستاش وەك خۆی بە ریتمی خۆی لە گوێم دەگوترێتەوە :

(( حەز دەکەم چەند ژیاوم هێندەیدیش بژیم بۆ پاراستنی ئەو شتانە))..

ئێستا ئەو ئێستایەیە نە ئێستای ناو مۆزەخانەکەی پیری بەفرە، نە ئێستای سێبەری دار گوێزەکە، من ئێستا بە دیار کۆمپیوتەرێکەوە دانیشتووم، دەفتەرێکی گەورەی زۆر گەورە لە تەنیشت کۆمپیوتەرەکەوە بە لای چاوی چەپم بە کراوەیی پشت لە دیوارە، ئەو دەفتەرە هەمان ئەو دەفتەرەیە کە لە بن دارگوێزەکە بوو، دەفتەرێکە مەگەر هەر من هەندێك سەرەدەری لێدەر بکەم، دەستخەتێکە ورد ورد زۆر ورد، هەرگیز دەستخەتی وا وردم نەدیوە، رەنگە مەبەستێك هەبێت لەو ورد نووسینە، دەستخەتێکی خوار و خێچ تا بڵێی خوار و خێچ، لە زۆر جێگە رەشبۆوەتەوە دەبێت زۆر خۆمی لەگەڵ ماندوو بکەم تا دەخوێندرێتەوە، لە زۆر جێگە دڕاوە، دەبێت لەتە رستە و لەتە وشە لێکدی گرێبدەمەوە.. ئەو سەرهاتە وەك خۆی وەك ئەوەی لە بن

دار گوێزەکە لەو دەفتەرە نووسرایەوە ناچێتە ناو کۆمپیوتەرەوە، ئەوەتـە لێـرە نەك هەر وشە و رستە، لاپەڕەیەك و چەند لاپەڕەیەك، گەچراون، کە پێدەچێت ژووره مۆزەخانەییەکـەی لـە خـۆ گرتبێـت، پێدەچـێت دوا رۆژەکـانی بـەهاری کـــەتناوە و زۆر شـــتی دیکـــەی ســـەرەتای هاوینیـــشی نیـــشاندابێت ناخوێندرێتەوە....

ئۆخەی ئەوە گەیشتینە هاوین، سێ وەرزم لەو کەتناوەیە بەسەر بـرد هـەر وەرزێکی لـە سـاڵێك پـتری خایانـد، ئـەوە هاوینـە و دەبێـت بگەمـە درەختـە هاوینییەکە، باش نـەبوو خـۆم هەڵنـەدێرا، ئەگـەر پـیری بـەفر نەدەگەیـشتێ، رۆیشتبووم، درەختم نەدەدیت، باش بوو ئەو کەرایەتییەم نەکرد، ئەو مەریەمە بە تەما بوو چم لێبکات! با بۆت بێنێت مەریەم، خۆ هەر دێیتە ئەو درەختەوە شەرتبێت لە هـەموان پـتر سـەیری لەشـولاری تـۆ بکـەم، ورد ورد تەماشـات بکەم، تەماشای هەموو جێگەیەکت بکەم، لە تەوقی سەرتەوە هەتا بنی پێت، دەبێت هەموو کونەکانی لەشت تەماشـا بکـەم، خـۆت بگـرە وا هـاتم... زۆر نەماوە بگەمە درەختی ژنگرەوە، جوانترین ژنی دنیایێ بـە رووتـی دەبیـنم بـا هەر دەستم نەیانگاتێ، پیری بەفر گۆتەنی چاو بەسە، وایە چاو بەسە ئەگەر بۆ خەڵکیش بەس نەبێت بۆ من سەروزیادە، وا لە نزیکەوە ئەو هەموو مەمك و سمت و ناوگەڵە ببینم چیم دەوێـت! دەیـانگوت پـیری بـەفر لـە تەمـەنی خـۆی درۆیەکی نەکردووە من باوەڕم نەدەکرد، دوای ئەوەی درەختەکەم دیت دەبێـت بچمە لای پیری بەفر و داوای لێبووردنی لێبکەم کە زۆر جار لە تووڕەیی قسەم پێیگوتووە...لە شەوێکی هاوینیی مانگەشەویدا ئەو قسانەم لە بەر خۆمـەوە دەکرد، ئـەو شـەوەی ئـەو قـسانەم تێـدا کـرد بـۆ سـبەینێکەی دەبـوو بگەمـە

درەختەکە و جێگەی خۆم خۆش بکەم... واتە نەچوومەتە نزیك ئـەو درەختـە، بەلاّم مسۆگەر سبەی دەچم، رەنگە هەر سبەی ئەگەر سبەی رێك نەکەوت هەر لـەو هەفتەیـە لـەوێوە لـە درەختەکـەوە ژنـان بـە رووتـی دەبیـنم، ئـەو شـەوە مانگەشەوییەی لە سەر قەرەوێلەیـەکی دار کـە بـە دەسـتی خـۆم بـە دڵ و داو درووستمکردبوو، درێژترین شەوی ساڵ بوو، ئەو شەوە لە کنە من بە قەد سـێ وەرز پایز و زستان و بەهاری کەتناوە درێژ بوو، هەزارو یەك چیرۆکم بـۆ خـۆم گێڕایەوە، هەر شەو بوو، رۆژ نەبۆوە..

دیسانەوە وا ئازاری قاچم زیادی کرد، ئیدی ناتوانم چیدی بنووسم، دەبێـت ماڵئاویی لەو دار وشەیە ئازیزە بکەم، ئـازیزترین دارە لای مـن، ئـەو وایکـرد کەتناوە بە خۆم و پیری بەفر و مەریەم و ئەوانیدیەوە بخەمە ئـەو دەفتـەرەوە.. تـا ئـەو جێگەیـەی پـێم دەرفـەتم دەدا دێمـە ژێـر ئـەو دارەوە ژمـارەی پـەڕە نووسراوەکانی دەفتەری گەورە زیاد دەکەم، بە نیازی دیتنەوەی دار وشە...

## بیستوشەش

چەند رۆژێکە، رێك ئەورۆ سێ رۆژە، پیری بەفر لـە قـسەکردن رەفتـاری زۆر گۆڕاوە، هەر خـۆی قـسە دەکـات و گـوێ لـە کـەس راناگرێـت، کاتێـك دەکەوێتە قسە دەڵێی جۆگەکـەی بـەر دەمماڵیانـە هـەر دەڕوا و بـە کـەس ناگیرێتەوە ، لە دانیشتنێکی دەو جۆگەیی، جۆگەی پێش ماڵیان، منداڵانـە زۆر منداڵانە پێدەکەنێ، زۆر پرسیارم لێ دەکات بەڵام چاوەڕێی وەڵام ناکات ، هەر خۆی وەڵامیان دەداتەوە، پرسیارێك لەو لەو پرسیارانە:

(( تۆ ژنی حاڵگرتووت دیوە؟))

چاوەڕێی نەکرد ئایەك نایەك لە من ببیستێ، خۆی حاڵگرتووانە دەستی پێکرد: من لە کۆنەوە، زۆر لە کۆنەوە کەیفم بە کـۆڕی دەروێـشان هـاتووە، چەندی بۆم کرابێـت لێیـان نزیـك بوومەتـەوە، راسـتە هێنـدە عەشـقە دیـن نەبوومە، نوێژێکم کردووە، سەد نوێژم تەرککردووە، رۆژوێکم گرتووە بیست و نۆم بەرەڵڵا کردووە، بەڵام بەردەوام حەزم لە ناو دەروێشان بـووە و لەگـەڵ ئەوان زیکرم کردووە، کۆڕی هەموو دەروێشانی دنیام دیتـووە، لـە بەغـداوە یگرە تا دەگاتەوە ئەستەنبول.. بـەڵام دەروێـشی هـیچ شـوێنێك، هـی هـیچ شێخێك نەدەگەیشتنە دەروێشەکانی شـێخی نـەهری، هـەر ئـەو دەروێـشانە حاڵبگرن، لە پاش ئەوانە حاڵگرتن حەرامـە، تـەنها یـەك کـەس هـەبوو لـە دەروێـشەکانی شـێخی نـەهریش جـوانتر گـەرمتر حـاڵی دەگـرت، ئـەویش مەستانەکەی من بوو، مەستان درەنگ ئاشـنایەتی لەگـەڵ حـاڵگرتن پەیـدا

کرد، زۆر درەنگ چەند ساڵ بوو لە کنە من بوو، دەزانی ئـەویش لـە داخـی منداڵ بووە دەڕۆیش.. باشم لە بیرە لە کاروان بـووم مـانگێگ دەبـوو مـاڵم بەجێهێشتبوو، پایزانێکی درەنگ بوو، دنیا بەرەو ساردی دەچوو، شەوەکانی لە شەوانی زسـتان دەچـوو، شـەو گەیـشتمەوە ئـاوایی، ماڵنووسـتنان بـوو، ئاوایی کپ و بێدەنگ ، جگە لە دەنگی ناوە ناوەی سەگ ئەوەی دەنگە لەو گوندەوە نـەدەهات، سـەگەکانی ئـەو زەمـان وەکـو سـەگی ئێـستا نـەبوون، کێشکەیەك رووی لەو گوندە بکردایە، بـە وەڕینێـك گونـدیان لێـی ئاگـادار دەکردەوە.. با زۆر سەرت نەیەشێنم، هێشتا تەواوێکی مابوو بگەمە ئێـرە، ئەو شوێنەی وا لێی دانیشتووین، ئەها لێرێهێوە، گوێم لە دەنگی دەف بوو، ئەو دەمیش ماڵمـان هـەر لێـرە بـوو، هـەر دوو ژووریـشم هـەبوو، ئـەو دوو ژوورەی تۆ دەیانبینی زۆر کۆنن زۆر، هەموو ژنەکانم ئەو دوو ژوورەیان دیوە، هەموو ژنەکانم نوێکردنەوەی ئەو دوو ژوورەیـان دیـوە، لەگـەڵ هـاتنی هـەر ژنێك ئەو ژوورانە نوێکراونەتـەوە، بـە هـاتنی مێـرێ نوێبوونـەوە، بـە هـی مەستان بە هی هەموویان.. لە کوێیە ئەو دەنگی دەفـە! نزیـك بـەوە نزیـك بەوە، کوڕە خۆ ئەوە لە ماڵی ئێمە دەنگی دەف دێت! هۆپێکم لە خۆم زانی، هەزار شت بە مێشکما هاتن و رۆیشتن، هاتم هاتم گوێم بە دەرگـاوە نـا، بـۆ ئەوەی بزانم دەف بە تەنێیە یاخود دەنگیشی لەگەڵـە، دەنگـی مەستانیـشم گوێ لێبوو، نەرم نەرم (حەی حەی) دەکرد.. ئەها لەو کونەوە! لێرە بەردێکی هەندێك گەورە هەبوو، ئەها ئەو بەردێهێ، هێشتا ماوە، کێ دەزانێـت ئـەو بەردە چەندی تەمـەن کردووە! چەند تەمـەن دەکات! ئای بەرد، هەزار خۆزگەم بە تەمەنی تۆ، برالە، ئەو بەردە کورسی ژنەکانی من بوو، هەر هـەژدە ژنـە

جوانەکانم لە سەر ئەو بەردە دانیشتوون، لە سەر ئەو بەردە بەهاران روویان داوەتە رۆژێ و بە دیار نەینۆکەوە پرچی خۆیان شانەکردووە، لە سەر ئەو بەردە دەستیان خسۆتە بن چەنەگەو چاویان بڕیوەتە ئەو رێگەیەی وا دیارە..

- بۆ ناپرسی چاوەڕێی چیان دەکرد؟

- بڕواناکەم لە تۆ زیاتر چاوەڕێی کەسی..

وایە، چاوەڕێی منیان دەکرد، ئەو بەردە لای من زۆر پیرۆزە، ئەو ناوە هەمووی بە دارو بەردییەوە، بە خۆڵ و ئاوییەوە، بە باڵدار و بێ باڵییەوە، بە عەرد و ئاسمانییەوە، پیرۆزە، زۆر پیرۆزە ئێرە، ئێستاش ئێرە بۆنی ژنەکانی منی لێدێت، بۆنی مێرێ، بۆنی مەستان، بۆنی فەتانە، بۆنی هەمووانی لێدێت، ئەتو نازانی پیرۆزی ئەو بەردە لە چیەوەیە! لە سەر ئەو بەردە، من بۆ یەکەم جار حاڵگرتنی مەستانم دیت، سەمای مەستانم دیت... ئا، بەردەکەم غلۆری ئێرە کردەوە چوومە سەری، زۆر پێشتر ئەو بەردە بەردێکی زۆر گەورە بوو، جارێك تۆپێکی گەورەی بەرکەوت، وا بزانم ئەو تۆپە لە ماڵی تورکانەوە هات رێك بە بەردەکە کەوت، پارچە پارچەی کرد، ئەوەیان پارچە گەورەکەیەتی پارچەکانی دی نازانم لە کوێن، بشیانبینم نایانناسمەوە، ئێ، لە سەر بەردەکەوە تەماشای مەستانم کرد، چ ببینم! مەستان پرچی کردبۆوە، پرچ چ پرچ! دەتگوت رووبارە شەپۆلان دەدا... ئەو بەردە تەمەنی زۆر کردووە، چ دەبوو ئەگەر مرۆڤ نیوەی بەرد تەمەنی کردبا! ئەو بەردە هەمووانی مراند، منیش دەمرێنێ، شەیتانیش دەمرێنێ، ئەوەی تۆپیشی دروستکردووە و ئەوەی تۆپیش داوێت هەمووانی مراند و دەمرێنێ، ئەوەی شەیتانیشی دروستکردووە دەمرێنێ، هەمووان دەمرێنێ

و بۆ خۆیشی دەمێنێ.. لەو کونەوە تەماشای مەستانم کرد، مەستان دەتگوت شەرابی دنیای خواردۆتەوە، لە دنیا دابڕابوو، بەو پەنجە شمشاڵیانەی دەفی دەژەند، بەو دەم و لێوە گوڵیانەی حەی حەی دەکرد، من تەواو حەپەسابووم، تاهەقم نەبوو، یەکەم جارمە مەستان وا ببینم، هەر مەستان نا، یەکەم جارم بوو ژن وا ببینم، مەستان دەنگی ناخۆش نەبوو، زۆر گوێم لە گۆرانیی ئەو ببوو، بەلاّم ئەو شەوە و لە گوێی من هیچ دەنگێك نەدەگەیشتە دەنگی مەستان، کوڕێك هەبوو حەسەن زیرەکیان دەگۆتێ، جارێك ڕێی کەوتە ئێرە، گۆرانی گوت، دەنگی زۆر خۆش بوو زۆر، ئێستاش جاروبار لە رادیۆ گوێم لێی دەبێت، زۆر حەز بە دەنگی ئەو کوڕە دەکەم، لە کنە من خۆشترین دەنگە لە دنیایێ، بەلاّم بڕوام پێبکە دەنگی مەستان لەو شەوەی حالّی گرتبوو، زۆر لە دەنگی حەسەن زیرەکیش خۆشتر بوو، مەستان تاوێك هەلّدەستا سەر پێ، تاوێك لە سەر چیچکان دادەنیشت، بەردەوامیش دەفی دەژەند و دەیخوێند، پرچییشی بەو ژوورەدا بلاّوکردبۆوە.. لە تەماشاکردنی مەستان مەست ببووم پێ لەسەر ئەو بەردە و چاو بەو کونەوە .... چاوم لەو کونە نەدەبۆوە...

پیری بەفر لە گێڕانەوەی حالّگرتنی مەستان، بە تەواوی حالّی هاتبووێ، لە گێڕانەوەی ئەو شەوە حالّگرتووەدا هێندە دەستڕەنگین و کارامە بوو، ژووره مەستانییەکەی بە دەنگ و ڕەنگەوە پیشان دەدا، وای کرد منیش لە تەنیشت ئەوەوە و لە سەر بەردەکە لە سەر یەك پێ ڕاوەستم و چاوم بە تەنیشت چاوی ئەوەوە لە سەر مەستان ڕابگرم، بە گوێی خۆم گوێم لە دەنگی پەنجە و لێوی مەستان بێت، وای کرد بە چاوی خۆم جولانەوە

مەستانییەکەی مەستان ببینم... ئێستاش وێنەی مەستان، دەنگی مەستان، دەنگی دەفەکەی مەستان، لە چاومن، لە گوێمن.. هەر کاتێک بمەوێ ژووره مەستانییەکەی مەستان بۆ کەسێک بگێڕمەوە، پێویست ناکات بگەڕێمەوە لای پیری بەفر و لە زار و چاوی ئەوەوە بیگوازمەوە و نیشانی بدەم.. شەوە مەستانییەکە شەوێکە تەنها پیری بەفر نەیدیت، منیش بەو چاوانەی خۆم دیتم، پیری بەفر تەنیا نەبوو کە مەست بوو منیش لە تەکیا لەو مەستتر راوەستابووم، پیری بەفر تەنیا نەبوو ئەو کاتەی دەیویست لە دەرگا بدا، دەیویست بانگی مەستان بکا و نەیدەتوانی یان دڵی نەدەهات، منیش حەزم نەدەکرد مەستان بە ئاگا بهێنێتەوە، مەستان بە مەستییەوە جوان بوو، من و پیری بەفر هەردووکمان کۆک بووین لە سەر ئەوەی کە نابێت بە بانگکردنێ، بە تەقەی دەرگا، مەستییەکەی مەستان راچڵەکێ، حەزمان دەکرد تا دنیا دنیایە مەستان هەر مەست بێت، هەر دەف بژەنێ، هەر زیکری خودا لە پێناوی زگپڕبوونێ بکات.. من و پیری بەفر پێکەوە مەست ببووین، جیاوازیی من و ئەو لەو شەوەدا ئەوە بوو، پیری بەفر مەستی مەستبوونی ژنێك بوو چەندان شەو و رۆژیان پێکەوە بە سەربردبوو، دنیایەك جار توند لە ئامێزی خۆی گرتبوو، جێگەیەك نەما بوو لە لەشی ئەو ژنە ئەو نەیدیتبێ، بۆنی نەکردبێ، ماچی نەکردبێ، سەدان شەو بە نیازی زگپڕبوون لەگەڵی خەوتبوو، پیری بەفر حاڵگرتووی حاڵگرتنی ژنێك بوو، چەندان وەرز گوێی لە دەنگی بووە، لە سەرما و گەرما و فێنکی گۆرانیی بۆ گوتووە.. بەڵام من مەستی ژنێکم لە زاری پیری بەفرەوە زانیم ناوی مەستانە، ئەو ناوەم لە سەر کێڵی گۆڕێك دیتووە، ئەو شەوەی لەگەڵ پیری بەفر لە

كولانكەوە تەماشام كرد، ئەوە يەكەم جارم بوو ئەو ژنە ببينم، هەرگيز قسەشم لەگەڵی نەكردووە، هەر ئەو جارە ديتم، خودايە ئەو ژنە چەند جوان ( حەی حەی) دەكرد، چ جوان سەمای دەكرد، يەك بە ژوورەكە پرچی خاوی بلاو كردبۆوە، پرچ چ پرچ! دەتگوت پەلە هەوری بەهارييە و تووشی بە تووشی چەند بايەكی دژە ئاراستە هاتووە، خودايە ئەو ژنە دەفەكەی چۆن هەڵدەدا و دەيگرتەوە! ئەوەی من لەو ژوورە ديتم مەگەر تەنها پيری بەفر ديتبێتی.. منيش وەكو پيری بەفر حاڵگرتنی موريدەكانی شێخی نەهريم ديوە، قسەی پيری بەفرە كەس نيە وەك ئەوان جوان حاڵبگرێت، ئەو موريدانەم ديت، لە بيرمە جارێك يان پتر زۆر لە نزيكەوە ئەو دەروێشانەم ديت، لە نزيك ( منارەی چۆلی) حاڵگرتنی ئەوانم ديت، بە دوای كۆتر كەوتبووم، ديتم ئەوان لە بن منارە پرچيان كردبۆوە، پرچی سپی، پرچی رەش، هی ماشوبرنجی، پرچی درێژ، زۆر درێژ، گوێم لە خەڵك بوو دەيانگوت ئەوانە لە سەر تەريقەتی شێخ عوبێدوڵلای نەهرين، حاڵگرتنێك حاڵيان گرتبوو، نيوەی شار هاتبوونە تەماشاكردنيان، بەو چاوانەی خۆم دەمديت، كۆترە شينكەكانی سەر منارەی چۆلی لە سەر ريتمی دەف و دەنگی دەروێشان، رێك وەك سەمای دەروێشان گمەگميان دەكرد، سەمايان دەكرد و باڵيان لێك دەدا.. دەروێشەكان دەنگيان زۆر خۆشبوو، هەر كاتێك دەيانگوت ( حەی حەی ئەڵلا) من كە كەمێك لە دووری ئەوان راوەستابووم، خەريك بوو لە خۆشيان باڵ بگرم، منيش وەك ئەوانم دەكرد، وەك كۆترەكان ئەو كۆترانەی دەمويست راويان بكەم، باڵم لێك دەدا، لەو

رۆژەوە بڕیارم دا ئیدی واز لە کۆتر بێنم، لەو رۆژەوە هەر لەوێ دارلاستیکەکەم فڕێدا.. پیری بەفر دەیگۆت:

(( مەستان لە موریدەکانی شێخی نەهری جوانتر و خۆشتر زیکری دەکرد)) منیش دەڵێم پیری بەفر لە تەمەنی خۆی هیچ درۆیەکی بە سەر زاریدا نەهاتووە.. پیری بەفر دەیگۆت:

(( دەنگی مەستان لەو شەوەدا زۆر لە دەنگی ئەو کوڕە خۆشتر بوو کە ناوی حەسەن زیرەکە))

لە وەشیان پیری بەفر راستی فەرموو، من کەسێکم لە موریدانی دەنگی حەسەن زیرەك، بەلای کەمی گوێم لە سێسەد و سی گۆرانیی ئەو بووە و هەمیشە گوێیان لێدەگرم و وا دەزانم ئەو دەنگە خۆشترین دەنگە لە دنیایێ، بەڵام ئەو شەوەی پێکەوە من پیری بەفر گوێمان لە دەنگی مەستان بوو، ئەو شەوە حەسەن زیرەك بۆ یەکەمین جار دۆڕا...

سۆبە دارینەکە داگیرسابوو، کەمێك سووربووبۆوە، کراسێکی ئاودامانی لەبەربوو، مەستانی بەژن زراڤ کاتێ دەفەکەی هەڵدەدات رەنگە بە کاریتە بکەوێت، بەڵام من پێکەوتنەکە نابینم، چونکە لە کونەکەوە کاریتە دیار نیە، خانووەکە بڵندە زۆر بڵندە، رەنگە بڵندترین خانوو بێت لەو گوندە و گوندەکانیدیش، مەستان ژنێکە چاوی دەڵێی ژێرپیاڵەی رووسیە، چاو و برۆ رەش رەش، برژانگی دەڵێی گوڵە گەنمی رەژگوڵە، لێوەکانی دەڵێی دنکە هەناری نازەنینن، روومەتی رێك سێوی بەروارییە.. پیری بەفر دەیگۆت: مەستان بە خۆی خەڵکی سەر زێی بادینان بوو. دەیگۆت: مەستان زۆر جوان بوو لەو دنیایە بەس مێرێ لە مەستان جوانتر بوو.. بەڵام ئەو مەستانەی من

له شەوی حاڵگرتندا دیتم زۆر له مێرێش جوانتر بوو، بڕوا ناکەم ژن هەبێت له جوانیدا بگاته مەستان، تا ئەو شەوەی لەگەڵ پیری بەفر لە کولانکەوە تەماشای مەستانی مەستمان نەکرد، هەر وام دەزانی مەریەم جوانترین ژنی دنیا و کەتناوەیە، بەس لەو شەوەوە زانیم مەریەم جوانترین نیە.. سۆبەکە لە ناوەراستی ژوورەکە بوو، مەستان بە خۆ و بە دەفی دەستییەوە مەستانە بە دەوری سۆبەکەدا دەسووڕایەوە، حەی حەی دەکرد، وێردی دەخوێند، چاوێکی هەر لە سەر سۆبەکە بوو، دەتگوت زیکری ئاگر دەکات، ئەو ژنە لە موریدی ئاگر دەچوو، لەو ژوورەدا دەموچاوی یەك پارچە نوور بوو، دەتگوت پشکۆی ئاگری خواردووە، سوور هەڵگەڕابوو سوور، پیری بەفر دەیگوت: مەستان ژنێکی کەڵەگەتی بەژن باریکی سوور و سپی بوو.. لێیم پرسی:

- مەستان لە سەر چ دین بوو، ئاگرپەرست نەبوو؟

- نا، بنەماڵەی وی لە نێوان زەردەشتی و موحەمەدی مابوونەوە..

ژوورەکە رووناك بوو، چراکە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، چرایەکی گەش و پڕ تیشك، لە هیچ ماڵێك لە ماڵی گوندان چرای وا رووناکم بەر چاو نەکەوتووە، دەڵێیم رەنگە چراکە هەندێك رووناکایی لە مەستانەوە وەرگرتبێت.. ئەو ساتانەی رووی مەستان دەکەوتە ژێر تیشکی چراکە، جوانییەك بوو تیشکی دەدایەوە.. کولانکەکە بە تێل گیرابوو، تێلی بێژینگ، پیری بەفر دەیگۆت: تا دنیا زۆر سارد نەکات، ئەو کولانکەیە ناگیرێ، هەر کراوەیە، کاتێك سەرمای زستان بە تەواوی گەیشت، مەستان بە پارچە مەقەبایەك دەیگرێت..

## بیستوحەفت

خـەڵکی کـەتناوە دەیـانگۆت: پـیری بـەفر لـە هـەموو مەملەکـەتان ژنـی هێناوە، لە هەموو دینان ژنی هێناوە، دەیـانگۆت: پـیری بـەفر زاوای هـەموو دنیایە، زاوای هەموو دینانە، زۆر ژن لە سەر دەسـتی وی بوونەتـە موسـلمان، من گوێم لە خەڵك بووە زۆر جار بە زاوای دنیا بانگی پیری بەفریان کـردووە.. پیری بەفر بە پیریش هەر قۆز بوو، بەو تەمەنەوەش هێندەی گەنجێکی قۆز قۆز بـوو، پیرەکـانی کـەتناوە و دەوروبـەری کـەتناوە لـە سـەر زاری باوکیانـەوە دەیانگێڕایـەوە کـە پـیری بـەفر قـۆزترین پیـاوی دنیـایێ بـووە، جگـە لـە قۆزییەکیشی پیاوێك بووە، خاوەن کەسایەتییەکی زۆر بـەهێز و خۆشەویـست، قسەزان و زیرەك بووە،... کەتناوەییەکان دەیانگۆت: کچی دنیایێ خواخوایـان بووە، پیری بەفر ئاوڕێکیان لێبداتەوە، دەستی لە سەر هەر کچێك دانابێت، بە مەنوونییەوە رازی بووە، پیری بەفر هەرگیز پەنای بـۆ ژن هـەڵگرتن نـەبردووە، پێویـستی بـەوە نـەبووە، بۆچـی ژن هـەڵبگرێت! یـەکێك ژن هەڵـدەگرێت کـە کەسوکاری کچەکە، یان ژنەکە، بچنە کەللەی شەیتان و نەیـدەنێ، بـەڵام کـێ هەبووە بلێتە پیری بەفر کچی خۆمـت نـادەمێ، خوشـکی خۆمـت نـادەمێ!.. ژنانی بەتەمەنی کەتناوە، ژنـانی بەتەمـەنی جێیـەکانی دی دەیـانگۆت: هـیچ پیاوێك نیە بۆ ژن شان لە شانی پیری بەفر بدا، ژنێکی زۆر بە تەمەن دەیگۆت: بە خودای هیچ پێغەمبەرێکیش هێندەی پیری بەفر لەگەڵ ژن باش نەبووە، ئەو

پیاوە زۆر زۆر لەگەڵ ژنەکانی باش و میهرەبان بووە، قەت ژنی ئازار نەداوە، غەدری لێیان نەکردووە، هەر ژنێك بووبێتە ژنی پیری بەفر بە دایکەوە خەنی بووە..

ئەو دوو سێ رۆژە پیری بەفر لە بارەی ژنەوە زۆر قسەدەکات، زۆر قسەی کرد، ئەو سێ رۆژە بەقەت سێ وەرزی قسە قسەی کرد، یەکە یەکە چیرۆکی ژنەکانی خۆی دەگێڕایەوە و دەگێڕێتەوە، لە گێڕانەوەی سەرهاتی ژنەکان بەپەلە بوو، بە پەلەیە، دەیویست هەرچی زووە، ئەوەی لە دڵیەتی هەڵیڕێژێت، وەك ئەوەی دڵی خەبەری دابێت کە دەمرێت، بیەوێت ئەو قسانە هەڵڕێژێ و لەگەڵ خۆی نەیانباتە بن گل، بەڵام وەك من تێیگەیشتبم ئەو پیاوە نامرێت، ئەگەر بشمرێت هێشتا زۆری ماوە، هەر لە خۆوە وا دەڵێم، دڵم دەڵێ پیری بەفر سەدانی وەك من دەمرێنێ و هەر زیندووە، پیرێ بوو ئەو چەندی قسە کرد من هێندە پرسیارەم لێی کرد، بەڵام بڕیاری خۆی دابوو وەڵامی پرسیاران نەداتەوە پێدەچێت ئەو بەرنامەی خۆی داڕشتبێت و بزانێت باسی چی دەکات، لەوە پتر هیچی نەدەگوت و هیچ ناڵێت..هەرچیم لێی دەپرسی وەك ئەوە وا بوو گوێی لێ نەبێت، لە سەر قسەی خۆی دەڕۆیشت و لە هێڵی قسە لای نەدەدا ئەو هێڵەی خۆی کێشابووی، ئیدی من بڕیارم دا پرسیار نەکەم، قسە لە قسەی نەکەم، لە هیچ شوێنێکی قسە هەڵنەدەمێ، بەڵام لەگەڵ ئەو بڕیارەش بە خۆم نەدەوەستام، جاروبار پرسیارێکم دەکرد.. پیری بەفر زۆر کەڕەت بە دەم ئاخ هەڵکێشانەوە قسانی دەکرد، زۆر بە پەلەیە، زۆر بەپەلە بوو لە قسەکردن کەم پشووی دەدا، بە پەلە بوو، زۆر بە پەلە، دەستی بە رشیە بەفرینییەکەی دادەهێنا و بە

دەنگێکی روون روونتر لەو کانییەی ئاوەکەی بە پێشماڵیاندا لە جۆگەیەکی عاشقانە بەرەو رووباری گەورە نەرم نەرم دەڕۆیشت:

هەموو خەڵك وا دەزانن من لەگەڵ هەموو ژنێك باش بوومە و دڵیانم نەڕەنجاندووە، بەڵام وا نیە، خەڵك بە هەڵەدا چوونە، ئاگایان لەو غەدرە نیە کە من لە ژنم کردووە، غەدرێکی گەورە زۆر گەورە کەس لە کەسی نەکردووە، راستە لەگەڵ هەموو ژنەکانم تا بڵێی نەرم و میهرەبان بوومە، ئاخر خۆ ئەوانیش زۆر لە من باشتر و میهرەبانتر بوونە، چاکەی ئەوان بە سەر منەوەیە نەك هی من بە سەر ئەوانەوە، بەڵام لەگەڵ ژنێك رەق رەق لە بەرد رەقتر بووم، زۆر خراپ رەفتارم کرد زۆر، هەر چەند بە بیرم دێتەوە، قرچ قرچ هەڵدەقرچێم، بە راستی بەردەوام لە هەڵقرچانم چونکە بەردەوام وێنەی ئەو ژنەم لە ناو چاوە، ئەو بێشەرەفییەی لەگەڵ ئەوم کرد، هەمیشە لە ناو سەرمە و دەرناچێت، ئەو خراپییەی لەگەڵ ئەو ژنەم کرد، هەموو باشییەکانمی سڕییەوە، ئەو باشییانەی لەگەڵ ژنەکانم کردوومن..

- چت لەو ژنە کرد؟

دڵنیام ئەگەر خودا دۆزەخی هەبێت، بێ سێودوو جێگەم دۆزەخە، لە سەر ئەو ژنە خودا من دەباتە دۆزەخ، ساڵێك لەمێژە زۆر لەمێژە، تازە چەند ساڵێك بوو گوڵناز چووبووە ئەو گۆڕستانە، گوڵناز ئەو ژنەی یەکەم ژنم بوو، تازە مووم لێهاتبوو کە گوڵنازم خواست، ماڵیان لەو گوندانەی ئەو بەر بوو، باوکم بۆی خواستم، ئەو رۆژەی لە سەر درەختە هاوینییەکە هاتمە خوارەوە و بە باوکم گوت ئێستەرەم ژنم دەوێت، چوو ئەو گوڵنازەی بۆ خواستم، گوڵناز یەکەم ژن بوو ماچی بکەم و لەگەڵی بخەوم، گوڵناز ژنێك بوو ژنانە، منداڵ

بوو هاتە لای من بەلاّم زۆر ژیر و خانەدان بوو، ئەویش وا بزانم هەر لە داخی منداڵ مرد... نازانم بۆچی بوو رێم بە رێی ئەستەنبول کەوت، ئێمە وا بزانم چوار کەس بووین، رێی ئەستەنبولمان گرتە بەر، لەو گوند بۆ گوند لەو شار بۆ ئەو شار، بڕۆ بڕۆ چەند شەو و رۆژ هەر بڕۆ، گوندێك لەو گوندانەی چەند شەوێك لێی ماینەوە ناوێکی زۆر خۆشی هەبوو، بەلاّم حەز ناکەم ناوەکەی بلێم، پێشم مەڵێ بیڵێ! ئەو گوندە کەوتۆتە نێوان سێ چیای زۆر بەرزەوە، ئەو گوندە دوو رێگەی هەیە یەکیان ئەوەی لێیرەوە بۆی دەچیت، زۆر سەخت و تووشە، لە هەندێك جێگە بە بەرد پێبلکەیان بۆی درووستکردووە، لەو گوندە زۆر پێش ئەوەی وەرزی بەفربارین بێت، بەفری لێ باریوە، ئەو کاتەی ئێمە گەیشتینە ئەو گوندە وا بزانم پایز بوو، ئا پایز بوو، تازە پەلە هەوری پایزانە لە ئاسمانێ پەیدا دەبوون، لە بیرمە دەمەو عەسر بوو گەیشتینە ئەوێ، گۆتمان ئەو شەو لێرە دەمێنینەوە سبەی زوو بە رێدەکەوین، هێشتا ئێوارە دانەهاتبوو ئاسمانی ئەو گوندە کە لەبەر ئەو چیایانەی گوندیان لە باوەش گرتبوو، ئاسمانێکی گچکە بوو، هەورێکی مەیلەو سپی دایگرت، هێشتا نانی ئێوارەمان نەخواردبوو، عەردی سپی کرد، نوێژی شێوانمان نەکردبوو، خەڵك کەوتنە ماڵینی بەفر و سەر بانەکانیان خاوێن دەکردەوە، ئەو ماڵەی لێی مێوان بووین، هەر دوانمان چووبووینە ماڵێك، پیاوەکە بە تەمەن بوو، گۆتی: لەوەتەی من بە بیرم دێت ئەوە جاری یەکەمە وەها زوو بەفری وا ئەستوور بکەوێت، دەیگۆت: ئەو بەفرە ئەگەر هەتا سبەی بەردەوام بێت رەنگە بۆ ماوەی یەك هەفتە باڵندەش نەتوانێت لەو گوندەوە دەربچێت.. بە درێژای ئەو شەوە بەفری تێکرد، لە بیرمە شەش شەوی رێك

لەو گوندە ماینەوە، نزیکەی چل ماڵێك دەبوون، لەو گوندە کانییەك هەبوو، خەڵکی ئەوێ دەیانگۆت بە هاوینان زۆر ساردە بە زستانانیش گەرم گەرم، ئەو کانییەی خۆمان لە چاو کانییەکەی ئەوان هەر هیچ نیە... ئێ ئەو چەند شەو و رۆژەی لەوێ مامەوە، کچێکی جوان زۆر جوان وازی لێم نەدەهێنا، هی ئەو ماڵە بوو کە کەوتبوونە تەنیشت خانەخوێکەی ئێمەوە، ئێمە هەر شەش شەوەکە لەو ماڵە بووین، چونکە خانەخوێکەمان نەیهێشت بچینە هیچ ماڵێکی دیکەوە .. کچە وازی نەدەهێنا، راستی منیش وەخت بوو بۆی شێت بم، گەلێك جوان بوو، جوانی وەکو ئەو ژنەم نەدیتبوو، بە خودای وەختە بڵێم لە مێرێش جوانتر بوو، ئیدی هەر بە چاو، زۆر قسەمان بەیەکەوە کرد، زوو دەهاتە ماڵی خانەخوێکەمان، دەهاتە لای کچەکەی ئەوان، هەر بە چاو جێژوانیشمان دیاری کرد، کادین بووە جێژوان، سێ شەو لە سەر یەك چووینە ئامێزی یەکترەوە، شەوی دووەمیان، بێری بووە ژن، ئا ناوی بێری بوو، گفتمان بە یەکتر دا کە ببینە ژن و مێرد، وامان دانا هەرلە ئەستەنبول بێمەوە کە ئەوپەڕی مانگێکی پێدەچێت، بێمە داخوازی، لە کاتێکیش کەسوکاری رازی نەبوون، ئەوا بە هەلگرتن هەڵیبگرم..ئیدی هەموو شتمان بڕیەوە، بەفر هەندێك تواوە و گوندمان بەجێهێشت، بەڵام دڵم لەوێ ماوە، لای بێریم دانا...

گەیشتینە ئەستەنبول، رۆژێك لە دەو ئاو پیاسەم دەکرد، ئەستەنبول ئاوێکی گەورەی هەبوو، بیرم لە بێری دەکردەوە، زوو بگەڕێمەوە، بگەمەوە گوندەکەی بێری.. قووڵ لە خەیاڵدا رۆچووبووم، دەستی بێریم گرتبوو، جلی بووکێنی لەبەر بوو، ماینێکی سپیان بۆ هێنایین، هەردووکمان سوار بووین،

بێری لە پێشەوە من لە دواوە، ماین بە فڕین فـڕی، کـەس پێـی مـاینی لـە عەردی نەدەدیت، لە با خۆشتر دەڕۆیی، هاتین، هاتین، نزیکی ئێرە بووینەوە، ئۆخەیەش! هەزار جار گۆتم ئۆخەیش، وا بێری بووە ژنی من، بێری ئەو کچە وردیلەیە، ئا، بالآی زۆر بەرز نەبوو، بەلآم جوان بوو خودایە جوان بـوو، لـە دلّی خۆم دەمگۆت، ئۆخەیەش ئەوا ئەو ژنە جێگەی گولّنازی بـۆم گرتـەوە، خەریك بوو دەگەیشتمە ناو ئاوایی، ویستم بە خەلّکی ئاوایی بلّێم ئـەها ژنم هێناوەتەوە، دەمویست بلّێم خوازبێنیم کردووە، هەلّمنـەگرتووە.. مـن لـەو خەیالّە زاواییە بووم، هەستمکرد کەسێك زۆر نزیکە لێم، هێنـد نزیـك بـای هەناسەی دەگەیشتە من، سەر هەلّدەبڕم، وەی وەی! چ ببینم باشە؟ ژنێك تا دەست هەلّبڕی درێژ، چاو چ چاو! سـەد سـوێندت دەخـوارد دەریایـە، درۆت لەگەلّ ناکەم سەراوسەر کەوتمە ناو ئەو دەریایەوە، ژنێك بوو سوور و سـپی، پرچی هەندێك بە دەرەوە بوو، سەرەتا بە زەردی خۆی دەنواند، هەندێك لێی وردبوومـەوە هـەر زەرد نـەبوو، رەنگـی دیـشی تێکـەلّ بـوو، نەمـدەزانی چ رەنگە، پرچی ئەو ژنە رێك لە پرچـی ئایـشە و فاتیمـە دەچـوو، بـە زمـانی خۆیان قسەی کرد، باشی تێنەگەیشتم چ دەلّێت، ئـەو دەم زۆر کـەم زمـانی ئەستەنبولیانم دەزانی، ئیدی قسەی دەکرد، پتر بە چاو و جولانەوە قـسەمان دەکرد، راستی سەرەتا من هەر حەپەسابووم، متەقم لیّ بڕابـوو، بـەلآم ئـەو هەر بەردەوام بوو، ئەو بەردەوامییەی ئـەو وای کـرد منـیش بێمـە قـسە... تێگەیشتم بۆم لێدراوە، بەلآم نەمزانی بۆ شەوێکە یان لەگەلّ تەمەنـە، مـن هەر تەواو بۆی شێت بووم، لە دلّی خۆم دەمگوت، بەس جارێك ئەو ژنە لـە باوەش بگرم و بە دلّی خۆم رایموسم و ماچی بکەم، چیدیم ناوێت لـە دنیـا،

تێیگەیاندم کە بچینەماڵیان، لە خۆشیدا باڵم لێ روا، بەگەڵی کەوتم، بیرم بۆ هیچ رووداوێکی ناخۆش نەچوو، ئەو کچە شتێکم بەسەر دێنێ، نا، رۆیشتین..

- ژنت هەیە؟

- نەخێر، نیمە،

لە پرسیارەکەی تێگەیشتم، ئەویش لە وەڵامەکە گەیشت، کاتێك بە نەخێر وەڵامیم دایەوە، راستیت دەوێت، بیریم لە خەیاڵ نەبوو، ئەو بیرییەی گفتم دابووێ زوو بچمە داخوازیی، ئەو بیرییەی لە خەیاڵمدا بە بووکم بردبوو.. ماڵیان خانوێکی مامناوەندی بوو، کچە پیرە دایکێکی هەبوو، ئیدی کەوتینە قسەکردن، بە دەم نانخواردنیشەوە، هەر قسەکردن، قسەش پتر بە چاوو دەست و پەنجە، کەمتر بە دەم، ئیدی تێگەیشتم دەیەوێت، شووم پێبکات، لەوەش تێگەیشتم کوێی بڵێم لەگەڵم دێت، سەرەتا دایکی هەندێك نارەزایی دەربڕی لەوەی کە کچەکەی لێی دوور دەکەوێتەوە، دایکی حەزی دەکرد، من لایان بمێنمەوە، دواتر کچە دایکی رازی کرد، زۆر دواتریش تێگەیشتم ئەو دایکە زڕدایکە..ئیدی هاتە سەر مارەکردن و ئەو شتانە، برادەرەکانی خۆم ئاگادار کردەوە کە نیازی ژنهێنانم هەیە، زۆریان پێخۆش بوو، دەیانگۆت چ لەوە باشترە پیاو ببێتە زاوای ئەستەنبول.. ئیدی گواستمەوە، کچە زێڕو زیوێکی باشیشی هەبوو، من پارەشم هەبوو، بەڵام هیچم نەچوو، خەرجیی گواستنەوەکە خۆی کردی، شتێکی وای نەچوو، بەڵام ئەوە بزانە من لەبەر زێڕ و زیو ئەو کچەم نەخواست، ئەگەر دەرۆزەکەریش

با دەمخواست، مـن عەشـقی جوانییەکـەی بـووم، تـا بڵێـی کـچێکی ژیـر و زیرەکیش بوو، سەحەر چ سەحەر بوو؟

- کچەکە ناوی سەحەر بوو؟

ئیدی لە هاتنەوەمان بووینە پێنج کەس، سەحەریشمان لەگەڵ بوو، ئـەو سەفەرە زۆری پێچوو، چوون لە دەست خۆتە هاتنەوە لە دەست خـۆت نیـە، چوونەکە پایز بوو، هاتنەوەکە بەهار، وەرە وەرە، گەیشتینە ئەو گوندەی کە کاتی خۆی بەفر ڕێی گرت و شەش شەوی لێ ماینەوە، لە هەموو ناخۆشتر و سەیرتر، ئەوە بوو، تا گوندەکەم لێ بە دیار نەکەوت، ئەو کچەم نەهاتەوە بیر، یان نەمویستبوو بیری لێ بکەمەوە، کەناوی بێرییە و دەبوو ببێتە ژنـی من، دەبوو، زۆر زووتر بگەمە لای و خوازبێنی بکەم، وا بزانم بـەس جارێـك کە هێشتا لە ئەستەنبول بووم، تازە سەحەرم گواستبۆوە، لە خەونمـدا بێـری خۆی ڕووت و قووت کردبۆوە و بەرەو ئاوێکی گەورە رایدەکرد، ئەو خەونە و تەواو، چیدی نە هاتەوە بیرم نە لە خەونیێش دیتمەوە، ئیدی کەوتمە بـارێکی زۆر نـاخۆش و سـەیرەوە، هـەمووان هەسـتیان پێکـرد، سـەحەر لـە دەورم دەسـووڕا، هـەزار پرسـیاری لـێم کـرد، لـە بیرمـە هیـچیم وەڵام نەدایـەوە، نەمدەزانی چی بکەم، بچمە داخوازی، ئەوە چۆن دەبێت، ئایا سـەحەر ڕازی دەبێت؟ ئەوە سەحەر ڕازی بوو، ئەدی بێری ڕازی دەبێت؟ ئەوە هـەردووکیان ڕازی بوون، ئەدی چۆن خۆم ڕازی بکـەم؟! کاکـە، گـرفتی مـن لـەوەدا بـوو، نەمدەتوانی لە یەك کاتدا دوو ژنم هەبێت، دەکرێ لە یـەك کاتـدا لـە ژنێـك پترت خۆش بوێت، بەڵام لە ژنێك پـترت هـەبێت، ئـەوە بـۆ مـن ئەسـتەمە ناتوانم دوو ژنم هەبێت، سەیرم یەو پیاوانە دێت کە ژنێـك و دووان و سـیان

و.. یان هەیە، ئەوە بە من ناکرێت، کاتێك لە چیایەکە بەرەو گوندی بێـری شۆڕ دەبووینەوە،وا بزانم دەمەو عەسر بـوو، سـەحەر لـە دووم دەڕۆیـشت و بەردەوام دەیگوت: چـیتە؟ دە پێمبڵـێ، توخـوا چـیتە؟.. بـەڵام مـن هیـچم نەدەگوت.. من و سەحەر بووینە میوانی ماڵێـك لـەو سـەر ی گونـد، واتـە تەواوێك دوور لە ماڵی بێری، ئێوارە نانم نەخوارد، خاوەن ماڵ پیاوێکی زۆر بە تەمەن بوو، چەندی تکای لێمـانکرد، نانمـان نـەخوارد، ئـاخر سـەحەریش نەیخوارد، دەمدیت سەحەر لەبەر من لە من پتر تێکچووبوو، مـن دەمزانـی چـیمە و کـوێم دێـشێت، بـەڵام سـەحەر نەیـدەزانی، هێنـدە نـەبێت، کـە مێردەکەی کەوتۆتە بارێکی نارێك و نا ئاسایی.. کاتێ هاتینـە نـاو گونـد، بێریم بەر چاو نەکەوت، بەڵام دەمزانی ئێمەی دیـوە، سـەحەری لەگـەڵ مـن دیوە، دەمزانی ئێستا بێری زۆر دڵتەنگە، ئاخر گفتمان وا نەبوو کە بە ژنەوە بگەڕێمەوە، دەبوو ئەو ژنەی بەگەڵ من بکـەوێت بێـری بێـت نـەك سـەحەر، هەندێك جار دەمگوت نا بێـری دڵتـەنگ نیـە، چونکە پێیوایـە ئـەو ژنـەی لەگەڵ منە ژنی من نیە، ئەگەر ژنم با بێرەدا نەدەهاتمـەوە، ئـا بێـری وا بـیر دەکاتەوە، بیرکرنەوەیەکی لە جێشە، ئاخر ئەگەر کەسێك تۆزێك هۆشـی لـە سەر بێت وەك من ناکات، چۆن دەچـێت ژنێـك بـە سـەر ژنێـك دێنێـت کـە هێشتا مارەی نەکردووە، دەشمگوت بێری بشزانێت ئەو سـەحەرە ژنـی منـە رەنگە بە لایەوە ئاسایی بێت بەوەی پیاوانی ئەو مەملەکەتە سـێ چـوار ژن بـە یەکـەوە دێـنن، هـی وا هەیـە دوو ژن لـە رۆژێکـدا دەگوازێتـەوە و لـە شەوێکدا دەچێتە گژ هەردووکیان.. ئەدی سەحەر! نا، رەنگـە ئـەو خۆشـیی لەوە نەیەت، تازە بووکە، تازە چلەی چووە، چۆن رازی دەبێـت ژنـی بەسـەر

بێت؟! بەڵام با ئەویش رازی بێت، ئەدی خۆم! من ناتوانم دوو ژنم بەیەکەوە هەبێت، ئەوەش بەدبەختییەکەی منە، خۆزگە وەکو خەڵکی دەبووم، دوو ژنە و سێ ژنە و دە ژنەم بە لاوە ئاسایی دەبوو، ئەگەر وەك پیاوانی دی دەبووم، ئێستا نەدەکەوتمە ئەو داوە ئاڵۆزەوە.. ئیدی گەیشتمە ئەوەی دەسبەرداری یەکێك لەو دوو ژنە ببم، یان دەبێت سەحەرم لە کوێوە هێناوە راستە و راست بۆ ئەوێی ببەمەوە، یان بێری لە جێگەی خۆی بەجێبێڵم، یەکەمیان شەرمەزارییەکی گەورەیە، شەرمەزاریی وا نەبووە و نیە، هەر پیاوێك کاری وا بکات دەبێتە پەندی زەمانە و هەتا هەتایە رووی نایەت خۆی نیشانی کەس بدات، جگە لەوەش گوناهی سەحەر چیە من وای بەسەر بێنم.. هی دووەم شەرمەزارییەکی وا نیە کە لە بەر چاوان بێت، بەڵام ئازارێکی بە ژانە، ئازارێکە تا مردن لێم نابێتەوە، بە هەرحاڵ دەستبەرداری هەر کامێکیان بم بێشەرەفییەکی گەورەیە بۆ من، غەدر و خیانەتێکی گەورەیە لە سەحەر یان لە بێری دەکەم..

– دڵم تەقی، دەستبەرداری کامیان یوویت، سەحەر یان بێری؟

ئیدی هەر چاوەڕوان بووم ئێستا نا ئێستا بێری سەرێك بدا، نەهات، ناهەقیشی نەبوو، دەزانی من چیم لەگەڵ خۆم هێناوە، سەحەر! بێری چۆن شێت و هار نابێت، هێشتا نەمگواستۆتەوە، ژنم بە سەر هێناوە، ئەدی سەحەر چۆن لە داخا یەخەی خۆی دانادڕێ، بێ ئەوەی ئاگای لێبێت سەر بە هەوێ چووە، هەوێیەك هێشتا نەگوازراوەتەوە، بە راستی خەریك بوو لێم تێك بچێت، کامیان بە سەر کامیان هاتووە!.. خانەخوێکەمان کە زانیان سەحەر غەریبەیەو زمان نازانێ، خەریك بوو بیخۆن، زیاد لە پێویست رێزیان

لێی دەگرت، خەفەتیان لەوە دەخوارد کە تێی ناگەن و تێیان ناگات، دەبوو من ببمە تەرجومان، منیش بەو حاڵەوە لە لایەك کەوتبوومە ئەو گێژاوی بیرکرنەوەیە و هیچ ئاگام لە قسە و باسی ئەوان نەبوو، ناوە ناوە بە ئاگایان دەهێنامەوە، لە لایەکی دی منیش هێندە زمانی سەحەرم نەدەزانی کە لە نێوانیان کاری تەرجومانی بکەم... ئیدی ویستم هەر چۆنێك بێت باسی بێریی هەویٚ بۆ سەحەری هەویٚ بکەم، نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم! چی پێبڵێم! بڵێم ژنێکم هەیە لەم گوندە ناوی بێرییە؟ ئەدی یەکەم پرسیاری سەحەر ئەوە نەبوو: (( ژنت هەیە؟)) منیش بە نا وەڵامم دایەوە! بڵێم لێرە کچێك هەیە ناوی بێرییە دەمەوێت بیخوازم! ئەدی ناڵێت بۆ؟ ئەگەر ژنیش دێنیت، بۆ وا زوو، هەر نا کەمێك راوەستە تا من تۆزێك کۆن دەبم! ئەدی لە کوێوە دەست پێبکەم بڵێم هەر دەبێت بیهێنم چونکە گفتم پێداوە، چونکە شەو لەگەڵی خەوتووم، ئێستا ئەو کچ نیە، ژنە!.. من لەو گێژاوی بیرکردنەوەیە خەریك بوو بخنکێم، سەحەر توند قۆڵی راوەشاندم:

- بزانە ئەو کچە چی دەڵێت؟ بۆم بکە تورکی

لەو کاتە باوکی کچە لە دەرەوە بوو، تەنها خۆی و دایکی و برا بچووکەکەی لە لامان بوو، کچە گوتی: لەو رۆژانە کچێکیان لەو گوندە کوشت.. دایکە هەڵیدایێ لەوەتەی ئەو گوندە هەیە ئەوە یەك، ژن لەو گوندە بکوژرێ، خوا براکەی بگرێت کوشتی..

- ها چ دەڵێن؟

- راوەستە جارێ..

دڵم خورپەی کرد، گوتم، ناوی چی بوو، بۆ کوشتیان؟

کچە گوتی: بێری، گوایە...

سەحەر چەندی گۆتی دەی چیان گوت، من هیچم پێنەگوترا، ئێستاش لە بارەی بێرییەوە چم لای سەحەر باس نەکرد، لای هیچ لە ژنەکانم باسی بێریم نەکرد، تاکە کەسێك بەو کەتنەی من بزانێت تەنها تۆی.. کاکە ئەوەی من لەگەڵ بێریم کرد سولتانەکانی عوسمانیش لەگەڵ کەسیان نەکردووە، من ئەوها بووم لەگەڵ بێری، خودا چۆن نامسووتێنیّ، لە سەر بێریش نەمسووتێنیّ لە سەر ئەو کۆرپەیەی لە زگی بێری بوو دەمسووتێنیّ.. خوداش کاری سەیر دەکات، گوڵناز ئەو هەموو ساڵە لە کنە من بوو، زگی پڕ نەبوو، سەحەر و ئەو هەموو ژنە چەندان ساڵ لە ئامێزی من نووستن و هەستانەوە، زگیان پڕ نەبوو، کەچی بێری لە بەدبەختی خۆی، لە بەدبەختی من بە دوو سێ جار منداڵ کەوتە زگی.. ئیدی بێریم نەدیتەوە، کەنگی دیتبێتمەوە باشە؟

- ئەدی نەیانکوشت؟

چەند حەفتەیەك بوو سەحەر کۆچی یەکجارەکی کردبوو، زۆر بۆی خەفەتبار بووم، دەزانی چتۆ ژن بوو، چ نازدار بوو، سەحەر لە ئەستەنبول مرد، بە سەردان چووبووینەوە، بۆ لای تاقە خوشکەکەی کە لەویّ دەژیا، ئیدی نەخۆشکەوت و مرد، ئەوجا لە هاتنەوە بووم، بە تاقی تەنیّ دەهاتمەوە، لە بیرمە ڕێم دانەدەگرت، چۆن ڕیّ داگرم، لەو سەر لەگەڵ سەحەر بووم، سەحەری جوان، سەحەری هەمیشە ڕووناك، لە هاتنەوەش تەنیا، تەنیاییەك لە مەرگی سەحەرەوە هاتبوو، ئیدی وەرە وەرە، گەیشتمە گوندێك نزیك  لە گوندەکەی بێری، لامدا، شەو لەویّ مامەوە.. چ ببینم! ئەوە بێری

هاتە ژووریٚ، خۆی رووتکردەوە، لە ئامێزم گرت، ئەوەم باش لە بیرە گوتی، ئەگەر سەحەر لە ژیاندا بمابا، چاوت بە من نەدەکەوتەوە.. کە بە ئاگا هاتم بەرەبەیان بوو.. جارێکی دیش لە سەر دوندی پارانەوە دیتمەوە.. ئەوەش بڵێم، دوای سۆراخێکی زۆر گۆڕەکەی بیریم دیتەوە، چەند جارێك چوومەتە سەر گۆڕەکەی..

پیری بەفر ئەو چەند رۆژە جگە لە من زۆر روو ناداتە کەس، حەز دەکات زۆر لای بمێنمەوە، خەڵکی ئاوایی هەستیان بەوە کردووە، دەڵێن: هەبیٚ نەبیٚ شتێك لە گۆڕێیە، لە خۆڕا نیە، لەگەڵ پیری بەفر هێندە پێکەوەن!... دانیشتنێکی درێژی تەرخانکرد بۆ فەتانە، ئەو فەتانەی وا لە سەر کێلێك لە گۆرستانەکەی کەتناوە نووسراوە..

کەم کەس هێندەی من دنیا گەڕاوە، لێرەوە لەو گوندەوە بە دنیادا گەڕاوم و هەر هاتوومەتەوە ئێرەش، نەمتوانیوە دەستبەرداری ئێرە بم، دەنا زۆر جێگە، زۆر شار هەبووە رامبگرن و ژیانێکی خۆشیان تێدا بەسەر بەرم بەلاٚم وام نەکرد، چووبێتمە هەر جێگایەك لەو دنیایە بە پڕە پڕ هاتوومەتەوە ئێرە، لەبەر ئێرە نەبا زۆر شتی چاکم بۆ رێککەوتووە لە دەستی خۆم داوە، باشیشم کرد ئێرەم بە قوربانی شوێنەکانی دی نەکرد، ئێرە بۆ من هەموو شتە، ئەوەی جێگەی خەفەتە پەرت و بلاٚویی ژنەکانمە جگە لەوانەی وا لەو گۆڕستانە بە تەنیشت یەکەوەن و دوایی منیش دەچمە لایان، ئەوانی دی هەر یەکەیان لە جێگەیەکی ئەو دنیایە نێژراون، گۆڕێك وا لە ئەستەنبول یەك لە هەولێر، یەك لە نزیکی ئەسفەهان... خۆزگە هەموویان لەو گۆڕستانە دەبوون بە بێریشەوە ئەو بێرییەی بە دەستی برا دلۆڕەقەکەی کوژرا..

دنیایەکی هیچە برا، تەمەن زۆر کورتە زۆر، من سەد و ئەوەندە ساڵە ژیاوم ئاخر سەد و دوسەد چیە بۆ تەمەنی مرۆڤ، هێندەساڵە بەشی چی دەکات؟! هیچ، وا دەزانم لەو بەری رووبار پەڕیمەوە ئەم بەر رووبار و ئیدی تەواو، تەمەنم تەواو بوو، بڕۆ بن عەردی.. خۆ ئەگەر نەوەش لە دوای خۆت بەجێ نەهێلیت، ئەوە هەر بە جارێ هیچە ئەو ژیانەی ژیاویت... کاکی خۆم خودا زۆر غەدری لە مرۆڤ کردووە، گەورەترینیان ئەوەیە کە تەمەنێکی زۆر کورتی پێ بەخشیوە، ئاخر بیستوومە کیسەڵ بە کیسەڵایەتی خۆی چوار پێنج تەمەنی مرۆڤی هەیە، ئەدی ئەوە غەدر نیە لە مرۆڤ؟ ئەوە سووکایەتی نیە بە مرۆڤ؟ بەڵام چ دەکەیت، قسە لەگەڵ کێ دەکەیت، کێ گوێت لێ رادەگرێت! خودا ئەگەر هەزار ساڵی بە من رەوا بدیتبا، دەبوو هەزاران نوێژم بۆی بکردایە، دەبوو بە ساڵ بۆی بە رۆژوو بم، بەڵام بەو تەمەنە کورتەوە داوای چی لە من دەکات! خۆ هەر بەشی دەزنوێژ هەڵگرتن و سەرمەقولاتخواردن دەکات، هەر بەشی پارشێوکردن و فتارکردنەوە دەکات! ئەدی چ دەمێنێتەوە بۆ رابواردن و خۆشی و چێژ وەرگرتن.. خودا زۆر غەدری لە من کردووە، تۆ نازانی هەژدە ژنی منی بە داخی زگپڕنەبوونەوە کوشت، یەکیشیانی بە هۆی زگپڕبوونەوە کوشت، بە منداڵەوە کوشتی، ئەو منداڵەی هەر لە زگی دایکیدا بوو، هەر لە زگی بێرییە وردیلانەکەم بوو.. بەس من دەزانم فەتانەکەم چی بەسەر هات، فەتانە چ فەتانە، جوانترین کچی کرماشان بوو، کرماشان لە کنە من جوانترین شاری دنیاییێیە، ژنەکانیشی هەر جوانن، دەڵێن شیرینەکەی فەرهاد جوانترین کچی کرماشان و دنیا بووە، بەڵام هەزار سوێندت بۆ دەخۆم فەتانەکەی من لەو شیرینە زۆر

جوانتر بوو... کرماشان زۆر جوانە زۆر، چیایەکی بە سەرەوەیە بێستوونی دەڵێنێ ئەو شارەی جوانتر کردووە، شیرین و فەرهاد ئەو شارەیان جوانتر کردووە، هەر کەسێك رێی بەو شارە بکەوێت، حەز دەکات لێی بمێنێتەوە و بەجێی نەهێڵێت، من وا بووم، دەمویست تا مردن لەوێ بمێنمەوە، بەڵام دوایی بای ئێرە وەك هەموو جارەکانی دی هەڵیگرتمەوە و هێنامیەوە.. فەتانەکەم کچی کرماشان بوو، شاجوانی کرماشان بوو، لە هەموو کچەکانی ئەوێ جوانتر بوو لە شیرینەکەی فەرهادیش جوانتر.. باشم لە بیرە هاوین بوو، لە ماڵی برادەرێکم مێوان بووم، شەوێکی خۆش، فێنك، شەوی کرماشان ئەگەر چلەی هاوینش بێت هەر فێنکە، لە حەوشە دانیشتبووین، شەوێکی زۆر رووناك بوو، مانگ هێند نزیك بوو لە عەرد تیرت تێیگرتایە پێیدەکەوت، لە دەرگا درا، دیار بوو مێوانن، مێوانەکان زۆر بوون، دوو سێ پیاو و کۆمەڵێك ژن و منداڵ، راستی من هەتا درەنگیش رووی هیچ کام لە ژنەکانم نەدیت، هەر لەگەڵ ئێمە لە لاوە دانیشتبوون، بەڵام شەرمم دەکرد تەماشایان بکەم، ئاخر جوان نیە تۆ مێوان بیت و سەیری ژنانی ئەو ماڵە یان ژنانی مێوان لەو ماڵە بکەیت.. راستی ناخۆشیشە کۆمەڵێك ژن لە تەنیشتت، لە لاوە دانیشتبن و قسان بکەن و تۆش روویان نەبینی.. ئی بە خۆم نەوەستام، جار جارە تیچاوێکم دەدایە کۆڕی ژنانیش، ژنەکان بە ژن و کچی برادەرەکەشمەوە نزیکەی دە پازدەیەك بوون، بە شێوەیەك چاوم هەڵدەبڕی هەر جارەی ژنێك لە ژنەکان بکەونە سێرەی دیتنەوە، بە راستی ژنی جوان بوون، یەکیان لە پەڕگەوە دانیشتبوو، کاتێك چاوم گەیشتە سەر ئەو ئیدی هیچ ژنێکی دیم نەدیت، ئەوانەی دیتبووشمن لە چاوم رەشبوونەوە،

دەموچاوی ئەو ژنە ڕێك دەتگوت مانگە و لەو حەوشەیە نیشتۆتەوە، یە دیتنی ئەو ژنە عەجمانم لێ هەڵگیرا، ئاگام لە کۆڕی پیاوان بڕا، نازانم باسی چیان دەکرد، بە هەموو شێوەیەك هەوڵم دەدا خۆم بەرزەفت بکەم و کەس هەست بەو تەماشاکردنەی من نەکات، ڕاستی نازانم تا چەند هەستیان پێکرد.. دەبینم من چەند تیچاو دەدەمە ژنە ئەو پتر، کوڕە چاوی لە سەر من هەڵنەدەگرت.. ئاخر ئەو دەم گەنج بووم، لەمێژ نەبوو سەحەرم لە گۆڕستانەکەی ئەستەنبول بەجێ هێشتبوو.. لە بیرمە دوعام دەکرد، بەس ئەو ژنە مێردی نەبێت، بە هەر جۆرێك بێت، دەبێت ببێتە ژنی من.. ئیدی مێوانەکان هەستان، ڕۆیشتن، ژنە جوانەکە کە تەمەنی هەر لە دەوری بیست ساڵێك دەبوو، هەتا چووە دەرێش هەر ئاوڕی لێم دەدایەوە، ڕۆیشت، منیشی لەگەڵ خۆی برد، هیچ ئاگام لە خۆم نەما، برادەرەکەم، کردیە فشە و گاڵتە لەگەڵم:

- ها دەڵێی لێدرای؟

- لێدانی چی!

- بڵێ بزانم، هەتا بۆت بچمە داخوازی، کەوتیە بەر تیری کامیانەوە، هەر مێرددار نەبێت..

- کامیان بێ مێرد بوو؟

ژنی برادەرەکەم هەڵیدایێ:

ئەوەی زۆر تەماشای تۆی دەکرد، ئەوەی تۆش تەخسیریت پێینەکرد، وانیە؟

بە شەرمەوە گوتم:

نازانم کامیان دەڵێی، کوا لە کام لاوە دانیشتبوو؟

خوشکانە لێم نزیککەوتەوە:

ئای، نەمری، ئەوەیان کە لەپەڕگەی ئەو سەرەوە دانیشتبوو، وایە؟

غیرەتم دایە بەر خۆم و گوتم:

ئا، وایە

هەموو لە پێکەنیندا لە سەر پشت کەوتن..

برادەرەکەم بە ژنەکەی گوت:

کامیان دەڵێ؟

ژنە بە خۆشی و پێکەنینەوە گوتی:

لە فەتانە زیاتر کێیە!

زۆر بە شەرمەوە گوتم:

- ئەو فەتانەیە مێردی کردووە؟

- نا، کچە، بەڵام شووکردنی ئەو کچە لە دەستی کەس نیە، تەنها لە دەستی خۆیەتی، ئەگەر خۆی رازی بێت، ئەوە تەواو، ئەوەش بزانە رازیبوونی ئەو کچە وا ئاسان نیە،چونکە چەند جارێك وا بووە، کە رازی بووە شوو بە کوڕێك بکات، مابووە مارە بکرێت، یەکسەر فەتانە پەشیمان بووەتەوە..

- ئێوە بەس بۆم بڕۆنە داخوازی، ئەویدی هەموو لە سەر خۆم..

- ئەوە ئاسانە

ژنی برادەرەکەم زۆر بە شێنەیی گۆتی:

من دەڵێم ئەو کارە سەر دەگرێت و فەتانە رازی دەبێت و پەشیمانیش نابێتەوە، وەڵڵا ئێوە بۆ یەکتر باشن، هەردووکتان خەنی دەبن، ئەوجا فەتانە دەنگی چەند خۆشە دەنگ، هەر بە گۆرانی بەختەوەرت دەکات، ئەوە هەیە، ئایا لەگەڵت دێتە ئەو رێیە دوورە، ئەوەیان نازانم..

لە دڵی خۆم گوتم، با رازی بێت، ئەو نایەت بۆ ئەویٚ من لێرە دەمێنمەوە..

زۆر بە ئاسانی فەتانەم گواستەوە و گوتیشی: کوێی دەڵێی دێم لەگەڵت.. وا بزانم مانگێك پتر لەوی ماینەوە، ئیدی بەرەو ئێرە هاتین، دەزانی لە کرماشانەوە تا ئێرە فەتانە هەر گۆرانیی گۆت، ئای دەنگی لە کن بوو، هەرچی گۆرانیی دنیا هەبوو دەیزانی، فەتانە هەرکاتێك غەریبیی کەسوکاری بکردایە، بە قسە ئەو غەریبی هەستانەی نەدەگۆت، دەستی بە گۆرانی گوتن دەکرد، لە گۆرانیدا پێی دەگوتم حەزم لە دیداری کرماشانە، منیش دڵیم نەدەشکاند و هەتا دورِ کرماشانیٚ رانەدەوەستاین.. ئیٚ، چەند ساڵێك تێپەڕی بەسەر ژن و مێردایەتیمان، منداڵ نەبوو، دەمدیت، فەتانە زۆر خەفەت لەوە دەخوات، زۆر جار گوێم لێی بووە بە گۆرانی باسی بیٚ منداڵیی خۆی کردووە، بە گۆرانی داوای لە خودا دەکرد منداڵێکی بداتیٚ، لێی دەپاڕایەوە، دەستەو دامێنی خودا دەبوو بۆ زگپڕبوونیٚ، لە بیرمە سەرەتا داوای کوڕی دەکرد، دوایی گوێم لێی دەبوو، دەیگوت، چ کوڕ، چ کچ، بەس منداڵ، خودایە، بەس منداڵ.. ئیدی خودا چەند منداڵی دایە گوڵناز و سەحەر، هێندەشی دایە فەتانە.. چەندی دڵیم دەدایەوە، چەندی لەو بارەیەوە قسەی خۆشم بۆی دەکرد و دەمگوت، منداڵیش ئەرکی گرانە، ئەوانەی

منداڵیان هەیە زۆر جار خۆزگە بۆ بێ منداڵان دەخوازن، ئەو قسانەی بە گوێدا نەدەچوو، راستیت دەوێ منیش فشەم بەو قسانەی خۆم دەهات، بەڵام چ بکەم بۆ دڵدانەوەی فەتانە دەمکردن.. دەمدیت فەتانە مانگ بە مانگ لە کزی دەدات، جگە لەوەش هەستمدەکرد قسەی سەیر سەیر دەکات، قسەکانی هیچیان بە سەر هیچەوە نیە، هەر رێك لە قسەی شێتان دەچوو.. خەڵك گوتیان ئەوەدەستی لێ وەشایە، پێویستە بیبەیتە سەر پیاو چاکان، منیش نەك هەر پیاوچاکان بردمە تارانیش، لەوێ دکتۆری باش هەبوون، ئێ چارەسەرێکی بکەن، هیچ چارەیەك نەبوو، دەمزانی فەتانە بە هۆی چیەوە وای لێهاتووە، بە دکتۆرەکانیشم گۆت، کە لە داخی منداڵ نەبوون وای بەسەر هاتووە، بەڵام چ دەکرێ.. هیچ نەکرا..ئێ، فەتانە بە تەواوی شێت بوو، نەدەهاتەوە ماڵ لەو بن بنە دار بۆ ئەو سەر بەرد، بۆ ماوەی سێ ساڵ بە دووی فەتانەوە بووم، وازم لە هەموو شتێك هێنا، چاودێریی فەتانە هەموو ئیشێکی من بوو، خەڵك دەیانگۆت: دە بۆ خۆت ژنێکی دی بێنە، تازە ئەوە شێت بووە، زەحمەتە چاك بێتەوە.. دەمزانی چاك نابێتەوە، بەڵام بڕیارم دا ئەگەر سەد ساڵیش ئەوها بمێنێتەوە دەبێت منیش ئەوها بمێنمەوە، دەبێت لە دوای بم و ئاگام لێی بێت، دەبێت خزمەتی بکەم، هەر کاتێك بیرکردنەوەیەکی خراپم هاتبێتە مێشك، یەکسەر ئەو رووناکییەی فەتانەم بیردەکەوتەوە کە شەوی هاوینەکە لە ماڵی برادەرەکەم لە روومی دەدا، گۆرانییە بە سۆزەکانی فەتانەم بیردەکەوتەوە، ئەو هەموو چێژەم بیردەکەوتەوە کە بە درێژای ئەو چەند ساڵە بە درێژایی ئەو هەموو وەرز و شەوە لە فەتانم وەرگرتووە... بۆیە وازم لە فەتانە نەهێنا، هەمیشە شەو و

رۆژ بە دوویەوە بووم، جلیم دەگۆڕی، سەریم دەشووشت، بە زۆر خواردنم دەدایێ، بە زۆر لە سەرما و گەرمام دەپاراست، زۆرم خزمەت کرد، خەڵك سەریان سوڕمابوو لەو کارەی من، ئاخر پیاوی ئێرە کە ژنەکانیان نەخۆش دەکەون وازیان لێدێنن، هەندێکیان خواخوایانە چاك نەبنەوە هەتا بچنە داخوازیی ژنێکی دی... فەتانە کە زۆر تووڕە دەبوو، هەرچی جلوبەرگی لە بەری بوو، ونجڕ ونجڕی دەکرد، زۆر جار دەموچاوی منیشی بە خوێن هێناوە.. بە داخەوە فەتانە دوای هەفتەیەك لە سەر جێ کەوتن و هیچ نەخواردن، بە شێتی کۆچی کرد، لە خەفەتی منداڵ نەبوون شێت بوو، خودا منداڵی نەدایێ، هەر بەوەش وازی لێی نەهێنا شێتیشی کرد..من لە خۆڕا یەخەی خودام گرتووە، کێ دەڵێ ئەو هەموو نەگبەتییەی بە سەر فەتانەدا هات دەستی خودای تێدایە!.. ئیدی فەتانەش بە دووی گوڵناز و سەحەردا رۆیشت، ئەوەتا گۆڕی هەرسێکیان بە تەنیشتی یەکەوەیە، فەتانەش بە دووی بێرییە جوانەکەم رۆیشت، بەڵام بێری لە مردندا لە هەموو ژنەکانم جیابوو، هەموو ژنەکانم بە تەنێ مردن، بەڵام بێری کە مرد منداڵێکی لە ناو زگ بوو، من بابی ئەو منداڵە بووم! ئیدی فەتانەشم نەدیتەوە، لە خەوێ زۆر جار دەهاتە خەونم، لە خەونێش هەر شێت بوو، بەس جارێك لە سەر دوندی پاڕانەوە بە قیت و قۆزی رێك وەك ئەو شەوەی بۆ یەکەم جار لە کرماشان لە باخەڵی نووستم، خۆی هاویشتە باوەشم.

## بیستوهەشت

پیری بەفر لە قسان نەدەکەوت، دەتگوت شتێکی زانیوە، دڵی خەبەری داوە، سەرهاتی خۆشی دەگێڕایەوە، ئەوەی خراپ بوو کاتێك لە ناو قسەکانی خۆی پرسیارێك سەری هەڵدەدا و لێت دەکرد کەم جار وەڵامی دەدایتەوە، یان وەڵامێکی ئەوتۆی نەدەدایتەوە... ئەورۆ چاك سەرگەرمی قسەیە، وا پێدەچێت بە قەد ساڵێك قسە بکات ..

لە تەمەنی خۆم یەکجار نەبێت، بە بیرم نایەت بە تەواوی هەستم بە نەخۆشی کردبێت، ئەو جارەی دەڵێم، لەمێژ نەبوو مێرێ، ژنە نازدارەکەم، شاژنی دنیایێ ماڵئاوایی لە من و دنیا کردبوو، مەرگی مێرێ نەخۆشی کردم، هەستم کرد مەرگ زۆر لێم نزیکە، هەرچیم کرد چاك نەبوومەوە، لە خەفەتا سەری خۆم هەڵگرت، بڕۆ بڕۆ، لەو گوند بۆ ئەو گوند، بە خۆشم نازانم چەند گوند و شارانم کرد، هێندە دەزانم سەر لە ئێوارەیەك گەیشتمە تاران..

- کوێت دێشا؟

جا کوێم نەدەئێشا! ئەوەی لە بیرمە سینگم ئازاری زۆری هەبوو، ماڵی برادەرم لەوێ هەبوون، چەند شەوێك لایان مامەوە، منیان بردە لای دکتۆرێك، دکتۆرەکە وا بزانم رووسی بوو، بەڵام نازانم چۆن و بۆچی لە تاران گیرسابۆوە، هەندێك تەماشای کردم، شتێکی دامێ خواردمەوە، گۆتی دوای حەفتەیەکی دی سەرم لێدەوە، ئێ، دوای حەفتەکە لەگەڵ برادەرەکەم پێکەوە چووینەوە لای، هیچی بە من نەگۆت، بەڵام ئاگام لێبوو لە کاتی هەستانمان، برادەرەکەم

خۆی بە پاش دا، فسکە فسکیان کرد، گوێم لێبوو، باشم گوێ لێبوو، ئەو دەم گوێی مـن زۆر لـە گـوێی مـشك سـووکتر بـوو، مێـرێ دەیگـۆت خۆزگـە نیـو هێندەی تـۆ گـوێم سـووك دەبـوو.. گـوێم لێبـوو دکتۆرەکـە بـە برادەرەکـەمی دەگوت:

بە داخەوە ئەو پیاوە هیچ چارەی نیە، زۆر بژی، هـەر سـێ حەفتـە دەژی، ئەو پەڕەکەی پێنج حەفتە...

وەڵڵا یەکسەر گەڕامەوە ژووریّ، من لە سەر دەرگا بووم بە دیوی دەرەوە، بە تووڕەییەوە گۆتم:

دکتۆر، تۆ چوزانی من سێ حەفتەم ماوە بە سەر دنیاوە! چما تـۆ لـە لای خودا هاتووی؟!...

دیار بوو دکتۆرەکە تێکچوو، زۆریش تێکچوو... هەندێك منگـە منگـی کرد... ئیـدی گەڕاینـەوە مـاڵی برادەرەکـەم، برادەرەکـەم زۆر دڵمـی دایـەوە، ژنەکەی کە بەوەی زانی هەر خەریك بوو شێت بێت، منیش دەمویست زۆر بـە سەر خۆم نەهێنم، بەلاّم لەوە دەرچـوو بـوو، بیـشارمەوە... بـە تایبـەتی دوای ئەوەی زانیم کە ئەو دکتۆرە بە هەر کەسێکی گوتبێت تـۆ دوای هێنـدە رۆژە، یان هێندە حەفتەیە دەمری، یەکسەر قسەکە هاتۆتە دی، وەك ئـەوەی نـاردنی عیزرائیل لە دەستی ئەو دکتۆرە بووبێـت.. ئەوەشـم کـوو زانـی، یـەك دوو ژن مێوانی ماڵی برادەرەکەم بوون، لە ژوورەکەی بە هێواشی ئەو باسانەیان دەکرد، وایان دەزانی من گوێم لە قـسەیان نیـە، هـەر لـەوێش تێگەیـشتم گـوێی مـن گەلێك سووکە، ژنێك بۆ ئەوانی دی قسەی دەکرد:

ئەو دکتۆرە زۆر سەیرە، مەلا غەلەت دەکات، شێخ غەلەت دەکات، کەس نیە لەو دنیایە غەلەت نەکات، بەلاّم ئەو دکتۆرە غەلەت ناکات و ناکات، بە هەر نەخۆشێکی گوتبێت تۆ دوای هێندە رۆژە دەمریت، بێ پاش و پێش لە رۆژی دیاریکراوە مردووە..

با سەرت زۆر نەیەشێنم، باوەڕم بە قسەی دکتۆر کرد، ئەوجا با ئەوەش بلّێم لەو رۆژەی دکتۆر گۆتی دەمری، ئەوەی ئێشە لە لەشی من نەما، گۆتم دیارە مردن ئەوهایە، یان مردنی من ئەوهایە، تا عیزرائیل دەگاتە سەرت، نابێت لەشت ئازار بکات، چ بکەم باشە! لەگەڵ مردن هیچ ناکرێت.. لە دلّی خۆم گۆتم وا چاکە خۆم بگەیەنمەوە ماڵ، با لەو غەریبییە نەمرم، با بگەمەوە مێرێ و گولّناز و سەحەر، لە تەنەیشتە وان بمشارنەوە، گۆتمە برادەرەکەم من سبەی دەچمەوە.. زۆری لەگەلّم هەولّدا لە کنیان بمێنمەوە، بە قسەیانم نەکرد، گۆتی: مادام وایە منیش لەگەلّت دێم، نەمهێشت، ئەوەی راستی بێت خۆم لێیان دزییەوە دەنا هەر دەهات.. درەنگی شەو بوو، هەموویان نووستبوون، هەستام و بە بێ ماڵئاوایی برادەرەکەم و تارانم بەجێهێشت..هاتم گەیشتمە کەرەج، کەرەج هەر لە بن تارانە، ئێ، لە کەرەج چوومە مەیدانی کەران، لەوێ ئەسپێکی سپیم کڕی، سپی سپی دەتگوت کفنە، سواربە، وەرە وەرە، هەر وەرە، گوند و شاران ببڕە، بەگەڵ کاروانان بکەوە، لێیان دابڕێ، هەر وەرە.. لە هەر گوندێك لە هەر ماڵێك لام دەدا، کەم زۆر کەم دادەنیشتم، تیکە نانێکم دەخوارد و سواری ئەسپە سپی دەبووم، خانەخوێ دەیگۆت:

- ها بۆ هێندە بە پەلەی؟

بە خەمبارییەوە دەمگوت:

- دەبێت زوو بگەمێ، مەرگ گەیشتێ، مەرگ!

دیار بوو چاوەڕوانی ئەو وەلاّمە نەبوون، لایان سەیر بوو، تەماشایەکیان دەکردم، تەماشایەکی پڕ پرسیار، وەك ئەوەی منیان پێ شێت بێت.. من زۆر بە پەلە بووم زۆر، دەبوو پێش ئەوەی مەرگ وەك بزن لە عەردم بدا بگەمەوە ئێرە، هیچم پێنەمابوو لە دوعا پتر، چ دوعایەکیش! خودایە لە رێ نەمکوژی، خودایە با بگەمەوە جێ، ئەوجا عیزرائیل بنێرە.. پەلەم بوو زۆر پەلەم بوو، دەبوو زوو بگەمە ئەو گۆڕستانە و بە دەستی خۆم گۆڕ بۆ خۆم هەڵکەنم، دەمگوت مادام هەر دەمرم با گۆڕەکەشم بە دەستی خۆم هەڵبکەنم و پێش ئەوەی بمخەنە ناوییەوە با جوان تەماشای بکەم بزانم رێکە یان نا! وەرە وەرە، خۆشم نازانم بە چ رێگایەکدا دەهاتم، هێندە دەزانم خۆم لە گوندێکی نزیك ورمێ دیتەوە، شەو لامدا ماڵێك، دواتر زۆر بوونە برادەرم، بنەماڵەی سمکۆی شکاك بوون، ئەو دەم سمکۆ نەهاتبووە ناو ناوان، مامی بوو، چۆنیش لەوێ مامەوە! چەندی هەوڵم دا نەیانهێشت بڕۆم، بە زۆر بە قسەیان دەهێنام، دوای ئەوەی زانیان مردن بانگم دەکاو راوم دەنێ، زۆر دڵمیان دایەوە، پیاوەکە دەیگۆت:

ناگەمێ دەنا ئێستا دەچمە تاران و ئەو دکتۆرە سەگبابە پارچە پارچە دەکەم، چما ئەو سەیێ سەبابە لە کن خودا هاتیتەوە!!

هەر ئەو پیاوە دەیگۆت:

ئەتو لە منی وەرگرە لەو دکتۆرە داك حیزە گەڕێ، زۆر دەژی بە خودای پەنجا ساڵی دیش دەژی، ئێ، کا، چ جێیەکت دێشێ؟

نا، به خودای هیچ جێیەکم نەدەئێشا، ئێش لە دکتـۆر بـوو، نەخۆشـی لـە دکتۆر بـوو، لـە مـن نـەبوو، بـەلاّم چ دەکـەیت، دکتـۆرە تارانییـە روسـییەکە قەڵەمی لێداوە کە من دەمرم، دەبێت بمرم، چ بکەم چ بڵێم، ئەو دکتۆرە بە هەر کەسێکی گوتبێـت تـۆ فـلاّن رۆژ دەمریـت، یەکـسەر بـێ دواکـەوتن لـە رۆژی دیاریکراو عیزرائیل گەیشتۆتە سەر کەسەکە و گیانی کێشاوە.. خۆ مـن لـەو خەڵکـە زیـاتر نـیم، منـیش وەك هـەر کەسـێکی دی، وەك هـەر کەسـێك کـە دکتۆرەکە رۆژی مەرگی دیاریکردووە دەمرم، هـەر بزانـە پەلـەواژ بوومـەوە و کەسیس بە سەرم رانەگەیشت، خودایە نەمکوژی تـا دەگەمـەوە لای مێـرێ و سەحەر و گوڵناز.. هەندێك جار لە دڵی خۆم دەمگوت، باشە خۆ کەس نیە لەو دنیایە غەلەتی نەکردبێت و غەلەت نەکات، وەك دەگێڕنەوە پێغەمبەرەکان بە پێغەمبەرایەتی خۆیان هەڵەیان کردووە، تۆ بڵێی ئەو دکتۆرەش هەڵە نـەکات! خۆ ئەو لە ئەوان زیاتر نیە.. دەمویست دڵی خۆم بدەمەوە، دڵی خۆم کـەمێك خۆش بکەم، دەمگوت، هەبێت نەبێت دکتۆر هەڵەی کـردووە، رەنگـە مـن بـە نەخۆشێکی دی تێگەیشتبێت، یان نەخۆشییەکەم ئەوها ترسناك نەبووبێت ئەو لەو وەختە وای تێگەیشتووە.. دوعا لە سەر دوعام دەکرد دکتـۆر بـە هەڵـەدا چووبێت، لە دڵی خۆم دەمگوت، بەس دکتۆر بە هەڵەدا چووبێت، شەرتبێت لە شەرتی پیاوان دەبێت جوانترین و بـە بـەهاترین دیـاریی بـۆ بـۆ بکـڕم، ئـا بـۆ دکتۆری بکڕم...

سبەینێ زوو هەموو بۆ نوێژ هەستان، من نەنووستبووم، بە درێـژایی شـەو هەر بە خەبەر بووم، ئەوەی ناڵێم کەروێشکە خەوێکم کردبێت، نـا بـڕوا ناکـەم حـەوم لـێ کـەوتبێت، کەسـێك لـە خـۆ ئامادەکردنـدا بێـت بـۆ مـردن خـەوی

لێدەکەوێت! ئەوان خەریکی نوێژکردن بوون، من بیرم لە مردنی خۆم دەکردەوە، بیرم لەوە دەکردەوە عیزرائیل چۆن یەخەم دەگرێت! خاوەن ماڵ باوکانە رووی تێکردم:

- دەی کوڕم، ناوی خوای لێبێنە، نوێژەکەت بکە.

- ئەگەر نەمردم، با ئەو نوێژەش قەرد بێت لە سەرم.

- مەیکە قەرد لە سەر خۆت، مردن و مان لە دەست خوایە، دکتۆری تەڕەماش چی لێدەزانێت! بەڵام دڵی من دەڵێت، تۆ زۆر دەژی، سەد دکتۆری سەگبابی وا دەمرن و تۆ هەر زیندووی.. دەی پیاوی چاك بە نوێژەکەت بکە...

- ....

لە سەر نان خواردن بووین، مامی سمکۆ لەگەڵم خەریك بوو بۆ ئەوەی تیکە نانێك بخۆم، لە بیرمە دەیگوت بە خودای ئەتو زۆر دەژی پەنجای وەك من دەچنە بن ئەو عەردە تۆ هەر بە پێوەی، بەڵام کاکە بخۆ، پیاوە ئەگەر بشمرێ با بە تێری بمرێ بە برسێتی نەمرێ.. لەو قسانە بووین، بووە هاتوهاوار، چ بووە؟ چیە؟ لەشکری تورك هێرشی هێناوە، گوایە هاتوونە کافر بکوژن... ئیدی بووە شەڕێك ئەو سەری دیار نەبێت، بووە یەك کوشتو کوشتار بڕوا ناکەم ناوچەی ورمێ لە تەمەنی خۆی هێندە خوێنەی لێڕژابێت، بە چاوی خۆم دەمدیت لاشە بە سەر لاشەدا دەکەوت، قڕان کەوتە لەشکری تورکان، منیش دەستم بە شەڕ کرد، لە شوێنی وا دەبێت شەڕ بکەیت، ئەگەر نەیکەیت زوو دەکوژرێیت و لە ترێ سەی دەچیت.. لە دڵی خۆم دەمگۆت، ئەو خەڵکە چەند سەیرن، چەند کەرن! بە پێی خۆیان

دێن بۆ مردن... ئیدی شەڕ درێژەی کێشا مردنی من مسۆگەر بوو، ئەگەر لە مەیدانی شەریش نەمردبام لێرە لە نزێك ژنەکانم دەمردم، بۆیە لە ساتەکانی شەڕ هێندە لە شەڕ نەدەترسام... گوێم لێبوو، پەنجەیان بۆ من درێژ دەکرد و دەیانگوت:

ئەو پیاوە زۆر ئازایە...

منیش لە بەر خۆمەوە دەمگوت:

ئازای چی! هەر دەمرم، ئەوجا با بە ئازایەتی بمرم نەك بە ترسنۆکی، دکتۆر قەڵەمی لێداوە، دەمرم، زۆرم نەماوە.... جار جارەش دەمگوت، نا، نابێت لێرە بمرم دەبێت بگەمەوە لای مێرێ و ژنەکانی دیم...

با زۆر درێژەی نەدەمێ، ئێمە لە پشتەوە یارمەتییەکی باشمان بۆ هات، تورکەکان بەوەیان نەدەزانی، شەڕ کۆتایی هات، تورکەکان باش شکان، ئەگەر شەرمیان بە خۆیان بێت جارێکی دی روو لەو ناوە ناکەنەوە، بەس ئەوانە دەزانن شەرم چیە! خانەخوێکەم رووی تێکردم:

- تۆ پیاوێکی زۆر ئازای، حەز دەکەم لە کن ئێمە بمێنیتەوە، هەر چیشت دەوێت ئامادەم..

- من درەنگمە، دەبێت بگەمەوە جێ، مەرگ لە رێیە مەرگ، شتم بۆ چیە ؟!

- کاکی خۆم، بۆ وا لە خۆت دەکەیت؟ تۆ بەلاّت نیە، دکتۆرەکە شێت بوو، تۆ بۆچی خۆت شێت دەکەیت..

- زۆر درەنگمە، دەبێت گۆڕ بۆ خۆم هەڵکەنم.

- مەڕۆ، تکات لێدەکەم مەڕۆ..

نه قسەی مامی سمکۆ، نه ئەو هەموو شەڕوشۆڕە قسەی دکتۆریان لە بیرم نەبردەوە، مەرگیان لێم دوورنەخستەوە..ئەو هەموو تکایەیان کرد تکای کەسم قەبووڵ نەکرد.... ئەوێشم بەجێهێشت، هاتم، هاتم، ئەوە چەند شەو و ڕۆژە بە ڕێوەم، نازانم، چەند شەو و ڕۆژە نەخەوتووم، یان ئەگەر خەوتبێتیشم هەر چاو گەرمکردن بووە، نازانم، چەند شەو و چەند ڕۆژە لە سێ جەمەی خواردن جەمێکم خواردووە ئەویش چەند تیکەیەکی نابەدڵی، نازانم.. هاتم، هەر هاتم، دەبێت هەر مەمنوونی ئەسپە سپیش بم کە لە تارانەوە هەڵیگرتووم و لێم نەغەزریوە، هاتم  نزیك کەوتمەوە، دوندی پاڕانەوەم لێ بە دیار کەوت، لەگەڵ بە دیار کەوتنی دوندی پاڕانەوە، ئەو دوندەی مێرێ ناوی نا پاڕانەوە، خەوێکی گران دایگرتم، چەندی دەمکرد چاوم هەڵنەدەهات، لە سەر پشتی ئەسپە سپی خەوەنوتکەم دەبردەوە، دابەزیم، ئەسپم لە بنە دارێك بەستەوە، بە خۆشم لە بن بنەدارێك راکشام، هاوین بوو، هەر هێندەم زانی ژنێك لە دوورەوە تەواوێك دوور، راوەستابوو، گوتم وەرە پێش، نەهات، گوتی:

من بۆ تۆ باشم وەرە داخوازیم..

خەونەکە هەر هێندە بوو، کاتێ بە ئاگا هاتمەوە، هەستم بە جۆرێك لە ئارامی کرد، هەستم کرد نائومێدی هەندێك لە دڵم رەویتەوە، تەماشای دەور و بەری خۆم کرد سرووشتم بە کەمێك جوانی دیت..ئاخر لە تارانەوە تا گەیشتمە بن ئەو بنە دارەی ژنەکە بانگی کردم، بە درێژایی ئەو ڕێگاو بانە دوور و درێژە هیچ جوانییەکم لە هیچ شتێك نەدیتەوە، دنیا لە لە چاوی من یەك پارچە تاریکی بوو، سەرانسەر نائومێدی بوو... هاتم، هاتم، مەرچەندێ لێرە نزیکتر دەکەوتمەوە، ئومێدم بە ژیان پتر دەبوو، وردە وردە دەمدیت قسەی دکتۆر لە

بەرانبەر قسەی مامی سمکۆ خەریك بوو دەبەزی.. ناوە نـاوە هـەر بـە تـەواوی دکتۆرە تارانییە روسییەکەم لە بیر دەوچۆوە.... گەیشتمە ئاوایی پێش ئـەوەی سەلام لە کەس بکەم بهێڵم کەس ببینێ، یەکسەر چوومە سەر گۆڕی ژنـەکانم، دەمویست بڵێم: زۆری نەماوە منیش دێمە لاتان...بەلاّم ئەو قـسەیەم نـەکرد، قسەیەکی دیم هاتە سەر زاری و لە بیرمە بە دەنگـب بـەرز گـۆتم: ((ببـوورن، دەبێت لەم ماوەیە ژنێك بهێنم، بەلاّم مادام هاوینە، پێش ئەوەی ژنەکە بهێنم، سەرێك لە درەختە هاوینییەکە دەدەم و لە وێشەوە سەردانێکی دوندی پاڕانەوە دەکەم))

## بیستونۆ

هەرچۆنێك بوو رۆژ بۆوە، گەرمای ئەو رۆژە هەر سەر لە بەیانییەکەی دیار بوو، دیار بوو کە نابێت خۆت بدەیتە رۆژ و نیازی هەر جێگەیەکت هەبا دەبوو سێبەر و سێبەر بۆی چووبای، بەڵام لە کەتناوە ئەگەر بتەوێت هەتاوت پێناکەوێت، بە هەر لایەکدا بڕۆی هەر داروبارە.. چێشتەنگاو بوو دوا بڕیاری خۆم دا سوورتر لەو بڕیارەی لە چێشتەنگاوێکی بەهاری دام و رێك چوومە بەر دەرگەی ماڵی مەریەم و... ئەوە بەرێکەوتم بەر لەوەی ئەوان خۆ ئامادە بکەن من دەبێت گەیشتبم، بەلای چەپی چیا هەڵکشام.. ئەوە جاری یەکەمە رێم بەو رێیە بکەوێت، من لە ماوەی ئەو سێ وەرزەی لێرە بردمەسەر و ئەوە سەری وەرزی چوارەمیشە، هەموو رێیەکم بە رێ دانابوو، بەس ئەو رێیەی وا پێیدا بەرەو درەختی هاوینی هەڵدەکشێم لە کنە من رێ نەبوو، بە راستی هیچ رێی تێنەدەچوو ئەوە رێ بێت.. من ئەوەش وەك نهێنییەك تەماشادەکەم، ئەگەر نهێنی نەبێت بۆچی جارێك لە جاران رێم بەو رێیە نەکەوت، بۆچی کە تەماشای ئەو ئاراستەیەم دەکرد، بیرم بۆ رێگەیەك نەدەچوو، بۆچی!...

بڕۆ، بە شەلە شەل بڕۆ.. چارێگێکم پتر پێچوو تا گەیشتمە ئەو شوێنەی ئەوە چوار وەرزە لە دووی دەگەڕێم... ئەوەتا ئەشکەوتێك سینگی بۆ هەتاو کردۆتەوە، وەك تەماشای دەکەم ئەگەر نیوەڕۆ دابێت، رۆژ رێك لە ناوەندی ئەشکەوت دەدات، رەنگە ئەو ئەشکەوتە تاکە ئەشکەوتی گەورە بێت کە

تیشکی رۆژ بگاتە هەموو قوژبنێکی.. لە لای راستی ئەشکەوت باوەشێك ئاو هەڵدەقوڵێ، لە جۆگەیەکی جوانی بەردرێژدا دەروا دەڕوا تا دەگاتە ئەوسەری ئەشکەوت، لەوێوە واتە لە لای چەپی ئەشکەوتەوە لە شێوەی تاڤگەیەکی زۆر خنجیلە و ناسك رێك لە دۆڵ دەکاتەوە، لە دەو جۆگە بەردرێژەکە و لەو سەر و ئەوسەری ئەشکەوتەکەش چ زۆرە دارو دەوەن زۆرە، لە نزیك کانییەکە درەختێکی زۆر گەورە، لق و پۆ پڕ، چەندی لێی وردبوومەوە نەمزانی چ دارێکە، هیچ کام لەو دارانە نەبوو کە من پێشتر دیتبوومن، دەبێت دان بەوەدا بنێم من درەختناس نیم، هەمووی ناوی چەند درەختێك دەزانم و دەیانناسم، جگە لەوەش بە گشتی زۆر لە درەختان ورد نەبوومەتەوە، رەنگە ئەو درەختەی ئێستا وا لێی رادەمێنم پێشتر لە شوێنی دی یان هەر لە ناو کەتناوەش درەختی ئەوهام دیتبێت...

مەیلەو دڵنیا بووم لەوەی کە ئەو درەختە، درەختە ژنگرەکەیە، راستە پیری بەفر گۆتی پێشان درەختەکە دار توو بوو تووی سوور، بەڵام هەر ئەویش بوو گوتی رەنگە ئێستا درەختەکە درەختێکی دی بێت.. لە چواردەوری درەخت دەسووڕێمەوە، سەرەتا وام هاتە بەر چاو کە پێدا هەڵگەڕانی ئاسان نەبێت، دواتر بە لێوردبوونەوەی ورد، گەیشتمە ئەوەی کە سەرکەوتنی هێندە زەحمەت نیە.. بەو پێیە پڕ لە ساچمەوە سەر کەوتمە سەر درەختەکە، لەو کاتە دەمگوت بریا کەسێکی متمانە پێکراوم لەگەڵ دەبوو، پێویستم بە کەسێك بوو لە بن درەختەکەوە تەماشام بکات، بۆ ئەوەی بزانم دەمبینێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك خۆم بشارمەوە کە هیچ چاوێك نەمبینێت، دەبوو کەس نەمبینێت، قسەکەی پیری بەفر راست بوو نابێت کەس ببینێت، ئیدی ئەوە خەریکم لە ناو

گەلاٚ و پرژی ئەو درەختە هاوینییە بە چەند شێوەیەك خۆم دەشارمەوە، من ئێستا خۆشاردنەوە ئەزموون دەکەم، دەبێت خۆشاردنەوەیەکیان هەڵبژێرم لە هەمووان لەبارتر بێت، قەت نەمدەزانی وا جوان دەوری سمۆرەیەکی شەل دەبینم، لەو سەر لق بۆ ئەو سەر لق.. دەبوو جێگەیەك ببینمەوە بەپانی و درێژی دەو جۆگەکەم لێ دیار بێت و کەسیش منی لێ دیار نەبێت، جگە لەوەش دەبوو دانیشتنەکەم، پاڵکەوتنەکەم، یاخود راوەستانەکەم بە شێوەیەك بێت هێز نەکەوێتە پێیە پڕ ئازارەکەم، تا ئێستا نازانم جێگەی من لەو سەر دارە کوێیە و چۆنە ئەگەر بە راوەستاوی بێت رەنگە بەرگەی نەگرم.. درەنگە دەبوو لە جێگەیەك لەو ناو درەختە ئۆقرە بگرم و جوولە لە خۆم ببڕم، ئێستا نا تاوێکی دی رەنگە بگەن.. ئەو بەردە گەورانەم دەژمارد کە لە دەو جۆگەکە دەتگوت بە دەست ریزکراون، ریزببوون، دەمگوت لە کن هەر بەردێك لەو بەردانە دوو ژنی رووت هەبن بەسمە، لە بەردەم هەر بەردێك لەو بەردانە و بە تەنیشت جۆگەوە گۆماوێکی بچووك هەبوو، لە تەنیشت هەر بەردێك لەو بەردانە ئاگردانێك هەبوو...

ئەورۆ چایە زۆر دەخۆمەوە، لەوەتەی لە بن ئەو درەختەش دانیشتووم تەنها جگەرەی یەکەمم بە چەرخ داگیرساندووە، دوای ئەوە جگەرە بە جگەرە، ئێستا پێم زۆر ئازار دەکات، ئەورۆ نیازم ........ بەلاٚم...

ئەوئێستا و بەلاٚمە، ئێستا و بەلاٚمی ژێر دار وشەکەن، لە پێش و دوای بەلاٚم، واتە لە وشەی هەموو بە دواوە نزیکەی یەك لاپەڕەی ئەو دەفتەرە گەورەیەی بەردەستم ناخوێندرێتەوە، دەڵێی چایەی بە سەردا رژاوە، چایەیە، شیرە، شتێکی بە سەردا رژاوە، وشەکان لە شەکرو ئاو جوانتر تێکەلاٚوی یەکتر

بوونـــە، لێكـــدی جیـــا نابنـــەوە، لـــەو لاپەڕەیـــە تـــەنها دوور دێـــری كۆتـــایی دەخوێندرێتەوە كە بە وشـەی ئـەوەتا دەسـت پێدەكاتـەوە.. ئیـدی لـە نێـوان (هەموو) تا دەگاتە (ئەوەتا) تەنها بەلاّم دەخوێندرێتەوە، حەیفم لەو لاپەڕەیە دێت، ئیدی لێرە بۆشاییەك لە سەرهاتەكە هەیە بە من پڕ نابێتەوە...

ئەوەتا خەریكی ئاگركردنەوەن لە بن هەر بەردێ مەنجەلێك لە سەر ئـاگرە، من دەلەرزم، زۆر توندیش دەلەرزم، رەنگە درەختەكەش لەگەڵ خۆم بلەرزێنم، دەترسم هەست بەو لەرزینەی درەخت بكەن، دڵنیام درەختەكە لەرزینێكی توند دەلەرزێت، تەماشادەكەم درەختەكانی دی بێ جوولەن، بە تەنێ ئەو درەختـەی من دەجوولێتەوە، بۆیە دڵنیام لەرزینی ئەو درەختە بە هۆی لەرزینی منەوەیە نەك با، كوا با! ئەوڕۆ با هەناسەش نادات، با هەر چەند بـەهێزیش بێـت ئـەو لەرزینەی مـن خستوومەتەوە ئـەو درەختـەوە ناتوانێـت لـەرزینێكی وا بخاتـە درەختـەوە.. لـە بیرمـە دوعـا لـە سـەر دوعـام دەخوێنـد، دوعاكـانم لێكـدی گرێدەدایەوە، دوعام دەكرد كە بێ ئافاتی بكەیت و نەیقەومێنێ، دوعام دەكرد ئارامییەك بچێتە گیانی ئەو لەرزینەی درەختەوە... هەموو لێرەن هەرچـی ژن و كچی جوانی دنیایە هەموو لێرەن، گوند هەمووی لێرەیە، هەرچی مێیینـەی گوند هەیە لێرەیە، گەورەترین نێرینـە جگـە لـە مـن لـە چـوار پێـنج سـاڵێك تێناپەڕێ... هێشتا كەس خۆی رووت نەكردۆتەوە، دوعا دەكەم خۆیـان رووت نەكەنەوە، رەنگە بەرگەی خۆ رووتكردنەوەی ئەو هـەموو حۆرییـە نـەگرم، لـە ناویشیان مەریەم ئەوەتە پرچی كردۆتەوە، پرچ چ پرچ! من لە بـارێكی وا نـیم بتوانم بیناسێنم... چاوم هۆن هۆن فرمێسكی لێ دەڕژێ، ترسم هەیـە ئاشـكرا بم، دەبێت لچكی پـشتێنەكەم بخەمـە دەممـەوە، ئـەو دووكەڵـە بـۆ وا دەكـات،

سەرەتا وا نەبوو، با لە بەدبەختی من ئاراستەی گۆڕی، دووکەڵی ئەو هەموو ئاگردانە بە مندا دەکات، وا بڕوا هیچ نابینم، نەك هەر هێندەش، ئاشكرا دەبم و ماركوژم دەكەن، ئێستا هەر هێندەم لەدەست دێت، دوعا بكەم كە با ئاراستەی خۆی بگۆڕێت.. گوێم لە حریت و هۆڕە، بەڵام دووكەڵ ناهێڵێت هیچ ببینم، ئەو درەختەی من لە ناویدام، یەك پارچە دووكەڵە.. هەناسەم سوار بووە.. خودا بتگرێت پیری بەفر بۆچی من بە خنكاندن دەدەیت! وا بڕوا دەخنكێم و هیچیش نابینم، ئەو ژنە جوانانە بە رووتی نابینم، مەریەم بە رووتی نابینم، باشترە خۆم ئاشكرا بكەم، تێهەڵدان و ئابرووچوون لە خنكان لە ناو دووكەڵ باشترە.. رەنگە پیری بەفر تووشی بە تووشی دووكەڵێكی واوە نەبووبێت، دەنا باسی دەكرد.. نا نابێت ببەزم، دەبێت بەرگەی دووكەڵ بگرم، نەك دووكەڵ ئەگەر ئەو درەختە ئاگریش بگرێت من دەبێت بەرگە بگرم، دەبێت لەشولاری ئەو ژنانە ببینم دەبێت ئەو مەمكە قیتانەی مەریەم ببینم.. من چوار وەرزە خەون بێرەوە بەو درەختە دووكەڵاوییەوە دەبینم، ئێستاش وا سووك و سانا بەجێی بهێڵم! نا بەرگەی خنكان دەگرم، من ناخنكێم بەو هێندە دووكەڵەیە ناخنكێم، دووكەڵی دنیایێ بەردەنە ئەو درەختە هاوینییە من ناخنكێم.. خودایە ئەو دووكەڵە چڕە لەو درەختە دوورخەیتەوە، چاوم هیچ نابینێ، وا بزانم خۆیان رووتكردۆتەوە، ئا دەنگی ئاو دێت، دەنگی ئاوپێداكردن.. ئەوە یەكەم جارە لە هەموو تەمەنی خۆم خودا بە هانامەوە بێت، یەكسەر دووكەڵ نەما، دەتگوت خودا فووی كرد، نازانم نە با ئاراستەی خۆی گۆڕی نە ئاگردان بێ دووكەڵ مایەوە.. هێشتا هیچم نەدیتووە، ئەوەتا بە دوو دەستان چاوی خۆم دەسڕمەوە، چاوم پڕاو پڕە لە دووكەڵ، ئێستاش كە لە

بن ئەو دارگوێزە ئەشکەوتەکە دەنووسمەوە، ئەو ئەشکەوتەی جوانترین گەرماوی ژنان بوو لە دنیایێ، ئێستاش چاوم هەر دووکەڵی درەختەکەی تێدایە..

ئەوە چیە خودایە! من لە کوێم خودایە! ئەوەی من دەیبینم جگە لە برادەرە پەنجەخوارەکەم هەموو خەڵك ببیبنێت خودایە.. نازانم تەماشای کامیان بکەم، هەر مەریەم نا هەموویان جوانن، یەك لە یەك جوانترن، نازانم تەماشای کوێیان بکەم، جێ لە جێیان جوانترن، ئەو هەموو مەمکە خودایە! لە کوێوە هاتن، لە کوێ پێگەیشتن! قەت نەمدەزانی دنیا ئەو هەموو جۆرە مەمکەی تێدایە، لە هەر شێوەیەك مەمکت دەوێ، لەو درەختەوە دەیانبینی، مەمکی پرتەقاڵی، مەمکی هێلکەیی، مەمکی توند توند، هی کەمێك توند، مەمکی کەمێك شل بە نازەوە دەلەرێتەوە، مەمکی شل شل.... مەمك هەیە سپی سپی لە بەفریش سپیتر، هەیە کەمێك سپی، مەمك هەیە بەلای سپیدا دەشکێتەوە... هەموو ئەو مەکانە پڕن لە جوانی، هیچیان ناشیرن نین، هیچیان لە هیچیان جوانتر نین، هەموویان جوانن وەك یەك جوانن.. ئەو هەموو ران و سمتە خودایە! کێ بەو شێوەیە درووستی کردوون! بۆ کێی درووستکردوون! چ لووس و گۆشتنن خودایە! ئەو هەموو قۆڵ و باسك و بن هەنگڵە لووس لووسانە، ناوك ناوك چەند جوان کەفی پێدا دێتە خوارێ، خودایە تێکەڵی کەفی سەر ناوکی مەریەمم بکە، تێکەڵی کەفی سەر ناوکی ئەوانی دیم بکە..لەشولاری ژنان و کچانی کەتناوە بە زمانیش بیانپشکنی داوە مووێك نابینیەوە، تەنها چوار پێنجێکیان نەبێت یەك لەوانەش مەریەم، ناو گەڵی پڕ لە مووە، من ئەوە یەکەم جارمە ناو گەڵ و مووی ناو گەڵی ژنان ببینم.. خودایە! بمگەیەنە ناو گەڵی ژنان، بمگەیەنە ناو گەڵی مەریەم..

پیری بەفر، هەتا مردن چاکەت وا لە چاوم، پیری بەفر تـۆ ئەوانـەت دیـوە، بۆیـە وا تەمـەن درێـژی، هـەر دەژیـت و دەژیـت، مـردن ناوێرێـت لێـت نزیـك بێتەوە.. پیری بەفر رێمدە، با لە قسەی تۆ دەرچم، لەمـە پـتر بەرگـەم نـەما، چیدی ئەو درەختە لە خۆیم ناگرێت، دەبێت دابەزم، دابەزمە ئەو بەهەشتەی کە لە بەهەشتی خوداش بەهەشتترە، دەبێت تێکەڵی ئەو هەموو لەشولارە رووتە بم.. نا پیری بەفر تەماشاکردن بەس نیە، مـن نـاتوانم لـە تەماشـاکردندا خـۆم بهێڵمەوە، من چیدی ناتوانم بە دیار ئەو هـەموو خواردنـە بەهەشـتیەوە بـەرز بوەستم، دەبێت دابەزم و تامیان بکەم، پیری بەفر ناچارم لە قسەی تۆ دەربچم، خۆم بەو حۆرییە رووتانە بناسێنم، من قەت لە ئێستادا نەژیاوم، بەلاّم ئێـستا دەبێت لە ئێستادا بژیم، نابێت لە دەست خۆمیان بدەم، قەت ئەوهام بـۆ رێـك ناکەوێتەوە، پیری بەفر من هیچ لە قسەی ئـەو حۆریانـە تێناگـەم، دەڵێـی بـە زمانێك قسە دەکەن کە من نایزانم، هەموویان پێکـەوە قـسە دەکـەن، دەنگـە دەنگێکی ناسکە، دەڵێی پارچە مۆسیقایەکی ریتم توندە ئەو درەختە هاوینییە بۆ منی لێدەدات، خۆزگە لە زمانی مۆسیقا تێدەگەیشتم.... ئـەوەتا مەریـەم زۆر لێم نزیکە، لە هەمووان جوانتر لێم دیارە، مەریەم رووت و قووتە، مەریەم سـابوونێکی تـەواوی وا لەسـەر سـینگی خـۆی کردۆتـە کـەف و بـە دەسـتە کەفاوییەکانی مەمکە خڕ و توندەکانی هەڵدەپشێوێ، ئـەو مەمکانـەی بڕوا ناکـەم پەنجـەی کەسـیان پێکـەوتبێت، بـرادەرە پەنجـە خوارەکـەم درۆی کـرد، بوختانی بۆ مەریەم هەڵبەست، چـاوی مـنیش درۆی کـرد، ئـەو ژنـەی لـە بـن برادەرە چاو کەسـکەکە راکـشابوو مەریـەم نـەبوو، نـازانم کـێ بـوو.. نـا ئـەو لەشولارەی مەریەم دەستی کەسی بەرنەکەوتووە، مـن لـە نزیکـەوە تەماشـای

دەکەم، دەبینم لەشولاری مەریەم لە هی هەموو ژنەکانی دی جیایە..بە قەت هەموو ژنەکان پتریش تەماشای لەشولاری مەریەمم کرد، ورد ورد پشکنیم و دەیپشکنم، دەزانم چەند نیشانەی پێوەیە، لەمەودوا دەموچاویشی لێم دیار نەبێ , لە ناو هەزار ژنی رووتدا خۆی رووت بکاتەوە دەیناسمەوە..

پیری بەفر، سەری خۆشم لە سەر دانابێ لە قسەی تۆ دەردەچم، من با دەستم بەر لەشولاری ئەو ژنانە بکەوێت، با پەنجەم بەر مەمکی مەریەم بکەوێت، خوای دەکرد، دەیانخستمە ناو ئەو مەنجەڵە پڕەی وا لە تەنیشت مەریەمی رووتەوە لە سەرەوەی پلەی سەدییە... پیری بەفر، من وەك ئەو مەنجەڵە وا کوڵ کوڵ دەکوڵێم ئیدی تەواو جگە لە دابەزین چیدی شك نابەم..پیری بەفر ژیان وا لە ناو سینگ و مەمکی مەریەمە، ئیدی دەبێت بگەمێ ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت دەبێت تامی بکەم.... پیری بەفر، رێمبدەی و رێمنەدەی، قسەت دەشکێنم، دەبێت قسەت بشکێنم، ئیدی دەبێت لە سەر ئەو درەختە دابەزم و بچمە ناو سینگ و مەمکان، ئیدی سەر ئەو دارە جێگەی من نیە، یان دەبێت بەرەو ئاسمان هەڵکشێم، یان بۆ زەوی دابەزم، ئەوە جاری یەکەمە لە ژیانی من زەوی بە کێشتر بێت لە ئاسمان، خودایە، ئەی ئەو خودایەی ئەو هەموو ژنە جوانەت درووستکردووە و هەموویانت لێرە بۆ من رووتکردۆتەوە، من وا خۆم فڕێدەدەمە باوەشیان، ئەوەتا مەریەم جوانترین ژنی دنیایێ رێك کەوتۆتە بن منەوە، هەر خۆم هەڵدەم دەکەومە ناو کۆشییەوە، کۆشی پڕ لە کەفییەوە، خودایە دڵی ئەو ژنانە بە مەریەمیشەوە نەرم بکە، من جگە لە خۆشەویستی ئەوان چیدیم ناوێت، دڵیان نەرم بکە و با ئەگەر

بەخێرهاتنیشم ناکەن، نەخەنە بن دەست و پێی خۆیانەوە و کوت کوتم نەکەن...

دیسان چاوم دەستی بە زوورانەوە کرد، ئاوی لێ گیر نابێت، دیسان تووشی هەناسەبڕکێ بووم، دیسان درەخت بووە درەختی دووکەڵی، دیسان با بە بەدبەختیمدا ئاراستەی خۆی گۆڕی، لە حۆرییە رووتەکانی دەو جۆگەی کردم، کەسیان نابینم، هەموو ون بوون، بەڵام دەنگیان دێ... خودا، هەڵکەی بای پێچەوانە و ئەو دووکەڵە رامالّی... ئەوجارە دووکەڵ زۆری کێشا، درەختەکە یەك پارچە دووکەڵە، من رێوییەکی قانگدراوم، هەر دیتت دەرپەڕیم، هەناسەم گیرا، هیچ چارم نیە دەبێت دابەزم، مردن هەر مردنە، نا مردن هەر مردن نیە، با لە ناو ژنانی رووت، لە کن مەریەم، با بە دەستی ژنان بمرم، نەك لە ناو دووکەڵ و کەس پێمنەزانێ.. من هەتا زووە با دابەزم..

بە هەڵەداوان و بە کۆخەکۆخ هاتمە خوارێ.. چ ببینم! ئەوەی من دیتم، یاخوا جگە لە برادەرە پەنجە خوارەکەم کەس نەیبینێت، چۆل، چۆل، ئەو ئەشکەوتە، ئەو گەرماوی ژنانە، جگە لە من و دووکەڵ، جگە لە من و تالّە قژی بەجێماو، جگە لە من و لێرە و لەوێ هەندێ کەف و ورتکە سابوون چیدی نا، نازانم ئەوەی دیتم و دەیبینم راستی بوو، یا خەون.. لۆژە لۆژ گەڕامەوە.. بەڵام هەستمدەکرد بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دەگەڕێمەوە، ئۆخەی نەمردم هەموو جێگەیەکی ژنم دیت، لە تەوقی سەر تا بنی پێ، بە رووتی هەموویم دیت، مەریەم ئەو مەریەمەی ویستی رەوانەی هەڵدێرم بکات، ئەو مەریەمەی لە نزیکەوە و بە جوانی روومەتیشیم نەدیتبوو، ئەوا جێیەك لە لەشی نەما

نەیبینم، بە ناوك و بن ناوکیشیەوە... تا ئێرە ئێستاشی لەگەڵ بێت نازانم خەون بوو، یان راستی!

## سی

لەو رۆژەوەی مەریەم، جوانترین ژنی دنیایێ بەرەو هەڵدێر هەڵیدام، رێم بە پێش دەرگای ماڵی مەریەم نەکەوتووە، لەوێ رۆژێوە چەندی بۆم کرابێت خۆم لێی لاداوە و نەمویستووە بمبینێت، ئەو جارە کەمانەش کە لە رێوبانان تووشم بە تووشیەوە بووە، لام داوە، وا خۆم نیشانداوە کە ئەوم نەدیتووە، لە بنەوەش تیچاوم داوەتێ، راستی مـن ویـستوومە بیبیـنم، بـەڵام حـەزم نـەکردووە ئـەو بمبینێت.. بەڵام ئەو دەمەو عەسرە زۆر تامەزرۆی دیـداری مەریـەمم، دەبێـت بیبینم و قسەی لەگەڵ بکەم، لە جاری پێشی رەوانتر قسەی لەگەڵ بکەم، ئـەو جارە نە دەترسم نە شەرم دەکەم، ئیدی لەوە دەرچوو من شەرم لـە ژن بکـەم.. دەیبینم و رێك تەماشای ناو چاوی دەکەم، یەکـەم جـار بـە چـاو داوای ژوانـی لێدەکەم، ئەگـەر رازی نـەبوو، ئاشـکرای دەکـەم لەشـولاری خـۆی بـۆ ئاشـکرا دەکەم، هەموو نیشانەکانی لەشی یەك یەك هەڵدەدەم، بە شێوەیەك خۆیشی وا بە وردی نەزانی نیشانەکانی لەشی خۆی هەڵبدات، پێـی دەڵـێم، تـۆ لـە کـوێ نووستووی! من تۆم بە رووت و قووتی دیوە، دەزانم لەشـت چـەند تاڵـە مـووی پێوەیە... بەو دەمەو عەسرە کەتنێکم لە ناو چەوان دایە و دەیقـەومێنم، بـەر لەوەی سەردانی پیری بەفر بکەم و هەواڵی درەختە هاوینییەکەی بدەمێ، ئـەو درەختەی بە منی ناساند و ئێستا خۆی ئاشنایەتی لەگەڵی نەماوە، بەر لەوەی پێیبڵێم هەتا مردن چاکەی تۆ لە چاومە، بەر لەوەی پێیبڵێم سوپاس بۆ ئەوەی

لە ناو ئەو هەموو خەڵکە منت دەستنیشانکرد تا لە دوای تـۆ دووەم کـەس بم بە درەختی بەهەشتی شاد بم، دەبێت مەریەم ببینم و پێیبڵێم دەبێت جارێکی دیش بە رووتی بتبینم، لە رووتبوونەوەی پێشوو هەر تەماشاکردن بـوو، بـەڵام ئەو جارە دەستلێدان و پێگەیشتنیشە...

قسەی خۆم دەگەیەنمە سەر، سەریشم تێدا بـچێت قـسەی خـۆم دەگەیەنمـە سەر، من لە دڵەوە هەر گفتێکم بە خۆم دابێت، گەیاندوومەتە سەر، ئەوەشیان وەك ئەوانیدی.. خۆم دەگەیەنمە مەریەم، هـەر ئێـستا دەگەمـە پـێش دەرگـای ماڵیان لەوێ وەك بەرد دەوەستم و ناجوولێم تـا مەریـەم نـەبینم هـەر لـەوێم و ناجوولێم، کاتێ دیتم دەبمە ئاو و پێیدا دەڕژێم هەموو ئەو قسانەی وا لە سـەر زارمن بێ لادان و کورتکردنەوە بۆ مەریەمی دەکەم... چی دەبێـت بـا ببێـت، من قسەی خۆم دەکەم، خـوای دەکـرد هـەموو گونـدی بەسـەرم وەردەکـرد، بـا هەرچی جونی پیس هەیە بە بەر چاوی گوندەوە بە منی بـدا مـن قـسەی خـۆم دەکەم، ئیدی بڕیارم داوە لە ئێستاوە لە ئێستادا بژیم، ئیدی دوێنێ و سبەی لە کنە من بوونیان نیە، ئێستا هەر ئێستا، من قسەی دڵی خۆم دەکەم، مـن بـە هەر نرخێك بێـت دەبێـت مەریـەم لـە بـاوەش بکـەم، وەك چۆن بـرادەرە چـاو کەسکەکەم لـە باوەشـی کـرد منـیش لـە باوەشـی دەکـەم، مـن رووت رووتـی دەکەمەوە.. ئەو جارە وەك جارەکەی دی کەر نابم بە دوو قسەی مەریـەم رێـی هەڵدێر بگرمە بەر..

ئەوەتا لە پێش دەرگای شا جوانی دنیایێ وەستاوم، ئەو شاجوانەی لە مێژ نیە بە رووتی دیتم و لە نزیکەوە، زۆر لە نزیکەوە بە نیگای تیژ هەموو لەشیم پشکنی، دەزانم چەند خاڵ بە لەشییەوە هەیە، خەڵك هـەر خاڵەکـەی لا لێـوی

مەریەمیان دیوە، بەلاَم من لە شوێنیدیش خالَم دیوە، دەزانم سووکە برینیش کەوتۆتە کوێی لەشی مەریەمەوە... ئەوە هات، ئەوە هات، مەریەم جوانی جوانان هات، ئەو جارە لە دەرەوە بەرەو مالّ دەبێتەوە، دەلّێی زانیویەتی من وا لە بەر دەرگای مالّیان چاوەڕێی دەکەم، سووك سووك وا دێت... ئەها دەلّێی بە ترسەوە تەماشای من دەکات، ئەوا گەیشت..

-مەریەم باشی..

- خ خ خۆشبی

- تۆم خۆشدەوێت، حەزدەکەم لە جێگەیەك بتبینم

- نا، لۆ..

- ئەریٚ کیٚ ئەو برینەی خستۆتە سەر رانتەوە؟

- برینی چی!

- ئەدی ئەو خالّەی لە سەر قۆلّنجی چەپت بوو لە جێگەی خۆی ماوە؟

- ئەوە چ دەلّێی تۆ!!

- باشە ئەدی ئەو جووتە خالّەی وا بە تەنیشت یەکەوە لە خوار ناوکتەوەن..

- ش ش شێت بووی!

- باشە بۆچی مووی بن هەنگلّت کردووە، کەچی هی ناو رانت نەکردووە

- شەرم ناکەیت تۆ هەی بیٚ شەڕەف

- نا شەرم ناکەم، شارەزای هەموو جێگەیەکی لەشتم، دەبێت وەك چۆن دڵی ئەو هەموو خەڵکە خۆش دەکەیت ئەوهاش دڵی من خۆش بکەیت..

- شەرم بکە ئەو قسانە مەکە، من لەوانە نیم کە تۆ تێیگەیشتوویت

- با تۆ لەوانەی، من بە چاوی خۆم دیومە.

- درۆ دەکەیت

- ئەوە من بووم لە ناو دارستانەکەی ئەولا لە بن بەردە گەورەکە لە بن کوڕە چاو کەسکەکە پاڵکەوتبووم؟!

- تۆ شێت بوویت، وازم لێبێنە، دەنا هەموو ئاواییت بە سەرەوە دەکەم

- بانگیانکە، بانگی هەموو ئاوایی بکە، بڵێ ئەو پیاوە خۆشی دەوێم، دەیەوێت ژوانم لەگەڵ ببەستێت، دەیەوێت ماچم بکات و هەموو شتێکم لەگەڵ بکات، دەی، هاوار بکە، بۆ نایکەیت؟

- کاکە واز بێنە خۆت شێت مەکە

- بە خودای با پێت بڵێم، وەك چۆن هەموو لەشی تۆم بە رووتی دیوە، دەبێت دەست لە هەموو شوێنێکی لەشیشت بدەم و هەموو شوێنێکی لەشت تام بکەم..

دیتم، بە هەڵاتن هەڵات، خۆی کرد بە ژووردا، ویستم بکەومە دوای، نازانم بۆچی نەچووم..

ئەوەش دەڵێی خەونە دەیبینم، نازانم راست بوو، یان خەون...ئەو جارە لە جیاتی ئەوەی خۆم کەر بکەم و بەرەو هەڵدێر رێ بگرم، زۆر سەربەستانەو بێ خۆ تێکدان، بێ ئەوەی قسەکانی مەریەم هیچ

کاریگەرییەکی خراپ بە سەر رۆیشتنمەوە جێبهێڵن، راست و راست ڕێی ماڵی پیری بەفرم گرت، کە گەیشتمێ لە پێش دەرگا لە سەر ئەو بەردەی زۆر لە سەری دادەنیشت و پێیەکانی دەخستە ناو جۆگەکەوە دانیشتبوو، بە خەندەیەکی زۆر ناسکەوە بەخێرهاتنی کردم، زۆر بە کەیف بوو، هەرگیز پیری بەفرم بەو کەیفخۆشیەوە نەدیتبوو، جلوبەرگی نرتونوێ بوو، خاوێن خاوێن ، پیری بەفر هەمیشە هەر خاوێن بوو، بەڵام خاوێنیی ئەو جارەی بریقەی دەدایەوە..

- لەمێژە دیار نی، درەختەکەت دیتەوە؟

- ئا، وا لەوێ دێمەوە..

- باشە لەوە گەڕێ، دەڵێم بۆچی لێم ناپرسی، بۆ وا خاوێن و کەیفخۆشم؟!

- دەمویست بپرسم، بەڵام..

- با پێت بڵێم، مێرێ، مێرێ..

- مێرێ، چی!

- کوڕە، مێرێم دیتەوە، مێرێ!!

- ئەوە بە راستتە؟ ئەدی کوا لە کوێیە؟

- ئەوەتە لەو باخەیە، سێو دەڕنێ، ئێستا دێتەوە

- زۆر پیر نەبووە؟

- نا، نا، مێرێ چۆن پیر دەبێ، لە جاران جحێڵترە، ئێستا دێتەوە، بیبینە بزانە چ شۆڕە ژنێکە

- لە مەریەمیش جوانترە؟

- مەریەم لە چاو مێرێی من هەر هیچ نیە، تەماشاکە ئەوەتە هاتەوە خراپ لە خۆم هەڵدا، رەنگە جاری یەکەمم بێت لە هەموو تەمەنی خۆم، چ لە خەو چ لە ئاگایی وام لە خۆم هەڵدابێت...

لە خۆهەڵدانێکی سەیر بوو، بەرز بوومەوە زۆر بەرز، دڵنیا نیم لە کوێ بە عەردی کەوتمەوە، نازانم نە لە باوەشی خەو بوو نە لە بەر پێی ئاگایی.. سەرم هەڵبڕی تا مێرێ ببینم، پیری بەفر بە چاو و پەنجە تێیگەیاندم کە بە بێ گیربوون و دواکەوتن رێی دوندی پاڕانەوە بگرمە بەر، یەك پێ هەستام چاوەڕێی دیارکەوتن گەیشتنی مێرێم نەکرد، حەزی دیتنی مێریم لە سەر بوو، بەڵام پیری بەفر رێی نەدا بە دیداری مێرێ شاد بم، لەگەڵ ئەوەش بەو کارەی پیری بەفر هیچ دڵگران نەبووم، ئەو جێگەیەی کە نیشانی منی دا، زۆر لە دیتنی مێرێ بە تامتر بوو..بڕۆ، بڕۆ.. زوو گەیشتمە بن ئەو چیایە خر و بەرزەی کە لە سەر سەری خۆی دوندی پاڕانەوەی هەڵگرتووە، ئا, هەر بە چاوترووکانێ گەیشتمە ئەوێ و رێك خۆم لە بنی دیتەوە، لە بەر خۆم دەمگوت، ئەدی پیری بەفر بۆچی دەیگۆت، رێگاگە هێندە و هێندە دوورە!.. سەر هەڵدەبڕم ئەو چیایەی کە دەبێت پێیدا هەڵگەڕێم گەلێك بەرزە، زۆر بەرزتر لەو بەرزییەی پیری بەفر بۆ منی باس کردبوو.. لە پڕ تینوێتییەکی تووش قوڕگ و لێوی گرتم، کانییەکەم بیر کەوتەوە، ئەو کانییەی پیری بەفر چەندان جار دێمکەی لێی پڕ کردووە، ئەو کانییەی مێرێش ئاوی لێی خواردۆتەوە.. ئەو لا کانی ئەم لا کانی، کانی نیە، باشە پیری بەفر گوتی کانییەکە لای چەپە یان راست! بە هەڵە نەچووبم گوتی کە لێرەوە دەچی کەوتۆتە دەستی چەپەوە، ئا، لای دەستی چەپە زۆر نارۆی

دەیگەیەتیٚ، زۆریش رۆیشتم هەر نەگەیشتمیٚ، گوتم هەبیٚ نەبیٚ لە لای دەستی راستە، رەنگە بە هەڵە لە پیری بەفر تیٚگەیشتبم، ئەو جارە ریٚی راستم گرتە بەر بڕۆ بڕۆ، کانی نیە نیە، ئەوەی تەڕاییە لەو ناوە نیە، گوتم رەنگە ئەو ریٚییەی من لیٚیەوە گەیشتبمە ئیٚرە ئەو ریٚیە نەبیٚت کە پیری بەفر چەندان جار پیٚیدا هاتووە، بۆیە نە لای چەپ نە لای راست کانی نیە، گوتم باشترە بە چوار دەوری ئەو چیایە بسووڕیٚمەوە تا کانییەکە دەبینمەوە، بڕۆ بڕۆ، بە بیرم هاتەوە کە پیری بەفر دەیگۆت: بە دیوی ئەو دیویدا هەڵدیٚریٚکی هە زار بە هەزارە، وەك ئەم دیوەی نیە بە دڵی خۆت بیٚی و بچی و پیاسەی لیٚ بکەیت.. تەواو تووشی نائومیٚدی بووم، لە سەر بەردیٚك رووە و دوندی پاڕانەوە دانیشتم، دەمویست قسە بە پیری بەفر بڵیٚم، پیٚیبڵیٚم بۆچی وات بە سەرم هیٚنا، کوا کانی، وا خنکام لە تینویٚتیدا خنکام، پیری بەفر خنکام! لە پڕ هاتە سەرم کە ئەویٚ بەجیٚ بهیٚڵم، گوتم هەبیٚ نەبیٚ من بە هەڵە هاتوومەتە ئیٚرە، ئیٚرە نابیٚت ریٚی دوندی پاڕانەوە بیٚت.. خەریك بوو لە سەر بەردەکە هەستم و ئەویٚ بەجیٚ بهیٚڵم، لە هەستان بووم هەستمکرد میزم دیٚت، دەستم بۆ دۆخین برد، دەستم گەیشتە دۆخین و نەگەیشتیٚ، سەرم هەڵبڕی، دەبینم لە قەدی چیایەکە تەڕایی دیارە، لە خۆشیدا خەنی بووم، میزکردنم لە بیر چۆوە، ریٚك لە راستی تەڕایەتییەکەوە بە چیادا هەڵگەڕام، هەڵگەڕیٚ، هەڵگەڕیٚ، زۆری نەبرد دەستم گەیشتە تەڕایی، کەمیٚکی دی سەرکەوتم، دەبینم لە بن دوو بەرد کە وەك بەرخ سەریان بە یەکدی کردووە، ئاویٚك هەڵدەقوولیٚ لە چاوی قرژاڵ روونتر، روون زۆر روون وەك چاوی مەریەمی کەتناوە روون، دەوم بە کانییەوە نا، لەبەر ئەوەی ئاوەکەی زۆر

سارد بوو نەمتوانی زۆر بخۆمەوە.. لە بەر خۆمەوە دەمگوت دەبێت بە هەڵە ڕێم بەو چیایە نەکەوتبێت! باشە پیری بەفر دەیگوت: کانییەکە لە فلاَن شوێنە، کەچی وا نیە، کانی وا لێرەیە.. زۆر گوێم نەدایە ئەو بە هەڵەداچوونەی خۆم.. لە سەر کانییەکەوە بۆ سەرێ سەر کەوتم، هەڵگەڕێ، هەڵکەڕێ، زۆری نەبرد سەری گوریس بە دیار کەوت، گوریسێکی ڕەش ڕەش بوو، دەتگوت مارە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە و با لێیدەدا..

هەندێکی دی سەرکەوتم لە گوریس نزیك بوومەوە، تەماشای سەرێ دەکەم، دیار نیە گوریس لە کوێوە هاتووە، لە چ شتێك بەستراوە، دەستم بۆ گوریس برد، دەستم گەیشتێ و نەگەیشتێ، گوێم لە دەنگەدەنگ بوو، دەنگە دەنگێکی زۆر لە سەرەوە دەهات، هەست و خوستم لە خۆم بڕی، سات دوای سات دەنگەکان ڕوونتر و ئاشکراتر دەهاتنە گوێم، من و دەنگەکان هێند لێکدی نزیك بووینەوە، ئاشکرا بوو کە دەنگ دەنگی ژنە، کۆمەڵێك ژن پێدەکەنین و گۆرانیان دەگوت، هەموو دەنگەکان دەنگی ژن بوون، دەنگی پیاویان تێدا نەبوو.. دەستی ڕاستم بە گوریسەکەوەیە، سەرم سوڕماوە، پیری بەفر دەیگۆت: دەگەیتە سەر دوندەکە، لەوێ بەردێکی گەورە هەیە، وەك ڕایەخ خۆی ڕاخستووە، بنە دارێکیش لە تەنیشت بەردەکەیە، بۆ سێبەری سبەینان، یان بۆ هەر کاتێکی دی کە حەز لە سێبەر بکەیت، کاتێك گەیشتییە سەر بەردەکە بخەوە، لە کاتی خەوتنێ ئیدی دێن، ژن قل، قل دێن و دەورت دەدەن و.. کەچی هێشتا نەگەیشتوومەتە سەرێ، هێشتا لە نیوەی ڕێم، تازە وا دەستم بەو گوریسەوەیە کە پیری بەفر لەبەر خاتری مێرێ لێرەدا شۆڕی کردەوە، سەیرە هێشتا نەچوومەتە سەر بەردەکە و خەوم لێنەکەوتووە،

ژنەکان هەموویان گەیشتوون و چاوەڕێم دەکەن، ئەو سەر سوڕمانەش زۆر لە سەرمدا نەمایەوە، لە دڵی خۆم گوتم هەبێت نەبێت ژنـەکان زۆریـان پەلەیـە زوو هاتوون.. ئیدی دەستێکم بە گوریسەوە بوو، دەستێکیشم لە بـەرد گیر دەکرد ڕێك وەك ئەوەی پیری بەفر گـۆتی.. ڕێگـای سـەرکەوتن زۆر سـەخت بوو، زۆر سەختتر لەو سەختییەی پیری بەفر باسی دەکرد.. هێندەم لـە بـیرە هەردوو دەستم بە گوریسەوە بوو، پێیەکانیشم لە ئاسمان.. بە هەموو ژنەکان هەڵیاندەکێشام، هاواریان دەکرد: مەترسێ، زۆری نەماوە..... ژنێك لایەکی دەموچاوی لە من دیار بوو، زۆر لە مەریەم دەچوو، هەر مەریەم خۆی بـوو، مەریەمی پێش دەرگاکەی خۆیان، مەریەمی بـن درەختەکـە، ئـەوەتا وا بـە دەستی خۆی هەڵمدەکێشێ بۆ ناو باوەشـی خـۆی، تـا بیگـەمێ و تونـد لـە ئامێزی خۆمی بگرم و هەر بە چنینەوە هەموو لەشی بچنمەوە.. زۆر نەماوە بگەمە دەسـتیان، دەسـتی ئـەو هـەموو ژنـە جوانـە، دەسـتی مەریـەم ئـەو مەریەمەی هەر خۆم دەزانم چ میوەیەك بە لەشییەوەیە.... ئەها، قەوما، لە کەس نەقەومێ.. گوریس! ئەوەتا وا لە ئاسمانێ دێمە خوارێ، لە سـەرەوەش ژنـەکان لـە پێکـەنینی خۆیـان ناکـەون.. گـوریس، پـسا گـوریس.. دوعـا دەکەم،لە جێیەکی نەرم بە عەردی بکەوم، هاوارم کردە پـیری بـەفر، بێـت و بمگرێتەوە و نەیەڵێت هـەپڕوون بـە هـەپڕوون بم.. هـاواری مەریـەم دەکـەم، مەریەمی سەر دوندی پاڕانەوە لە پێش من خۆی بگەیەنێتـە عـەردی و بـە باوەشی نـەرمی بمگرێتـەوە، مـن هـەر وا لـە ئاسمـانێم هێـشتا بـە عـەردی نەکەوتووم، هاوار بۆ هەموو خەڵك دەبەم، بە برادەرە پەنجە خوارەکەشمەوە.. لە ئاسمانێ چاو دەگێڕم کەسێك، بازێك، چۆلەکەییێك، بمگاتێ و بمگرێتـەوە..

وا لە عەردی نزیك كەوتمەوە كەس دەستی گرتنەوەی بۆم درێژ نەكرد، ئێستا نا ئێستا وەك شفتی شەق دەبەم.. خەریكە.. ئەوەتا پیری بەفر دەبینم وا لەو لاوە دانیشتووە، پشتی لە منە، گوێی لە هاوارم نیە، بە هەموو هێزی خۆم هاوارم كرد: پیری بەفر.... هێشتا دەنگی هاوارم هەر لەو شاخانە دەنگی دەدایەوە كە پشتاو پشت بە عەردی كەوتم.. بە ئاگاش هاتبوومەوە، هێشتا هەر پشتم دێشا...

ئەو دەمەو عەسرەی ئەو خەونە دوور و درێژەم دیت، حەفت شەو دەبوو، مەریەم بە بووك چوو بوو، حەفت شەو بوو بۆ هەشتە دەچوو، جوانترین كچی كەتناوە، جوانترین كچی دنیایێ، مەریەمی جوانتر لە مێرێیەكەی پیری بەفریش، لە كەتناوە نەمابوو، بردبوویان لە رووباریشیان پەڕاندبووەوە، بە پێش چاوی من بردیان، ئەو دەمەو عەسرەی مەریەمیان سواری ماینێكی سپی كرد، من لە دوورەوە دیتم، لەو سەر لە سەر ئەو رێیەی مەریەمی پێدا دەڕۆیشت لە سەر یەك پێ راوەستا بووم.. مەریەم هات بە تەنیشت من تێپەڕی لە بن تارای تەنكەوە دیتم، دیتم تیچاوێكی دامێ و بزەیەكی بۆم كرد، ئەو بزەیە یەكەم بزەی مەریەم بوو بۆ من، بزەی ماڵئاواییش بوو، مەریەم رۆیشت و منی لە قوڕێ بردە خوارێ... ئەو دەمەو عەسرەی خەونەكەم دیت، هێشتا كەتناوە لە گەرمەی تازییەی پیری بەفر بوو، ئەو دەمەو عەسرەی هەواڵی مەرگی پیری بەفر بە ئاوایی كەتناوەدا بلاّو بۆوە، چاوێكت نەدەدیت بێ فرمێسك، هەموو چاوەكان فرمێسكیان دەڕشت، هەموو قوڕگەكان پڕ هەنسك بوون، پیری بەفر تاكە پیری دنیا بوو ئەو هەموو ژنە، ئەو هەموو پیاوە، ئەو هەموو منداڵە بێنێتە گریان،

مەرگی پیری بەفر، دنیای بە سەر کەتناوەدا رژاند، ئەوەی نەهاتە کەتناوە بەس مەریەم و پەنجە خوار بوون.. ئەو ساتانەی هەواڵی مەرگی پیری بەفر گەیشت، دەمژمێرێك پێش ئەوە من پیری بەفرم بە خاکە ناسەکەیەوە دیت، لە خواری ماڵی خۆیان خەریکی ئاودێری بوو، مەرگی پیری بەفر لە ناکاو بوو زۆر لە ناکاو، لە ناکاوتر لە بارینی تەزرە، لە ناکاوتر لە ساتمە کردن، لە ناکاوتر لە پژمین، پیری بەفر مرد و کەتناوەی بەجێهێشت، دنیای بەجێهێشت، ژنە جوانەکانی دنیا و کەتناوەی بەجێهێشت، پیری بەفر مردنەکەیشی لە مردنی بەفر دەچوو، ئەو جۆرە بەفرەی من هەمیشە داخم بۆی هەڵکێشایە، ئەو بەفرەی لە سەرەتای زستانێ بە بەر چاوتەوە، دەبارێ، دەبارێ، تا عەرد سپی دەکات، بەڵام کاتێك بە نیازی شتێك دێیتە ژوورەوە و نیگات لە سەر بەفرەکە دەبڕێ، هەتا دەچیەوە بۆ سەیرکردنی بەفرەکە، دەبینی ڕێژنە بارانێ بەفری ڕەشکردۆتەوە، من مردنی پیری بەفرم ئەوها دیت، وەك مردنی بەفر.. ئەو دەمەو عەسرەی ئەو خەونەم تێدا دیت، دەمێك بوو لە شیرنەی خەوە خۆش و ناسکەکان لە بەر ئازاری پێم بە ئاگا دەهاتمەوە، بەڵام هیچ کاتێك هێندەی ئەو دەمەو عەسرە ئازاری نەکردبوو، من لە دوای ئەو خەونەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئازاری پێم پتر دەبوو..

## سیویەك

ئەو حەفتەیەی من قسەی لێوە دەکەم، حەفتەیەکی نەوازە بوو لە ساڵ، حەفتەیەکی نەوازە بوو لە کەتناوە، لەو حەفتەیە سێ ڕووداوی گەورە روویاندا، یەك لە یەك گەورەتر، شووکردنی مەریەم، مەرگی پیری بەفر، خەون یان زیندە خەونەکەی من، دامنابوو بەو نزیکانە ژوان لەگەڵ مەریەم ببەستم، لە چاوی را دیار بوو رازی بێت، من رازیبوونم لە چاویدا خوێندەوە، پیری بەفر رۆژێك بەر لەوەی مەرگ بیبا، پێی گوتم لەو نزیکانە نهێنیی سێیەمت بۆ باس دەکەم کە زۆر گرنگتر و پڕ لەزەتترە لە درەختە هاوینییەکە و دوندی پاڕانەوە.. چ دەبوو ئەگەر مەرگی پیری بەفر چەند رۆژێك دواکەوتبایە، لەو چەند رۆژە دڵنیام نهێنیی سێیەمی بۆم ئاشکرا دەکرد.. چ دەبوو بە بووکچوونی مەریەم چەند حەفتەیەك دوا کەوتبایە، دڵنیام لەو چەند حەفتەیە شتێکم بە شتێك دەکرد، دڵم دەڵێ مەریەم رازی دەبوو، مەریەم دەهاتە ژوانێ..

پیری بەفر بەر لە مەرگی بە شێوەیەك لە ژیان دەدوا دەتگوت خەونی بە مەرگەوە دیتووە، بە شێوەیەك باسی لە مەرگ دەکرد دەتگوت ژیان راوی ناوە.. پیری بەفر بەر لە مەرگی ئاخی زۆر قووڵی هەڵدەکێشا.. قووڵ، قووڵ لەو سەری تەمەنەوە دەگەیشتەوە ئەو سەری تەمەنی خۆی.. بە دەم ئەو ئاخانەوە جارێك گوتی: لێرەوە لەو ماڵە چۆلەوە لە منەوە بنەماڵەی ئێمە

توخمیان دەبڕێتەوە، بنەماڵەی گەنجۆ بۆ هەتا هەتایە تۆویان دەبڕێتەوە و لە دنیایێ ڕەشدەبنەوە.. بابم وا بزانم لە دوو سێ ژن حەوت کوڕی هێنایە دنیایێ، حەوت کوڕی بێ خوشك، شەش لەو کوڕانە بەر لەوەی بگەنە تەمەنی ژنهێنان یەك لە دووی یەك ڕێی گۆڕستانیان گرتە بەرو جوانەمەرگ بوون، تەنها کوڕێك مایەوە، ئەو کوڕە بەدبەختەش لە هەژدە ژن نەیتوانی منداڵێك بخاتەوە، بۆ هەتایە بە وەجاغکوێری مایەوە، بە وەجاغکوێری وا خەریکە سەر دەنێتەوە... ئای مێرێ، ئای ژنە نامرادەکانم، ئەو ژنانەی هەمووتان یەك لە دوای یەك لە داخی بێ منداڵی سەرتان نایەوە.. ئای خودا چەند توند و دڵڕەق بوو، چەند بێ بەزەیی بوو خودا، خودایە! ئەگەر هێندەی یەك نووکە دەرزی بەزەیی لە دڵدا بایە، لە ئاست پاڕانەوەی ژنەکانم خۆی را نەدەگرت.. خودا زۆر بێ بەزەیی بوو، نازانم چۆن لە ئاه و پاڕانەوەی مێرێ نەتوایەوە! ئای مێرێی من، خوداکەمان چەند دڵڕەق بوو، هێندەی خۆت دەخیلی خودا کرد خۆت دەخیلی شەیتان بکردایە منداڵێکی پێ دەبەخشی.. تۆ نازانی مێرێ چەند لە خودا پاڕایەوە، لە نزیکەوە زۆر لە نزیکەوە لە خودا دەپاڕایەوە، لە سەر دوندی پاڕانەوە لە خودا پاڕایەوە بۆ ئەوەی منداڵێکی بداتێ، نەیدایێ و نەیدایێ.. مێرێ هەموو شەوێك پێش ئەوەی سووکە سەمایەك بکات، ژنانە لە خودا دەپاڕایەوە بۆ منداڵ دەپاڕایەوە، دوای تەواو بوونی سەماش دیسانەوە ژنانەتر لێی دەپاڕایەوە... بەڵام خودا بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو... هەر مێرێ نا ژنەکانیدیش بە دەم پاڕانەوە و لە چاوەڕوانیی منداڵ سەریان نایەوە.. ئای غەزال چی دەکرد! بە هەموو زمانێك لە خودا دەپاڕایەوە، هەموو پێغەمبەرەکانی بە گژ خوداوە دەنا،

هەر حەفتەی دەچووە سەر ئایینێك و لە سەر بەرماڵی ئەو ئایینەوە بۆ منداڵێك تەنها منداڵێك چ کوڕ چ کچ لە خودا دەپاڕایەوە.... کاتێك چەند ساڵێك تێپەڕی و خودا هیچی نەنارد، غەزالەکەم شێت و هار بوو، بە گژ خودا و شەیتاندا دەچوو، شەوێك بە تەواوی لە خودا تووڕەبوو، رووی تێکرد و گوتی: خودایە، تەواو، بەسە، من چیدی بەرگەی بێ منداڵی ناگرم، بێ پێچوپەنا پێتدەڵێم یان منداڵێکم بدێ یان منەتت نەبێ و بمکوژە... لە بیرمە حەفتە وەرنەسووڕایەوە خودا بە قسەی غەزالی کرد، کوشتی... من ئێستا بە تەواوی تێدەگەم ژنەکانم چەند لە بێ منداڵی ئازاریان چێشتووە، ئەو دەم بەو رادەیە هەستم بەو ئازارە نەدەکرد، من ئەگەر ئێستا منداڵ و نەوەم هەبا، فشەم بە مردن دەهات، راستە مردن سەختە کەس نیە حەز بە چارەی بکات، ئەوەی دەڵێ لە مردن ناترسم درۆیە، بەڵام مردنی وەك من زۆر سەختە، ئەگەر وەجاغکوێر نەبام، بەو رادەیە سەخت نەدەبوو....

بەر لە مەرگی پیری بەفر بە رۆژێك هەواڵێکی مەریەمی گەیشتە کەتناوە، ئەوە بوو، مەریەمی بووك هەر یەك شەو لای زاوا بووە، بۆ شەوی دوایی رەدوو کەوتووە، دەڵێن مەریەم لەو بەری رووبار هەر لە بن تارای بووکێنییەوە لەگەڵ کوڕێکی قۆز، وەك دەڵێن قۆزترین کوڕی دنیایێ چاوبڕکێ دەکەن و عەشقی یەکتر دەبن، ئیدی کەس نازانێ سەری خۆیان بۆ کوێ هەڵگرتووە.. من تا ئەو هەواڵەشم نەبیستبوو هەر بە تەما بووم جارێك مەریەم لە باوەش بگرم، دامنابوو کە بە سەردان هاتەوە هەرچۆنێك بێت خۆمی بگەیەنمێ...

خۆزی بەر لە زیادبوونی ئازاری پێم و بەر لە مێردکردن و ڕەدووکـەوتنی مەریەم و بەر لە مەرگی پیری بەفر ئەو خەونـە عەسـریەم دەدیـت.. ئێـستا هـەموو دنیـا رژاونەتـە ئـاوایی کـەتناوە، تازیـەی پـیری بـەفر ئـاوەدانترین تازیەیە..لەو تازیەیەدا کەس نیە خۆی بە خاوەن تازیە نەزانێ، من وا دەزانم نزیکترین کەسی پیری بەفرم چاوەڕێ دەکەم خەڵك بێن سەرەخۆشی لـە مـن بکەن، کەچی کەس نایە، ئیدی هەموو کەسێك وەك من وایە، سەیری چاوی هەر کەسێك دەکەیت ئەو چاوەروانییەی لێ دەخوێندرێتەوە.. پیری بەفر لـە هەمووان چوو..

کوڕە گەنجێك دیار بوو لە دوورەوە زۆر لە دوورەوە هاتبوو، بە هەر دوو دەست لە سەری خۆی دەدا، فرمێسك ریز ریز لە چاوی دەهاتنە خوار، گوێم لێیبوو دەیگۆت: پیری بەفر تۆ بەس لە من چووی، نە دەبـوو مـەرگ چـەند رۆژێکی دی دواکەوتایە!

ژنێك سەری خۆی لەو قوڕی دەو ئەو جۆگەیە نابوو کە بە بەردەمی ماڵی پیری بەفردا ئەو رۆژە بە شێلوویی دەڕۆیشت یەك بە دەنگی خۆی دەیقژانـد: تۆ تەنها لە من چووی، ئیدی کێ ئەو چیرۆکەم بۆ تەواو بکات..

پیاوێکی پیر لە رەنگ و شێوەدا زۆر لە پیری بەفر پیرتر دیـار بـوو، بـە دەم گۆچان لە عەرد دانەوە، رووی لە خودا کردبوو: تۆ بۆ وا بە پەلـە بـووی لە مەرگی پیری بەفر، ئەو پیاوە دەبوو زۆر پتر ژیابا، هێشتا ئیشەکانی خۆی تەواو نەکردبوو، بۆچی بردت، من ئیشی زۆرم پێ مابوو..

منداڵێکی دە دوازدە ساڵانە هۆڕ هۆڕ دەگریا و دەیگوت: سەرهاتی دارگوێزەکەت بۆم تەواو نەکرد ، کەس نەبوو چیرۆکێکی تەواونەکراوی لەگەڵ پیری بەفر نەبێت ..

کەس نەبوو لە مەرگی پیری بەفر قسەی نەبێت، هەبوو پڕ بە دەنگ قسەی دڵی خۆی دەکرد، هەبوو بە شەرمەوە سووکە ئاماژەیەکی پێدەکرد، هەشبوو هیچی نەدەگوت، من کەسێك بووم لەو کەسانەی بە بێ دەنگی لە پیری بەفر دەدوام، بڕواناکەم کەس هەبووبێت هێندەی من ئیشی لای پیری بەفر مابێت، نهێنیی سێیەم ئەو نهێنییەی رەنگە کەوتبێتە نێوان درەختی هاوینی و دوندی پاڕانەوە، خۆی وای گوت، گوتی: رەنگە بکەوێتە نێوان ئەو دووەوە، پیری بەفر هێشتا درەختەکەشی نیشان نەدابووم، پیری بەفر هێشتا هەندێ شت مابوو لە بارەی دوندی پاڕانەوە بۆم باس بکات خۆی گوتی: لە بارەی دوندی پاڕانەوە زۆر شت هەیە پەلە مەکە دوایی بۆت باس دەکەم، ئای پیری بەفر تۆ لە هیچ شتێك پەلەت نەدەکرد، وات دانابوو هێندەی دوو نوح بژیت، پیری بەفر لە بارەی ئەو نهێنییەی گوایە دەکەوێتە نێوان دوند و درەختەکەوە هەر هیچی نەدرکاند، سەرە داوێکی لەو نهێنییە هەڵنەدا تا بۆ خۆم نەرم نەرم بە دوویدا بڕۆم.. باش بوو نەیگۆت، من بەو پێیە پڕ لە ئازارەوە چیم پێدەکرێ! ئەو دووەم گەلێك تەواو کردووە ئەوجا نۆرەی سێیەمە! باش بوو نەیگۆت من ئیدی مەگەر هەر لە خەونەوە بیانبینم، مەگەر هەر لە خەونەوە بە شەلە شەل رێی درەخت و دوندەکە بگرم، باش بوو سێیەمی نەگۆت، دڵنیام سێیەمیان سێ بەقەد یەکەم و دووەم سەختترە، من درەنگ لەوێوە هەڵدرامە ئێرە، درەنگ رێم بەو کەتناوەیە کەوت،

درەنگ ئەو پیری بەفرەم ناسی، درەنگ بـوو، هـەموو شـتێك درەنـگ بـوو، ئەوەی زوو بوو تەنها مەرگی پیری بەفر بوو...

ئەو دار وشەیە سەیرە، درەختێکە نووسینت دەداتێ، بەلاّم شتی گرنگت لێ دەسێنێتەوە، من بەر لەوەی بگەمە ئێرە و قەلّـەم بگرمـە دەسـت سـەر لەبەری سەرهاتی کەتناوەم لە ناو چاوە، لە سەر زارە، بەلاّم کە دەگەمە ئێرە زۆریم لەبیردەچێتەوە، وا بڕوا سەرهاتی کەتناوە بە نیوەچڵی دێتـە نـاو ئـەو دەفتەرەوە، ئەو درەختە دنیایەك رسـتەم لـە بـیر دەباتـەوە.. بـە ناچـاریش دەبێت بەو لە بیرچوونەوەیە رازی بم، چونکێ لە دەرەوەی ئەو درەختی وشەیە رستەیەك چیە لە سەرهاتی کەتناوەم پێ نانووسرێتەوە، ئازاری پێم لێمگەڕێ بە دانیشتنێك، یان چەند دانیشتنێ ئەو دەفتەرە گەورەیـە پڕەدەکەمـەوە لـە سەرهاتی کەتناوە، جا با بە نیوەچڵیش بێت.. لە دەستمچوو ئەو مندالّەم لە دەستچوو کە بۆ سەرهاتی تەواونەبووی دار گوێز دەگریا، دەبوو لێی بپرسـم دارگوێزەکە لە کوێیە؟ تۆ گەیشتوویەتە کـوێی دارگوێزەکـە؟ نـەمزانی ئـەو مندالّە ناوی چی بوو خەلّکی کوێ بوو، هێندە بە وردی تەماشاشـم نـەکرد، بیشیبینم نایناسمەوە، دەترسم ئەو درەختەی وا لە سێبەرەکەیدا دانیشتووم و بەو پێیە پڕ لە ئازارەوە دەمەوێ کەتناوە بخەمـە نـاو ئـەو دەفتـەرەوە، ئـەو درەختە بێت کـە مندالّەکـە بـۆی دەگریـا، رەنگـە هـەویش نـەبێت، ئەگـەر هەوبێت، ئەوا درەختێکە پڕ نهێنی، بڕوا ناکەم نهێنیەکەی هەر هێندە بێـت کە خەوی قووڵ و گران پێشکێشی خەلّك دەکات و هەر یەکەیان نهێنییەکیان دەداتێ، گێڕانەوەی سـەرهاتی کـەتناوەش دەداتـە مـن، سـەرهاتێکی پـچڕ

پچڕ... ڕەنگە نهێنییەکی زۆر گەورە و سەیر، ڕەنگە ترسناکیش لەو درەختە هەبێت، نهێنییەك ڕەنگە بەس پیری بەفر پەی پێبردبێت...

سیودوو

پرسەکەی پیری بەفر، ئاوەدانترین پرسە بوو، پرسەی هیچ پاشا و سولتانێکی دنیا هێندەی پرسەکەی پیری بەفر ئاوەدان نەبوو، لەو سەر و لەو سەری دنیاوە خەڵك بۆ سەرەخۆشی لە خۆیان ڕوویان لە کەتناوە دەکرد، پرسەکەی پیری بەفر کۆتایی نەدەهات، هەر درێژ دەبۆوە، ڕەنگە ئێستاش خەڵك لە ڕێ بن و بیانەوێت بگەنە کەتناوە و فاتیحا بۆ گیانی پیری بەفر بخوێنن... تازییەکەی پیری بەفر لە بن ساباتێکی زۆر دوور و درێژ بوو، بە درێژایی گوند درێژ، ساباتەکە کەوتبووە تەنیشتی گوندەوە، ئەو تەنیشتەی کە لە خەونێدا ڕێگەیەك هەبوو دەگەیشتەوە درەختە هاوینییەکە، ئەو ساباتە حەفت گوندی گەورە لە بنیدا دانیشتبان، جێگەیان دەبۆوە، لە تازییەکەی پیری بەفر کەس خۆی بە مێوان نەدەزانی هەموو لە سەر پێ بوون و خزمەتیان دەکرد، هەموو خاوەن تازییە بوون، منیش کەسێك بووم لە خاوەن تازییە، بۆ ماوەی چەندان ڕۆژ بەخێرهاتنی دنیایەك کەسم کردووە... لەو پرسەیە لەگەڵ کوڕێکی قۆڵبڕاو زۆر بووینە برادەر، ئەو کوڕە خەڵکی ئەو گوندە بوو کە مەریەمیان بە بووکی بۆ بردبوو، ئەو گوندەی مەریەمی بووك

یەك شەوی لێ مایەوە بۆ شەوی دوایی ماڵئاوایی لە گوند و زاوا کرد و بە گەڵ کوڕێکی قۆز کەوت، کوڕە قۆڵبڕاوەکە دەیگۆت ئەو کوڕەی مەریەمی برد زۆر قۆز بوو، مەگەر پیری بەفر بە گەنجی هێندە قۆز بووبێت، ئەو کوڕە قۆڵبڕاوە تا بڵێی رۆحسووك و قسە خۆش بوو، بە تۆ بوایە هەر لەگەڵی بای.. دەمویست بزانم لە کەیەوە بێ قۆڵ ماوەتەوە، بۆ وای لێ هاتووە، زۆرم حەز دەکرد شتێك لەو چیرۆکە بزانم، نەمزانی، چەندی کردم، دڵم نەهات لەو بارەیەوە پرسیاری لێ بکەم، خۆیشی هیچی نەگوت.. چەند جارێك پرسیاری ڕەدووکەوتنی مەریەمم لێی کرد، ئەویش ورد ورد بۆی دەگێڕامەوە:

زاوای یەکەم ئەوەی خەڵکی گوندەکەی ئێمە بوو، کاتێك زانی مەریەمی دەدەنێ، لە خۆشیدا باڵی گرت، بە سەر گوندیدا بە فڕین دەفڕی، ناهەقی نەبوو، مەریەم بدەنە هەر کەسێك وا دەکات، ئاخر جوانیی مەریەم دەنگی داوەتەوە، بڕوا ناکەم جوانێکی وەك ئەو لە دنیادا هەبێت، دیتم ئەو کاتەی کە دەستی مەریەمی گرتبوو، بەرەو ئەو ژوورەی دەبرد کە ژووری بووك و زاوا بوو، خەریك بوو لە پێش چاوی هەمووان لە باوەشی بگرێت!

- باشە، ڕەدووکەوتنەکە چۆن بوو؟

دیتم کاتێك لە گوند نزیك بوونەوە، منیش لێیان نزیك بووم لە پێش بووکێ دەڕۆیشتم، کوڕێکی زۆر قۆزیش لەوێ بوو، مێوان بوو، دیتم بەو چاوانەی خۆم، مەریەم لە بن تاراوە لەگەڵ ئەو کوڕە تیچاویان دابووە یەکدی، بە چاو قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، کوڕەکە ناوی سیامەندە، ئیدی سیامەند و مەریەم بە چاو هەموو شتیان بە یەکدی گۆت، جگە لە من کەسیش ئاگای لەو سەین و بەینە نەبوو، منیش خۆم لە گێلی دا، هەقم

چیه، بۆچی خۆم تووشی گێچەڵ دەکەم، بە راستی زۆرم ئیرەیی بە سیامەند برد، هەزار جار دەمگۆت، ئێستاش دەیڵێم خۆزگەم بە خۆت سیامەند کە جوانترین کچی دنیا عەشقت بووە... زانیم شتێك دەقەومیٚ، بەلاّم نەمدەزانی کەی، لەو باوەڕەش نەبووم وا بە زوویی بقەومیٚ، ئیدی شەوی دوایی قسە کەوتە گوندی بووك بزربوو، ماڵە و ماڵ هەموو گوند گەڕان، مەریەم نەبوو، ئیدی ئەو جارە کەوتنە گەڕان بە مالاّن بۆ ئەوەی بزانن چ پیاوێك دیار نەماوە، خۆزگەم دەخواست ئەو پیاوە من بام، بەلاّم سیامەند بوو، لەو رۆژەوە مەریەم بزرە کەس نازانێت چوونەتە کویٚ، لە گوندەکەی ماڵی سیامەندیش نین..

- باشە دەبێت پێشتر، سیامەند و مەریەم یەکتریان خۆش نەویستبێت؟

- بڕوا ناکەم، لەو جارە پتر ئەو دووانە چاویان بە یەکدی کەوتبێت، ئەگەر نا بۆچی زووتر، پێش ئەوەی شەوێك لە باخەڵی ئەو کوڕە بنوێت و بیکاتە ژن، هەڵێنەگرت..

- کووت زانی، مەریەم ئەو شەوە بۆتە ژن؟

- ئەگەر پێشتر بووبێتە ژن، ئەوە نازانم، بەلاّم ئەگەر بە کچێنیەوە هاتبێتە کن ئەو کوڕە، ئەوە سەد لە سەد دڵنیام چۆتە گژی، ئاخر رێی تێناچێت پیاو هەر پیاوێك شەوێك مەریەمی لە ناو جیٚ لەگەڵ بێت و نەیکاتە ژن!

- دەی، لە مەریەم و سیامەند گەڕیٚ، پیرۆزی یەکدی بن.. تۆ زۆر هاتوچۆی پیری بەفرت کردووە؟

- نا، زۆر نا، بەڵاّم هەر جارێك هاتبمە لای سەرهاتێك یان بەشێك لـە سەرهاتێکی خۆشی بۆم گێڕاوەتەوە..

- قەت وا رێککەوتووە سـەرهاتێکت لـە سـەر دڵ بکاتـە گـرێ، واتـە زۆرت حەز کردبێت بۆت تەواو بکات و ئەو وازی لێ هێنابێت؟

- ئەو پیاوە ئەگەر چۆن دەنا قـەت بـە جارێـك سـەرهاتی بـۆت تـەواو نەکردووە، شتێکی هەر هێشتۆتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیش سەردانی بکەیتەوە، بەراستی سەرهاتەکانیشی هەمووی خۆش و سەرنج راکـێش بوون، ئەوەی جێی داخە و زۆر خەفەتی لێ دەخۆم، جارێك گوتی : وەرە با  با باسی درەختێکی هاوینیت بۆ بکەم..

- باسی کرد ؟!

- نا، هێندە نەبێت، کە ئەو درەختە، درەختێکی ئاسایی نیە، پـڕە لـە نهێنی، شتی جوانت نیشان دەدات، ئیدی ئەو باسەی داخست، چەندان جار داوام لێیکرد، لێی پاڕامەوە کە باسـی ئـەو درەختـەم بـۆ بکـات، نەیکرد و نەیکرد..

- هێندەی گوت و تەواو؟

- ئا، چەند جارێك گوتی: بە قەستیمە، درەختی وا کوا لە دنیا هەیە، ئەوەی هەیە هەر دارگوێزەکەیە.

- دواتریش هیچت لە بارەی درەختەکەوە نەزانی؟

- نا، چی بزانم! دەڵێی تۆ شتێك لەو بارەیەوە دەزانی؟

- نا، خۆزگە دەمزانی و ئەو درەختەشم دەدیتەوە..

لە پرسەکەی پیری بەفر ناسیاریم لەگەڵ زۆر کەس پەیدا کرد، ئەو کەسانەی جارێك لەگەڵ پیری بەفر دانیشتبن، بە ئاسانی دەبنە ناسیاری یەکدی، قسەیەکی پیری بەفر بەسە بۆ ئەوەی دوو کەسی پیری بەفر دیتی لێکدی نزیك بکاتەوە، یەکێك لەو کەسانەی کە هەر لە گەرمەی تازیە زۆر لێکدی نزیك بووینەوە، زرارە گۆجی ناو بوو، چەندی لەو پیاوە ورد بوومەوە، گۆجیم لە خۆم دیتەوە لە زرارم نەدیتەوە، ئێستاش تێنەگەیشتم ئەو پیاوە بۆچی زرارە گۆجی ناوە، ئەو گۆجەیە دەیگۆت: رێگەی من زۆر دوورە چەند حەفتەی دەوێت تا دەگەمە ئێرە، لەگەڵ ئەوەش ساڵ نەبووە سەرێك لە پیری بەفر نەدەم، بەس پار نەهاتمە سەردانی، ئەویش نەخۆش بووم بۆیە، من دەزانم ئەو پیری بەفرە چ پیاوێکی زیرەك و قسە زان و دنیا دیتەیە، ئەوە هەموو دنیا گەڕاوە، گەڕانەکەیشی بەلاش نەبووە، لە هەر مەملەکەتێك،عەقڵێکی وەرگرتووە، لە هەر مەملەکەتێك چەندان چیرۆك و سەرهاتی بەکەلکی هەڵگرتۆتەوە کە گێڕانەوەیان کەلك بە خەڵك دەگەیەنێت، لە هەر مەملەکەتێك ژنێکی هێناوە، پیاوێکی بەدڵ و ئازا و بە بەزەییە، بتکوشتایە درۆیەکی نەدەکرد، بە راستی پیاوێکی سەرڕاست بوو، زۆر سەرهاتی بۆ من گێڕاوەتەوە زۆر..

- قەت سەرهاتیکی لە نیوە پساندووە و بۆت تەواو نەکات؟

- زۆر، هی وا هەبووە ئەوساڵ بۆی گێڕاومەتەوە،ساڵی داهاتوو بۆی تەواوکردووم، بەڵام ئەوەی تەواوی نەکرد، سەرهاتێك بوو، ویستی بیگێڕێتەوە بەڵام قووتی داوە و نەیگۆت، ئەو جارە کە هاتم بۆ ئەوە

بوو کە ئەو سەرهاتەم بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام داخی گرانم ئەوە بە سەر تازییەکەیدا هاتم، بە راستی نەشمردایە پێنەدەچوو بۆم باس بکات..

- چ بوو، ئەو شتە چ بوو کە دەیویست باسی بکات؟

- دوندێك بوو ناوی پاڕانەوە، گوتی راوەستە باسی دوندێکت بۆ دەکەم، ئەگەر بگەیتە سەری لە خەونان خەنی دەبیت، دەیگۆت هەر ژنێکت بویٚ بێتە خەونت، با ئەو ژنە شازادە بێت، بڕۆ سەر ئەو دوندە بخەوە، یەکسەر دێتە خەونت، منیش زۆر حەز لە خەونی ئەوها دەکەم، چونکە لە تەمەنی خۆم خەونێکی خۆشم نە دیتووە حەز دەکەم ئەگەر یۆ جارێکیش بێت خەونێکی خۆش ببینم، پێش چەند شەوێك خەونێکم دیت لەو خەونەدا پیری بەفر دەستمی گرتبوو، دەیگوت وەرە، ئێستا رێی ئەو دوندەت نیشان دەدەم کە دەتگەیەنەتە سەر دوندەکە..

هەر لە پرسەکەی پیری بەفر، گەنجێك تازە مووی لێدەهات، بۆی گێڕامەوە گوایە پیری بەفر ویستوویەتی سیٚ جێگەی خۆشی نیشان بدات، بەڵام دوایی نەیدرکاندووە و خۆی لیٚ لاداوە

- سیٚ شتەکە چی بوون؟

- دوندێك و درەختێك، لە نێوان ئەو دووانەش جێگەیەك

- ئیٚ، چی گوت؟

- نا شتێکی ئەوتۆی نەگوت، وەڵڵا جارێك دەیویست، باسی دوندەکەم بۆ بکات، بەڵام خەڵك بەسەردا هاتن، ئەویش باسی گۆڕی و دواییش چەندی پرسیارم لەو بارەیەوە لێی کرد، هیچی نەگوت..

- ئێستا تۆ چی لە بارەی درەخت و دوند و جێگەکەی نێوانیان دەزانی؟

- هیچ، زۆرم هەوڵدا کە درەخت و دوندەکەم پێ بناسێنێ، پێیم گوت تۆ ئەو دووەم نیشان بدە خۆم سێیەمیان دەدۆزمەوە.. نەیگۆت، ئەوە نەبێت کە جێگەکە درەختەکە دەباتەوە سەر دوندەکە و دوندەکەش دەهێنێتەوە یاوەشی درەختەکە..

- من هیچ لەوە تێناگەم

- منیش تێنەگەیشتم بەڵام کەمێك بۆمی روونکردەوە، گوتی: درەختەکە بە جۆرێك خۆشییەکی زۆرت دەداتێ، دوندەکەش بە جۆرێکی دی خۆشییەکی زۆرت دەداتێ، بەڵام جێگەکە خۆشییەکی ئەوتۆت دەداتێ کە خۆشیی درەخت و دوندەکە تێکەڵ بن ئەوجا ئەگەر بگەنە ئەو خۆشییەی کە لەو جێگەیەوە وەریدەگریت..

- باشە ئەگەر یەکەم و دووەمی پێگۆتبای چۆن سێیەمت دەدۆزییەوە ؟

- ئێ دەیگۆت: سێیەمیان لە نێوان یەکەم و دووەمیانە، کەوابوو بە دۆزینەوەی یەکەم دووەم، دۆزینەوی سێیەم ئاسانە..

- رەنگە وا ئاسان نەبێت

- ئەگەر دەیگۆت، زۆر ئاسان دەبوو.. دەترسم شتێکی بە تۆ گۆتبێت؟

- من..

## سیوسێ

بە شەلەشەل بە دوای خەونێدا کەوتم، کەوتنە دوای خەون خوویێکی لە مێژینەی خۆمە، ئەوەتا لە دووی ئەو رێیە دەگەڕێم کە دەچێتەوە ئەشکەوتەکە، ئەو ئەشکەوتەی درەختە هاوینییەکەی لە پێش دەروازەی خۆی بەرز راگرتووە، ئا بە دووی ئەو رێیە دەگەڕێم کە خەونێك منی بردەوە لای ئەو درەختەی پیری بەفر لە دوورەوە پێی ناساندم.. لە پشتی مالأنەوە بە لای چەپدا روو لە چیا هەڵدەکشێم رێك وەك ئەوەی لە خەونێدا کردم.. بە چاوی دیتنەوە چاو دەگێڕم، ئێستا نا ئێستا بڕژانگم دەکەوێتە سەر رێچکەیەك کە دەمباتەوە ئەوێ... وا بووە دانە رۆژێك بە بێ پشوو لە دووی رێگەی خەونێ دەگەڕێم، هیچ دیار نیە.. وا چلەی هاوینە، چاوم لە سەر جموجۆلی ژنانی کەتناوەیە، ئەو ژنانەی دەبێت بچنە گەرماوە ئەشکەوتییەکە

و منیش له سەر درەختەوە تێر تێر تێیان بڕوانم، راستە مەریـەمیان لەگـەڵ نیە، مەریەمم لە دەست چوو، دیتنی لەشولاری مەریەمم لە دەست چوو...
مەریەم بە رووتی هـەر لـە نـاو چـاوی منـە، هـەرگیز لـێم ون نابێـت، مـن مەریەمی رووتم لە خەونێك دیت، هەر بەناو خەون بوو، دەنا راستییەکە لـە راستییان راستتر.. دەی با مەریەمیشیان لەگەڵ نـەبێت، خـۆ ئـەوانی دیـش یەك لە یەك جوانترن... سەیرە دەڵێـی ئـەو هاوینـە ژنـان ناچـنە گـەرماوی هاوینی، دیار ئەو هاوینە درەختە هاوینییەکە بەرناگرێت.. هەبێ نـەبێ بـە هۆی مەرگی پیری بەفرەوەیە، رەنگە نەریتی ئێرە ئەوها بێت تا وەرزێك بـە سەر مەرگی مردوودا تێنەپەڕێت کەس ناچێتە کۆڵێ.. بەڵام وا نیە، خۆ جار جارە دەبینم ژنان یەك یەك، دەستە دەستە روو لە گەرماوی مێرێ دەکەن.. لێرەدا نهێنییەکی گەورە هەیە، گرێکوێرەیەك لەو هـاوین و درەخـت و ژن و گـەرماوەدا هەیـە، کێـوە دەچـێت، هـەر دەبێـت هـەڵیبێنم، هـەر دەبێـت بیکەمەوە...

باشە! ئەو کوڕە دەیگۆت جێگەیەك لە نێوان هـەردووکیان هەیـە، پـیری بەفر خۆیشی خەریك بوو نهێنیی سێیەمم بـۆ بـاس بکـات... لـەوێ دوندی پاڕانەوە، لەوێش درەختی هاوینی.. با بڵێین درەختەکە شتێکی راستە و لە ئاگاییەوەیە، خەون نیە، لە پێش چاوانە، ئەو هەموو لەشـولارە رووتـە لە ناو چـاوانە، بـەڵام دەسـت نایگـاتێ، هـەر دەبێـت لـە دوورە تەماشـایان بکەم.. لەو لاوەش دوندی پاڕانەوە با بڵێین خەونـە، لـەو خەونـە ئـەوەی لـە درەختەکـەوە دەسـت نایانگـاتێ لـە سـەر ئـەو دونـدە هـەموویان بـە مەریەمیشەوە لە ناو دەستن و بە دڵی خۆت چۆنت دەوێ وا رەفتـار بکـە...

ئیێ، جێگەیەکیش هەیە لەو نێوەندە، ئەو جێگەیە کوێیە و چی دەگەیەنێت؟ ئەگەر لە لێکدانەوەی درەخت و دوندەکە بە هەڵەدا نەچووبم، ئەوا ئەو جێگەیە تێکەڵکردنی خەون و راستییە، گەیشتنە یەکی درەخت و دوند...ئیێ، چۆن؟! رەنگە ئەوە هەر بۆ پیری بەفر مەیسەر بووبێت، هەرچی حەزی لێیکردووە، هەرچی لە خەونیێ دیتوویەتی، بۆی بووە و ئاسوودە بووە، لە بەلاش ناویان نەنا زاوای دنیاییێ... لێرەش نهێنییەك هەیە دەبێت بە دوویدا بچم، دەبێت لەو سیێ جێگەیە بگەم...

پێش ئەوەی بە دووی ئەو نهێنیانەدا بچم، سەرێك لە پرسەکەی پیری بەفر دەدەمەوە..هەر لە گەرمەی پرسەکەدا، پیاوێکی بە تەمەن زۆر بە تەمەن، دەتگوت باوکی پیری بەفرە، پشتی و گۆچانەکەی دەستی زۆر لە یەك دەچوون، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دانیشتن و بە پێوە وەستانی بە دینەدەکرا، لە هەردوو باردا سەری زۆری نەدەما لە زەوی بچەقیێ، ناوە ناوە بە دەنگێکی نووساو دەهاتە قسە، هەموو قسەکانیشی وەك قسەی هەر کەسێکی دی لە بارەی پیری بەفرەوە بوو، لەویێ کەس نەبوو لە دەرەوەی پیری بەفر قسەیەکی ئەوتۆی هەبێت، هەشی بوایە بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرێکی دەگەیشتەوە پیری بەفر.. هەر کاتێك ئەو پیاوە دەستی بە قەسە دەکرد من لێی نزیك دەبوومەوە، خەزم لە قسەکانی بوو، ورد گوێم دەدایە قسەکانی، ئێستاش نازانم ئەو پیاوە پیرەیان چۆن گەیاندبووە کەتناوە، هەرچەندە لێی ورد دەبوومەوە هی ئەوە نەبوو ئەو جیێ و ئەو جیێ بکات، هێندەی گلۆڵە موویێکی لیێ مابۆوە، گویم لێی بوو دەیگوت:

لە دنیایێ لە هەموو دنیایێ یەك کەس هەبوو لە من بە تەمەنتر، ئەویش پیری بەفر بوو، زاوای دنیایێ، قارەمانی دنیایێ، نیشانشکێنی دنیایێ، لە هەموو شتزانی دنیایێ، حەیف ئەویش چوو، بە ڕێی خۆیدا چوو، چووە ئەو جێگەیەی خودا بۆی درووستکردووە، خودا لە هەموو گوناهەکانی خۆش بێت، هەرچەندە من دەزانم ئەو پیاوە هیچ گوناهێکی نەکردووە، کردبێتیشی بە دەستی ئەنقەست نەبوو، خودا بۆ خۆی لە من باشتر دەزانێ.. ئێستا من بە تەمەنترین پیاوی دنیام، کەس نیە لە من گەورەتر بێت.. بە بیرم دێ، باشم لە بیرە، ئەو دەم پارچەلە بووم، دەنگ بلاّوبۆوە، گۆتیان پیری بەفر ژنێکی لە ئەستەنبولێ هێناوە و گەلێك جوانە.. دیتم بە چاوی خۆم ئەو ژنەم دیت، ژن چ ژن! دەتگوت چرایە دەسووتێ، دلّت نەدەهات تەماشای بکەیت، ماشەڵلاّ ژنێکی جوان بوو، وا بزانم ناوی سەحەر بوو، ئەو پیاوە ژنی زۆر جوانی هێناوە، ژنەکانی دیکەشی زۆر جوان بوون، بە خودای فەتانەکی هەبوو، سەحەر چەند جوان بوو، فەتانە دە هێندە جوان ..

گویم لێبوو، کوڕێك گۆتی: قسە نەما، باسی ژنەکانی پیری بەفر دەکات..

بە تەمەنترین پیاوی دنیا دەیگۆت:

ئازای وەکو پیری بەفر لە دنیایێ نەبووە و نیە و نابێتەوە، هەرچی بلێ ئازای ئەوهام دیتووە، وەك سەگ درۆ دەکات، نیە نیە ئازای ئەوها نیە.. من دەزانم ئەو پیاوە چ قارەمانێك بوو، بە خودای هەتا گەنج بوو، لە دەوڵەتان حیسابیان لۆی دەکرد، لێی دەترسان، ئێوە ئەو پیاوەتان لە شەڕێ نەدیتووە، من خۆم لە شەڕێ لەگەڵی بوومە دەزانم چ قارەمان و نەترسە..

ئەها لێرە لەو بەری رووبارێ، پڕی سوپای تورك بوو، دەیانویست لە پردەکە بپەڕنەوە و ئێرە کاولٚ بکەن، ئەو پیری بەفرە لە خوارێ، لە خوار گۆڕستانەکەوە، ئێستاش گۆڕستانەکە ماوە؟! هێرەی پێکردن هێرە، لە بیرم نیە نازانم سێ تیری پێبوو، چ بوو! بە چاوی خۆم دەمدیت ئەو پیاوە هەر کووی دەهاویشت، یەکی لە عەردی دەدا، هیچی بەلاش نەهاویشتووە، قل قل بەریدەدانەوە، ئەوجا بەربوونەوی یەکجارەکی بوو، یان هەلدەستانەوە، ئەوە نازانم.. نیشانشکێنێکی سەیر بوو، لە ئاسمانێ باشووکەی دەهێنایە خوارێ، کەس نەبوو لە نیشانە لەگەلٚی دەربچێت..حەیف! پیاوی ئەوها دەمرێت.. زۆر برادەرم بوو زۆر، هەرچەندە ئەو بە تەمەن زۆر لە من گەورەتر بوو، دەیزانی من کەنگێ و لە کوێ لە دایك بوومە، بەلاٚم قەت وا خۆی نیشان نەداوە کە لە من گەورەترە، بە چاوی گچکە قەت تەماشای منی نەکردووە، وەك ئاوزەیەکی خۆی لەگەلٚ من هەستایە و دانیشتووە..

برادەرەکەی پیری بەفر دەیگۆت: کوڕینە لەمەودوا دەبێت زۆر بترسێین زۆر ئاگامان لە خۆمان بێت، هەتا ئێستا ئێمە خەممان نەبوو، هەتا پیری بەفر مابوو، بە خۆتان دەزانن قەت و قەت لە هیکڕا لێمان نەقەومایە، هەر رووداوێکی ناخۆش، هەر فیتنەیەکی گەورە هاتبێتە پێش، پێشتر پیش ئەوەی بگات، پیری بەفر خەبەری دایە کە شتێك دەقەومێ ئاگاتان لە خۆتان بێت، بە چەند رۆژ، بە چەند هەفتە، جاری وابووە بە چەند مانگ پیشتر ئێمەی ئاگادارکردۆتەوە کە شتێکی ناخۆش بە رێوەیە.. خۆ هەمووتان لە بیرتانە، گەورەکان لە بیریانە، سالٚی وا هەبووە هێشتا سەرەتای پایز بووە، گۆتیتی ئەو زستانە لە فلاٚن وەختی بەفرێکی زۆر دەکەوێت.. رێك وا

دەرچووە و بەفرەکە لە وەختی خۆی باریوە، یان گۆتیتی ئەو ساڵ وشکە ساڵی دەبێت، راست دەرچووە، لەو ئاسمانە گەورەیە پشکە بارانێك نەکەوتۆتە سەر زەوی.. ئەو پیری بەفرە هەموو شتێکی دەزانی، دەیزانی کەنگیٚ سوپای تورك هێرش دەکات، گەنگی نۆرەی هێرشی سوپای عەجەمە، دەیزانی سوپای عەرەب لە کێندەرێوە دێت، هەمووی دەزانی، پێش دەستپێکردنی هێرش هەمووانی ئاگادار دەکردەوە، هەمومان خۆمان تەیار دەکرد، ژن و منداڵمان دەبردە جێی عاسیٚ... قسەکانم راستن یان نا؟

چەند دەنگێك بەرز دەبۆوە:

وایە، وایە قسەی تۆیە، پیری بەفر وابوو، هەموو شتی دەزانی..

پیاوە پیرە راستگۆیەکە رەنگ نەبوو بێتە قسە، هەقی نەبوو لەوەی گویٚ لە قسەکانی دەگیرێت یان نا،هەستمدەکرد کاتیٚ قسەی درێژ دەکردەوە کەس بە دەورییەوە نەدەما، بەلاٚم من لە قسەکانی بێزار نەدەبووم، ئەو پیاوە لە پرسەکەی پیری بەفر لە بارەی پیری بەفرەوە قسەی دەکرد، منیش تینووی هەر قسەیەك بووم کە بۆنی پیری بەفری لێدەهات، ئەو پیاوەی کە لە باوکی پیری بەفر دەچوو دەیگۆت: خودا مەیلی لە سەر نەبوو دەنا، ئێستا ئەو گوندە خزمی هەموو دنیا دەبوو، بەلاٚم دیارە بە خۆی باشتر دەزانێت بۆیە ئێرەی نەکردە خزمی دنیا.. ئەگەر خودای گەورە منداڵی بدابایەتە ژنەکانی پیری بەفر، زۆر نا، بۆ هەر ژنێك تەنها دوو کورٍ و دوو کچ، هەر یەك لەو کورٍ و کچانەش دوو کورٍ و کچیان بخستایەتەوە دەزانن ئێستا چ دەبوو؟ ئێستا خەڵکی دنیا هەموویان دەبوونە خاڵۆزا و پلکزای یەکدی، ئێستا نەوەکانی پیری بەفر نیوەی دنیایان پێکدەهێنا و لەگەڵ نیوەکەی دیش

دەبوونە خزم، ئەوریۆەڵڵاٚ منداڵێکی ئەو گوندە دەبوو کوڕی پلکی منداڵێکی ئەو سەری دنیا.. ئەنگۆ دەزانن ئەو پیری بەفرە لە هەموو دنیا ژنی هێناوە؟ ئەو پیاوە هەر بە راستی زاوای هەموو دنیا بوو، بەلاٚم زاوایەکی وەجاخکوێر، حەیف!..س

ئای پیری بەفر چەند لێم دووری، دوور زۆر دوور، هەر وا دوورتریش دەکەویتەوە، دنیایەك کێشەت بۆ من بەجێهێشت، منت خستە ئاڵۆزییەکەوە خۆم پێناکرێتەوە.. ئەوە دووری نێوانمان بووە دوو هاوین، ئەگەر ئەو دوو هاوینە پێکەوە باین، زۆر گریٚ دەبوونەوە، زوو مردی پیری بەفر زوو مردی، لە کنە من کەس هێندەی تۆ زوو نەمرد، زۆر قسەت هەبوو فریای کردنیان نەکەوتی، پیری بەفر، پیری جوان، تۆ جوانە مەرگ بووی..

دنیا خەریکە ساردی بکات، پایز بەڕێوەیە، زۆری نەماوە بگات، با بە ئەسپایی بە گوێمدا دەچرپێنیٚ: ئەوەتا ببینە، پایز وا لە پشتی ئەو کێوانەیە و هێواش هێواش بەرەو ئێرە دێت، بە گەیشتنی پایز.. ترسم هەیە پیری بەفر و کەتناوەم بۆ تەواو نەکرێت، ساردی دابێت، ئیدی ئەو دار وشەیە نامگرێتە خۆی، پێیەکانم هی ئەوە نین بایەکی ساردیان پێبکەوێت، پەلەمە زۆر پەلەمە ئەو دەفتەرە پڕ بکەمەوە، پیری بەفر چەندی پەلە بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژنەکانی، چەند پەلەی بوو لە تارانەوە بە سواری ئەسپە سپی بگاتەوە کەتناوە و گۆڕ بۆ خۆی هەڵکەنیٚ، من پەلەترم لەو، تاقیمکردۆتەوە لەو درەختە دوورکەومەوە دێرێکم بۆ نانووسرێت... درەنگە، وا تاریکی بە رێوەیە، ماڵئاوا تا سبەی ئەی داری پڕ رستە، دێمەوە، تا ئەو دەفتەرە پڕ نەکەمەوە هەر دێمەوە، ئەو دەفتەرە لە سێبەری پڕ بەرەکەتی تۆ

نەبێت پڕ نابێتەوە، دێمەوە بەس ئازاری پێم لەوێ نەمبەستێتەوە، دێمەوە لات..

هاتمەوە، ئەورۆ زۆر زوو هاتمەوە، درەنگمە زۆر درەنگمە، ساڵ درەنگە..لە سێبەری درەختی وشە، تەمەنی هەر درێژ بێت، سەرهات تا دێت درێژدەبێتەوە، راستییەکەی سەرهات درێژ نابێتەوە، چۆنە رێك وەك خۆی، بێ زیاد و کەم خەریکە دەڕژێتە ئەو دەفتەرەوە.. وا بڕوات دەفتەر پڕ دەبێتەوە و لە سەریێی دەڕژێ. پیری بەفر ئەو جارەی بە دەستمییەوە دیتی، گوتی: من بزانم ئەو دەفتەرە شتێکی لە چاوە!.. پیری بەفر باشی بۆ چوو، بەڵام هێشتا زۆری ماوە شتێکی لە چاو بێت، بۆ ئەوەی قسەکەی پیری بەفر لە بارەی دەفتەرەوە راست وەرگەڕێ، دەبێت روو بکەینە هاوین و پێی بڵێین: پەلەت نەبێت هێشتا زووە، ماوەیەکی دی بە دیار ئەو درەختەوە دانیشە، دەبێت هاوین کەمێك خۆی دوا بخات.. بۆ ئەوەی قسەی پیری بەفر راست بکەوێتەوە، دەبێت پایز لە پشتی ئەو کێوانەوە رێی لێ بگۆڕێت و درەنگ بگاتە ئێرە، دەبێت بە پایز بڵێین:

هێواش بە هێواش، هێشتا هاوین هەر لە ماڵی درەختی وشەیە و خۆی کۆنەکردۆتەوە..

قسەم زۆرە لە بارەی ئەو درەختەی وشە، بەڵام با سەرهاتی پیری بەفر بنووسمەوە، با سەرهاتی درەختی ژن و درەختی خەون بنووسمەوە، ئەوجا دێمەوە لای ئەو درەختەی وا لە سێبەرەکەی هەموو کەتناوە دەنووسمەوە.. ئێستا قسەم زۆر پێیە لە بارەی پیری بەفر، ئەو پیاوە دەبێت بنووسرێتەوە، بە خۆیی و هەر نۆزدە ژنەکەیەوە، بە خۆیی و سەفەرە دوور و درێژەکانییەوە، ئەو

سـەفەرانەی لـەو دوو ژوورە قورپینـەی کـەتناوەوە دەسـتیان پێکـردووە، گەیـشتوونەتە جـوانترین و رازاوەتـرین و بـەرزترین بالەخانـەکانی دنیـا، گەیشتوونەتە جوانترین باخچە و شەقامەکانی دنیا و ئەوسەفەرانەی بـە سـەر ئەو دوو پردە دارینەی دوو رووباری کەتناوە پەڕیونەتەوە و گەیشتوونەتە سـەر گەورەترین پردی دنیاو بە رۆخی دەریادا پیاسەیان کردووە.. دواتریش هـەر لـە رێی ئەو دوو پردە دارینەوە کە کەسێك زۆر بەجەرگ نەبێت خۆی لێیـان نـادا، هاتۆتەوە ناو ئـەو دوو ژوورە قورپینـە و ژنەکـەی ئـامێزی بەخێرهاتنـەوەی بـۆ کردۆتەوە، دەبێت ئەو سەفەرانە لەو دەفتەرە بنووسرێنەوە، دەبێت یەکە یەکەی ژنەکانی پیری بەفر بنووسرێنەوە، دەبێت ئەو شەڕانە بنووسرێنەوە کە هـەر لـە دەسـتی پـیری بـەفر هاتوونـە، دەبێـت ئـەو تەمەنـە بەفرینییـەی پـیری بـەفر بنووسرێتەوە...

خۆزی زوو، زۆر زوو ئەو ئاشنایەتییەی ئێستا لەگەڵ ئەو درەختـە هەمـە، دەمبوو.. دەبوو زوو پێش مەرگی پیری بەفر ئەو دارگوێزە وەك درەخـتی وشـە خۆی بناسێنێ، ئەو دەم پیری بەفرم رێك وەك خۆی دەنووسییەوە، تاڵە موویێك لە ریشیم نەدەپەڕاند، رستەیەك لە قسەکانیم نەدەپەڕاند، وەك خۆی بێ زیاد و کەم، هیچیم نەدەپەڕانـد.. رەنگـە واش نـەبووبا، رەنگـە گێرانـەوەی تەمـەنی مردوویێك ئاسانتر بێت لە هی زیندوویێك، ئەوەتە چەندی دەکەم ناتوانم هێنـدە قسە لە جوانیی مەریەم بکەم، بـەڵام ئەگـەر بمـەوێت و کـاتم هـەبێت تـا حـەز بکەیت لە جوانیی مەستان، مەستانی ژنی پیری بەفر دەدوێم و ئەو جوانییەش نیشاندەدەمەوە، ئەوەتە ناتوانم هێندە لە بارەی برادەرە پەنجە خوارەکەش قسە بکەم، ئەو پەنجە خوارەی لە سەر پشتە دەستێك هـەنجن هـەنجنی کـردم و تێـی

تەقاند، کەچی لە بارەی برادەرێکی پیری بەفر کە کەس نازانێ لەکەیەوە مردووە، دەتوانم دنیایەك قسە بکەم..

ئەو هاوینەی تێیدام و خەریکە تەمەنی کورتی خۆی لە بن ئەو درەختی وشەیە بنێژێت، ئەو درەختەی هەتا ماوەیەك لەمەوپێش ناوی گوێز بوو، دارگوێز لە کەتناوە و دەرەوەی ئاقاری کەتناوەش کەس نیە نەیناسێ، کە دەگوترێ دارگوێزەکە هەرچی دارگوێزی دنیا هەیە لە گوێزایەتی خۆیان دەکەون و دەبنە درەختی دی و بە هیچ شێوەیەك گوێزیان پێوە نامێنێ، ئیدی یەك دارگوێز هەیە، ئەویش ئەو دارەیە کە من لە سێبەرەکەیدا دانیشتووم و... ئەو درەختە رەنگە لای هەر کەسە، ئەو کەسانەی نهێنییەکیان لە بندا دیتیتەوە ناوێکی دیکەشی هەبێت، بەلاّم ئەو ناوە تایبەتیانە نەهاتوونەتە سەر زار، ئەگەر هاتبێتیشن، کەس گوێی لێنەگرتوون و هەر بە دارگوێزەکە ناوی رۆیشتووە، من یەکەم کەسم لای خۆمەوە ناویم گۆڕی... ئەو دارە پێشتر پێش ئەوەی ببێتە درەختی وشە، دەلێن لەوەتەی بەر دەدا، هەر گوێزی ساخی داوە، قەت و قەت، هیچ سالێك، بۆ ئەزموونیش یەك دانە گوێزی پووچی نەداوە، وەك دەلێن دارگوێز نیە لەو دنیایە جار جارە گوێز پووچ نەدات، بەلاّم ئەمەیان پووچ نادا و نادا... بەلاّم لەوەتەی بووەتە درەختی وشە رەنگە وشەی پووچ بدات، نەك وشەیەك و دووانیش، بگرە رەنگە بە سەدان وشەی پووچیش بگرێت، کە جار جارە بە هەندێك شوێنی ئەو دەفتەرەدا دەچمەوە هەست بەو پووچگرتنە دەکەم، لەگەڵ ئەوەش دەبێت بەردەوام بم، درەختی بەردار بە دەست خۆی نیە کە بەر دەگرێت، ئەو درەختە بە دەست خۆی نەبوو، سالانی پێشوو، تا ئێرەش گوێزی دەگرت، ئێستاش لە دەست خۆی نیە کە وشە دەگرێت، بەلاّم

بۆچی گوێزی پووچی نەدەگرت و وشەی پووچ دەگرێت! ..... کوا کات بۆ وەلاّمدانەوە؟!

ئەم هاوینە جیایە لە هاوینی چووی، لە نێوان ئەو دوو هاوینەدا دوو کەتناوەی تەواو لێك جودا هەن، کەتناوەی ئەم هاوینە هەر ناوەکەی کەتناوەیە دەنا هیچ سیمای کەتناوەی هاوینی چووی نیە، لە هیچ شتێك تێکناکەنەوە، هەتا لە ئا و و بەرد و داری، هەتا لە باڵندە و مەڕ و مالاّتیشی دوو کەتناوەی لێکدی جودان، لە دارگوێزەکەشی لێکدی جودان، کەتناوەی ئەو هاوین درەختێکی هەبوو، ناوی دارگوێز بوو، کەتناوەی ئەم هاوینە درەختێکی هەیە، ناوی درەختی وشەیە، هاوینی چووی پیاوێکی هەبوو، پیری بەفری ناو بوو، کچێکی هەبوو، مەریەمی ناو بوو، هاوینی ئێستا، کەتناوەی ئێستا.. کەتناوەی چووی زۆر نزیك بوو لە درەختی ژن و دوندی پاڕانەوە و درەختی خەون، زوو زوو دەگەیشتمێ، ئەو کەتناوەیەی ئێستا چەند دوورە لە هەموان دوورە، زۆر دوورە، زۆر.. تەنها لە گۆڕی پیری بەفر و درەحتی وشە نزیکە، ئەو کەتناوەیەی من دیتم و باسی دەکەم ئەوەی بەرچاوان نیە، کەتناوەیەکە تەمەنی زستانێکی درێژ و بەهارێکی لەو درێژتر و سەرەتای هاوینێك و کۆتایی پایزێك بوو... کەتناوەی من کەتناوەی سەردەمی پیری بەفر و مەریەم و ........ گەیشتمێ و نەگەیشتمێ، گەیشتن و........ منیش ئەگەر مەریەمەکەم مەریەمی کەتناوە دوای حەفت هاوینی.....

بە قەد دوندی پاڕانەوە داوای لێبووردن لەو برادەرەی هێندە لە بن دار گوێزەکە دانیشت تا کردیە دار وشە، بۆ دوا جار بێ پرسی ئەو، دوور لە چاوی ئەو دەچمە ناو سەرهاتەکەی کەتناوەوە و من هەست دەکەم گەلاّیەکی

درەختەکەی کەتناوەم... ناچارم بێمە قسە و تێکەڵی دەفتەرەکە ببمەوە، دەفتەریش وەك کەتناوە رەشبۆتەوە، هەر رستەیەکی وەك خەڵکی کەتناوە بە لایەکدا هەڵاتوون و نابینرێنەوە، کەتناوە بە تەواوی رەشبۆوە، بەڵام برادەرە دار وشەییەکەم لە دەفتەرێکی گەورە بەشێکی کەتناوەی پاراستووە.. و ئەو سەرهاتە بە نیوە وچڵی دەکەوێتە بەردەست، ئیدی لێرەوە پیاوی ژێر دار وشەکە کۆتایی هات، نۆرەی منە قسەیەك لە بارەی پیاوی بەر سێبەری دارگوێزەکە و قسەیەکیش لە بارەی ئەو ئاقارەی کە دارگوێزەکەی تێدا کەسك دەچۆوە، بکەم.. منی دیار دەفتەرە سوورەکە، ئەو دەفتەرەی زۆری نەخوێندرایەوە، زۆر قەرداری ئەو پیاوەم کە ئەو دەفتەرەی بە دەستەوە بوو، رۆژانە دەچووە بن دارگوێزەکە، دەفتەرێك پڕ لە وشەی بریقەدار و رەشبۆوە، هەستدەکەم وشە رەشبۆوەکانیش لە ژێرەوە دەبریقێنەوە.. ئەو پیاوە دارگوێزییە چاکەی زۆر بە سەر منەوەیە، هەرچی بکەم چاکەی ئەوم پێنادرێتەوە، ئەو نەبا منیش رەنگە لە کن ئەو بام، ئەگەر ئەو لەوێ بێت! هیچم لە دەست نایە بۆی بکەم جگە لەوەی سەرهاتەکەی لە رەشبوونەوە رزگار بکەم، وا زۆریم رزکار کرد، لە بەدبەختی ئەو زۆری سپی ماوەتەوە، زۆری رەشبۆتەوە.. لە بەختی ئەویش من زوو گەیشتمێ و نەمهێشت هەمووی رەشبێتەوە.. بە تەواوی نازانم پیاوی بن دارگوێزەکە ئێستا لە کوێیە، هێندە دەزانم کاتێك هەواڵی رەشبوونەوەی کەتناوە گەیشت، دوا رۆژەکانی هاوین بوو، ئەو کەتناوەیەی کەس چۆلەکەیەکیشی لێ نەدیتەوە تا وەك شایەد بە سەر رەشبوونەوەی کەتناوە بیدوێنێ، من کەسێك بووم لەوانەی گەیشتمە ئەوێ، بە چاوی خۆم دیتم هەر

گیان بوو بە بەر چاوانەوە هەڵدەفڕی.. هیچم نەدیت، جگە لەو دەفتەرە و... هیچ ئاسەوارێکی پیاوی بن دارگوێزەکەم نەدیت.. بە ڕێکەوت ڕێم کەوتە بن دار گوێزەکە، دنیا تاریك بوو، هێندەم زانی پشتاو پشت کەوتمە سەر زەوی، سەرم بە شتێك کەوت، دەستم دایێ ئەو دەفتەرە بوو، دوو قەڵەم جاف و چەرخێکیشی لە سەر بوو، ئەوتا ئێستاش ئەوانە لە تەنیشت دەفتەرەکەن.. رەنگە نهێنیی ئەو دارگوێزە بۆ من کەوتنەکە بێت... ئیدی هەمووکەتناوە لە سەر زەوی رەشبۆوە، بەڵام بەشێکی کەتناوە لە ناو ئەو دەفتەرە لە جاران جوانتر دەدرەوشێتەوە.. وا بوو ژمارەی کەتناوە لە دوو سەد کەسێك پتر بوون، بەڵام ئەوانەی رەشنەبوونەوە من هەر دوویان پێ دەزانم، یەکیان مەریەمە، مەریەم دوای حەفت هاوین لە بە بووکچوونی، لەم رۆژانەش بۆ جاری سێیەم بە بووکدەچێتەوە، وا بڕیارە لە شەوی بووکێنیدا (( درەختی کەتناوە)) ی وەك دیارییەك پێشکەش بکرێ، ئەوی دیش پیاوێکە بە دیار کۆمپیوتەر و دەفتەرێکی سەرهاتەوە، حەفت هاوینە ئەو دەفتەرەی لە بن دار وشەکە هەڵگرتۆتەوەو هەر هەڵیگرت، هەر هەڵیگرت، هەر بە تەما بوو ئەورۆ نا سبەی خاوەنەکەی سۆراخێکی دەبێت و بۆشاییەکانی کەتناوە بە واتای درەخت و دوند و درەخت پڕ دەکاتەوە، حەفت هاوین چاوەڕوانی بەسە... ئەو پیاوە لەو رۆژانە دەبێتە زاوا و بە داوی لێبووردنەوە لەو پیاوەی حەفت هاوینە چاوەڕێی هاتنەوەییدایە دەچێتە باوەشی مەریەمەکەی کەتناوەوە، ئەو پیاوە پێشتر ناوێکی دی هەبوو زۆر ناسك و خۆش، بەڵام لەوەتەی سەرهاتی کەتناوەی خوێندۆتەوە پێی خۆشە هەر بەو ناوە بانگی

بکەن کە حەفت هاوین لەمەوبەر ئەو پیـاوەی دارگوێزەکـەی کـردە درەخـتی وشە، لە سەرهاتی تەواونەکراودا بە ( پەنجە خوار) ناوێ هێناوە.